ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/330752994

# لە زمانەوانییەوە بۆ ئەدەبیات - بەرگی یەکەم

**Book** · January 2018

CITATIONS
0

READS
165

**1 author:**



Osman Hamad Dashti
Koya University

**34** PUBLICATIONS **0** CITATIONS

SEE PROFILE

All content following this page was uploaded by Osman Hamad Dashti on 31 January 2019.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

# له زمانەوانییەوە
# بۆئەدەبیات

کورش صفوی

# لە زمانەوانییەوە بۆ ئەدەبیات

بەرگی یەکەم هۆنراو

وەرگێڕانی
**عوسمان دەشتی**
ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی

پێداچوونەوەی
**پ. د. یوسف شەریف سەعید**

٢٠١٨ ی زاینی – ٢٧١٨ ی کوردی

ناوی کتێب: لە زمانەوانییەوە بۆ ئەدەبیات
نووسینی:  کورش سەفەوی
وەرگێڕانی: عوسمان دەشتی
پێداچوونەوەی: پ. د. یوسف شەریف سەعید
بەرگی یەکەم: هۆنراو
بابەت: ڕەخنەی ئەدەبی
سەرپەرشتیی هونەری و بەرگ: عوسمان پیرداود
دەرهێنانی هونەری ناوەوە: عیسام موحسین
چاپی یەکەم: ٢٠١٨
چاپخانەی ڕۆژهەڵات
تیراژ: (٥٠٠) دانە
ژمارەی ڕیزبەندی بڵاوکراوەکانی زانکۆی کۆیە: ٢٠١٨/١٧

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی
هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٦٣٨) ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

**پێشکەشە بە مامۆستام**

**دکتۆر عەلی محەمەد حەقشناس**

# پێرست

| | |
|---|---|
| پێشەکی وەرگێڕ | ١٥ |
| پێشگوتار | ٢٧ |
| هێما دەنگییەکان | ٣٣ |

بەشی ١

| | |
|---|---|
| **١/ سەرنج و تێبینییە تیۆرییەکان** | **٣٥** |
| ١/١ بنیاتگەری | ٣٨ |
| ٢/١ زمان و نیشانە | ٤٢ |
| ١/٢/١ زمان و ئاخاوتن | ٤٣ |
| ٢/٢/١ نیشانەی زمانی | ٤٤ |
| ٣/٢/١ پەیوەندی | ٤٥ |
| ٤/٢/١ هاوزەمانی و دەرزەمانی (هاوکاتی و مێژوویی) | ٤٦ |
| ٣/١ ئەرکەکانی زمان | ٥٠ |
| ١/٣/١ ئەرکی سۆزداری | ٥١ |
| ٢/٣/١ ئەرکی هاندەری | ٥٢ |
| ٣/٣/١ ئەرکی گەڕانەوەیی | ٥٢ |
| ٤/٣/١ ئەرکی ئەوپەڕ زمانی | ٥٣ |
| ٥/٣/١ ئەرکی هاودڵی | ٥٣ |
| ٦/٣/١ ئەرکی ئەدەبی | ٥٤ |
| ٤/١ زمانی ئەدەب | ٥٥ |
| ٥/١ بەرجەستەسازی ئەدەبی | ٦٤ |
| ١/٥/١ لادان لە زمانی پێوەر | ٦٩ |
| ١/١/٥/١ لادانی وشەیی | ٧٢ |

٢/١/٥/١ لادانی ڕێزمانی ٧٣
٣/١/٥/١ لادانی دەنگی ٧٣
٤/١/٥/١ لادانی نووسین ٧٣
٥/١/٥/١ لادانی واتایی ٧٤
٦/١/٥/١ لادانی شێوەزاری ٧٥
٧/١/٥/١ لادانی شێوازی ٧٥
٨/١/٥/١ لادانی زمانی ٧٦
٢/٥/١ زیادەکردنی ڕێسا ٧٦
٦/١ جۆرەکانی زمانی ئەدەبی ٧٨
**کتێبنامە** ٨٨

**بەشی ٢**

**کورتە مێژوویەکی لێکۆڵینەوە ئەدەبییە کۆنەکان** ٩١
١/٢ پێشینەی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان لە ڕۆژئاوادا ٩٤
١/١/٢ یۆنان و ڕۆمانی کۆن ٩٤
٢/١/٢ سەدەکانی ناوەڕاست ١٠١
٣/١/٢ سەردەمی ڕێنیسانس و دواتر ١٠٥
٢/٢ پێشینەی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان لای موسوڵمانان ١٠٩
١/٢/٢ کورتە مێژوویەکی هونەرەکانی ڕەوانبێژی ١١١
١/١/٢/٢ سەرچاوە عەرەبییەکان ١١١
٢/١/٢/٢ سەرچاوە فارسییەکان ١١٨
٢/٢/٢ کورتە مێژوویەکی هونەری عەرووز و سەروا ١٢٠
١/٢/٢/٢ لێکۆڵینەوە عەرووزییەکان ١٢٠
٢/٢/٢/٢ لێکۆڵینەوە لەبارەی سەرواوە ١٢٨

٣/٢ ئەگەری کارتێکردنی بیروڕای توێژەرانی ئەوروپایی لەسەر ڕەوانبێژی ئیسلامی ١٣١

کتێبنامە ١٣٩

بەشی ٣

**ناتەواوی لێکۆڵینەوە ئەدەبییە کۆنەکان** ١٤١

١/٣ ناتەواوی لەپێناسەدا ١٤٣

٢/٣ تێکەڵکردنی ئاخاوتن و نووسین ١٤٦

٣/٣ هاتنەناوەوەی هونەرەکانی ئەدەبی عەرەبی بۆ ناو ئەدەبی فارسی ١٤٨

٤/٣ باسکردنی هونەرەکان لەپاڵ سنعەتەکاندا ١٥٠

٥/٣ جیاوازی لە ناوناندا ١٥٢

٦/٣ بایەخپێنەدانی هەندێ لە سنعەتەکان ١٥٣

٧/٣ لاوازی لە پۆلینبەندی ١٧٧

کتێبنامە ١٥٩

بەشی ٤

**کورتە مێژوویەکی گشتی لە بارەی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی ئەدەبیات** ١٦١

١/٤ لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی ئەدەبیات لە ڕۆژئاوادا ١٦٣

٢/٤ لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی ئەدەبیات لە ئێران ١٧٠

کتێبنامە ١٧٣

بەشی ٥

**پێداچوونەوە بە توێژینەوە زمانەوانییەکانی ئەدەبیات** ١٧٧

١/٥ وەسف و پێناسە ١٧٩

| | |
|---|---|
| ٢/٥ شیکردنەوەی دەسکەوتە زمانەوانییەکان لەبواری ئەدەبیاتدا | ١٨٢ |
| ١/٢/٥ پۆلبەندی ڕەها | ١٨٣ |
| ٢/٢/٥ بایەخپێنەدان بە ژمارەی پاتەبوونەوە و ڕوودانی سنعەتەکان | ١٨٨ |
| ٣/٥ ڕێبازی ئەم لێکۆڵینەوەیە | ١٩١ |
| کتێبنامە | ١٩٢ |
| بەشی ٦ | |
| **دووبارەبوونەوەی ئاخاوتن** | ١٩٣ |
| ١/٦ هاوسەنگی | ١٩٥ |
| ١/١/٦ نموونەکانی لێکچوون و جیاوازی لە هاوسەنگیدا | ١٩٩ |
| ٢/١/٦ جۆرەکانی هاوسەنگی | ٢٠١ |
| ٢/٦ ئازادی و بەند لە دووبارەبوونەوەی ئاخاوتندا | ٢٠٢ |
| ٣/٦ وەسفی هۆنراو | ٢٠٨ |
| ٤/٦ جوانکاری هۆنراو و جوانکاری شیعر | ٢٠٩ |
| کتێبنامە | ٢١٣ |
| بەشی ٧ | |
| **هاوسەنگیی دەنگی** | ٢١٥ |
| ١/٧ هاوسەنگیی فۆنیمی | ٢١٨ |
| ٢/٧ هاوسەنگیی بڕگەیی | ٢٣٠ |
| ١/٢/٧ دووبارەبوونەوەی پۆلە بڕگە | ٢٣٩ |
| ٢/٢/٧ وەستان لەنێوان پۆلە بڕگەکاندا | ٢٤٢ |
| کتێبنامە | ٢٤٧ |

بەشی ٨


| | |
|---|---|
| **هاوسەنگیی وشەیی** | ٢٤٩ |
| ١/٨ دووبارەبوونەوە لەئاستی وشەدا | ٢٥١ |
| ١/١/٨ هاوچەشنی ناتەواو | ٢٥٣ |
| ٢/١/٨ هاوچەشنی تەواو | ٢٥٧ |
| ٢/٨ دووبارەبوونەوە لەئاستی گرێدا | ٢٦٠ |
| ١/٢/٨ هاوچەشنی ناتەواو | ٢٦٠ |
| ٢/٢/٨ هاوچەشنی تەواو | ٢٦١ |
| ٣/٨ دووبارەبوونەوە لەئاستی ڕستەدا | ٢٦٢ |
| ١/٣/٨ هاوچەشنی ناتەواو | ٢٦٣ |
| ٢/٣/٨ هاوچەشنی تەواو | ٢٦٤ |
| **کتێبنامە** | ٢٦٦ |


بەشی ٩


| | |
|---|---|
| **هاوسەنگیی ڕێزمانی** | ٢٦٧ |
| ١/٩ دووبارەبوونەوەی پێکهاتە | ٢٦٩ |
| ٢/٩ هاونشینسازی ئەرکی | ٢٧٣ |
| ٣/٩ جێنشینسازی ئەرکی | ٢٧٥ |
| **کتێبنامە** | ٢٧٦ |


بەشی ١٠


| | |
|---|---|
| **ڕیزبەندی پلەکانی داهێنانی هۆنراو** | ٢٧٧ |
| ١/١٠ ئەرکی زمان | ٢٧٩ |
| ٢/١٠ ڕیزبەندی پلەکانی زیادەکردنی ڕێسا | ٢٨١ |
| ٣/١٠ بەند لەهاونشینیدا | ٢٨٥ |

| | |
|---|---|
| ١/٣/١٠ بەند لەپێکهاتە عەتفییەکاندا | ٢٨٦ |
| ٤/١٠ توانای باڵادەستی سنعەتەکان | ٢٩٤ |
| کتێبنامە | ٣٠٣ |
| بەشی ١١ | |
| **پۆلبەندی سنعەتە جوانکارییەکانی هۆنراو** | ٣٠٥ |
| ١/١١ بنەماکانی پۆلبەندی | ٣٠٨ |
| ٢/١١ ئەو سنعەتانەی لەدووبارەبوونەوەی دەنگی تەواو بەدەستدێن | ٣٠٩ |
| ١/٢/١١ دووباربوونەوەی دەنگی تەواوی یەك فۆرمی زمانی | ٣١٥ |
| ١/١/٢/١١ دووبارەبوونەوەی سەرەتا | ٣١٥ |
| ٢/١/٢/١١ دووبارەبوونەوەی کۆتایی | ٣١٦ |
| ٣/١/٢/١١ دووبارەبوونەوەی ناوەند | ٣١٦ |
| ٤/١/٢/١١ دووبارەبوونەوە لەسەرەتای کۆمەڵە | ٣١٧ |
| ٥/١/٢/١١ دووبارەبوونەوە لەکۆتایی کۆمەڵە | ٣١٧ |
| ٦/١/٢/١١ دووبارەبوونەوە لە سەرەتاو لە کۆتاییدا | ٣١٨ |
| ٧/١/٢/١١ دووبارەبوونەوە لە کۆتایی و سەرەتادا | ٣١٨ |
| ٢/٢/١١ دووبارەبوونەوەی دەنگیی تەواوی دوو فۆرمی زمانی | ٣١٩ |
| ٣/١١ ئەو سنعەتانەی لەدووبارەبوونەوەی دەنگیی ناتەواو بەدەستدێن | ٣٢٠ |
| ١/٣/١١ سەروا | ٣٢١ |
| ٢/٣/١١ سەروادار | ٣٢٤ |
| ١/٢/٣/١١ سەرواداری هاوتەریب | ٣٢٤ |
| ٢/٢/٣/١١ سەرواداری پەڕگیر | ٣٢٥ |

٣/٢/٣/١١ سەرواداری هاوسەنگ ٣٢٧
٤/٢/٣/١١ سنعەتەکانی پەیوەست بەسەرواداری ٣٢٨
١/٤/٢/٣/١١ جووتسازی ٣٢٨
٢/٤/٢/٣/١١ ڕازاندنەوە ٣٢٩
٣/٤/٢/٣/١١ هاوسەنگکردن ٣٣٠
٣/٣/١١ ڕەگەزدۆزی ٣٣١
١/٣/٣/١١ ڕەگەزدۆزی ڕانەبردوو ٣٣٣
٢/٣/٣/١١ ڕەگەزدۆزی زیادە ٣٣٤
٣/٣/٣/١١ ڕەگەزدۆزی ناتەواو ٣٣٨
٤/٣/٣/١١ ڕەگەزدۆزی ئاوەژوو ٣٤١
٤/١١ پۆلبەندی سنعەتەکان ٣٤٢
کتێبنامە ٣٥٠


بەشی ١٢


**قسەی کۆتایی** ٣٥١
سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە ٣٥٩
سەرچاوەی نموونەکان ٣٦٨
فەرهەنگۆك ٣٧٠

## پێرستی هێڵكارییەكان


| | |
|---|---|
| هێڵكاری (١) | ٥١ |
| پرۆسەی پەیوەندیكردن لەئاخاوتندا | |
| هێڵكاری (٢) | ٥٥ |
| ئەركەكانی زمان لەپرۆسەی پەیوەندیكردن لە ئاخاوتندا | |
| هێڵكاری (٣) | ٦٧ |
| نەخشەی ناوزمانی ئەركی زمان | |
| هێڵكاری (٤) | ٧٢ |
| كاركردی پرۆسەی بەرجەستەسازی و ئۆتۆماتیكی | |
| هێڵكاری (٥) | ٨٤ |
| جۆرە ئەدەبییەكان | |
| هێڵكاری (٦) | ٢١٢ |
| ژمارەی پاتەبوونەوە و ڕوودانی جۆرە ئەدەبییەكان لەسەر بنەمای نەخشەی ناوزمانی ئەركی زمان | |

# پێشەکی وەرگێڕ

هەر دەقێك، یاخود هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لە بنەمادا زادەی دوو سیستەمە؛ یەکیان سیستەمی زمان و دووەمیان سیستەمی ئەدەب، سیستەمی ئەدەبی بەواتای هونەر یاخود هونەرە ئەدەبییەکان دێت. بەڵام ئەمەی دوایی، واتا هونەرە ئەدەبییەکانیش هەر لەڕێگەی زمان و بەهۆی ئەو سیستەمەوە جێبەجێ دەکرێن، کەواتە ئەرکی زمان لە داڕشتن و داهێنان و مانەوە و زیندوویێتی هەر تێکست و بەرهەمێکی ئەدەبیدا دوو چەندانەیە. لەو بارەوە بیرمەندێکی وەکو (ڕۆلان بارت) پێی وایە کە دەق یاخود هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بریتییە لە جەستەیەکی زمانەوانی، یاخود لەبەرهەمی ئەدەبیدا ئەوە زمانە قسە دەکات نەوەك نووسەرەکەی. هەروەها نووسەر و ڕەخنەگری ناسراوی ئێرانی (شەفیعی کەدکنی)یش لەو بارەوە دەڵێ؛ بەرهەمی ئەدەبی بەگشتی و لەو ناوەشدا دەقی شیعری بەتایبەتی، ڕووداوێکە و لەناو زماندا ڕوودەدات. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کەوا زمان لەئاست هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا، هەم ئامراز و کەرەستەیە و هەم بنەمایە، هەر خوێنەرەکیش لەڕێگەی خوێندنەوە و واتاکردنەوەی ئەو بنەمایەوە پەی بە هونەر و داهێنانەکانی ئەدەبیدا دەبات. تا ئێرە مەبەست تەنها ئەوەبوو کەوا ئەو پەیوەندییە تێکچڕژاو و ئورگانیکییەی لەنێوان سیستەمی زمان و سیستەمی ئەدەبدا هەیە ڕوونبکرێتەوە.

خۆ ئەگەر بمانەوێت دوورتر بڕۆین و ئاوڕ لە پەیوەندی لەنێوان زمان و بیر، زمان و مرۆڤ بدەینەوە، ئەوا دەبێ ئەو ڕستەیەی (هایدگەر) دووپاتبکەینەوە کە دەڵێ؛ زمان ماڵ و مەنزڵی مرۆڤە. بەواتای ئەوەی مرۆڤ تەنها لەناو زمان و لەڕێگەی زمانەوە مرۆڤە. ئەنجا هەموو بیرمەند و نووسەر و داهێنەرێکی دەقی ئەدەبیش، هەر لەناو ئەو ماڵەدا دەژییێت و کاردەکات و بەرهەم دەخولقێنێت.

مەسەلەی بنەمای زمانەوانی ئەدەبیات زۆر دەمێکە وەکو تیورێکی ڕەخنەی زانستی ئەدەبیات مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. دوابەدوای سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕەخنەی فۆرمالیستی ڕووسەکان، لەدوای چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم، تا دەگاتە ڕەخنەی بنیاتگەری و پاش بنیاتگەری و ڕێبازە ڕەخنەییە هاوچەرخەکانی وەکو هەڵوەشانەوەگەری و وەرگرتن و هیرمۆنتیکا، هەر هەموویان بە پلەی یەکەم لەهەوڵی ئەوەدان هەم ڕەخنەی ئەدەب و هەم دەقناسی، لەگەڵ میتۆدێگەلێکی زانستی و لەپێشەوەشیاندا میتۆدی زمانەوانی، جووت و ڕێك بخەن.

بەمەبەستی ئاشناکردن و شارەزایی زیاتری توێژەر و لێکۆڵەر و ڕەخنەگرانی کورد سەبارەت بەم ڕێبازە ڕەخنەییە، هەروەها لەسۆنگەی هۆگری و ئاشنایەتی خۆشمانەوە بە چەمکەکانی ڕەخنەی زمانەوانی ئەدەبیات. هاتینە سەر ئەو باوەڕەی کە وا پێویست دەکات، هەم کتێبخانەی کوردی و هەم بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لەوەها بەرهەمێك بێبەش نەبن.

لەگەڵ ئەوەی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە کارێکی ئاسان نەبوو، کێشە و گرفتی جۆراوجۆریشی لەبەردەمدا هەبوو، کە لە خوارەوە ئاماژە بۆ هەندێ لایەنی ئەو گرفتانە دەکەین، بەڵام لەدواجاردا هەموو ئەوانە نەیانتوانی ببنە کۆسپ و ڕێگر لەبەردەم ئەنجامدانی کارەکە و جێبەجێکردنیدا. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ تا چ

ڕادەیەك توانیومانە لەئەنجامدانی ئەم کارەدا سەرکەوتووبین؟ ئەوە بێ شك وەڵامەکەی لەلای خوێنەرە و دواجاریش ئومێد دەخوازین کە توانیبێتمان ئەو ئەنجامە بەدەستبهێنین کە لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا لەبەرچاومان گرتووە.

١- مەسەلەی زاراوە: یەکێك لە پێشترین ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی هەر وەرگێڕێك دەبێتەوە لەبواری زانستە جۆراوجۆرەکان مەسەلەی زاراوەیە. دیارە بۆ وەرگێڕانی کوردیش ئەرکەکە دووبەرابەرە. بەو هۆیەی تاوەکو ئێستا کتێبخانەی کوردی لەبواری فەرهەنگ و وشەنامەی زاراوەکانی تایبەت بەزانست و پسپۆڕییە جیاوازەکان، لەوێنەی فەرهەنگی زاراوەکانی کۆمەڵناسی، فەلسەفی، دەروونزانی، ئەدەبیاتناسی و زمانەوانی ... تاد لەپاڵ زانستە سروشتییەکان، زۆر هەژار و دەستکورتە. لەکاتێکدا لەزمانی گەلانی دەرو دراوسێ، بەتایبەتیش فارسی و عەرەبی کەوا بەندە ئاشنایەتیم لەگەڵیاندا هەیە، بەدەیان فەرهەنگی زاراوەی زانستی لەم چەشنە لەبەردەستدان. بۆیە لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەدا. ئێمە هەر لە سەرەتاوە ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە بووینەتەوە، ئەویش لەهەردوو مەیدانی پەیوەست بە بابەتی کتێبەکە؛ یەکەمیان زاراوەکانی تایبەت بەبواری زمانەوانی و دووەمیان زاراوەکانی بواری ئەدەبیاتناسی لەگەڵ ئەوەی لەماوەی ئەم چارگە سەدەیەی ڕابردوو لە زانکۆکانی کوردستاندا کارێکی زۆر و بەرهەمدار لەبواری زمانەوانی و بەتایبەتیش زمانەوانی نوێدا ئەنجامدراون، بەڵام وەکو لەپێشەوە گوتمان تاوەکو ئێستا، فەرهەنگێکی گشتگیر و هەمەلایەنەی تایبەت بە زاراوەکانی زمانەوانی بەدیناکرێت. بۆیە ئێمە ئەوەندەی لەو بوارەدا بۆمان لوابێت سوودمان لە وشە و زاراوەسازی ئەو لێکۆڵینەوانە وەرگرتووە. ئینجا بەهۆی ئەو نزیکایەتی و خزمایەتییەی لەنێوان هەردوو زمانی کوردی و فارسیدا هەیە، لەزۆر شوێندا و زیاتریش

بەمەبەستی خۆ بواردن لە زاراوەتاشی، هەر سوودمان لەزاراوە فارسییەکە خۆی وەرگرتووە، هات و دڵنیابووبین لەوەی کە زاراوەکە بۆ خوێنەری کوردیش کێشەیەك دروست ناکات. بۆ نموونە بۆ زاراوەیەکی وەکو (بەرجەستەسازی) لەکوردیدا (بەرجەستەکاری، بەرجەستەکردن، زەقکردنەوە) بەکاربراون. بەڵام ئێمە هیچ خەوشێك لە بەکارهێنانی زاراوەکە، وەك ئەوەی لەسەرچاوە فارسییەکاندا هاتووە نابینین. هەروەها بۆ زاراوەیەکی وەکو (زمانی خودکار)، لەکوردیدا (زمانی ئۆتۆماتیك، ئاخاوتن، ئاسایی، ڕۆژانە...) بەکار دەهێنرێت، کە وەکو ئەرك ڕۆڵی (زمانی پێوەر) دەبینێت لەبەرابەر (زمانی ئەدەبیدا). ئێمە زاراوەی (زمانی ئاسایی)مان هەڵبژاردووە، لەکاتێکدا وەرگێڕانی زاراوەی (خودکار) بەدەق واتای (ئۆتۆماتیك)دەگەیەنێت.

ئەنجا لەبواری زاراوەکانی ئەدەبیاتناسی و بە تایبەتیش ئەو ناو و وشە و زاراوانەی کەوا پەیوەندییان بەچەند لایەنێکی هونەر و سنعەتە ئەدەبی و ڕەوانبێژییە کۆنەکانەوە هەیە، ئەوا بەناچاری وەکو خۆیمان هێشتوونەتەوە. بەو هۆیەی زاراوەکان لە بنەڕەتدا پەیوەندیان بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی ئەدەبی عەرەبییەوە هەیە و تاوەکو ئەمڕۆ لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییە کوردییەکاندا ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە. بۆیە هەر هەولێك لەپێناوی وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی کوردی خۆی لەخۆیدا کارێکی بێهوودەیە. چونکە لەسەرەتادا ناولێنانەکان داڕشتنێکی عەرەبی هەیە، ئەنجا ئەو داڕشتنە خۆیشی لە سنعەتێکی تایبەت بەئەدەبی عەرەبییە وەرگیراوە کە ڕەنگە لەئەدەبی کوردیدا هەر نموونەی نەبێت. دوای ئەوە فارسەکانیش ئەم وشە و زاراوانەیان وەك خۆیان هێشتۆتەوە و هەوڵی وەرگێڕانیان نەداون. لەوێنەی: (موزارەعە، تەعەتوف، تەزییل، تەوشیح، تەتریز، تەفخیم، ئیماء، تەلەتوف، ئیشهاد ... تاد). بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەو ناو و زاراوانەی

تایبـەتن بـە هونـەرە سـەرەکییەکانی ڕەوانبێـژی و لـە لێکۆڵینـەوە کوردییەکاندا کاریان لەسەر کراوە، ئـەوا بێگومـان پـەنامان بردۆتـەوە بەر هەمان ئەو وشە و زاراوە کوردیانەوە.

٢- لـەبارەی نموونـە ئەدەبییەکانـەوە: وەکـو لـەو پێشـەکییەی نووسـەردا هـاتووە، ئـەم کتێبـە (مەبەسـت بـەرگی یەکەمـە) خـۆی لـە بنەڕەتـدا تێزێکـی زانکۆییـە و لـەژێر ناونیشـانی ((بـوونی هـۆنراو لەئەدەبی فارسیدا)) ئەنجامـدراوە. ئـەنجا بەمەبەسـتی ڕوونکردنـەوەی ئامـانجی لێکۆڵینەوەکـەی گوتوویـەتی؛ ئەمـە هەوڵێکـە لـەپێناوی لێکۆڵینەوەیـەکی زمانـەوانی هـۆنراو لەئـەدەبی فارسـیدا ئەنجامـدراوە. ئەمـە ئـەوە دەگەیـەنێ کـە بابـەتی بنـەڕەتی و لایـەنی پراکتیکـی لێکۆڵینەوەکـە، بریتییـە لـە کۆمـەڵێك پرۆسـە و ڕێکـاری زمانـەوانی هۆنراوساز، لەمەڕ زمان و بنیات و پێکهاتەی هـۆنراو لەسـەر هـەر سێ ئاستەکانی زمان، دەنگسازی، وشەسازی، ڕێزمانی یاخود ڕستەسازی، کە لەسەر نەزم و هۆنراوی فارسییەوە پراکتیك کراون. بۆیە هـەر دەبێت وەکـو لایـەنێکی دانـەبڕاوی لێکۆڵینـەوەکان نموونـە و کەرەسـتەی شیکردنەوەکان هەر بەو زمانە، واتـە زمـانی فارسـی بـن. بـەڵام ئەگـەر هات و پرسیارێکی لەو جۆرەش بکرێت کـە ئـاخۆ نـەدەکرا نموونـەکان بکـرێن بـەکوردی؟. یـا ئـەوەتا نموونـەی کـوردی بـۆ بابـەت و لێکۆڵینەوەکان بهێندرابایەتەوە؟.

لە وەڵامدا دەڵێین، ئەگەر هەر هەوڵێك لەپێناوی بەکوردی کردنی نموونـەکان، واتـە وەرگێڕانیـان بـۆ سـەر زمـانی کـوردی بدرایـە، ئـەوا سـەرتاپای لێکۆڵینـەوەکانی کتێبەکـەی لـە ڕووی میتودناسـییەوە دەخستە بەردەم دوو ئیشکالی گەورە؛ یەکیان ئەوەیـە کـەوا وەرگێڕانـی نموونەکان، بەتایبەتیش نموونـە شـیعرییەکان، بـۆ سـەر هـەر زمانێك، ئەوا لەپێشەوە دەبێتە مایـەی گـۆڕان و شـێواندنی بنیـات و پێکهاتـە و خەسڵەت و تایبەتمەندییە زمانییەکانی خودی نموونـەکان لەلایـەك و،

ئەنجا دواجاریش لە ئەنجامی ئەم ئالوگۆڕانەدا ئەوا زەمینەی کار و لایەنی پراکتیکی لێکۆڵینەوەکان لەبار دەچێت.

ئیشکالی دووەم لەبەردەم بەشی دووەمی پرسیارەکە، واتا هێنانەوەی نموونەی کوردی بۆ بابەتەکانی لێکۆڵینەوەکان دەمانگێڕێتەوە بۆ سەرەتای مەسەلەکە، ئەویش ئەوەیە کە ئەم لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە مەسەلەی هۆنراو لە ئەدەبی فارسیدا ئەنجامدراوە و نەوەك هەر زمان و ئەدەبێکی تر. ئەنجا لەکاتی هێنانەوەی نموونەی کوردی بۆ بابەتەکانی لێکۆڵینەوە. ئەوا ئێمە ڕووبەڕووی کارێکی تازە دەبینەوە کە لە ئاست لێکۆڵینەوە بنەڕەتییەکەدا جیاوازە. ئەوسا بریتی دەبێت لە مەسەلەی زمانەوانی هۆنراوسازی لەئەدەبی کوردیدا، کە ئەمەی دوایی خۆی لەخۆیدا، لەپاڵ بایەخ و بەها زانستی و تیوری لێکۆڵینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی، بەیەکێك لە ئامانجە دیار و خواستراوەکانی ئێمە دادەندرێت کە ئەم وەرگێڕانەی لەپێناودا ئەنجامدراوە.

واتە ئەگەر هات و بەیانی توێژەر و ڕەخنەگرێکی کورد بیەوێت لەڕێگەی میتودی ڕەخنەی زمانەوانییەوە لێکۆڵینەوەکی زانستی بۆ هەر جۆرێکی ئەدەبی کوردی یا تەنانەت لەبارەی یەك دەق و یەك تاکە بەرهەمی ئەدەبی کوردیش ئەنجام بدات، ئەوا بێ سڵەمینەوە دەتوانێت سوود لە هەموو ئەو پرۆسە و ڕێکار و میکانیزمانەی زمانەوانی وەربگیرێت کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێڕەوی لێکراوە و ئەنجا نموونەی زیندووشی لەئەدەبی کوردی بۆ بهێنێتەوە. لەم بارەیەوە دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم، لەلایەك بەهۆی نزیکایەتی زۆری هەردوو زمان لەیەکتر و، لەلایێکی دیکەش بەهۆی ئاشنایەتی کەم و زۆری زۆرینەی خوێندەوارانی کورد لەگەڵ زمان و ئەدەبیاتی فارسیدا، وا دەزانم کێشەیەکی ئەوتۆ لە تێگەیشتن و سەرەدەری دەرکردن لەگەڵ نموونە فارسییەکان دروست نابێت.

لەمەسەلەی پیادەکردنی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لەبواری ئەدەبیاتی کوردیدا، ئەوەی من لەنزیکەوە زانیبێتم و ئاگاداری بم، ئەوەیە کە تاوەکو ئێستا دوو نامەی زانکۆیی لەم بوارەدا ئامادەکراون و لە دوایە کراون بە کتێب و چاپ و بڵاویش کراونەتەوە[1].

٣- مەسەلەی شیعر و مەسەلەی هۆنراو: جیاکاری لەنێوان شیعر و هۆنراو وەکو دوو جۆری ئەدەبی، لەلێکۆڵینەوە کوردییەکانی سەردەمی ئێستاماندا، بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە، تا وای لێهاتووە هەردوو جۆرەکە لەژێر چەتری یەك ناو و ناونیشاندا و بەناوی (شیعر) کۆکراونەتەوە. هەر چەندە لەهەندێ لە وتار و نووسراوە کۆنەکاندا، (هۆنراو) بە ناونیشانی (نەزم) لە (شیعر) جیاکراوەتەوە، بەڵام سنوورێکی ورد و زانستی لەنێوانیاندا دەستنیشان نەکراوە[2]. ئەمە نەك هەر لەلای ئێمە بەڵکو لەلای گەلانی دیکەش هەر وابووە[3].

لێرەدا دەتوانین لەو بارەوە بۆچوونێکی گشتی بەدەستەوە بدەین و بڵێین: هەموو ئەو بەرهەمانەی کە لە ئەدەبی کوردیدا بە (شیعری داستانی) ناسراون، لەڕاستیدا هۆنراون نەوەك شیعر. دیارە مەبەست داستانە شیعرییە نووسراوەکانە لەوێنەی مەم و زینی خانی و شیرین و خوسرەو و شیرین و فەرهاد و لەیلا و مەجنون... تاد، نەوەك بەیت و داستانە فۆلکلۆرییەکان.

---

١ - شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانییەوە، عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵلا، دەزگای سپیرێز بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، دهۆك، ٢٠٠٨.

- ڕۆڵی تەوەرێن هەڵبژارتن و ڕیزکرنێ دچێکرنا ڕیتما هۆزانا کلاسیکیا کوردیدا، مەسعود جەمیل ڕەشید، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٤.

٢ - شیعری فێرکردن لەئەدەبی کوردیدا، ئەحمەد قەرەنی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١١ – ١٨.

٣ - وزن شعر فارسی، دکتر پرویز ناتل خانلری، انتشارات توس، ١٣٨٦، ص ١٧.

- ئەو بەرهەمانەی لەئەدەبی کوردیدا بە (شیعری فێرکردن) دەناسرێن، لەوێنەی؛ ئەحمەدیی شێخ مارفی نودێ و نۆبەهاری بچووکانی خانی...، و کە یەکێك لەچوار جۆرە سەرەکییەکەی شیعر پێکدەهێنێت، دەچنە خانەی (هۆنراو)ی کوردییەوە.

- هەموو بەرهەمی (شیعری میللی کوردی) دەکرێ لەچوارچێوەی هۆنراودا پۆلبەندی بکرێت. دیارە ئەم بۆچوونە پێویستی بەلێکۆڵینەوەی ورد و زانستی و سەلماندنەوە هەیە سەبارەت بە (هونەری هۆنراو) لەئاست (هونەری شیعر) لەئەدەبی کوردیدا.

٤- برگەبەندی پایەکانی عەرووزی: هەندێ لەعەرووزناسانی فارس لە پۆلبەندی پایەکانی کێشی شیعر و هۆنراوی فارسیدا، لەسەر بنەمای خایاندنی ماوەی کاتدا، باوەڕیان بەهەبوونی سێ جۆری برگە هەیە لەزمانی فارسیدا؛ ١- برگەی کورت CV̆ (ب)، ٢- برگەی درێژ CV̄ (-)، ٣- برگەی کشاو CV̆CC - CV̄C (- ب)، بۆیە لەکاتی خستنەڕووی نەخشەی پایە عەرووزییەکاندا ئەم پێڕەوە جێبەجێ دەکەن. لەبەرامبەردا لێکۆڵەرێکی بەتوانای ئێرانی لەوێنەی (سیروس شەمیسا)، باوەڕی بەهەبوونی دوو جۆری برگە لەزمانی فارسیدا هەیە، کە ئەویش برگەی کورت CV̆ (ب) و برگەی درێژە CV̆C - CV̄ (–). ئەم بۆچوونەی شەمیسا وەك ئەوەیە کە لەلای عەرووزناسی عەرەب و کوردیش پێڕەوی لێدەکرێت. بەلام لە برگەبەندی پایەکانی عەرووزی نموونە شیعرییەکانی ئەم کتێبەدا هەردوو جۆریان بەدی دەکرێت، بەلام زیاتر بۆچوونەکە شەمیسا پێڕەوی لێکراوە تاکو ئەوانی تر.

٥- لەبارەی زمان و شێوازی وەرگێڕانەکە: وەکو لە پێشەوە گوتمان ئەم کارە بەپلەی یەکەم لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە و لەبواری زمانەوانیی ئەدەبیاتدا نووسراوە. بۆیە لەم حاڵەتانەدا وەرگێڕ ناچار دەبێت تا ڕادەیەکی زۆر پابەندی شێوازی دەربڕین و چۆنییەتی زمان و داڕشتنی ڕستە و پاراگرافەکانی بێت و لێیان دوورنەکەوێتەوە، کە

ئەمــەیان ڕەنگــە بەئەندازەیــەك كاریكاتــە ســەر ڕەوانــی داڕشــتن و دەربڕینــە كوردیەكــە. ســەرباری ئــەوەی بــەرگی یەكــەمی ئــەم كتێبــە لەبنەڕەتــدا نامــەیێكی زانكــۆیی و ئەكادیمییــە، كــە ئەمــەش خــۆی لەخۆیدا كۆمەڵێك شەرت و مەرج بەسەر نووسەرەكەیدا دەسەپێنێت لە زۆر لایەنی تۆماركردنی نووسراوەكەیدا، لەوانــەش زمـان و شـێوازی دەربـڕین، پۆلبەنـدی بابەتـەكان و چۆنییەتی خسـتنەڕوویان .. دیـارە ئەمانە هەموو لەوەرگێڕانەكەشدا ڕەنگ دەدەنەوە.

لایـەنێكی دیكـەی لێكۆڵینەوەكـە لەگـەڵ ئەویشـدا وەرگێڕانەكـە، لەوەدا خۆی دەنوێنێت، كـەوا بابـەتێكی ئـەكادیمی پسـپۆڕییە، واتـا بـۆ خــەڵكانێكی شــارەزاو پســپۆڕ لــە بوارەكــانی زمانــەوانی، ئــەدەبیات، ڕەخنەی ئەدەبیدا نووسراوە. بۆیە ڕەنگە خوێنەرێكی ئاسایی ئـەو تـام و چــێژ و بــەها زانیارییــەی دەســتنەكەوێت كــە لــە خوێندنــەوەی بابەتێكی ئەدەبی وەكو چیرۆك و ڕۆمان یـاخود بابـەتێكی مێـژوویی و كۆمەڵناسی یا ڕۆشنبیری گشتی دەستی دەكەوێت. بەڵام لە دواجاردا بۆ پسپۆڕ و مامۆستاكانی بەشی زمان و ئـەدەب لـەزانكۆكانی كوردسـتان و هــەروەها خوێنــدكارانی خوێنــدنی بــاڵا و توێــژەرانی بــواری زمــان و ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی، دەكرێ وەكو سەرچاوەیەكی سوودبەخش و گـرینگ، تـا ڕادەیـەكیش نـوێ لـەبواری خۆیـدا سـوودی لێوەربگیرێـت. لەساڵی ٢٠١٠ دا لە سەفەرێكماندا بۆ كوردستانی ڕۆژهەڵات، لەلای بـرای ڕووناكبیرمـان (ڕەهبـەر مـەحمود زادە)، هـەردوو بـەرگی ئـەم كتێبـەی (كــورش ســەفەوی)مان بەدەســتهێنا. دوابــەدوای خوێندنــەوەی ئــەو خولیایەم لەلا دروست بوو كە ڕۆژێك بێت و بتوانم وەری بگێڕمە سەر زمانی كوردی. كۆمەڵێك كـارو ئـەركی زانكـۆیی و ئامـادەكردنی كتێبـی دیكـە پرۆژەكـەیان لێ وەدواخسـتم. بـەهاری ٢٠١٦ بڕیـاری جێبـەجێ كردنـی كارەكـەم داو بەمەبەسـتی ڕاوێـژكردن چـوومە لای مامۆسـتای بــەڕێزم پ. د. یوســف شــەریف. بیرۆكەكــەم خســتەڕوو و تــەكلیفی

ئەوەشم لێکرد ئەگەر بێت و بتوانێت بە وەرگێڕانەکەمدا بچێتەوە ئەوا بۆ من دەبێتە مایەی خۆشحاڵی. پێداچوونەوەی ئەو زاتە بۆ کارەکەی من لە دوو لاوە سوودی هەبوو، یەکیان ئەوەیە کە ئەو بەڕێزە مامۆستا و شارەزای بواری زمانە لەکاتێکدا پسپۆڕی بەندە لەبواری ئەدەبدایە. دووەمیش ئەوەیە کە لەبواری زمانیشدا پسپۆڕییەکەی ئەو لە بەراوردی زمانی کوردی و فارسییە. کەواتە ڕەزامەندی و ڕاستەوایی و پەسەندیی ئەو بۆ کارەکە دەبێتە مایەی دڵنیایی بەخشینێکی زیاتر بە وەرگێڕانەکە. ماڵی ئاوابێ، بێ چەند و چوون بەدەم داخوازییەکەمەوە هات و دیسان منەتباری کردم؛ جارێکیان ئەوەی کە لە خوێندنی باڵا مامۆستام بووە و زۆر شتی لێ فێربووم، جارێکیش بەوەی کە ڕازی بوو هەڵە و پەڵەم بۆ ڕاستبکاتەوە.

لەوڵاتی ئێمەدا کێشەی تایپ و هەڵەگیری نووسین و دیزایینی مەتن و دەرهێنانی هونەری کتێب گرفتێکی دیکەیە، بەڵام بەهاوکاری و دەستگیرۆیی براو هاوڕێیانی بەڕێزم، کاک (بەدرخان بەکر) و کاک (خەلیل هیدایەت مام شێخ)، ئەو گرفتانەشمان بۆ هەموار بوو. هەروەها هاوکاری و کۆمەکی برایانی بەڕێزم (د.نامیق عوسمان بەکر)، (د. هاوژین صلێوە)، (د. جلال ئەنوەر) و کاک (محەمەد حوسێنی موهەندیس)مان لەبەرچاوە، کە هەر یەکێکیان لەتەواوکردنی چمکێکی کارەکەدا یارمەتیدەرمان بوون.

دواجاریش چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە بوو بە یەکێك لەبەرهەم و دەستکەوتەکانی ئەو پەیماننامەی هاوکاری و هەماهەنگییەی کە لەنێوان زانکۆی کۆیە و زانکۆی فیردەوسی/ مەشهەددا هەیە. لەو کۆبوونەوەیەی سەردانی شاندێکی سەرۆکایەتی زانکۆی ناوبراودا لەگەڵ سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە کە لە مانگی ئابی هاوینی ٢٠١٧دا پێکهات، هەردوولا ڕەزامەندییان لەسەر ئەو پێشنیارەی

بەندە دەربڕی، کەوەکو پڕۆژەیەکی هاوبەش هەردوو زانکۆ خەرجی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکە بگرنە ئەستۆ(*).

**پ. د. عوسمان دەشتی**

هەولێر/ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

(*) — بەڵێ، وەك ئەوەی لەسەرەوە باسکرا، پڕۆژەکە وا بەڕێوە نەچوو!. لەدوای ئۆکتۆبەرەوە زۆر شت گۆڕا، کە لە ئاکامدا پەیوەندی نێوان ئێمە و زانکۆی ناوبراویشی لاوازکرد. لەولاشەوە هەندێك ڕووداو و کێشە و گرفتی تایبەت بە خۆیشم تاڕادەیەك پڕۆژەکەی وەدواخست. لەئاکامدا بەرپرسانی زانکۆی ناوبراو کەوتنە پاشەکشێ و بیانوو هێنانەوە بۆ خۆ دزینەوە لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیان. تا ئەوەی سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە و، لە بەرابیشدا سەرۆکی زانکۆ خۆی، بێ سڵەمینەوە هاتنە پێش و پشتگیری خۆیان بۆ بەئەنجام گەیاندنی پڕۆژەکە دەربڕی.

لەولاشەوە کتێبەکەمان دەمێك بوو بەدەست هەندێ کێشەی تایبەت بە دیزاین و دەرهێنانی هونەرییەوە گیری خواردبوو، تاوەکو برایان ئاسۆی مامزادە و کاك عیسام موحسین و کاك عوسمان پیرداود فریامان کەوتن و کێشە و گرفتەکانیان بۆ هەموارکردین، سوپاس بۆ هەموو لایەك.

**عوسمان دەشتی**

ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی

٢٠١٨/٧/١

# پێشگوتار

پێشكەوتنی خێرای زانستی زمان، بەتایبەت زمانەوانی بنیاتگەری لەسەدەی ئێستادا، (مەبەست سەدەی بیستەمە). دەرفەتی تازەی لەبەردەم لێكۆڵینەوەی زمان و ئەدەبیاتدا كردۆتەوە. دەسكەوتی ئەم پۆلە توێژینەوەیە لەبارەی زمانەوە، لەشێوەی كۆمەڵێ یاسا و ڕێسای بنیاتگەری لەبەردەستی ئێمەدایە، لەگەڵ ئەوەی بەهرەوەرگرتن لەتواناكانی بنیاتگەری و لێكۆڵینەوەی تایبەتمەندییەكانی لەبواری ئەدەبیاتدا هێشتا لەسەرەتای ڕێگادایە، بەڵام ئەنجامەكانی تا ڕۆژی ئەمڕۆمان دیار و لەبەرچاون.

پێشەنگەكانی سوودوەرگرتن لەتواناكانی زمانەوانی لەبواری ئەدەبیاتدا و پێڕەوكارانیان لەهەوڵی ئەوەدان كە لەبەستێنی ئەدەبیاتدا بەشێوەیەكی گشتی و بۆ هەر یەك لەجۆرە ئەدەبییەكان بەشێوەیەكی تایبەتی ئاراستەیەكی زمانەوانی دیاری بكەن و گوزارشتێكی زانستی بۆ هەر یەكێك لەهونەرەكانی ئەدەب بەدەستبهێنن، چونكە وابەدیار دەكەوێت كە پەنابردن بۆ هونەرە پرش و بڵاوەكانی وەكو عەرووز و قافیە، جوانكاری، واتاناسی و ڕوونبێژی لە زەمینەی لێكۆڵینەوە ئەدەبییە دێرینەكاندا، لەچوارچێوەی بنەمایەكی تیوریدا سوودبەخش نەبێت. ئەم توێژینەوەیە كە لە ژێرناوی (بوونی هۆنراو لە ئەدەبی فارسیدا) یە، ناونیشانی نامەی دكتۆرای نووسەری ئەم دێڕانەیە كە بەسەرپەرشتی

ماموستای پایەبەرز بەڕێز. د. عەلی محەمەد حەقشناس لەبەشی زمانناسی زانکۆی تاران ئامادە و پێشکەش کراوە. نامەکە بەشێوەیەکی گشتی هەوڵێکە بۆ باس و هەڵسەنگاندنی ئەوەی تاوەکو ئێستا لەم بوارەدا ئەنجامدراوە و لە دوا شیکردنەوەدا تەقەللاییێکە بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەی کەوا چۆن دەتواندرێت هونەرەکانی ئەدەب لەیەك سیستەمدا پۆلبەندی بکرێت.

ڕەنگە بتوانین ئەوە بڵێین کە جۆرەکانی داهێنانی ئەدەبی لەزماندا لەپێناوی داهێنانی هەر یەك لەهۆنراو و شیعر و پەخشان بەگوێرەی بابەتەکانیان جیاوازن. باس و خواس و لێکۆڵینەوە لە سنعەتەکانی پەیوەست بەهەر یەکێك لەم سێ جۆرەی ئەدەب پێویستی بەکات و ساتێکی زیاتر هەیە لەوەی بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم نامەیە دیاریکراوە؛ بەوهۆیەوە نامەکەی ئێمە تەنیا لەبواری داهێنانی هۆنراو، جیا لەبواری شیعر و پەخشان، تەرخانکراوە و مەسەلەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە و پۆلبەندی جۆرەکانی داهێنانی شیعر و پەخشان بۆ هەلێکی دیکە هەڵگیراوە.

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کەوا بەرگی یەکەمی ئەم نووسراوە تایبەتکراوە بە توێژینەوەی زمانەوانیی هۆنراو وەکو بەشێکی ئەدەبی فارسی و لەو پێناوەدا دوو ئامانجی بنەڕەتی ڕەچاو کراون:

ئامانجی یەکەممان ئەوەیە، کە بیسەلمێنین ئەوەی تاوەکو ئێستا لەبواری گوزارشتکردن و شیکردنەوەی سنعەتە ئەدەبییەکاندا بەناونیشانی ((هونەرەکانی ڕەوانبێژی)) خراوەتەڕوو، لەسەر بنچینەیەکی زانستی بنیات نەنراوە. لەم نامەیەدا ئەوە ئەوکاتە ئاشکرا دەبێت کە بتوانین بەشێوەیەکی بەڵگەمەند دەستمان بەئامانجی یەکەم ڕابگات. بەو هۆیەوە دوابەدوای خستنەڕووی سەرنج و تێبینییە تیورییەکان و بنەماکانی ئەم دیدگا تازەیە، سەرنجمان خستۆتە سەر پێشینەی لێکۆڵینەوە ئەدەبییە دێرنەکان و ناتەواوی و

کەم و کورتیەکانمان خستوونەتەڕوو، تا لەو ڕێگایەوە بتوانین نیاز و خواستی لێکۆڵینەوەیەکی سەر لەنوێ ئاراستە بکەین.

ئامانجی دووەمی ئەم نامەیە لەوەدایە کەوا گوزارشت و پۆلبەندی سنعەتە ئەدەبییەکانی تایبەت بە هۆنراو بخەینەڕوو. هەنگاوی یەکەم بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، بریتییە لەکۆکردنەوەی نموونەگەلێکی ئەدەبی وەکو نەخشە ڕێگایەکی توێژینەوەکە. پاشان دەبوو ئەوەش ڕوونبکرێتەوە کەوا کۆمەلە سنعەتەکانی تایبەت بە هۆنراو بەچ شێوەیەك لەبەرانبەر بە سنعەتەکانی تایبەت بەجۆرەکانی شیعر و پەخشان دەوەستن و هەر یەکێك لەم سنعەتانەش لەکام ئاستی شیکردنەوەدا شیاوی لێکۆڵینەوەیە.

لەکۆکردنەوەی نموونە ئەدەبییەکاندا بەتایبەت نموونەکانی ئەدەبی هاوچەرخ، بەهیچ جۆرێك ناوی شاعیرەکان و بایەخی ئەدەبیی بەرهەمەکانیان بەهەند وەرنەگیراوە، چونکە لانی کەم بە بۆچوونی نووسەری ئەم دێرانە لەبەرچاوگرتنی سەلیقەی شەخسی لەم مەسەلانەدا دەبێتە مایەی زیان گەیاندن بە بایەخی زانستی کارەکە. ئەم جۆرە سەلیقە بەگەڕخستنە هیچ وەخت مایەی سەرنج ڕاکێشان نابێت، چونکە خوێنەر هەمیشە خۆی گیرۆدەی ئەم پرسیارە دەکات کە ئایا پێوەری ئەم هەڵبژاردنە چی بووە و پەسەندیی نموونە هەڵبژێردراوەکان لەچیدایە.

بەو هۆیەوە هەموو نموونەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دەستنیشانکراون و هیچ چەشنە نیازێکی پێشینەی لەپشتەوە نەبووە، تا وانەزاندرێت کە بایەخێکی تایبەتی بەهەندێك لەو بەرهەمانە دراوە و لەهەندێ شوێن هەڵبژاردنەکە بنەماکەی بەپێی شاعیر یا تایبەتمەندێتی بەرهەمەکە بووە.

بەو پێیەی کە ڕێنووسی فارسی بەتایبەتی بۆ مەبەستی شیکردنەوەکانی دەنگی ناتەواوە، بەناچاری بۆ تۆمارکردنی نموونەکان

پەنامان بۆ ڕێنووسی فۆنیمی بردووە. ئەو هێمایانەی کە لەبەرابەر فۆنیمەکانی زمانی فارسی بەکاربراون، لەخشتەیەکدا و لەژێر ناونیشانی خشتەی هێما دەنگییەکان نیشاندراوە. سەرچاوەکانی هەر بەشێك بەپێی نازناوی نووسەر و بەگوێرەی پێرستێکی ئەلفوبێی و ژمارە لەکۆتایی بەشەکەدا ڕێکخراوە تاوەکو لەو ڕێگەیەوە دەقەکانی نێوان مەتنەکە بۆ سەرچاوەکانی کتێبنامەی کۆتایی بەشەکان بگەڕێندرێتەوە. بەو پێیە لەکاتێك لەنێوان دەقەکاندا پێویستی گەڕانەوە بۆ سەرچاوە هەبوو، لەنێوان کەوانەکاندا ژمارەی کتێبی سەرچاوەکە و لاپەڕەکەی تۆمارکراوە. ئەم ڕێبازە لەئاست ئەو شێوانەی کە پەیڕەودەکرێن لەهێنانەوەی ناوی نووسەر لەگەڵ مێژووی چاپی کتێبەکە بەمەبەستی گەڕانەوە بۆی، زیاتر پەسەندە؛ چونکێ سەبارەت بەسەرچاوە دێرینەکانی فارسی و عەرەبی، بەتایبەت سەرچاوە کۆنەکانی سەدەکانی ڕابردوو، گێڕانەوە بۆ ناوی نووسەر و مێژووی چاپ کێشە و گرفتی زۆر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، لەوانە بوونی سەرچاوەگەلێك بەمێژووی چاپی زایینی، کۆچی هەتاوی، کۆچی مانگی، تا ئەو سەرچاوانەی کە مێژووی چاپیان بەسەرەوە نییە، دەستخەتەکان و چاپە جیاوازەکانی یەك سەرچاوە و دەستنووسە چاپ نەکراوەکان و سەرچاوەگەلێك کە نووسەرەکانیان نادیارن، ئەمانە هەموو پاساوگەلێکی میتۆدلۆژیکن بۆ هەڵبژاردنی ئەم شێوەیە لەگەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان.

لەکاتی کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی توێژینەوەکە، بەتایبەت ئەو سەرچاوانەی کە پەیوەندییان بەلێکۆڵینەوە ئەدەبییە دێرینەکانەوە هەیە، هەوڵمان داوە جگە لە سوودوەرگرتن لەجێمتمانەترین سەرچاوە، کەلك لەو سەرچاوە نوێیانەش وەربگیرێت کە بۆچوونێکی تازەیان تێدایە.

وەرگرتنی ئەو هەموو کتێب و نووسراوانە و ڕەخنەکاری و تاوتوێکردنیان، لەگەڵ ئەوەی کەوا ڕەنگە بەدوو لایەنیی بایەخی سەرچاوەکان کۆتایی بێت، بەڵام ئەمە پێداویستی هەر توێژینەوەیەکی نوێیە.

ئەوەی لەم ڕێگایەوە بەدەستمانهێناوە، قسەیەکی نوێ نییە. قسەکان لەپێشدا گوتراون و ئەگەر لەو نیوەدا گوتەیەك ئالۆگۆڕی بەسەردا هاتبێت، تەنیا بەو هۆیەوەیە کە کێوێك لەتوێژینەوە و بیروڕاکانی پێشووی لەپشتەوەیە. مامۆستایانی پایەبەرز، بەڕێز د. محەمەد ڕەزای شەفیعی کەدکنی و بەڕێز د. یەدوڵڵا ئەمەرە، کە وەکو ڕاوێژکارانی ئەم نامەیەی نووسەربوون، هەمیشە فریادڕەسی منی خاکەڕابوون. مامۆستای پایەبەرز و بەڕێز د. تەقی پورنامداریان بەوردبینی تایبەتی خۆیان، نامەکەیان خوێندۆتەوە و کەم و کورتییەکانیان دەستنیشانکردووە، سەرنج و تێبینی ئەم سەروەرانە وایکرد کە سەرلەنوێ بەنامەکەدا بچمەوە تا بەشێوەیەك بێت ئامادەبێت بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. لێرەدا لەجێگەی خۆیەتی کە سوپاسگوزاری ئەم مامۆستا پایەبەرزانەبین کە هەمیشە مایەی سوپاسگوزاری و ڕێز لێگرتنن، هەرچەندی ئەم سوپاسگوزارییە گۆشەیەك لەمەودای خۆشەویستی و لەخۆبووردوویی ئەمانە پڕناکاتەوە.

لەکاتی نووسینەوەی ئەم نامەیەدا، مامۆستای پایەدار بەڕێز د. ئەحمەدی تەمیمداری هاندەری هەمیشەیی ئێمە بوو. باس و خواس و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵیاندا بۆتە مایەی بەرزبوونەوەی ئاستی نامەکە. دۆست و هاوڕێی هەمیشەییم بەڕێز کازمی فەرهادی، بەهەڵەگیری مەتنی کارەکە گەلێك لەکێشە هونەرییەکانی کتێبەکەی چارەسەرکردووە. لەجێی خۆیەتی قەدرزانیی ئەم پایەبەرزانە

لەبەرچاو بگرم و لەبەرابەر کۆمەك و هاوکاری بێ دریغیان سەری نەوازشیان بۆ دابنەوێنم.

مامۆستای ڕێبەری هەمیشەییم، بەڕێز د. محەمەد عەلی حەقشناس، چەند کەڕەت ئەم نووسینەی خوێندۆتەوە و کرچ و کاڵییەکانی شاگردی بچووکی خۆی بەگوێمداداوەتەوە، لەپێناوی سوپاسگوزاری ئەم مەزنە گەلێك ڕامام و بیرمکردەوە، دەستەواژەیەکی شایستەم بەبیردانەهات، هەقێك کە هەر مامۆستایەك لەئەستۆی شاگردە نوێپایەکەیەوە هەیەتی، لەوە زیاترە کەناو نووسیندا جێی بکرێتەوە.

**کورش صفوی**

## هێما دەنگییەکان

پێرستی ئەم هێما دەنگییانەی کە لەم نامەیەدا بەکارهێنـدراوە بـە بـەراورد لەگەڵ ڕێنووسی فارسی[1]:

| نیشانەی دەنگی | ڕێنووسی فارسی | نیشانەی دەنگی | ڕێنووسی فارسی |
|---|---|---|---|
| p | پ | z | ز، ض، ذ، ظ |
| b | ب | r | ر |
| t | ت، ط | š | ش |
| d | د | ž | ژ |
| k | ك | y | ی |
| g | گ | x | خ |
| q | ق، غ | h | ح، ه |
| ? | ع، ئـ | a | ـَـ |
| č | چ | e | ـِـ |
| j | ج | o | ـُـ |
| m | م | â | آ |
| n | ن | u | وُ |
| l | ل | i | یی |
| f | ف | ow | و، مانند روشن rowšan |
| s | س، ص، ث | | |

(١) لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: محمد رضا باطنی، توصیف ساختمان دستوری زبان فارسی، تهران، امیر کبیر، ١٣٥٦.

# بەشی ١

# سەرنجە تیۆرییەکان

ئەم بەشە لە شەش برگە پێکهاتووە، کە لە کۆدا، چوارچێوەی تیوری توێژینەوەکانی دواتر پێك دەهێنێت. لەو سۆنگەیەوە کە بنەمای تیوری ئەم توێژینەوەیە قوتابخانەی بنیاتگەری و بەتایبەتیش بنیاتگەری نوێیە، بۆیە برگەی یەکەم دەپەرژێتە سەر بنەماکانی ئەم قوتابخانەیە. برگەی دووەم بەگشتی لەبارەی شیکردنەوەی نیشانە و رەوتی ئالوگۆری توێژینەوەکانی ئەو بوارەیە، بەو هۆیەی کەوا لە روانگەی قوتابخانەی بنیاتگەری و بەتایبەتیش بۆچوونەکانی فورمالیستەکانی چیك ئاور لەئەرکی ئەدەبی زمان لەکایەی سیستەمی زمان دراوەتەوە، برگەی سێیەم بۆ ئەرکەکانی شەش لایەنەی زمان لە دیدگای یاکۆبسنەوە تەرخانکراوە. لەبرگەی چوارەمدا بەشێوەیەکی وردتر لەئەرکی ئەدەبیی زمان کۆڵدراوەتەوە. بەرەچاوکردنی ئەوەی کە لە روانگەی بنیاتگەراکانەوە، داهێنانی هونەری لە بواری ئەدەبیاتدا لەرێگەی پرۆسەی بەرجەستەسازییەوە لێکدەدرێتەوە، برگەی پێنجەم تایبەتکراوە بۆ ئەم پرۆسەیە بە هەردوو جۆرەکانییەوە، لادان لە زمانی پێوەر و زێدەکردنی رێسا. لەم بەشەدا پرۆسەی زێدەکردنی رێسا کەمتر خراوەتە بەر باس، بەو هۆیەی ئامانجی بنەرەتی ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی گشتی، لێکۆڵینەوەیە لە هەمان پرۆسە و پۆلینبەندی جۆرەکانییەتی، بەو هۆیەوە توێژینەوەی وردتری مەسەلەکە بۆ بەشەکانی دوایی جێهێڵراوە. لە ئاکامدا برگەی شەشەم ئەو بۆچوونانە بەشێوەیەکی گشتی دەخاتە روو کە لەو بنەما تیوریانەوە سەرچاوەیان گرتووە و بەشێوەیەکی سیستەماتیك (بە صورت نظام مند) جۆرەکانی ئەدەبی لە یەکتر جیادەکاتەوە. بەم جۆرە ئەمە دەبێتە دەستپێکی رێگایەك کە ئەم نامەیە لەسەری دەروات. ئەم روانگەیەی لە برگەی شەشەمدا خراوەتە روو، بۆ یەکەمین جار و بەشێوەیەکی روون جیاوازی لەنێوان هەرسێ جۆرەکەی ئەدەب، واتا پەخشان و هۆنراو و شیعر نیشان دەدات و،

هۆکارەکانی بەدیهێنەری هەر یەکێك لەم سێ جۆرە دەخاتە ڕوو. هەر بۆیە دەشێ بگوترێ کەوا بڕگەی شەشەم لەم بەشەدا لەوێنەی دەروازەیەکە بۆ بڕگەکانی دیکەی نامەکە و دیارە وەکو دوایین بڕگەی تێبینییە تیورییەکانیش دەژمێردرێت.

## ١/ ١ بنیاتگەری

لەم بەشەدا بنەما گشتییەکانی ئەوەی کە ئەمڕۆ بە تایبەتیش لە ئەوروپا، بە ناونیشانی زمانەوانی بنیاتگەری[1] ناسراوە خراوەتە بەرباس. زاراوەی (بنیاتگەری) بە داخەوە لە ئەمریکادا بەواتایەکی تایبەت بەکار دەهێندرێت کە زیاتر ئاماژەیە بۆ بلومفیلد[2] و پەیڕەوکارەکانی، بەتایبەتی لەساڵەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهان و لە ژێر ناونیشانی (قوتابخانەی بنیاتگەریی ئەمریکا) ناوبانگی دەرکردووە. بە بۆچوونی لایەنز[3] زۆر شت لە بنەماکانی بنیاتگەری بلۆمفیلد، لەگەڵ بنەماکانی بنیاتگەری سۆسۆری بێگانەیە، تا ئەوەی لە هەندێ جێگادا لەگەڵ ئەو پێچەوانەیە ( ← ك ١٩، ل ٢٣٠).

هەر بەو بەڵگەیە لەهەنگاوی یەکەمدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەو خاڵە بکەین کە لەم باسەدا وەکو چوارچێوەیەکی تیوری ڕەچاوکراوە، دیدگای بنیاتگەری ئەوروپاییە کە خودی لاینز بە (بنیاتگەری سۆسۆری) ناوی دەبات (← ك١٩، م ٢٣٠). لەگەڵ ئەوەی لە زۆر لە سەرچاوەکاندا ئەم دیدگایەی دوایی وەکو (زمانەوانی بنیاتگەری) باسی لێوە دەکرێت.

پێویستە ئاماژە بۆ ئەو خاڵە بکرێت کە لەگەڵ ئەوەی زمانەوانی

---

1 - structural linguistics.

2 - l. Bloomfield.

3 - J . Lyons.

بنیاتگەری لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بابەتەکانی زمانەوانی گشتی فردینان دۆ سۆسۆر[1] بەرهەمدار بوو، بەڵام بنەماگەلێك كە لەلایەن ئەوەوە خراونەتە ڕوو، لە بیروڕاکانی هاردر[2]، هومبلت[3]، لایبنیتس[4] هەتا بەڕواقییەکانی یۆنانی کۆنیش ڕادەگات دەبیندرێن (← ك ١٩، ل ٢٣١). ئەم بنەمایانە زیاتر لە فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئالمان لەدوای (کانت)ەوە بەدیارکەوتوون. بەو جۆرە نابێت وابزاندرێت كە ئەوەی سۆسۆر بەناونیشانی چوارچێوەی تیۆری داویەتە دەست، بۆ یەکەمین جار لە کتێبەکەی ئەودا بەدیارکەوتووە. گرنگی سۆسۆر لەوەدایە كەوا ئەوەی پێشتر بەشێوەیەکی پرش و بڵاو هەبوون، ڕێکی خستن و بەشێوەیەکی یەکگرتوو خستوونەتییە بەردەست.

کاکڵی بنەڕەتی ئەوەی كە زمانەوانی بنیاتگەریی پێدەگوترێت ڕوانگەییێکە كە ئەم تیورییە لەبارەی زمانەوە دەیدات بەدەستەوە، بەباوەڕی روبینز[5]:

هەر زمانێك پێویستە وەکو سیستەم یاخود ڕێکخراوەیەك لەبەرچاو بگیرێت، كە لەچەند توخم و ڕەگەزێك پێکهاتووە و پەیوەندی دولایەنەیان لەتەك یەکتریدا هەیە؛ ئەم ڕەگەز و پەیوەندگەلە یا ئەوەتا مورفیمیە، یا مۆرفۆلۆجی و ڕێزمانییە، یاخود فۆنۆلۆجی.

لە ئاستی هاوکاتیدا هەر زمانێك دەبێ لە ڕوانگەی هەمان سیستەم و پێکهاتەوە باسبکرێت و بخرێتە ڕوو، نەوەکو لەشێوەی ڕووکار و ڕەگەزی جیاواز لەیەکتر و سەربەخۆ. یەکە و دانەکانی زمان

1 - H . desaussure.

2 - J . G . Herder.

3 - W . von Humboldt.

4 - G . W . von Leibniz.

5 - R . H . Robins.

پێویستە لە بەرامبەر بە یەکتریییەوە پێناسە بکرێن نەوەك بەجۆرێکی ڕەهاو سەربەخۆ. (⟵ ك ٤٣، ل ٤١٩).

لاینـز بەمەبەسـتی ڕۆشـنکردنەوەی زیـاتری ئـەم دیدگەیـە پـەنا دەباتە بەر فۆنۆلۆجی. لەم کورتە باسـەدا ئێمـەش هـەر ئـەو ڕێچکەیە دەگرین. وشـەی (تـار) لـە فارسـیدا لەسێ دەنگی /t/ ، /ä/ ، /r/ پێکهاتووە، کە هەم لە ئاخاوتن و هەم لە نووسـیندا بـەدیار دەکـەوێت. دەنگـەکانی ئــەم وشــەیە بەڕیزبەندییــەکی تایبــەتی لــە تەنیشــت یەکترییەوە جێگیرکراون کە لەگەڵ نووسینەوەیان بەشێوەیەکی دیکەی گریمانــەیی وەکــو rät و ärt جیــاوازە. لــە ڕوانگــەی دەنگســازی بەرهەمهێنانــەوە، هــەر کــەڕەتێك وشــەی /tär/ بدرکێنــدرێت، ئــەوا شێوەی بەرهەمهێنانی (درکاندنی) تایبەت بەخۆی هەیە کـە لـە ئاست ئــاخێوەرانی جیــاوازدا جیــاواز دەبێــت و تــا ئــەوەی لــەلای یــەك ئاخێوەریشدا هەر جارەی درکاندنێکی جیـاوازی دەبێـت، بـەڵام هـەموو ئەم شێوە جیاوازنەی درکاندنەکە، ئـەو کاتـەی لـە بەرابـەر شـێوەکانی وەکـو /där/، /kär/، /mär/ وەربگیرێـن، ئـەوا هـەموویان وەکـو ڕواڵەتـە جۆراوجۆرەکانی یەك وشە (ڕەگەز) سەیر دەکرێن. بەم پێیە دەتوانین بڵێین کەوا دانـەی دەنگی /t/ پێویسـتە بـە جۆرێـك بدرکێنـدرێت کـە لەگەڵ دانە دەنگییەکانی دیکەی لە نموونـەی /d، k، m، s/ و هـی تـردا تێکـەڵاو نـەبێت و /tär/ لەبەرابـەر /där/ و ئـەوانی دیکـە بوەسـتێت. دانەی دەنگی /ä / ش دەبێ بەشێوەیەك بدرکێندرێت کە لەگـەڵ / u، a، i / هـی دیکـە بەرامبـەر بوەسـتێت، تـاوەکو وشـەکە خـۆی لەئاسـت وشـەکانی وەکـو / tur، / tar / ، tir / لـە بەرامبـەر بێـت. ئـەم باسـە سەبارەت بە دەنگی / r / یش هەر ڕاستە، شێوەی درکانـدنی ئـەم دانـە دەنگییەش دەبێ لە توانای دابێت کەوا / tär / لە بەرامبەر شـێوەکانی وەکو /täs/، / täq /، täb/ هی تر ڕابگرێت. بەم پێیەی کە هەر یـەك لـە وشەکانی ڕابردوو لەو سۆنگەیەوە کە لە زمـانی فارسـیدا لـە بەرامبـەر

یەكتر دەوەستن، بەناچار لەم زمانـەدا ڕۆڵێكـی تایبـەت دەگێـڕن كـە لـە لایــەنی زمانییــەوە بــە هەنــد وەردەگیرێــت، ئــەنجا بــەگوێرەی ئــەم هەلومەرجەیە كە دەڵێن / ä / و /a / لە زمانی فارسید بە دوو دانـەی دەنگی دەژمێردرێن، بەو هۆیەی ئامادەگیان لە شوێنی بەتاڵی زنجیرەی نێوان / t – r /، دوو وشەی جیاوازی / tär / و / tar / ساز دەكەن.

بـەم پێیـە دەتـوانین بڵـێین بـەهای هـەر وشـەیەك لـە زمانێكـدا پەیوەســتە بــە بــەهای وشــەگەلی دیكــەی هــەمان زمــان و لــە كــۆدا سیســتەمێك دێننــە بەرهــەم كــەوا ڕەگــەزە پێكهێنــەرەكانی نــاو ئــەو سیستەمە لە پەیوەندی بەرامبەری دان لەگەڵ یەكتریدا.

پەیوەندی بەرامبەری لەنێوان دانەكانی دەنگیی زمان دا، لە ئاست دانەی گەورەتر لە دەنـگ، لـە وێنـەی دانـەكانی ئاسـتی وشـەیی دیسان هەر وایە. هەر یەكەیەكی ڕێزمانی زمـان ڕۆڵـی تایبـەتی خـۆی دەبێـت كاتێـك كـە لـە ئاسـتی خۆیـدا لەگـەڵ یەكـەكانی دیكـەدا لەپەیوەنـدی بەرامبەری دابێت. فۆرمەكانی وەكو (از) و (بـە) لـە ڕووی زمانییـەوە، لەو سۆنگەیەوە بایەخدارن كە لەكاتی بەكاربردنی هەر یـەكێكیان لـەم بۆشاییەی ڕستەیەكی وەكو (من ... اورپا فرار كردم/ من ..... ئـەوروپا فـیرارم كـرد) بەرامبـەری واتـایی لێ دروست دەبێـت. هـەر لەسـەر ئـەم بنەمایــە و لــە دیــدی بنیاتگەرییــەوە (بــە) ، (از) ، (در) ، (بــا)، و نموونەكانیان، یەكە گەلێكن كەوا ئاستی بـەرناو (حـروف اضـافە) پێـك دەهێــنن، كــە بەرامبــەر بــە یــەكتر دەوەســتن و ڕۆڵێكــی تایبــەت لــە هاوپەیوەنــدی لــە تــەك یەكتریــدا دەگرنــە ئەســتۆ. لەهــەر زمانێكــدا، پەیوەنــدی بەرانبــەری لــەنێوان یەكــەكانی ئــەو زمانــە لــە ئاســتەكانی هــەردوو تــەوەری هاونشــینی و جێنشــینیدا شــیاوی ڕوونكردنــەوەن، بەجۆرێك كەوا هەر یەكەیەكی زمان لەسەر ئاستی پەیوەنـدی لەتـەك یەكەكانی هاونشینی و ڕۆڵی ئەو یەكانـەش كـە لـە جێنشـنیدا لەگـەڵی یەك دەگرنەوە، مایەی ڕوونكردنەوەن.

### ١/ ٢ زمان و نیشانه

لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی لە سەدەی نۆزدەیەمدا، بەتایبەت توێژینەوە لەبارەی ئەو زمانانەی کە تا ئەو کاتە لای زمانەوانان ئەوەندە ناسراو نەبوون، بابەتگەلێکی هێنایە پێشەوە کە وایکرد زمانەوانی لە لایەکەوە بنچینەکانی ئەو چەمك و تێگەیشتنەی لەبارەی زمان و ڕێزمانەوە لەبیری خەڵکەکەدا جێگیر بووبوون ئالوگۆڕیان بەسەردابێت. ڕەنگبێ بتواندرێت لەو نێوانەدا نیکۆلای کرۆژفسکی[1] بەداناترین پێشڕەوی زمانەوانیی نوێ لە نێو زانایانی کۆتایی سەدەیەی نۆزدەیەم دابندرێت. ناوبراو لەساڵی ١٨٨٢دا ئەمەی خوارەوەی بۆ بۆدون دوکورتینی[2] نووسیوە (← ك٧١، ل ١٥)؛

بەمەبەستی وەسفێکی وردی زمان زانستێکی تازە و گشتگیری تر پێویستە، تا بە ناونیشانی جۆرێك لە دیاردەناسی زمان بەکارببرێت؛ دەبێ بۆ بەدەستهێنانی شتێکی بایەخداری لەو جۆرە و بنچینەکانی ئەو زانستە لە ناوەخۆیدا بە دوایدا بگەڕێین.

یاکۆبسن[3](← ك ١٧، ل ١٥) لەو باوەڕدایە کەوا کروژفسکی چەمکی (دیاردەناسی) لە کتێبی دیاردەناسی ناخودئاگای ئەدوارد فۆن هارتمانەوە[4] هەڵێنجاوە. لەو کتێبەدا، لە باسی کورتە مێژوویەکی بزووتنەوەی دیاردەناسیدا، کەوا ئیشبیگلی برگ[5] نووسیەتی، وەکو ڕێنمایی بۆ هەر تاکێك بەمەبەستی دەستپێڕاگەیشتن بە بیروبۆچوونەکان لە هیگلەوە تاوەکو هۆسرل، باسی لێوەکراوە (←ك١٧، ل ١٦).

---

1 - N. Kruszewski.

2 - G . Boudouin de Courtenay.

3 - R . Jakobson.

4 - E . von. Hartmann.

5 - H . Spiegelberg.

لەو ناوەدا تەنیا کەسێك کە توانی بیروبۆچوونە سەرەتاییەکان بەشێوەیەکی گونجاو لەبارەی ئەو (زانستە تازە و گشتگیرترە) بخاتە بەردەست، زمانەوانی سویسری فردینان دو سۆسۆر بوو. ئەو لەو زمانەوانە پێشەنگانەیە کەوا جەختی لەسەر بایەخی زانستێك بەناوی نیشانەناسی کردۆتەوە. بیروڕاکانی سۆسۆر لە ساڵی ١٩١٦ و لەدوای مردنی خۆیدا چاپ و بڵاوکراونەتەوە. لە دەیەکانی دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی وانەکانی زمانەوانی گشتی فردینان دو سۆسۆر، جیهان بوو بە مەیدانی بڵاوبوونەوە و پێداچوونەوەیەکی بێوێنە لە بواری زانستی زمانەوانیدا (← ك ٢٦)(← ك ٢٧): هەر چەندە دەبێ دان بەوەدابندرێت کە ئەوەی لە بنەڕەتدا بوو بەمایەی ئەو بەرفراوانییە لەبواری زمانەوانیدا، پەیوەستە بەچوار مەسەلەی بنچینەیی کە بەشێوەیەکی سیستەماتیك لە باسەکانی زمانەوانی گشتیدا خراونەتە ڕوو.

بۆیە لەم بەشەدا و بەرلەوەی بچینە سەر ئامانجی بنەڕەتی باسەکەمان، بیروڕاکانی سۆسۆر بەکورتی و بەشێوەیەکی سادە نیشان دەدەین.

### ١/٢/١ زمان و ئاخاوتن

یەکێك لەو مەسەلانەی کە سۆسۆر لە کتێبەکەی خۆیدا باسی کردووە و دەشێ بە بوێریەوە بگوترێت کە زمانەوانی نوێی لەسەر بنیاتنراوە، دەستپێکی ڕێبازێك بوو کە بەهۆیەوە بابەتی بنەڕەتی لێکۆڵینەوە زمانەوانەییەکان دەستنیشانکرا.

سۆسۆر لەنێوان بینینی زمان وەکو سیستەمێك و دەرکەوتنە مادییەکەیەوە واتە ئاخاوتن جیاوازی بەرپاکرد، بەوەی کەوا زمانی بەکۆی ئەو پەیوەندیانە دایە قەڵەم کە بنیاتی هەموو ئاخاوتنە جۆراوجۆرەکان دەستنیشان دەکات.

دوو لایەنەی ناوخۆیی لەنێوان زمان و ئاخاوتن لە دیدی سۆسۆرەوە، هاوتایە لەگەڵ جیاوازی نێوانی (jažyk و reč) لەلای بودوین دوکورتنی (← ک ١٦، ل ٢٠)، ئەنجا لێکچووە لەگەڵ جیاوازی لەنێوان (کۆد و پەیام)ی مارتینی[1] و (توانا و ڕەفتاری زمانی) چومسکی[2]، تا دەگاتە (وێنەی دەروونی و دەرەکی) لە ڕوانگەی هامبۆلتەوە. ناساندنی سۆسۆر بۆ زمان ئەوەبوو؛ کەوا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و بەرانبەر بە ئاخاوتن دەوەستێت، ئاخاوتنیش بەکاربردنێکی ڕووتی تاکەکانە بۆ زمان.

## ٢/٢/١ نیشانەی زمانی

بەڕای سۆسۆر ئەگەر ئاخێوەرانی زمانێك، کە لە ڕووی تەمەن و ڕەگەز و شوێن و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ یەکتریدا جیاوازن، ڕستەیەکی لە وێنەی (کتابی خریدم/ کتێبێکم کڕی) بڵێنەوە، دەنگە بەرهەمهێنەرەکانی ئەوان لەلایەنی فیزیکییەوە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش لەگەڵ یەکتریدا جیاوازیان دەبێت تا دەگاتە ئەوەی مەبەست کتێبگەلێکی جیاواز بێت.

واتا و لێکدانەوەکانیشیان لە یەکترەوە ناچێت، لەم دۆخەدا ئەوەی ئەوان لەشێوەی ڕستەیەکدا دەیڵێنەوە، ئەوە بەدوای یەکداهاتنی نیشانەکانە. لێرەوە نیشانە لە دیدی سۆسۆرەوە، پەیوەندییەکی هۆشەکی ڕووتە لەنێوان فۆرمێکی دەنگی و چەمکی ئەو فۆرمەوە. سۆسۆر فۆرمە دەنگییەکە بە (دال) و چەمکە بەدەستهاتووەکەش بە (مەدلول) ناو دەبات و نیشانەی زمانیش بە واتای ئەو پەیوەندیەیە کە لە نێوان دال و مەدلولدا هەیە و ئەمە لە زماندا شتێکی ئارەزوومەندانەیە. بەو مەعنایەی کەوا هیچ دەلیلێکی سروشتی بۆ

---

1 - A. Martinet.

2 - N . Chomsky.

بەباڵادا بڕینی واتا و چەمکێکی تایبەت بۆ فۆرمێکی دەنگی تایبەت لە ئارادا نییە، یاخود بە واتایەکی تر ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان دال و مەدلولێکدا هەیە ئەوە لەئەنجامی ڕێکەوتنەوە هاتۆتەکایەوە.

### ٣/٢/١ پەیوەندی

ئەوەی کە لە شیکردنەوەکانی سۆسۆر سەبارەت بە نیشانە دەستمان دەکەوێت، وەسفکردنی یەکەکانی زمانە لە ڕووی فۆرمەوە و لەتەك جیاوازی لەنێوانیاندا. ئەو لەو باوەڕەدایە کەوا لێکچوونی دوو یەکەی زمانی وەنەبێت بەهۆی کرۆك (جوهر) ەوە بێت، بەڵکو بەهۆی فۆرمەوە دێتەدی. لەم ڕووەوە ئەوەی لێرەدا باس دەکرێت بە یەکێك لەگرنگترین و بایەخدارترین بیروڕاکانی سۆسۆر دەژمێردرێت. بە بۆچوونی ئەو، یەکەکانی زمان بەهۆی نرخ و بەهای جیاوازیانەوە لە یەکتری جیادەکرێنەوە و دەشبێ بەهۆی کۆمەڵێ پەیوەندی تایبەتمەندەوە بەدیار بخرێن و باس بکرێن، لێرەدا یاکوبسنیش لەو باوەڕەدایە کەوا خستنەڕووی ئەم پەیوەندییانە لە بنچینەدا وەسفێکە بۆ کارکردی زاوزێی زمان (← ك ١٦). یەکێك لەم دوو جۆرە پەیوەندییە لەسەر بناغەی هەڵبژاردنە کە سۆسۆر ناوی ناوە بانگهێشتی (متداعی)[1] ، لە خۆوەیی (شَمی)[2] یاخود جێنشینی[3] (←ك ١٦، ل ٢١)، ئەوی دیکەیان لەسەر بنەمای ڕیزکردنە[4] (هاونشینی)، کە بە گوتاری[5] ناودەبرێت. لەمەوە هەردوو زاراوەی (هاونشینی) و (جێنشینی) بوونەتە باو، هەر چەندە لێکدانەوە و

---

1 - associative.

2 - intuitive.

3 - paradigmatic.

4 - syntagmatic.

5 - discursive.

پەیوەندی نێوانیان گۆرانکاری بنەڕەتی بەسەردا هاتووە (← ك ١٦، ل ٢١). سۆسۆر جەخت لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکاتەوە کە ئەو یەکانەی لەسەر ئاستی یەك زنجیرەی جێنشینی دان ئەوە سیستەمێکی جێگیریان نییە، وەك چۆن پۆلینبەندی کردنیشیان بەشێوەیەکی تەواو ئارەزوومەندانە ئەنجام دەدرێت (← ك ٢٦، ل ١٧٤). لە ئێستادا ئەم بنیاتە بێ شەرت و مەرجە گۆڕاوە بۆ جۆرێك لە پۆلینبەندی تایبەتمەند کە دیارخەری زنجیرەیەك پەیوەندییە لەنێوان بوون و نەبوونی مەبەستدارییەوە، کە لە ڕوانگەی چومسکییەوە ڕەنگدانەوەی پەیوەندی نێوان بنیاتی قوول و بنیاتی سەرەوەیە..

## ٤/٢/١ هاوکاتی و مێژوویی (هم زمانی و در زمانی)

جیاوازی لەنێوان ئەم دوو ڕوانگەیەی زمانەوانی، واتا هاوکاتی و مێژوویی، بۆ یەکەمجار و بەشێوەیەکی ڕوون لەلایەن بودوین دوکورتنێیەوە خراوەتە ڕوو (←ك ٢٦، ل١٧٤). لەنێوان دەیەی هەشتەمی سەدەی نۆزدە، مارتی[1] (← ك٢٢) و ماساریك[2] (←ك ٢٣) لەژێر کاریگەری گوتاری برنتانۆ[3] ( ← ك٤)، کە دەروونزانی وەسفیی وەکو بەشێکی تازە و تەواوکەری لایەنە تەقلیدییەکانی دەروونزانی بۆماوەیی ناساند، لایان وابوو پێویستی وەسفکردنی هاوکاتی یەکێك لە گرنگترین ئەرکەکانی زمانەوانییە، وەکو چۆن هەنگاوێکی زیندووشە بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی مێژووی گۆڕانکارییەکانی زمان. سۆسۆر پێی وایە دوولایەنی ناوخۆیی لێکۆڵینەوەکانی هاوکاتی و مێژوویی بۆ زمانەوانی ئالۆزی دروستدەکات، بۆیە جەخت لەسەر لێك هەلاواردنیان دەکاتەوە. ئەو لەو باوەڕدایە کە ئەوەی لە زمانەوانیدا شایانی

1 - A . Marty.
2 - T . G . Masaryk.
3 - F . Brentano.

لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە، یا توێژینەوەی ئەو پەیوەندییانەیە کە لە ناوەوەی سیستەمی زماندا هەن بەبێ ئاوڕدانەوە لە هۆکاری زەمان، یاخود ئەو گۆڕانکارییە یەك لەدوای یەکانەی زمانە بەبێ ڕەچاوکردنی مەسەلەی ئەو سیستەمەی کە هەیەتی.

لەنێوان ئەو چوار چەمکە بنەڕەتییەی کە لە وانەکانی زمانەوانی گشتییدا هاتوون، ئەوەی زەمینەی تیوری ئەم توێژینەوەی ئێمەیان پێکهێناوە، چەمکی دوو توێکڵی نیشانەیە، واتا دال و مەدلول.

سۆسۆر لە کۆتایی هەوڵە زانستییەکانیدا، جیاوازی لەنێوان دال و مەدلول کە یەکەمجار لای ڕواقییەکانەوە باسکرا بوو، دەسەلمێنێت (←ك ١٦، ل١٩).

پەیوەندی لەنێوان دال و مەدلول و جیاوازی لەنێوانیادا، وەکو جۆرێك لەجیاوازی میتۆدۆلۆجی (ڕوش شناختی) سەیر دەکرێت، لە هەمووش زیاتر سەرنجی فەیلەسوفەکانی سەدەی نۆزدەی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە. یەکێك لە نموونە هەرە دیارەکانی ئەو هەڵاواردنەی لەنێوان دال و مەدلول دا هەیە ئەوەیە، کەوا گوتلب فرگە[1] هێناویەتەوە (←ك ١٢). ئەو لەو نموونەیەی خۆیدا ئاماژە بۆ دوو دال دەکات، لە (ستاره شب/ ئەستێرەی شەو) و (ستاره صبح/ ئەستێرەی بەیانی) دا، کە لە بنەمادا خاوەنی یەك مەدلولن ئەویش ئەستێرەی زوهرەیە (← ك ١٩، ل ١٩٧) لاینز لەکاتی لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی (مەعنا)[2] و (میسداق)[3] دا کنە و پشکنین بۆ جیاوازی نێوان ئەم دوو زاراوەیە دەکات و ڕەخنەش لە بۆچوونەکەی فرگە دەگرێت (← ك ١٩، ل ١٩٩) ئەو لای وایە هەردوو دالی (ستار شب) و (ستاره صبح) دوو واتای جیاوازیان هەیە بەڵام خاوەنی یەك میسداقن. بۆ بەڵگە هێنانەوەش

---

1 - G . Frege.
2 - Sense.
3 - referent.

هەر سوود لەو دوو نموونەیەی (١) و (٢) وەردەگرێت (ك ١٩، ل ١٩٨):

(١) ستارهٔ صبح همان ستارهٔ شب است/ ئەستێرەی بەیان هەمانە ئەستێرەی شەوە.

(٢) ستارهٔ صبح همان ستارهٔ صبح است/ ئەستێرەی بەیان هەمان ئەستێرەی بەیانە.

لاینز پێمان دەڵێ کەوا ڕستەی (١) لە زماندا وەردەگیرێت بەڵام ڕستەی (٢) بەهۆی دەور و دووبارە بوونەوەی لە زماندا بەکار نایەت، بۆیە ئەو بەهۆی ئەو بەڵگەیەوە (مەعنا) بە بەشێکی ناوزمانی و (میسداق) بەشێکی دەرەوەی زمانی دەبینێت. کالر[1] لەکاتی شیکردنەوەی ئەوەی سۆسۆر لەژێر ناوی دال و مەدلولدا هێناویەتەوە، (دال)ی بەهاوتای فۆرم[2] و (مەدلول)ی بەهاوتای مەعنا[3] لێکداوەتەوە (← ك ١٠، ل ١٦). ئەنجا کالر وەکو لاینز، لەمیانی توێژینەوەکانیدا لەبارەی نیشانە و جۆرەکانی نیشانە، ئاماژەی بۆ ڕوانگەی پێرس[4] کردووە و لەنێوان ئەو دە جۆرە نیشانەیەی کە ئەو هێناویەتەوە ئاماژەی بۆ چوار لە گرنگترینیان کردووە؛ لەوێنەی سیمبۆل (نماد)[5] ، ئایکۆن (وێنە/ شمایل)[6]، ئیندێکس (نمایە)[7] ، نیشانە (نمون)[8] (←ك ١٩، ل ١٠ – ١٠٩؛ ١٠، ل ١٦ – ٢٠) بەگوێرەی بیروڕای پێرس لە سیمبۆلدا پەیوەندی لەنێوان دال و مەدلولدا ئارەزوومەندانەیە و بەپێی ڕێککەوتنە.

---

1 - J . Culler.
2 - form.
3 - meaning.
4 - C . S . Perice.
5 - symbol.
6 - icon.
7 - index.
8 - symptom.

ئەم جۆرە نیشانەیە ڕێك هەمان ئەو جۆرەیە کە سۆسۆر بە نیشانەی زمانی دادەنێت. لە ئایکۆندا پەیوەندی نێوان دال و مەدلول نائارەزوومەندانەیە، پێرس ئایکۆن بە جۆرێك لەنیشانەی ڕێککەوتن لەسەر کراوی – ڕۆشنبیری دەزانێت، لەو کاتەی کەوا خاچ، وەك نموونەیەکی نیشانەی ئایکۆنی بۆ ئایینی مەسیحی دێنێتەوە.

ئیندێکس لەلای پێرس نوێنەرەوەی پەیوەندییەکی هۆکاری (علت و معلول) یە لەنێوان دال و مەدلولدا. لەو بارەشەوە نموونەی دیوارێك دەهێنێتەوە کە بە گوللەیێك کون بوویێت، بەڵام گوللەکەی تێدا نەمابێت؛ بەو پێیە شوێنەوارەکە ئاماژەیە بۆ بەرکەوتنی گوللەکە، ئەم پاش-ماوەیە بەڕای پێرس جۆرێکە لە ئیندێکس. لاینز لەپاڵ ئەو سێ چەشنە نیشانەیەی ڕابردوو ئاماژە بۆ (نیشانە – نمون – symptom)یش دەکات و بە جۆرە نیشانەیەکی دادەنێت کە لەلایەن وەرگر و دوێنەرەوە (مخاطب) درکی پێدەکرێت. لەو بارەوە نیشانەکانی نەخۆشی جیاواز دەشێ وەکو نموونە بێنینەوە کە لەلایەن پزیشکەوە وەکو وەرگر درکی پێدەکرێت*.

---

* ئەو پۆلینبەندیەی کە پێرس بۆ جۆرەکانی نیشانە کردوویەتی و چۆنیەتی جیاوازی لەنێوانیان بەشێوەیەکی ورد، لە (فرهنگ توصیفی نیشانەشناسی) دا و لەژێر ناونیشانی (جیاوازی سێ لایەنەی نیشانەکان) دا هاتووە و لە خشتەیەکدا ڕوونکراوەتەوە، کە لێرەدا بە کەمێك دەستکارییەوە نیشانی دەدەین:

| | ئایکۆن | ئیندێکس | سیبمۆل |
|---|---|---|---|
| ئاماژەیە بۆ: | وێکچوون | پەیوەندی هۆکاریی | ڕێککەوتن |
| بۆ نموونە: | وێنە پەیکەر | دوکەڵ/ ئاگر | وشە، ژمارە ، ئاڵا |
| پرۆسەیەکە: | دەتواندرێت ببیندرێت | دەشێ تێی بگەیەت | پێویستە فێری بیت |

لێرەدا ئەوەی کالر باسی دەکات و نموونەی بۆ هێناوەتەوە، لە دوو توێی چەمك و خانەی (ئیندێکس)دا جێگای کراوەتەوە. فرهنگ توصیفی نشانەشناسی، فاطمه عظیمي فرد، نشر علمی، تهران، ١٣٩٢، ص ١٨٨. (وەرگێڕ).

بەم پێیە، لەنێوان هەموو جۆر ئەو نیشانانەی کە باس کران، ئەوەی کە بە تەواوی ئارەزوومەندانە و بە ڕێککەوتنە بەنیشانەی زمانی دەناسرێت و هەر ئەوەشە کە لەم کورتە باسەدا ڕەچاوکراوە.

### ٣/١ ئەرکەکانی زمان

کەم وایە کتێبێك لەبارەی زمانناسییەوە هەبێت کە بەشێکی بۆ باسکردنی ئەرکەکانی زمان تەرخان نەکرابێت. لەنێوان هەموو ئەو باسوخواسانەشدا پێویستە ئاوڕ لە بیر و بۆچوونەکانی هەر یەك لە، مارتینە (← ك ٢٠)، هالیدای[1](← ك ١٤) و یاکۆبسن (←ك ١٦) بدرێتەوە.

ئەو ئەرکە جۆراوجۆرانەی کە ئەم زمانەوانانە خستوویانەتە ڕوو تەواوکەری یەکترین و، دەشێ هەر ئەو نەخشەیەی کە یاکۆبسن هێناویەتەوە وەکو نموونەیەکی گونجاو وەربگرین.

یاکۆبسن لەو نەخشەیەی ئەرکەکانی زماندا (← ك ٣٦، ل ٧٧) سەرەتا هێلکارییەکی گشتی بۆ پرۆسەی پەیوەندیکردن ڕوون دەکاتەوە. بە بۆچوونی ئەو، پەیامدەر (نێرەر / ئاخێوەر) پەیامێك ئاراستەی پەیامگر (دوێنەر/ مخاطب) دەکات، پەیام ئەو کاتە کاریگەر دەبێت کە واتادار بێت، ئەلبەتە پەیام لەلایەن ئاخێوەرەوە نیشانداری دەکرێت و لە لایەن وەرگرەوە نیشانەکان وەردەگێڕدرێنەوە یاخود شیدەکرێنەوە، هەر پەیامێکیش بەهۆی کەناڵێکی فیزیکی دەگوازرێتەوە.

بەو شێوەیە یاکۆبسن لەم هێڵکارییەی ژمارە (١)دا پرۆسەی پەیوەندیکردن لە ئاخاوتن نیشاندەدات (ك ٣٦، ل ٧٧):

---

1 - M . A . Haliday.

هێڵکاری (١)

بابەت

پەیام

پەیامدەر (نێرەر) .................................... پەیامگر (وەرگر)

کەناڵی پەیوەندی

نیشانە (ڕەمز)

لەلای یاکۆبسن ئەم شەش پاژەی پێکهێنەری پرۆسەی پەیوەندیبەستنن واتا، نێرەر، دوێنەر، کەناڵی پەیوەندی، نیشانە، پەیام و بابەت کە بەرهەمی واتان، نیشاندەری ئەرکەکانی شەش لایەنەی زمانن. لە ڕاستیدا ئەو کارەکەی خۆی لەسەر بنچینەی ڕوانگەی بولر[1] دامەزراندووە و تەواوی کردووە. ئەرکە شەش لایەنەکەی زمانیش بریتین لە:

## ١/٣/١ ئەرکی سۆزداری[2]

بە بۆچوونی یاکۆبسن لەم ئەرکەی زماندا، ئاراستەی پەیام ڕوو لە نێرەر خۆیەتی، زمان لەم ئەرکەیدا هەڵگر و گەیێنەری هەستی تایبەتی پەیامدەر خۆیەتی، ئینجا یا ئەوەتا نێرەر بەڕاستی ئەم هەستە تایبەتییەی هەیە یا ئەوەتا وای نیشان دەدات کە هەیەتی (← ك ٣٦، ل ٧٨) یاکۆبسن لای وایە کە ئەرکی تەواو سۆزداری زمان لە ئامرازەکانی بانگکردن بەرجەستە دەبێت، لە نموونەی (ئای وای)، یا هەندێ دەنگی دیکە لەوێنەی (نچ نچ!) ئەم ئەرکە یەکەم جار لەلایەن مارتییەوە هێندرایە ناوەوە (← ك ١٩، ل ٥٢)، هەمان ئەو ئەرکەشە کەوا مارتینی بە کەمێك فراوانکردنەوە ناوی ناوە (قسەی دەروون) (← ك ٢٠، ل ١٠).

---

1 - K . Bühler.

2 - emotive.

### ٢/٣/١ ئەركی هاندەری[1]

لەم ئەركەدا، ئاراستەی پەیام ڕووی لە پەیامگرە. پێكهاتەكانی بانگكردن یا فرمان، بە دیارترین نموونەكانی ئەركی هاندەری زمان دادەندرێت. ڕاستی و ناڕاستی ئەم جۆرە پێكهاتانە مایەی هەڵسەنگاندن نین، وەك ئەوەی (این كتاب را بخوان)، (ای خدا) و هی تر. ئەم ئەركەی زمان بەر لە یاكۆبسن بە كەمێك جیاوازی لەلایەن بۆلەرەوە باسی لێوە كراوە ( ← ك ١٩، ل ٥٢).

ئەوەی مارتینە بەنیشانی قسەی دەروون باسی دەكات، لەبنەڕەتدا تێكەلەیێكە لە ئەركی سۆزداری و هەندێك لە پێكهاتەكانی بانگكردن كە لە ئەركی هاندەریدا نیشاندراون. لە دیدی مارتینە فۆرمەكانی وەكو (ای وای) و (یاخدا) هەردوو لە چوارچێوەی ئەركی (قسەی دەروون)ی زمان خۆیان دەدۆزنەوە ( ← ك ٢٠، ل ٩ — ١٠).

### ٣/٣/١ ئەركی گەڕانەوەیی[2]

لەم ئەركەدا ئاراستەی پەیام ڕووی لە بابەتی پەیامەكەیە. ڕاستی و درۆ لەم قسانەی كە ئەركی گەڕانەوەییان هەیە، بەو هۆیەی حیسابی ڕستەی خەبەریان بۆ دەكرێت، لەلایەن دەوروبەرەوە كارێكی شیاوە. لەوێنەی (امروز باران می بارد/ ئەمرۆ باران دەبارێت)، (برادرم به دانشكده رفته است/ براكەم چۆتە زانكۆ) و هی تر. یاكۆبسن پێ لەسەر ئەو خاڵە دادەگرێت كە جیاوازی لەنێوان ئەركی گەڕانەوەیی و ئەركی هاندەری زمان بەهۆی شیاوی هەڵسەنگاندنی ڕاستی و درۆی قسەوە دەستنیشان دەكرێت و ڕستەكانی هەواڵ لە زماندا بە تەواوی خاوەن ئەركی گەڕانەوەییین. لاینز ئەم ئەركەی ناوناوە وەسفی[3] (← ك ١٩، ل ٥٠) و بولەر بەئەركی بەیانی[4] ناوی دەبات (←ك ١٩، ل ٥٢).

---

1 - conative.

2 - referential.

3 - descriptive.

4 - representative.

## ٤/٣/١ ئەركی ئەوپەڕ زمانی[1]

یاكۆبسن پێی وایە هەر كات نێرەر یان وەرگر، یاخود هەردوولا هەستیان كرد وا پێویستدەكات، لە نیشانەیەك كە بەهاوبەشی سوودی لێوەردەگرن دڵنیابنەوە، ئەو وەختە ئاراستەی پەیامەكە ڕووی لەخودی نیشانەكەیە. لە هەلومەرجێكی وادا زمان بۆ گفتوگۆ لەبارەی خودی زمانەوە بەكاردەبرێت و ئەو وشانەی كەلكیان لێوەردەگرێت، ڕاڤەدەكرێن. ئەركی ئەو پەڕ زمانی بەشێوەیەكی تایبەت لە فەرهەنگە وەسفییەكاندا سوودی لێوەردەگیرێت، بۆ نموونە لە ڕستەیەكی وەكو (عمو یعنی برادر پدر/ مام واتە برای باوك)، ئەمە ڕەنگدانەوەی بەكارهێنانی ئەركی ئەوپەڕ زمانییە، یا لە نموونەیەكی وەك (گفتم جواد، جیم واو الف دال/ گوتم جەواد، جیم ها واو ئەلف دال) (←ك ٩١، ل ١٠).

## ٥/٣/١ ئەركی هاودڵی[2]

لەم ئەركەدا پەیام ئاراستەكەی ڕوو لە كەناڵی پەیوەندییە. بەگوێرەی یاكۆبسن بێت، ئامانج لە بەشێك لە پەیامەكاندا ئەوەیە كە پەیوەندی دروستبكەن، یا ببنە مایەی بەردەوامی پەیوەندی، یا ئەوەتا پەیوەندییەكە بپچڕێنن؛ هەندێكی دیكەیان بەگشتی بۆ پەیداكردنی دڵنیاییە لە كاركردنی كەنالی پەیوەندییەكە خۆی (← ك ٦٣، ل ٩٧)، لە نموونەی (الو؛ صدایم را می شنوی؟/ ئەلۆ؛ دەنگم دەبیستی؟)، (خانم و بچەها چطورند/ خانم و منداڵەكان چۆنن) و هی تر.

---

1 - metalinguistic.

2 - Phatic.

### ٦/٣/١/ ئەرکی ئەدەبی

لەم ئەرکەی زمانـدا ئاراستەی پـەیام ڕوو لـەخودی پەیامەکـە خۆیـەتی. لـەم هەلومەرجـەدا پـەیام خـۆی لـە خۆیـدا دەبێتـە مایـەی بایەخپێـدان بـەڕای یاکۆبسـن توێژینـەوە لـەبارەی ئـەو ئەرکـەی زمـان بـەبێ لەبەرچـاوگرتنی مەسـەلەکانی گشـتی زمـان بەرهەمـدار نابێـت، بەدیوێکی دیکەشدا توێژینەوەکانی زمانیش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنەی ئەرکە شیعرییەکەیەوە هەیە[1] (← ك ٣٦، ل ٨١)

بەڕای نووسەری ئەم دێرانە بەکاربردنی زاراوەی (ئەرکی شیعری) و پێداگیری لەسـەر وشـەی (شـیعر) ڕەنگـە ببێتـە هۆکارێـك تـا ئـەوەی سـەرنج تـەنها بـۆ لای بەشـێکی ئـەم ئەرکـەی زمانـەوە ڕابکێشـرێت. یاکۆبسن خۆیشی ئەم مەسەلەیە دەسەلمێنێت کە ئەرکی شیعریی زمـان نابێت هـەر لـە سـنووری شـیعردا قـەتیس بکرێـت و بنیـاتی شـیعر بـە تەنیا سنووری ئەرکی شیعری زمان پێك ناهێنێت.

بۆیـە واچاکە لەمـەودوا لـەم کورتـە باسـەدا و لـەکاتی قسـەکردن لەبارەی ئەم لایەنەی ئەرکی زمان، سوود لە زاراوەی (ئـەرکی ئـەدەبی) وەربگرین. کە لە بنچینەدا هەمان ئەو ئەرکەیە کە مارتینە ناوی نـاوە (ئەرکی داهێنانی جوانی — نقش زیبایی آفرینی). (←ك ٢٠، ل١٠).

بەم جۆرە بـەپێی بنـەما و ڕوانگەی یاکۆبسـن، لـە هێکـاری ژمـارە (٢)دا کـە ئاوێتەیێکـە لـە ڕەگـەزەکانی سـازکردنی پەیوەنـدی و ئەرکەکانی شەش لایەنەی زمان، روون دەبێتەوە:

---

1 - Poetic.

هێڵکاری ژمارە (٢)




لەم بەشەی دادێ دێینەسەر توێژینـەوەی وردتـر لـەبارەی ئـەرکی ئـەدەبی زمـان، چـونکێ بیرۆکـەی بنـەڕەتی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە لەسـەر پایەی هەمان ئەرکی زمان داڕێژراوە؛ واتـا کاتێـك کـە ئاراسـتەی پـەیام ڕووی لەخودی پەیامەکە خۆی دەبێت.

## ٤/١ زمانی ئەدەب

باوەڕهێنان بە ئەرکی ئەدەبی زمان، ڕەگوڕیشەی بۆ بۆچوونەکانی ئەشکۆ لفسکی[1] ڕووسی و فۆرمالیستەکانی چیك، بەتایبەتی هەریـەك لە موکارفسکی[2] و هاوڕانك[3]، دەگەڕێتەوە.

فۆرمالیسـتەکان دوو پرۆسـەی زمانییـان بەشـێوەیەکی جیـاواز دەبینی و دوو ناوی جیاوازیشیان لێنابوون؛ (ئاسایی / ئۆتۆماتیك)[*] و (بەرجەستەسازی / بەرجەستەکردن)[**] لە زماندا.

---

1 - V. shklovsky.
2 - J. Mukarovsky.
3 - B. Havranek.
(*) automatic.
(**) foregrounding.

بەگوێرەی بیروڕای هاوڕانك، پرۆسەی زمانی ئاسایی لە بنچینەدا بەکاربردنی دانەکانی زمانە، بەجۆرێك کە بەمەبەست لە بەکارهێنانەکە تەنیا بۆ باسکردنی بابەتێك بێت بێ ئەوەی شێوەی دەربڕینی باسەکە ببێتە مایەی سەرنجراکێشان و هەر لە بنەڕەتەوە بایەخی پێبدرێت؛ لەکاتێکدا بەرجەستەکردن بەکاربردنی دانەکانی زمانە بەجۆرێك کە شێوەی دەربڕینی باسەکە سەرنجراکێش و نائاشنا بێت و لە بەرانبەر پرۆسەی ئاسایی زمان، نائاسایی بێت (← ك ١٥).

وەك چۆن موکارفسکی لە باسە کلاسیکییەکەی خۆیدا نووسیویەتی کە زمانی شیعر تا ئەوپەڕی بەرجەستەکاری تێدایە. ئەو بەرجەستەسازی بەلادان لە پێوەری پێکهاتەی (component) زمان دادەنێت (← ك ٢٤). مۆکارفسکی بە پەرەپێدانی بۆچوونەکەی هاوڕانگ بەو ئەنجامە دەگات کە زمانی ئەدەب نەوەك بۆ گرێدانی پەیوەندی، بەلکو بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ خۆی بەکاردەبرێت، ئەمەیش هەمان بۆچوونە کە یاکۆبسنیش داویەتە دەست و لای وایە زمان ئەوکاتە دەبێتە خاوەنی ئەرکێکی ئەدەبی کە ئاراستەی پەیامەکەی ڕووی لە خودی پەیامەکە بێت. (← ك ٣٦، ل ٨١) مەسەلەی بەرجەستەسازی نکۆڵی لێناکرێت، بەڵام کێشەکە لە دەستنیشانکردنی ئەو زمانە دایە کە تەنها تەرخان بێت بۆ لایەنی پەیوەندیبەستن. ئەوەی بە (پێوەر – ئاسایی – automatic) ناودەبرێت و کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی – دەروونییە، بۆیە لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە دەگۆڕێت و جگە لەوەی دەکرێ لە هەر تاکێك بەشێوەیەکی جیاواز سەیر بکرێت. ئەم کێشەیە بۆتە مایەی باس و لێکۆڵینەوە لای زۆر لە زمانەوانان هەر بۆ وێنە کلۆسنار[1] بەرجەستەسازی بەرانبەر بە نموونەکانی دەروونزانی

1 - A . Cluysenaar.

هەستپێکردن[1] دادەنێت (←ک ٦)، هەروەها کریستال[2] و دیوی[3] زمانی پێوەر بە زمانی گفتوگۆی نافەرمی[4] دەدەنە قەڵەم (← ک ١٩) و باوەڕیان وایە ئەم جۆرە بەکارهێنانەی زمان بە بڕشت و بێ لایەنە دیسان بەلای ئەسۆ[5] وە زمانی پێوەر بە زمانی ئاخاوتنی نافەرمی لە قەڵەم دەدرێت کەوا زۆر لە بۆچوونەکانی کریستال و دیوییەوە دوور نییە (← ک ١١) لەلای کۆهن[6] زمانی پێوەر ئەوەیە کە لەکاتی خستنەڕووی بابەتێکی زانستی بەکاردەهێندرێت، هەر بۆیە لەوبارەوە لەکاتی ئاماژەکردن بۆ زمانی پێوەر زاراوەی (زمانی زانست) بەکاردێنێت. (← ک ٧).

تەواوی ئەم بیربۆچوونانە ئەگەرچی سەرنجراکێش و دەلالەتبەخشن، بەڵام بەڕاشکاوی سنووری نێوان ئەوەی کەوا پێوەرە و ئەوەش کەوا دەکەونە ژێر چەتری بەرجەستەسازی دەستنیشان ناکەن. لەو ناوەدا زمانەوانانێکیش هەبوون کە هەوڵیانداوە دەستورەکانی پێوەری زمان پێناسە بکەن و لەو ڕێگەیەوە نموونەیەکی زمانی نورمال بەدەستبێنن، لەگەڵ ئەوەی لەنێوانیاندا، بۆ نموونە یەکێکی وەکو شۆرت[7] ڕوونی کردۆتەوە کە لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی ڕێزمانی وشەیی سنووردارکردنی یاساکانی پێوەر بەشێوەیەکی کۆتایی کارێکی نەشیاوە (← ک ٢٨). شۆرت لە بەدواداچوونەکانی خۆیدا ئاماژە بەو خاڵە دەکات کەوا مەسەلەی نۆرماڵی یاسایەکە گرێدراوە بە وشەگەلی بەکارهاتوو لە ڕستەدا، وەك چۆن ڕادەی نۆرماڵ بوونی

1 - Perceptual psychology.
2 - D . Crystal.
3 - D . Davy.
4 - Casual conversation.
5 - H . Esau.
6 - J . Cohen.
7 - M . H. short.

ڕستەش لە ئاستی وشەکاندا دەگۆڕێت (←ك ٢٨، ل ١٥٥) ثورن[1] (←ك٣٠) و ئوهمان[2] (← ك٢٥) لە هەوڵی ئەوەدابوون تا لە پێوەرە ڕێزمانییەکان بکۆڵینەوە لەڕێگای تیۆری گویزانەوە و زاوزێ. بە بۆچوونی ئەوان ڕێزمانی زمانی شیعر، لە ئاست ڕێزمانی زمانی نۆرماڵ، کەلە ڕۆنانی قووڵدا دادەڕژرێت، بە ئاشکرا جیاوازە؛ بەو واتایەی کەوا ڕستەیەکی زمانی نۆرماڵ کە خاوەنی ڕۆنانێکی قووڵە بە هاوکاری کۆمەڵێك گوێزانەوەی ئارەزوومەندانەوە دەگۆڕێت بۆ ڕستەیەکی خاوەن ڕۆنانی سەرەوە لە زماندا. ئەوان واتە ثورن و ئۆهمان ناوی (گوێزانەوەی شێوازی/ گشتار سبکی) یان بۆ ئەو دەستە لە گۆڕانکارییەکان هەڵبژاردووە. ئەو دیدەی ئەوانیش پاش ماوەیەك لەڕووی میتۆدۆلجییەوە گومانی کەوتە سەر، بۆیە کارکردنی ئەم گۆڕانکارییانە بەهیچ شێوەیەك سنووردار ناکرێت و جیا لەوەی کە ژمارەی گۆڕانکارییەکان خۆیان بێ سنوورن. لەگەڵ هەموو ئەو هەولانە پرسیارێك کە ویدۆسۆن[3] هێناویەتیە گۆڕێ تا ئێستا بێ وەڵام ماوەتەوە. بە گوتەی ئەو، (چ جۆرە لادانێك دەتواندرێت بە لادان لەپێوەر دابندرێت؟) (←ك ٣١).

ئەوەی تا ئێرە بەڕاست دەزاندرێت ئەوەیە، کە لە توانادا هەیە وەسفی ئەو لادانانە بکرێت کە لە زمانی پێوەر دا ڕوو دەدەن. لیچ[4] چۆتە سەر وەسفی کۆمەڵێك لە لادان لەو پێوەرانەدا (← ك ١٨). ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زمانی ئەدەبی لەئاست شێوەکانی دیکەی بەکارهێنانی زمان ئاڵۆزترە، ئەوە خودی گەڕانەوەیە کە خاوەنی نۆرمالییەکی کەمترە. زمانەوانەکان هەموو لەسەر ئەو مەسەلەیە

1 - J . P . Thorne.
2 - R.Ohmann
3 - H . G . Widdowson.
4 - G . N . Leech.

کۆکن کە زمان لە هەنگاوی یەکەمدا ئامرازی سازکردنی پەیوەندییە.
لە هەر پرۆسەیەکی پەیوەندیدا پەیامێك لەلایەن نێرەرەوە بۆ وەرگر دەنێردرێت، ئەو پەیامە بەهاوکاری کۆمەڵێك وشەکانی یەك زمان کە لەسەر تەوەرەی هاونشینی جێگیربوون، دەگوازرێتەوە. هاونشینی وشەکان لەسەر ڕووی ئەو تەوەرە پابەندی کۆمەڵێك یاسایە، دەستکەوتی ئەم هاونشینییە چەردەیەك زانیارییە کە بەهۆی پەیامەکەوە دەگوازرێتەوە و لەلایەن واتاگەلە عەمبار کراوەکانی هۆشی وەگرەوە لەسەنگی مەحەك دەدرێت. جا بەهەر ڕێگایەك بێت کاتێك پەیام بەشێوەیەك بگوازرێتەوە کەوا نرخ و بەهای لەچەردەی زانیارییەکەی زیاتر بێت، ئەوا سەرنج بۆ لای خودی پەیامەکە وەردەچەرخێت و لەم بارودۆخەدا بەرەو سنوور و قەڵەمڕەوی ئەرکی ئەدەبی زمان هەنگاومان هەڵهێناوە.
بە هەر حاڵ پێویستە جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکرێتەوە کە سنوورێکی ڕوون و ئاشکرا لەنێوان ئەم ئەرکەی زمان ئەرکەکانی دیکەدا نییە. تا ئەوەی یاکۆبسن لە چوارچێوەی ئەرکی ئەدەبی زمانیش دان بەو ڕاستییەدا دەنێت. ئەو وای بۆ دەچێت لە شیعری داستانیدا کە لە دەوری کەسی سێیەمدا دەخولێتەوە، زمان کارکردێکی بەهێزی گەڕانەوەیی هەیە و/ شیعری لیریك کە لە دەوری یەکەم کەسدا دەخولێتەوە پەیوەندییەکی توند و تۆڵی لەگەڵ کارکردی سۆزداری زمانەوە هەیە. (← ك ٣٦، ل ٨٢).
بەو هۆیەوە وا پێویست دەکات لە هەنگاوی یەکەمدا ئەرکەکانی شەش لایەنەی زمان بەهۆی شەش نموونەی سەرەتاییەوە[1] ڕوونبکەینەوە، ئەوەش مانای وایە کەوا ڕەنگبێ بتوانین هەندێك ڕستەی زمانی وا بێنینەوە کە لە ڕووی تیۆرییەوە خاوەنی تاکە یەك

---

1 - Prototype.

ئـەرکی زمـانی بـن، بـەڵام بەشـی زۆری ڕسـتەکانی زمـان بەشـێوەیەکی ڕەها خاوەنی تاکە یەك ئەرك نین، هـەر بـۆ نموونـە ڕسـتەکانی (٣) تـا (٨) لەبەرچاو دەگرین:

(٣) عجب گرفتار شدم/ سەیر گرفتار بووم.
(٤) لطفاً برایم یك لیوان آب بیاور/ تکایە پەرداغێك ئاوم بۆ بێنە.
(٥) هوا سرد است/ هەوا ساردە
(٦) منظورم از (فول تایم) همان (تمام وقت) است/ مەبەستم لە (فول تایم) هەر (هەموو کاتە) کەیە.
(٧) متوجە هستی چە می گویم/ حالیبووی چ دەڵێم.
(٨) تنم به پیلهٔ تنهایی ام نمی گنجید/
لەشم لەناو تەونی تەنیاییمدا ئۆقرە ناگرێت.

ڕستەی (٣) مەیلێکی بـەلای ئـەرکی سـۆزداری زمانـەوە هەیـە. لـە نموونەی (٤)دا ئەرکی هاندەری زمـان زاڵە. ئـەرکی بنـەڕەتی زمـان لـە نموونەی (٥)دا گەڕانەوەییە. لە نموونـەی (٦)دا زیـاتر لـە ئەرکـەکانی دیکـە، ئـەرکی ئەوپـەڕ زمـانی بـە دیـدەکرێت. ڕسـتەی (٧) ئەگـەر بـۆ دڵنیابوون لە بەردەوامی پەیوەندی بەکاربرێت، بەلای ئـەرکی هـاودڵی زمانـەوە دەچـێت و ڕسـتەی (٨) نموونەیەکـە لـەو ڕسـتانەی کـە لـە هـەموویان زیـاتر ئـەرکی ئـەدەبی زمـان دەنوێنێـت. هـەر یـەکێك لـە نموونـەکانی (٣) بـۆ (٨) لـە گۆشـە نیگایـەکی سادەشـەوە نوێنـەرەوەی بـەرەو پـێرەوە چـوونێکی زاڵـە بـەلای یـەکێك لـە ئەرکـەکانی شـەش لایەنـەی زمانـدا. بـەڵام لـە نموونـەکانی (٩) و (١٠) سـنووری ئاشـکرای نێوان ئەرکەکانی زمان ڕەنگڕێژ دەبێت:

(٩) من موی خویش را نه از آن می کنم سیاه
تا باز نوجوان شوم و نو کنم گناه

چون جامەها بە وقت مصیبت سیە کنند
من موی در مصیبت پیری کنم سیاه (رودکی)

لە نموونەی (٩)دا ئەگەرچی ئەرکی ئەدەبی زمان زاڵە. بە دەلیلی ئەوەی ئاراستەی پەیام بەرەو ڕووی پەیامدەرە، ئەرکی سۆزداری زمانیش لە ئارادایە. لە لاییێکی دیکەوە، پێداگیری لەسەر بابەتی پیری، ئاراستەی پەیامەکە بەرەو لای بابەتیش بە دیار دەخات، کەواتە ئەرکی گەڕانەوەیی زمانیش ڕەچاو دەکرێت.

(١٠) دور شو از برم ای واعظ بیهوده مگوی
من نە آنم کە دگر گوش بە تزویر کنم (حافظ)

لە نموونەی (١٠) لە پاڵ ئەرکی ئەدەبی زمان، ئەرکی هاندەری و سۆزداریش بەرچاون. چونکێ ئاراستەی پەیامگیری هەم بەرەو ڕووی پەیامگرە، هەم بە ئاراستەی پەیامدەر، وەکو دیارە زیاتریش لە هەمووان ئاراستەکە بەرەو ڕووی پەیامە، بەو پێیە دەبێ بسەلمێنین کە سنوورێکی دابڕێنەر لەنێوان ئەرکەکانی زماندا نییە و لە بۆشایی نێوان ئەو ڕستانەی کە لە ڕووی تیورییەوە، بەشێوەیەکی ڕەها لەناو چوارچێوەی یەکێك لە ئەرکەکانی زماندا جێگیر دەبن، سێبەر و ڕۆشنایی ئەوتۆ بەدیدەکرێت کە لە هەندێك حاڵەتدا بەلاداخستنی ئاراستەکە بەرەو لای یەکێك لە ئەرکەکانی زمان ببێتە کێشە.

یاکۆبسن لە پێناوی دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییە پەیوەست و خودییەکانی ئەدەب، سوود لە شێوازی بەکاربردنی وشەکان لەسەر ئاستی هەردوو تەوەری هاونشینی و جێنشینی وەردەگرێت. بە بۆچوونی ئەو، شێوەی هەڵبژاردنی وشەیەك لەنێوان وشەگەلێکی کەم و زۆر هاوتا لەگەڵ یەکتردا لەسەر ئاستی تەوەری جێنشینی و چۆنییەتی هاونشینکردنیان (ڕیزکردنیان) لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینی لە توانایدا هەیە ڕستەکانی زمانێك لە ئەرکی

پەیوەندییەوە بەرەو ئاراستەی ئەرکی ئەدەبی زمان بەرێت. بەپێی قسەکانی ئەو:

((پێوەری کارەکی کارکردی ئەدەبی لە گۆشەنیگای زمانەوە دەبێ چی بێت؟ بەتایبەت، تایبەتمەندی پەیوەست و خودی ئەدەبیات بەشێوەیەکی گشتی چییە؟ بۆ وەلامدانەوەی ئەو پرسیارە پێویستە هەردوو ڕووکاری بنچینەیی ڕیزبەندی وشەکان لە ڕەفتاری زمانیدا، بەواتا هەلبژاردنی وشەکان و ڕیزکردنی وشەکان لەبەرچاو بگرین. ئەگەر بابەتی پەیامەکە (منال)ێك بێت، پەیامدەر یەکێك لەو ناوانەی هەن هەلدەبژێرێت، لە وێنەی منال، ڕۆلە، نەوجەوان، نۆبەرە، کەوا کەم و زۆر لێکدەچن و لەلایەنێکی تایبەتیشەوە هاوتای یەکترن، لەپاشان لەپێناوی ئاشکراکردنی مەبەستی سەبارەت بەو بابەتە دەتوانێت یەکێك لەو کارانەی کە لە ڕوانگەی واتاییەوە هاوڕیشەن هەلبژێرێت، لەوێنەی، دەخەوێت، ڕادەکێشێت، دەبۆرژێت یا وەنەوز دەدات. ئەو ناو و کارەی کە پەیامدەر هەلیان دەبژێرێت لە زنجیرەیەکی ئاخاوتندا ڕیزدەکرێن. هەلبژاردنی وشەکان بەپێی بنەمای هاوتابوون، لێکچوون و لێکنەچوون، یاخود هاوواتایی و دژ واتاییان بەرێوەدەچێت؛ بەلام ڕیزبوون و لێکدانی وشەکان بە واتای دۆزینەوەی جۆرێك ڕیزبوونە، کە بەگوێرەی نزیکایەتی دەبێت. لە کارکردی ئەدەبی زماندا، بنەمای هاوتابوونی وشەکان لە تەوەری جێنشینییەوە بۆ تەوەری هاونیشینی دوور دەخرێتەوە (← ك ٦٣، ل ٢٨ — ٣٨).

لێرەدا با نموونەکانی (١١) تا (١٤) لەگەل یەکتر بەراوردبکەین:

(١١) وقتی این نامه بدستم رسید، از عطرش دستم خوشبو شد/ کاتێك ئەم نامەیەم بەدەست گەیشت، بەبۆنەکەی دەستیشم بۆندار بوو.

(١٢) چو این نامه بدستم رسید، به عطرش دستم آغشته شد/ که ئەم نامەیەم بەدەست گەیشت، دەستم پڕ بوو لەبۆنی.

(١٣) چو این نامه در دستم افتاد، به عطرش دستم آغشته شد/ که ئەم نامەیەم کەوتە دەست، دەستم پڕ بوو لەبۆنی.

(١٤) چو این نامه افتاد در دست من
به عطرش گراینده شد شست من (فردوسی)

ڕوانگەی یاکۆبسن لەبارەی کارکردی وشەکان لەسەر ئاستی هەردوو تەوەری هاونشینی و جێنشینی بەهاوکاری نموونە گەلێکی وەکو (١١) بۆ (١٤) شایانی لێکۆڵینەوەیە. ئەو باوەڕی وایە شێوەی هەڵبژاردن و ڕیزکردنی وشەکان لە تەنیشت یەکتر، کاریگەری لەسەر بنەمای واتایی ڕستەکاندا نییە، بەڵکو ئەم کاریگەرییە ڕاستەوخۆ دەئاخنرێتە بنیاتی پەیامەکە و ئاراستەکەی بەرەو لای خودی پەیامەکە ڕاپێچ دەکات. ئێستا چاوێك بە نموونەکانی (١٥) بۆ (١٨)دا دەگێڕین:

(١٥) مدتی طولانی به عکسش خیره شدم/
ماوەیەکی زۆر سەرسامی وێنەکەی بووم.

(١٦) بسی در تصویر او خیره ماندم/
زۆر بەوێنەکەی حەپەسام .

(١٧) به تصویر او خیره ماندم بسی/
بەوێنەکەی ئەو گەلێك سەرسام بووم.

(١٨) نقش اوّرا لحظەها نوشیدم/
سیمای ئەوم بۆ چەند ساتێك نۆشکرد.

ڕستەی (١٥) لەنموونەی ئەو ڕستانەیە کە لە زمانی پێوەریش بەکاردەبرێت. ئاراستەی پەیام لەم ڕستەیەدا بەرەو لای بابەتی پەیامەکەیە. لەڕستەی (١٦) بەکاربردنی وشەکانی (بسی) لە جێگای

(مـدتی طـولانی) و (تصـویر) لـه جێگـای (عکـس) سـەرنج بـەرەو لای پەیامەکە وەردەگیرێت. لە نموونەکانی (١٧) و (١٨) دا دیسان ئاراستەی پەیام بۆ لای خودی پەیامەکەیە.

بەڵام لەنێوان ئـەم دوو نموونەیـەدا جیاوازی ئاشکرا هەیـە؛ بـەو واتایـەی کـەوا نموونـەی (١٧) ئـاوازەدارە و نموونـەی (١٨) ئەندێشـەیی، لەسـەر ئـەو بنەمایـە ئەگـەر چـی نموونـەکانی (١٦) تـا (١٨) لـە چوارچێوەی ئـەرکی ئـەدەبی زمانـدا دادەنـدرێن، بـەڵام بەسـێ جۆری جیـاواز لەگـەڵ یەکترییـەوە گرێـدراون، کـە پێویسـتە لێکۆڵینـەوەی وردتریان لەبارەوە ئەنجام بدرێت. لـە بەشـی ٦ / ١ دا دێینـە سـەر ئـەو بابەتە.

## ٥/١ بەرجەستەسازی ئەدەبی

لەبەشی ٣/١دا ئەرکەکانی زمان بەپێی بنـەمای دیدگـەی یاکۆبسـن خرایە ڕوو و لەبەشی ١/٤ دا ئەوەمان گوت کە فۆرمالیستەکان لـەنێوان هـەردوو پرۆسـەی خودکاری و بەرجەستەسازیدا، پرۆسـەی دووەم بـە فاکتـەری بەرهەمهێنـەری زمـانی ئـەدەبی دەزانـن. لـیچ دوابـەدوای هاتنەئارای پرۆسەی بەرجەستەسازی، سەرنج بـۆ دوو ڕەهەنـدی ئـەم پرۆسـەیە ڕادەکێشـێت (←ك ١٨، ل ٥٦ — ٦٩). بـە بۆچـوونی ئـەو بەرجەستەسازی بە دوو شێوە جێبەجێ دەکرێت: یەکەم ئەوەیە کە لە ئاستی یاسا پـەیڕەوکراوەکانی زمـانی ئاسـاییدا لادان بـەرپا بکرێـت، دووەمیش ئەوەیە کەوا ڕێساگەلێك لـە یاسا پـەیڕەوکراوەکانی زمانـدا زێدە بکرێت. بـەم پێیـە، بەرجەستەسازی لـە ڕێگـەی هـەردوو جۆری لادان و زێدەکردنی ڕێساوە ئەنجام دەدرێت.

شەفیعی کەدکنی کاتێك دێتە سەر باسی بەرجەستەسازی ئامـاژە بـۆ هـەمان مەسـەلە دەکـات و پێـی وایـە کـە دەتوانـدرێت جۆرەکـانی بەرجەستەسـازی لـە ڕێگـەی دوو گروپـی مۆسـیقایی و زمانیـدا

ڕوونبکرێنـەوە (← ك ٣٥، ل ٧)، ئـەو پێـی وایـە گروپـی مۆسـیقایی هۆکارگەلێکن کە زمانی ئەدەبی لە ڕێگەی ئـاوازە و هاوسـەنگییەوە لـە زمانی ئاسایی جیادەکەنەوە، بۆ ئەو هۆکارانەش نموونەی وەکو کـێش، سەروا، ڕەدیـف و هاوسـەنگی دەنگـی دێنێتـەوە (←ك ٣٥، ل ٩). بـەڵام هەرچی گروپی زمانییە بەڕای وی، ئەو هۆکارانەن کە بەرچاوکردنی جیاوازی لە هەڵبژاردنی وشەکان لە ناو سیستەمی ڕستەدا دەتواندرێت ببێتـە مایـەی بەرجەستەسـازی. بـۆ ئـەو هۆکارانـەش نموونـەی وەکـو خواسـتن، خـوازە، کـورتبڕی و هـی تـر دەهێنێتـەوە. کەواتـە دیدگـەی شەفیعی کەدکنی هـەمان دیدگـەی لیچە بـەبوونی جیاوازییـەکی کـەم. ئەوەی کەدکنی لەچوارچێوەی گروپی مۆسیقایی باسی دەکات لـیچ بـە زاراوەیـەکی گشـتی و لـەژێر نـاوی هاوسـەنگی[1] (تـوازن) دەیخاتـەڕوو، گروپی زمانیش بەهۆی جۆرەکانی لادانەوە ئاشکرا دەبـن. لـیچ لـەکاتی لێکۆڵینــەوەکانی لــەبارەی لادان لــە پێــوەر و زێــدەکردنی ڕێســادا چوارچێوەیەك بۆ ئەو دوو پرۆسەیە دادەنێت، بـەتێڕوانینی وی لادان لەپێوەر دەتوانێت تا ئـەو ڕادەیـە بـەرەو پێشـەوە بچێت کـە پرۆسـەی پەیوەنـدیکردن تێکنـەدات و بەرجەستەسـازیش یـارای گوزارشـتکردن بێت. کەدکنیش دیسان پێ لەسەر ئەو مەسەلەیە دادەگرێت و ڕای وایە کە دەبێ لادان لە پێوەر بنەمای پەیوەنـدیکردن بپارێزێـت (← ك ٣٥، ل ١٣). هەروەها لەو بارەیەوە ئەم دوو ڕستەیە دێنێتەوە:

(١٩) يك لحظه چشم هاى تورا خواهم ديد/
بۆ یەك سات چاوەکانی تۆم دەبینی.

(٢٠) يك شادى چشم هاى تورا خواهم نوشيد/
بۆ یەك شادمانی چاوەکانی تۆم دەنۆشی.

---

1 - Parallelism.

ئەو پێی وایە کە لە ڕستەی (٢٠) دا بنەمای گەیاندن (پەیوەندی) ڕەچاونەکراوە، بەو هۆیەوەش لێڵی و تەمومژی لە گواستنەوەی هەستی شاعیر بۆ خوێنەر دروست دەبێت (← ك ٣٥، ل ١٤).

لیچ لە مەسەلەی باسکردنی تایبەتمەندی هاوسەنگی شوێنپێی یاکۆبسن دەکەوێت، یاکۆبسن پێی وایە کە دوو بنیاتی هاوسەنگ، پێویستە لە بەشێکیاندا لەیەك چوو و لە بەشەکەی تریاندا جیاواز بن (← ك ١٨، ل ٦٥).

لەو بارەوە دەکرێ نموونەکانی (٢١) و (٢٢) لەگەڵ یەکتر بەراورد بکرێن:

(٢١) یار مرا، غار مرا، عشق جگر خوار مرا
یار تویی، غار تویی، خواجه نگەدار مرا (مولوی)

(٢٢) لعنت بر شیطان، لعنت بر شیطان؛ ...

لە نموونەی (٢١) ئەگەرچی کردەی دووبارەبوونەوە ئاشکرایە، بەلام ئەو هاوسەنگییەی کە هەیە لە ڕێگەی دووبارەبوونەوەی ناتەواوەوە هاتۆتە ئاراوە. لە کاتێکدا کە لە نموونەی (٢٢)دا دووبارەبوونەوەی تەواو بەدیدەکرێت، بەلام بە بۆچوونی لیچ ناچێتە ناو چوارچێوەی هاوسەنگییەوە (←ك ١٨، ل ٦٦) ئاوستەرلیتس[1] ئەو مەسەلەیەی لە بواری مۆسیقادا لێکداوەتەوە و پێی وایە هاوتەریبی لە مۆسیقاش دیسان پابەندی ئەو بنەمایەیە کە یاکۆبسن داویەتە دەست (←ك ٢، ل ٤٣٩ — ٤٤٢). مەللاح لەبارەی مۆسیقای ئێرانییەوە ئاماژە بۆ هەمان مەسەلە دەکات (←ك ٣٨، ل ٢٣٨).

لەسەر بنەمای ئەوەی تاوەکو ئێستا گوتراوە، بەرجەستەسازی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە یاسا کارپێکراوەکانی زمانی نۆرماڵەوە هەیە

---

1 - R . Austerlitz.

و هــەر بۆیــەش بــە هۆكــارێكی مــەنتیقی دەبیــنین. بەرلــەوەی لێكۆڵینــەوەی وردتــر لــەبارەی لادان لــە نــۆرم و زێــدەكردنی ڕێساوە بكـەین، ئـاور لـە پێكهاتـەی زمـان بدەینـەوە. لـیچ كاتێـك باسـی ئـەو مەسەلەیە دەكات، تیورییەكـەی هالیـدای[1]، مكنتـاش[2]، سـترەفنس[3]، دەكاتــە سەرمەشــقی كارەكــەی خــۆی و نەخشــە ڕێگاكــەی ئــەوان لــە لێكۆڵینەوە ئەدەبییەكاندا بە بایەخەوە سەیر دەكات.

هالیدای، مكینتاش و ئاسترەفینس لە كتێبەكـەی خۆیانـدا (← ك ١٣، ل ١٨) نەخشـەیەك بـۆ كارایی زمـان دەكێشـن، بـەپێی تیورییەكـەی ئەوان، تەواوی زمانەكانی جیهان، شەپۆلەكانی دەنـگ لـەكاتی ئاخـاوتن و – كاتێكیش كە پێویست بـوو – نیشانەكانی هێـل لـەكاتی نووسـین، وەكو كەرەستەی خاو بەكاردەهێنن. هەر زمانێكیش بەشێوەی تایبەتی خــۆی لــەنێوان كەرەســتە خاوەكــان و جیهــانی دەرەوەدا پەیوەنــدی دروست دەكات (← ك ٣٢، ل ٢١).

بەشی ناوزمانی لە نەخشەكەی ئەواندا هەر سێ ئاستی بنچینەیی جێبــەجێكردن[4] (تحقــق صــوری)، شــێوە[5]، (فــۆرم)، واتاناســی[6] دەگرێتەوە (← ك ١٨، ل ٣٧):

**هێــلكاری (٣)**

| جێبەجێكردن | شێوە | واتاناسی |
|---|---|---|
| سازگەی دەنگی<br><br>سیستەمی نووسین (هێل) | ڕستەسازی یاسا<br>و<br>وشەكان | واتا<br>(ئاشكرا یا ناسراو) |

---

1 - M . A . K . Halliday.
2 - A . Mcintosh.
3 - P . Strevens.
4 - realization.
5 - form
6 - semantics.

هێڵکاری (٣) بە تەواوی نوێنەرەوەی بەشی ناوزمانی نەخشەکەی هالیدایە و هەموو ئەو وێنەیەش کە ئەو لەبارەی زمانەوانییەوە لە مێشکیدا هەبووە نیشان نادات[1]. لەم هێڵکارییەدا سازگەی دەنگی، وەکو شێوەی تەجریدی تایبەتمەندییە جیاکارەکانی مادەی دەنگی و سیستەمی خەتی وەکو شێوەی تەجریدی تایبەتمەندییە جیاکارەکانی نیشانەکانی نووسین، نیشان دەدرێت. یاسا بەو بەشە لەلایەنی فۆرمی زمان دەگوترێت کە تیایدا ئاستەکان بەداخراوی کاردەکەن، وشەکان بەو بەشە لەلایەنی فۆرمی زمان دەگوترێت، کە تیایدا ئاستەکانی بە کراوەیی کاردەکەن و واتاش بەهایەکە کە لە یەك ڕەگەزی پێکهاتەیی، لە تۆڕی پەیوەندییەکانی یاسای زماندا پەیدادەبێت (←ك ٣٢، ل٢٠ – ٣٢).

خستنەڕوویەکی فراوانتری تیورییەکەی هالیدای لە حەوسەڵەی ئەم کورتە باسەدا نییە، تەنها دەبێ ئاماژە بۆ ئەم مەسەلەیە بکرێت، بە بۆچوونی لیچ کاتێك کەسێك زمانێك فێردەبێت، لە بنەڕەتدا لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت تا لەبەکارهێنانی هەر سێ ئاستەکەی پێشوو کارامەیی پەیدابکات. لە تیورییەکەی هالیدای بەشی فۆرم لە پەیوەندییەکی دوو لایەنەدایە لەگەڵ دوو بەشەکەی تر و، بە گوتەی لیچ ئەم نەخشە سێ لایەنییە لە توانایدا هەیە هەندێ بابەت ڕوونبکاتەوە کەوا لە نەخشەکانی دوو لایەنەی فۆرم و واتادا بە شاراوەیی دەمێننەوە (←ك ١٨، ل ٣٨) لە وێنەی:

أ- هاوبێژی[٢]: یەك درکاندن؛ فۆرمی جیاواز. نموونە: (شانە/ شانوپیل) و (شانە/ ئامرازی ئارایشی موو)؛

---

١ - بۆ زانیاری زیاتر (←ك ٣٢، ل ٢١؛ ٣٤، ل ٤٦٣).

2 - homophony.

ب- فره دەنگی[1]: یەك فۆرمی؛ درکاندنی جیاواز. نموونە:
و ( /Va/ ، / 0 /)؛
پ- هاوواتایی[2]: فۆرمی جیاواز؛ یەك واتا. نموونە: (دنیا) و (جهان)؛
ت- فرەواتایی[3]: یەك فۆرمی؛ واتای جیاواز. نموونە:
(روشن): ١/ نەکوژاوە؛ ٢/ ڕووناك؛ ٣/ ڕوون.

بەم پێیە، بەرجەستەسازی بەشێوەیەکی گشتی لەسەر پانتایی ئاستەکانی سێ لایەنەی پێشوو کار دەکات، ئەم کارکردنەش ئاساییە کەوا شێوەی جیاوازی لێ بکەوێتەوە.

## ١/٥/١ لادان لە زمانی پێوەر

وەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا لادان بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە لادان لە یاسا کارپێکراوەکانی زمانی پێوەر؛ لەگەڵ ئەوەشدا هەموو جۆرە لادانێك لە زمانی پێوەر ناگەیێنێت. چونکێ کۆمەڵێك لەو لادانانە بەرەو لای بنیاتی نادەستووری زماندا دەچێت و بە بەرهەم هێنانی هونەری ناژمێردرێت. لیچ بەمەبەستی جیاوازیکردن لەنێوان هەر جۆرە لادانێکی نادروست لەزمانی پێوەر، لەگەڵ ئەو لادانانەی کە جۆرێك لە بەرجەستەسازی بەرهەم دێنن، سێ گریمانە لەبەرچاو دەگرێت (← ك ١٨، ل ٥٩):

أ- بەرجەستەسازی ئەوکاتە دێتەدی کە لادان لەپێوەر چەمکێك بدات بەدەستەوە، یا بە واتایەکی تر، ئەرکداربێت.
ب- بەرجەستەسازی ئەو کاتە دێتەدی، کە لادان لەپێوەر گوزارشت لە مەبەستی پەیامدەر بکاتەوە؛ یا بەواتایەکی دیکە، ئاراستەکراو بێت.

1 - differentiation.
2 - synonymy.
3 - polysemy.

پ- بەرجەستەسازی کاتێك دێتەدی کە لادان لەپێوەر لە سۆنگەی پەیام وەرگرەوە چەمکێك بگەیەنێت، یا بەواتایەکی دیکە مەبەستداربێت.

بە تێڕوانینی لیچ گریمانەی (أ) شتێکی زۆر گشتییە چونکیٚ هەر جۆرە لادانێك لەزمانی پێوەر دەشیٚ چەمکێك بگەیەنێت.

(٢٣) مادرم از درد فواصل رنج می برد/
دایکم بەدەست ئیشی فەواسیل ئازار دەکێشێت.
(٢٤) صدای چك چك بلبل بە گوش می رسد/
زایەڵەی چەك چەکی بولبول دەبیسترا.
(٢٥) او بە من ماجرا را پرسید/
ئەو لەگەڵ من لە ڕووداوەکەی پرسی.

ئەو لادانە زمانییانەی کە لە نموونەکانی (٢٣) تا (٢٥) دا هەن زیاتر لەو هەڵانە دەچن کە لە بەکارهێنانی زماندا ڕوو دەدەن تا ئەوەی نوێنەرەوەی بەرجەستەسازی بن. بەڵام بەهەر حاڵ چەمکێك دەگەیەنن و بەباوەڕی لیچ زانیارییەك دەخەنەڕوو (← ك ١٨، ل٥٩). ئەم زانیارییانە سەرنجی خوێنەری دەقێك زیاتر بەرەو لای هەڵەی چاپی ڕادەکێشن. یا ئەوەتا وای لێبکات بیسەلمێنیٚ کە نووسەرەکە ئاشنایی تەواوی لەگەڵ یاساکانی زماندا نییە؛ بەڵام بەهەر جۆرێك بێت ئەوە شتێکی زۆر دوورە کە خوێنەرێك لەم ڕستانەدا، هیچ چەشنە داهێنانێکی هونەری دەستگیر بێت.

گریمانەی (ب) دیسان لە ڕوانگەی لیچەوە، لەگەڵ ئەوەی لە گریمانەی (ا) گونجاوتر دەردەکەوێت، بەڵام هەر ئەوەیە ڕێیەك دەکاتەوە تا ئەوەی مەبەستی ئاخێوەر یا نووسەر ڕۆشنتر بێت. بەو پێیەی دەقە ئەدەبییەکان بەشێوەیەکی ئاسایی گوزارشتی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرن کە لە زۆر مەسەلەدا مەبەستی نووسەر بەپۆشراوی دەمێنێتەوە.

بەڕای لیچ گریمانەی (پ) لەهەردوو گریمانەکەی دیکە کەمتر مایەی ڕەزامەندییە. چونکە دەستنیشانکردنی چەمکەکەی بۆ ڕەچاوکردنی مەبەستی نووسەر، یەکسەر دەکەوێتە سەر ئەستۆی خوێنەر، بەو پێیە بێت بەرهەم هێنەری دەقەکە، لە داهێنانەکەیدا نابێتە خاوەن پشك. شەفیعی کەدکنی بۆ ئەوەی بەڕاشکاوی لەبارەی لادان لە پێوەرەوە بدوێت، جیاوازی لەنێوان دوو جۆرە لادانی؛ سواوە و داهێنەرانەدا دەکات (← ك ٣٥، ل ١٤)، لای ئەو لادان لە پێوەری سواوە و جۆرە لادانێکە بەهۆی زۆر بەکارهێنانی بێ بەها بووە و بەرەبەرە وای لێهاتووە لەزمانی پێوەریش بەکار دەبرێت. کەدکنی لەم بارەوە (لوبیای چشم بلبلی/ لۆبیای وەك چاوی بولبول) بە نموونە دێنێتەوە و وای لێکدەداتەوە کە ئەم پێکهاتە — لێکچواندنە بەهۆی زۆر بەکارهێنانەوە بەرجەستەسازییەکەی خۆی لە دەستداوە، لەکاتێکدا لەسەرەتا وەکو چەشنێك لە داهێنانی هونەری حسابی بۆ کراوە. (← ك ٣٥، ل ١٥).

لەسەر بنەمای بۆچوونی شەفیعی کەدکنی ڕەنگە بتواندرێت لەپاڵ هەردوو پرۆسەکەی ئاسایی و بەرجەستەکاری، پرۆسەیەکی دیکەش قسەی لێوە بکرێت و زاراوەی (ئاسا گەرایی) بۆ ئەو مەسەلەیە بەکاربرێت، ئەم پرۆسەیە، دەتوانێت لێکدانەوە بۆ شێوەگەلێکی وەکو ئەو نموونەیەی شەفیعی کەدکنی هێناویەتەوە بکات و، چەند شێوەیەك بگرێتەوە کە لە ڕابردوودا لە چوارچێوەی بەرجەستەسازیدابوون و لەپاشان چوونەتە ناو زمانی ئاسایی. بەو پێیە دەتوانین بڵێین کە پرۆسەی بەرجەستەکردن بەتێپەڕین لە زمانەوە بۆ ئەدەبیات جێبەجێ دەبێت و پێچەوانەکەشی، واتە بەکارهێنانی چەند شێوەیەکی ئەدەبیات لە زمانی ئاساییدا لەژێر چەتری پرۆسەی ئاسا گەرایی دەخرێنە ڕوو[1].

---

١ - ئەو مەسەلەیە لە مامۆستای بەڕێزم د. محمد علی حەقشناسەوە فێربووم.

هێڵكاری (٤)




لەوەوە کە ئامانجی بنەڕەتی ئەم باسە، سەبارەت بە لادان لە پێوەر وەکو یەکێك لە دوو جۆرەکەی بەرجەستەسازی، پەیوەندییەکی ئەوتۆی بێرەوە نییە، لەبەرئەوە لێرەدا تەنها بەهێنانەوەی جۆرەکانی لادان لە پێوەر بەو شێوەیەی کە لیچ لەبەرچاوی گرتووە واز دەهێنین.

## ١/١/٥/١ لادانی وشەیی

ئەم جۆرە لادانە یەکێکە لەو شێوازانەی کە شاعر لە ڕێگەیەوە زمانەکەی خۆی بەرجەستە دەکات؛ بەو پێیەی لەپێوەری یاساکانی داڕشتنی وشە لە زمانی ئاسایی ڕادەکات و وشەی تازە و داهێندراو بەکاردێنێت.

(٢٦) با آنکه شب شهر را دیرگاهی ست
با ابرها و نفس دود هایش
تاریك و سرد و مه آلود کرده است .... (اخوان ثالث)

بەکاربردنی وشەیەکی وەکو (نفس دود) کە لە زمانی ئاساییدا بەکارنابرێت، لادانی وشەیی پیشاندەدات.

### ٢/١/٥/١ لادانی ڕێزمانی

شاعیر دەتوانێت لەشعرەکەیدا بە جێگۆڕکێ پێکردنی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕستە، لە یاسا ڕێزمانییەکان لابدات و زمانەکەی خۆی لەزمانی پێوەر جیابکاتەوە.

(٢٧) بەچکاچکاك مهیب تیغ هامان، تیز
غرش زهرەداران کوس هامان، سهم
پرش خاراشکاف تیرهامان، تند... (اخوان ثالث)

لە نموونەی (٢٧) دا بەکاربردنی ئاوەڵناو لەدوای جێناوی هەبوون جۆرێك لەلادانی ڕێزمانییە.[1]

### ٣/١/٥/١ لادانی دەنگی

لەم جۆرە لادانەدا، شاعیر لە یاساکانی دەنگی لا دەدات و فۆرمێك بەکاردەهێنێت، کە لە ڕووی دەنگسازییەوە لەزمانی پێوەر کارپێکراو نییە.

(٢٨) دو دهان داریم گویا همچو نی
یك دهان پنهانست در لب های وی (مولوی)

### ٤/١/٥/١ لادان لە نووسین (خەتی)

جاری واهەیە شاعیر سوود لەجۆرە لادانێك لەنووسین وەردەگرێت کە هاوتایەکی دەنگسازی نییە، یا بە واتایەکی دیکە، شاعیر شێوەیەك لەنووسین پەیڕەو دەکات کە گۆڕانێك لە درکاندنی وشە بەرپا ناکات، بەڵکو چەمکێکی لاوەکی دەکاتە سەرباری چەمکە بنەڕەتییەکە.

---

١ - لەبارەی ئەوەی کە لێچ ناوی ناوە (لادانی ڕێزمانی)، لەبەشی ٤ دا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکەین.

(۲۹) رفتم
در انتهای جاده نگاهی کردم
او بود
از روی نرده
خم شده
روی
ر
و
د (حمید مصدق)

له نموونەی (۲۹)دا دەبینین چۆن شاعیر سوود لە لادانی نووسین کەلك وەردەگرێت، وشەی (رود / ڕووبار) چەشنێك نووسراوە، کە دۆخی چەمانەوەی ئەو لە کەناری ڕووبارەکە نیشاندەدات.

### ٥/١/٥/١ لادانی واتایی

کێڵگەی واتایی وەکو بەرچاوترین ئاستی زمان، لە ئاستەکانی دیکەی زمان زیاتر لە ڕووی بەرجەستەسازی ئەدەبییەوە سوودی لێدەبیندرێت. هاونشینی وشەکان لەسەر بنەمای یاساواتاییەکانی کارپێکراوی زمانی پێوەر، ملکەچی سنووربەندییە تایبەتییەکانی خۆیەتی. نموونەکانی (۳۰) تا (۳۲) وەکو وێنەی لادانی واتایی وەردەگیرێن.

(۳۰) ای درختان عقیم ریشەتان
در خاکهای هرزگی مستور
یك جوانهٔ ارجمند در هیچ جاتان
رست نتواند... (اخوان ثالث)

(٣١) ز خود هرچند بگریزم همان دربند خود باشم
رم آهوی تصویرم، شتاب ساکنی دارد (واعظ قزوینی)

(٣٢) ما نه مرغان هوا نه خانگی
دانهٔ ما دانهٔ بی دانگی
هر کبوتر می پرد زی جانبی
وین کبوتر جانب بی جانبی (مولوی)

بەم جۆرە هونەرەکانی وەکو خواستن، خوازە، بەکەسکردن، پارادۆکس و هی تر، بەشێوەیەکی تەقلیدی لەچوارچێوەی جوانکاری واتایی و ڕوونبێژیدا پێڕەو دەکرێن، زۆرتریش لە چوارچێوەی لادانی واتایی شیاوی لێکۆڵینەوەن. (←٣٥، ل ٣٧).

### ٦/١/٥/١ لادانی شێوەزاری

لە هەندێ شوێندا دەبینین شاعیر پێکهاتەگەلێکی شێوەزاری دوور لە زمانی پێوەر دێنێتە ناو دەقی شیعری، ئەم جۆرە لادانانە لەزمانی پێوەر بەلادانی شێوەزاری دەناسرێن.

(٣٣) وما بر بی کران سبز و مخمل گونهٔ دریا
می اندازیم زورق هایمان را چون گُل بادام ... (اخوان ثالث)

(گُل) لەشێوەزاری یەزدی بەواتای (پوست/ توێکڵ) دێت.

(٣٤) زیر شماله می گذرد ده
جدار را چیده شده است
با تن های از زنان... (نیما یوشج)

(شماله) لەشێوەزاری مازەندەرانی دارێکە بۆ داگیرساندن.

### ٧/١/٥/١ لادانی شێوازی

ئەو شیمانەیە بۆ شاعیر هەیە لەزەمینەی بنەڕەتی شیعر، کە شێوەی نووسین پێوەریەتی، لابدات و سوود لەوشە و پێکهاتەی ڕێزمانیی ئاخاوتن وەربگرێت.

(٣٥) عصر عظمت غول آسای عمارت ها
و دروغ
عصر رمه‌های عظیم گرسنگی
و وحشت بارترین سکوت ها
هنگامی که گلّه‌های عظیم انسانی
به دهان کوره‌ها می رفت
وحالا اگه دلت خواست
می تونی با یه فریاد
گلویم پاره کنی
دیوارا از بن مسلّحن (احمد شاملو)

### ١/٥/١/٨ لادانی زەمانی

شاعیر دەتوانێت لە شێوەی سەردەمی زمانی پێوەر لابدات و شێوەگەلێك لەکاربکات کەوا لەپێشدا لەزماندا هەبوون و بەکاربراون، بەڵام لەمڕۆدا بە وشە و پێکهاتەی مردوو دەژمێردرێن. ئەم جۆرە لادانانە بەکۆنگەرایی ناودەبرێن.

(٣٦) غبار آلوده، از جهان
تصویری باژگونه در آبگینه بی قرار ... (احمد شاملو)

(٣٧) باکجی آوردهای آن بداندیشان
که نه جز خواب جهانگیری از آن می زاد
این به کیفر باد ... (نیما یوشج)

### ١/٥/٢ زیادەکردنی ڕێسا

زیادەکردنی ڕێسا بە پێچەوانەی لادان لەپێوەر، لادان لەیاساکانی زمانی پێوەر نییە، بەڵکو زیادەکردنی یاساگەلێکە دەخرێتە پاڵ

یاساکانی زمانی پێوەر، هەر بۆیە لە کرۆکەوە لەگەڵ لادان لەپێوەر جیاوازە، بەمەبەستی تێگەیشتنی زیاتری بابەتەکە، پەنا بۆ چەند نموونەیەك دەبەین. بەڵام بەو هۆیەی کە ئەم جۆرە لە بەرجەستەسازی بابەتی بنەڕەتی ئەم توێژینەوەیە دەگرێتەوە، بۆیە لێکۆڵینەوەی ورد و پۆلینبەندی بابەتەکە بۆ دوایە هەڵدەگرین.

(٣٨) رشتهٔ تسبیح اگر بگسست معذورم بدار
دستم اندر ساعد ساقی سیمین ساق بود (حافظ)

نموونەی (٣٨) بەبێ شیکردنەوەی مەسەلەی لادان لەپێوەر، بەرجەستەکردنی تێدایە و دەکرێ لەرێگەی زیدەکردنی رێساوە لێکۆڵینەوەی بۆ بکەین، ئەو هاوسەنگییەی کە لەو دێرەی سەرەوەدا هەیە لە دوو رێگاوە هاتوونەتەدی: کێش و هاودەنگی. شاعیر لەو نموونەیەدا لە دووبارەکردنەوەی دەنگ بەمەبەستی بەدیهێنانی جۆرێك لە هاوئاوازی دەنگی، واتا هاودەنگی سوودی وەرگرتووە. پەنا بردن بۆ ئەم چەشنە پرۆسەیە لادان لەزمانی نۆرم نییە، بەڵکو زیدەکردنی رێسایە بۆ سەر یاساکانی زمانی پێوەر.

(٣٩) زبانش توان ستایش نداشت
روانش گمان نیایش نداشت

لەم نموونەیە، هیچ یەکێك لە جۆرەکانی لادان لەپێوەر[١] بەرچاو ناکەوێت و ئەو بەرجەستەسازییەی کە هەیە بەتەواوی بەهۆی زیادەکردنی رێساوە بەدەستهاتووە. شاعیر جیا لە دووبارەکردنەوەی برگەیی بەمەبەستی بەدەست هێنانی کێش، لەرێگەی بەکاربردنی

---

١ - ئەو گریمانەیە هەمیشە کراوەیە، کە بتوانین بەشێوەیەکی وردتر دەستمان بەشێوەی دیکەی لادان لەپێوەر رابگات. بەڵام بەو هۆیەی بەرجەستەسازی لەرێگەی لادان لە پێوەر جێگەی لەسنووری باسەکەی ئێمەدا نییە، بۆیە بەم چەند نموونەیە وازمان هێناوە.

جووتـه وشـەکانی (زبـان/ روان)، (تـوان/ گمـان)، (سـتایش/ نیـایش) جۆرێـك لـه هاوسـەنگی دووەمـی داهێنـاوە، کـه بـەزاراوەی کـۆن (تەرصـیع)ی پێـدەڵێن. هاوسـەنگی سـێیەمیش بـەهۆی دووبـارە بوونـەوەی وشـەی (نداشـت) بەدەسـتهاتووە لەسـەر ئـەو بنەمایـە، سـێ جـۆرە زێـدەکردنی ڕێسـا، بـەواتا کـێش و تەرصـیع و پـاش سـەروا لـه نموونەکەدا لەبەرچاون. لێرەدا شـیکردنەوەی وردتـری مەسـەلەکە بـۆ بەشەکانی داهاتوو دێلینەوە تەنیا ئەو خاڵە نـەبێ کە ئـەم دوو جـۆرە بەرجەستەسازییە، واتا لادان له پێوەر و زیادکردنی ڕێسا له توانایدایە دوو جۆری ئەدەبی جیاواز لەیەکتر بێنێتە بەرهەم.

## ١/٦/ جۆرەکانی زمانی ئەدەبی

ڕەنگـە بتـوانین بـە دڵنیاییـەوە بڵـێین، یەکـەمین توێژینـەوەی زمانەوانی بەمەبەستی دەستنیشانکردنی جۆرەکانی زمـانی ئـەدەبی و نیشـاندانی جیـاوازی ڕوون لـەنێوان هـەر سـێ جـۆری ئـەدەبی، واتـا پەخشـان و هـۆنراو و شـیعر لـه ئـەدەبیاتی فارسـیدا، لەلایـەن حەقشناسەوە ئەنجامدراوە. (← ك ٣٣).

لەگـەڵ ئـەوەی چـەند سـەدەیەکە لـه ئـەدەبیات و لێکۆڵینـەوە ئەدەبییەکانـدا، جیـاوازی لـەنێوان ئـەم سـێ جـۆرە، لانـی کـەم لـەڕووی بـەکاربردنی زاراوەوە، ڕوون و ئاشـکرایە. بـەڵام کۆشـش لـەپێناوی خستنەڕووی ئاراسـتەیەکی زانستی بەمەبەسـتی سنوودارکردنی هـەر یـەکێك لەمانـە، بـۆ ساڵەکانی دوای پـەنجاکانی ئـەم سـەدەیەی زایینـی دەگەڕێتەوە و تا ئەوەی له توێژینەوە ئەوروپاییە تازەکانیش، دیسان پێـداگری لێکۆڵـەران لـه سـەر جیـاوازی لـەنێوان پەخشـان و هـۆنراو و شیعر بەتایبەتیش دوو جۆرەکەی دوایـی، ئـەوە دەسـەلمێنی کـه هێشـتا جـۆرە جیاوازییـەکی ورد دەستنیشـان نـەکراوە. (← ك ٨، ل ١١)، شەفیعی کەدکنی لـەلای خۆیـەوە جیـاوازی لـەنێوان شـیعر و هـۆنراودا

دەسـەلمێنێ، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـۆ هـۆنراو دوو چـەمکی جیـاواز دەستنیشاندەکات، لـەپاڵ ئـەو هۆنراوەی (نظـم) کـە لـەئاکامی کـێش و سەروا و ئەمانە دێتەدی، باس لە جۆرە هۆنراوییێکی ئیستاتیکی دەکات کە پەیوەندی بە کێش و سـەرواوە نییـە (← ك ٣٥، ل ٢٧٣). ئـەو ئـەم جـۆرەی دووەمـی هـۆنراو بـە (نظـام) نـاودێر دەکـات و بـە بەشـێکی دانـەبڕاو لـە شـیعری دادەنێـت (← ك ٣٥، ل ٢٣٩) ئـەو چـەمکەی بـۆ هـۆنراو لـە سـۆنگەی بـەکارهێنانی کـێش و سـەرواوە دەیخاتـە ڕوو، بەواتایەکی ڕەمەکی هۆنراوی دەزانـێ (←ك ٣٥، ل ٢٣٩) و بـە وردیـش هەر ئەوەیە کە حەقشناس لەلای خۆیەوە بـەجۆرێك لـەزمانی ئـەدەبی دادەنێت و لەو باوەڕەدایە کە لەسـەر بنـەمای ڕووکاری دەرەوەی زمـان دادەمـەزرێت (← ك ٣٣) و هـەر ئـەو جۆرەیشـە کـە لـیچ پێـی وایـە بـەهۆی زێـدەکردنی ڕێسـاوە دێتـەدی (← ك ١٨، ل ٧٤) و بـەلای کرومبیشـەوە[1]ئەوەیـە کـە لـە ئـەنجامی هاوسـەنگی دروسـت دەبێـت (←ك ٨، ل ٧٤). بـەباوەڕی حەقشـناس، شـیعر بەپێچـەوانەی هـۆنراو، لەسەر بنەمای ڕووکاری ناوەوەی زمان دادەمەزرێت.

حەقشـناس کرۆکـی شـیعر بـۆ بنیـاتی لادان لـەپێوەرەکانی زمـانی ئاسایی دەگێڕێتەوە و وەکو کارێکی وابەستە بە ناواخنی[2] زمـان لێکـی دەداتـەوە؛ لەکاتێکـدا بەبۆچـوونی وی، کرۆکـی هـۆنراو وابەسـتە بەدەربڕینە[3] لە زماندا. هەروەها بەلای شەفیعی کەدکنیشەوە، کرۆکی شـیعر لەسـەر بنـەمای تێکشـکاندنی پێـوەری لـوجێکی زمـان بنیاتدەندرێت (←ك ٣٥، ل ٢٤١)، ئەمەش هەمان ئـەو بۆچوونەیە کە پێشتر لیچ جەختی لەسەر کردۆتەوە. (←ك ١٨، ل ٥٦).

---

1 - W . Crombie.

2 - content.

3 - expression.

شەفیعی کەدکنی و لیچ لە لێکۆڵینەوەکانیاندا ئاماژەیەکی ڕوون بۆ جیاوازی لەدەربڕین لەنێوان پەخشان و دوو جۆرەکەی دیکەی زمانی ئەدەبی، واتە شیعر و هۆنراو ناکەن. بەڵام حەقشناس لەلایەك و ئابروکرومبی[1] لەلایەکی دیکە، بە دوو شێوە بەڵگە هێنانەوەی جیاواز لەیەکتر، پێناسەیەکی ڕوونی پەخشانیان کردووە.

ئابروکرومبی کاتێك لەجیاوازی نێوانی هۆنراو و پەخشان دەکۆڵێتەوە سوود لە ئامرازەکانی دەنگسازی وەردەگرێت و لەو باوەڕەدایە، کە لە هۆنراودا جۆرێك لە ڕێسامەندی لە هاونشینی بڕگەکاندا هەیە، بەڵام لە پەخشاندا هاونشینی بڕگەکان ملکەچی ئەو ڕێسایانە نین (← ك ١، ل ١٨). بەڵام ئابروکرومبی ئاماژە بۆ ئەو مەسەلەیە ناکات، کە چۆن پەخشانی ئەدەبی لە پەخشانی نائەدەبی جیادەکرێتەوە؛ یا بە واتایەکی دیکە ئەوە چ فاکتەرێکە دەبێتە هۆکار تا ئەوەی پەخشان ئەرکی ئاسایی خۆی لەدەستبدات و بەرجەستە ببێت.

حەقشناس لە ڕێگەی بەڵگە هێنانەوەی تایبەتمەندیی و نیشاندانی نموونەگەلێك لە جۆرەکانی پەخشان، ئەو جۆرە پەخشانەی کە لە زمانی ئاساییدا بەکاردەبرێت لەپەخشانی ئەدەبی جیا دەکاتەوە و لەو باوەڕەدایە کە لە پەخشانی ئەدەبیدا، جۆرەکانی زمان ئاوێتەی یەکتر دەبن. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دیدگەیەش سەرەتا ئاماژە بۆ نموونەکانی (٤٠) و (٤١) دەکەین (←ك ٣٣):

(٤٠) (بە محض اینکە مسعود غزنوی توانست بەجای برادر خود حکومەت را قبضە کند، دستور آزادی میمندی و پسرش، خواجە عبدالرزاق، را صادر کرد. مسعود میمندی را با احترام بە بلخ فراخواند و همە در انتظار آن بودند کە وی را بە وزارت منصوب

1 - D . Abercrombie

کنند/ هەر لەو کاتەدا کەوا مەسعودی غەزنەوی توانی لەبری براکەی خۆی دەسەڵات بگرێتە دەست، فەرمانی ئازادکردنی مەیمەندی و عەبدورەزاقی کوری دەرکرد. مەسعود بەرێزەوە مەیمەندی بانگهێشتی بەلخ کرد و هەمووان لەچاوەروانی ئەوەدابوون کەوا پۆستی وەزارەتی پێ بسپێرێت).

(غلامحسین یوسفی)

(٤١) (همین که قاسم از در گذشت و با قدم های سنگین به احتیاط از پله‌ها پایین آمد، هوای مانده‌ٔ نمناك دالان بر صورت عرق آلودش دست نوازش کشید، دالان تاریك و پست بود و شیر آب در انتهای آن به چشمه زندگی می مانست. قاسم باتن کرخ و سر منگ پای شیر نشست نفس بلندی کشید، دست هایش را تا بالای آرنج دوسه بار شست و مشت مشت آب به صورت خود ریخت/ کاتێك قاسم له دەرگاکە هاتە دەرەوە بەهەنگاوی قورس و بەوریاییەوە لە پلیکانەکان هاتە خوارەوە، هەوای پەنگخواردوو و شێداری دالانەکە دەستێکی بەخشندەی بەسەر و روخسارە ئارەقاوییەکەی داهێنا، دالان تاریك و وێرانە بوو لەو سەریەوە شیرەیەکی ئاو لەوێنەی سەرچاوەی ژیان دەکەوتە بەرچاو. قاسم بە لەشی داهێزراو و سەری گێژەوە بە ئەسپایی لەتەك شێرە ئاوەکە دانیشت و هەناسەیەکی درێژی دا، دەستەکانی تاوەکو هەوراز ئانیشکی دوو سێ جار شوشت و بە چنگۆلە ئاوی بەسەرو روخساری خۆیدا دەکرد.).

(م. ا. به آذرین)

پارچە پەخشانەکەی (٤٠) نموونەیەکە بۆ پەخشانی نا ئەدەبی. لەکاتێکدا پارچە پەخشانەکەی (٤١) خاوەنی بنیاتێکی ئەدەبییە، بەو هۆیەی کەوا لە نموونەی (٤٠) دا هەردوو شێوە زمانی فەرمی و گفتوگۆ لەگەڵ یەکتریدا ئاوێتەکراون.

حەقشناسیش وەکو لیچ لەو باوەڕەدایە هۆنراو لەسەر بنچینەی ڕووکاری زمان هەڵدەستێت و هەر بۆیەشە دەتواندرێت زمانی ئاسایی، کە لە کاتی نووسیندا لەشێوەی پەخشانێکی نا ئەدەبی دەردەکەوێت، بکرێت بە هۆنراو؛ چونکێ ناوەرۆك، یابەواتایەکی دیکە بنیاتی واتایی دەق، دەستکاری ناکرێت و وەك خۆی دەمێنێتەوە. لەو بارەیەوە دەتوانین (الفية ابن مالك)، (دانشنامه در علم پزشكى) حكيم ميسرى تا دەگاتە (كتاب شيمى دبيرستان)ی میرزا مەحمود خانی شیمی، (لە کوردیدا کتێبی ئەحمەدی کاك ئەحمەدی شێخ - وەرگێڕ) وەکو نموونە بهێنینەوە کە لە بنەڕەتدا پەخشانی نا ئەدەبین بەزمانی ئاسایی و لە پاشاندا کراون بە هۆنراو:

(٤٢) چون كه بازى شد مركب با اسيد
پس از آن ها ملح مى آيد پديد

(٤٣) گر از اندوه بيمارى تب آيد
كسى را اين علاجش مر بشايد
علاجش هم به گرمابه بود تيز
نباشد به ز گرمابه بد و چيز
بگو گرمابه اى نه گرم بگزين
بد آنجا در زمانى نيك بنشين
كه بيرون آيد او از خواب بهتر
پس از خواب بريزد آب برسر (حكيم ميسرى)

لە پێشا ئەوەمان گوت کە حەقشناس باس لە ئاوێتەبوونی جۆرەکانی زمان دەکات لە بەدیهاتنی پەخشانی ئەدەبی و لەم ڕێگەوە جیاوازی لەنێوان پەخشان و شیعر و هۆنراو وەکو سێ جۆری ئەدەبی دادەنێت. بەم پێیە پەخشانی ئەدەبی لەئاوێتەبوونی جۆرەکانی زمان بەدی دێت، هۆنراو بەهۆی زێدەکردنی ڕێسا بۆ پەخشان بەدیدێت و

شیعر بـه لادان لـه یاسا ڕێزمانییـەکانی زمـانی ئاسایی دادەهێنـدرێت. پێویسته ئەو ڕاستییه وەبیربێنینەوە کە لەنێوان پەخشان و هۆنراودا ناتوانـدرێت سـنوورێکی دابڕینـەر ڕەچـاو بکرێـت، هـەر بـۆ نموونـە مێژووی بەیهەقی و گوڵستان هەردووکیان لە قالبی پەخشاندان، بـەڵام گولستان مەیلی زیاتری بەلای هۆنراودایە. شانامە و دیوانی خواجەی شیرازی هەردوو هۆنراون، بەڵام سروودەکانی حافظ لەقالبی شیعر دایە و هـۆنراو لەوێـدا بایـەخێکی لاوەکـی پلـەدووی هەیـە. لەکاتێکـدا بـۆ شانامە پێچەوانەی ئەمە ڕاستە.

حەقشناس بە ئاوڕدانەوە لەو مەسـەلەیە شـیمانەی ئـاوێزانبوونی ئەم سێ جۆرە ئەدەبییـە نیشاندەدات و بـاوەڕی وایـە کـە لـە ئەگـەری ئاوێزانبوونی ئەم سێ جۆرەدا وا هەیە جۆری ئاوێزانبووی دیکە بێتـە ئارا، کە دەتواندرێت وەکو هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لەئاست هۆنراو، یا پەخشـان و شـیعر لـە سـەنگی محـەك بدرێت.ئـەوەی حەقشـناس لـە توێژینەوەیەکی خۆیدا باسی دەکات، دەتوانـدرێت بەشـێوەیەکی گشـتی بەنیشـاندەری سـێ چەشـنە نموونـەی تیـۆری، واتـە شـیعری ڕەهـا، هۆنراوی ڕەها و پەخشانی ڕەها بە ئەنجام بگات. بە ئاوێتـەبوونی ئـەم سێ چەشـنە نموونەیـەش سێ جـۆری ئـەدەبی ئاوێتـە، واتـە شـیعری پەخشان، پەخشانی هـۆنراو و شیعری هۆنراو بەدیـدێت؛ بـەپێی ئـەم پۆلبەندییە جۆرە ئەدەبییەکان، کە بەگشـتی وەکـو دیارخـەری ئـەرکی ئــەدەبی زمــان دەژمێــردرێن، لــە هێلکــاری (٥) دا ڕووندەبێتــەوە (← ك ٣٣).

هێلكاری (٥)




بــە هاوكــاری نموونــەكانی (٤٤) تــا (٥٠) دەتوانــدرێت ئــەوە نیشانبدرێت، كە لە ئـەدەبیاتی فارسیدا بۆ هـەر یـەكێك لـەو جۆرانـە بەرهەم گەلێكی زۆر لەبەردەستدا هەن:

(٤٤) (نفهمیدم از چه صدای بیدار شدم. ولی لابد از صدای آن ها بود. وقتی چشمهایم را مالاندم و ساعتم را دیدم كه چهار بعد از نیمەشب بود و نگاهی به آسمان روشن و پر ستارهٔ دم صبح انداختم و نگاهم را از آنجا به طرف آن ها دوختم، دیدم كه هر سه تاشان بالای سرم ایستاده بودند.../ نەمزانی بە دەنگی چی بەخەبەر هاتم، بەڵام هەر دەبێ بەدەنگی ئەوانەوە بووبێت. كاتێك چاوەكانم هەڵگلۆفی و سەیری كاتژمێرەكەم كرد بینیم چواری دوای نیوەشەوە و چاوێكم بە ئاسمانی بەیانیی ڕووناك و پڕ لە ئەستێرەدا گێڕاو ئەنجا چاوێكم بەلای ئەواندا بڕی، بینیم كەوا هەر سێكیان بەسەر سەرمەوە وەستابوون...)

(جلال آل احمد)

(٤٥) بەنام خداوند جان و خرد
کزین برتر اندیشه برنگذرد (فردوسی)

(٤٦) نرم و آهسته بیایید مبادا که ترك بردارد
چینی نازك تنهای من ...... (سهراب سپهری)

(٤٧) معلم کُتابی دیدم در دیار مغرب، ترش روی تلخ گفتار،
بد خوی مردم آزار، گدا طبع نا پرهیزکار .. (سعدی)

(٤٨) سرو چمان من چرا میل چمن نمی کند
همدم گل نمی شود یاد سمن نمی کند (حافظ)

(٤٩) من سردم است و می دانم
که از تمامی اوهام سرخ یك شقایق وحشی
جز چند قطره خون
چیزی به جا نخواهد ماند (فروغ فرخزاد)

(٥٠) (یکی از علما پرسیدند که کسی با ماه رویی در خلوت نشسته و درها بسته و رفیقان خفته و نفس طالب و شهوت غالب ... هیچ باشد که به قوّت پرهیزگاری از وی به سلامت ماند؟ گفت اگر از مه رویان به سلامت ماند، از بدگویان نماند) (سعدی)

نموونـەی (٤٤) زیـاتر وەکـو چەشـنە نموونەیـەکی پەخشـان دەردەکەوێت کـە لـە ڕێگای ئاوێتـەبوونی جۆرەکانی زمـان پێکهاتووە. نموونـەی (٤٥) دەتوانرێت وەکو نموونەیـەك سـەیر بکرێت کـە بـەلای هۆنراودا دەکەوێت، چونکێ لەڕێگای زێدەکردنی ڕێسا بـۆ بێـژە یـا بـۆ ڕووکـاری زمـان دروسـتبووە، نموونـەی (٤٦) لەسـنووری شـیعردا دەگیرسـێتەوە و دیارخـەری بەرجەسـتەبوونە لـەناوەرۆك یـاخود نـاواخنی زمانـدا، نموونـەی (٤٧) سـوودی لـە ئاوێتـەبوونی پەخشـان و

هۆنراو وەرگرتـووە؛ بـە واتایـەکی دیکـە دەتوانـدرێت بگوترێـت ئـەم نموونەیە دەشێ بە جۆرە پەخشانێکی بزانین کە لە ڕێگای زێدەکردنی ڕێسا بـۆ ڕووکـاری زمـان تایبەتمەنـدی هـۆنراوی وەرگرتـووە، ئـەم ئاوێتەبوونـە هونەرییـە بـەزاراوەی کـۆن (پەخشـانی سـەروادار)ی پـێ دەگوترێت. لێرەدا بەشێوەیەکی مەبەستدار زاراوەی پەخشانی هۆنراو بـۆ نموونەیـەکی وەکـو (٤٧) بەکارهێنـدراوە، چـونکە بـەکارهێنانی زاراوەیەکی وەکو پەخشانی سەروادار، ئاماژە بۆ ئەو خاڵە دەکات کە بۆ بـە هـۆنراو کردنـی پەخشـان دەکـرێ تـەنها سـوود لەسـەرواداری وەربگیرێـت. لەکاتێکدا سـەرواداری تـەنیا یەکێکە لـەو ئامرازانـەی کـە دەکرێت بۆ بە هـۆنراوکردنی پەخشان پـەنای بـۆ ببرێـت. ئـەم لایەنـە لــەکاتی لێکۆڵینــەوە لــە شــیمانەکانی هاوتــەریبی لــە پەخشــاندا بەشـێوەیەکی وردتـر دەخرێتـە بـەرباس. بـەکاربردنی ئامرازەکـانی هـۆنراو لەشـیعردا نموونـە گـەلێکی وەکـو ئـەوەی (٤٨) مـان بـۆ دەسـت دێنێ، نموونەی (٤٩) بە وێنەیەکی شیعری پەخشان دەژمێردرێـت. لـە ئاوێتـەکردنی هەرسـێ جـۆری پەخشـان و هـۆنراو و شـیعر، نموونـەی وەکـو ئـەوەی (٥٠)ی لێ دێتـە بەرهـەم. نموونـەی (٥٠) پەخشـانێکە لەهـەردوو لایـەنی دەرەکـی و نـاوەکی، واتـا هـەم لـە بێـژە و هـەم لەناوەرۆکدا بەرجەستەکراوە.

پێویسـتە جـارێکی تـر ئامـاژە بـۆ ئـەو مەسـەلەیە بکرێـت، کـە سنوورێکی دابڕێنەر لەنێوان نموونە گریمانکراوەکانی هێلکاری (٥) لـە ئـارادا نییـە و لـەو پێناوەشـدا جیاکـاری لـەنێوان شـیعری پەخشـان و پەخشـانی شـاعیرانە تــەنیا لــە ڕێگــەی ئاوێتــەبوونی دوو چەشــنە نموونــەی وەکـو شـیعر و پەخشـان شـیاوی لێکۆڵینەوەیـە. شــەفیعی کـەدکنیش هەمیسـان لـەنێوان ئـەم دوو جـۆرە ئەدەبییـە ئاوێتـەبووەدا جیـاوازی دادەنێـت ( ← ك ٣٥، ل ٢٤٢). بـە شـێوەیەکی گشـتی دەشـێ

بگوترێت، کە شیعری پەخشان لەسنووری پەیوەندی ئاوێتەی نێوان شیعر و پەخشان دەوەستێت، بەڵام لەوێنەی شیعر نزیکترە، لەکاتێکدا پەخشانی شاعیرانە لەگەڵ ئەوەشدا کەلەسەر هەمان سنووری پەیوەندی ئاوێتەیی دایە، کەچی پارسەنگی بەلای وێنەیەکی وەك پەخشان دایە. لە ڕاستیدا دەستنیشانکردنی پێگەی وردی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لەسەر ئاستی چۆنییەتی پەیوەندی ئاوێتەیی ئەم سێ جەمسەرە، تەنیا ئەوکاتە جێبەجێ دەبێت کە شیکردنەوەیەکی پراکتیکی بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان ئەنجام بدرێت، ئەم کارەش تەنیا ئەو کاتە دەکرێت کە بتواندرێت هۆکارەکانی پەیدابوونی هەر یەکێك لە نموونەگەلی هۆنراو و پەخشان و شیعر، بەشێوەیەکی زانستی ئاشکرا بکرێت و ڕوونبکرێتەوە. هەر لەم بارودۆخەدا دەکرێت لە ڕێگەی بەڵگە هێنانەوەی ئامارییەوە ئەوە ڕوونبکرێتەوە کەوا هەر بەرهەمێکی ئەدەبی تا چ ئەندازەیەك لە نەریتەکانی داهێنانی ئەدەبی سوودمەند بووە و شوێن و پێگەی لەنێوان ئەم پەیوەندییە ئاوێتەکارییەدا لە کوێیە.

## کتێبنامە


1- Abercrombie, D. *Studies in Phonetics and Linguistics,* Oxford, 1971.

2- Austerlitz, R. ''Parrallelismus'', *Poetics,* Warsaw and Hague, 1961.

3- Baudoin de Courtenay, G. *The Language of Life: An Introduction to the Science of Genetics.* N. Y.,1966.

4- Brentano, F. *Psychologie vom empirischen Standpunkt, II.* Leipzig, 1925.

5- BÜhler, K. *Sprachtheorie.* Jena, 1934.

6- Cluysenaar, A. *Introduction to Literary Stylistics,* Batsford, London, 1976.

7- Cohen, J. *Structure du Language Poétique,* Flammarion, Paris, 1987.

8- Crombie, W. *Free Verse and Prose Style*. London, 1987.

9- Crystal, D. and Davy, D. *Investigating English Style,* London, Longman, 1969.

*10-* Culler, J. *Structuralist Poetics*, London, 1975.

11- Esau, H. ''Literary style and the Linguistic approach'', *Journal of Literary Semantics,* No.3, pp. 57-65 1974.

12- Frege, G. ''Über Sinn und Bedeutung''. *Zeitchrift fÜr philosophie und phylosophische Kritik,* No. 100, 1992.

*13-* Halliday, M.A.K. et al. *The linguistic Science and Language Teaching,* London, 1964.

14_______ *Explorations in the Functions of Language,* London, Arnold, 1973.

15- Harvanek, B. ''The functional differentiation of standard language'', in Garvin, P. (ed.) *Prague School Reader in Esthetics, Literary Structure and Style,* Georgetown, Georgetown Univ. Press, pp. 3-16, 1932.
16- Jacobson, R. ''Linguistics and Poetics'', in Scbeok, T. A. (ed.) *Style in Language,* Camb., MIT Press, 1960.
17- _________ *Main Trends in the Science of Language*, London, 1973.
18- Leech, G. H. *A Linguistic Guide to English Poetry,* Longman, London, 1969.
19- Lyons, J. *Semantics.* Cambridge, Camb. Univ. Press, 1977.
20- Martinet, A. *Ele'ments de Linguistique Ge'ne'rale,* Paris, Colin, 1960.
21- Marty, A. *Untersuchungen zur Grundlegung der allgemeinen Grammatik und Sprachphylosophie,* Halle, 1908.
22- ________ ''Über subjectlose Satze und das Verhätnis der Grammatik zur Logik und Psychologie'', *Gesammelte Schriften, II. Halle, 1918.*
23- Masaryk, T. G. *Versuch einer Konkreten Logik,* Wien, 1887.
24- Mukarovsky, J. ''Standard language and poetic language'', in Garvin, P. (ed.) *Prague School Reader in Esthetics, Literary Structure and Style.* Georgetown, Georgetown Univ., Press, pp. 19-35, 1932.
25- Ohmann, R. ''Generative grammars and the concept of literary style'', *Word,* No. 20, pp. 423-439, 1964.
26- Saussure, F. de. *Cours de Linguistique génèrale,* Bally: C. E. Sechehaye. A. (ed.). Paris, 1922.
27-__________ *Cours de Linguistique génèrale,* Engler, R. (critical ed.) Wiesbaden,1968.
28- Short, M.H. ''Prelude I'' to a literary linguistic-stylistics'', Style, No، 6, Vol. 2, pp. 149-157, 1973.
29- Spiegelberg, H. *The Phenomenological Movement, I.* The Hague, 1965.

30- Thorne, J. P. ''Generative grammar and stylistic analysis'' in Lyons, J. (ed.) *New Horizons in Linguistics,* Harmondsworth, Penguin, pp. 185-197, 1970.

31- Widdowson, H. G. ''On the Deviance of Literary Discourse'', *Style,* No. 6, Vol. 3, pp. 294-306, 1972.

۳۲- باطنی، محمد رضا. توصیف ساختمان دستوری زبان فارسی، تهران، امیر کبیر، ۱۳۵٦.

۳۳- حق شناس، علی محمد. ((شعر، نظم، نثر، سه گونه ادبی)). دومین کنفرانس زبانشناسی نظری و کاربردی. تهران، ۱۳۷۱.

۳٤- روبینز، آر. اچ. تاریخ مختصر زبانشناسی. ترجمه علی محمد حق شناس، تهران، نشر مرکز، ۱۳۷۰.

۳۵- شفیعی کدکنی، محمد رضا. موسیقی شعر. تهران.آگاه، ۱۳٦۸.

۳٦- فالر، راجر و دیگران. زبانشناسی و نقد ادبی، ترجمه مریم خوزان، حسین پاینده، تهران، نشر نی، ۱۳٦۹.

۳۷- قویمی، مهوش.((زبانشناسی و کاربرد آن در ادبیات، پیدایش نقد ساختاری))، مجله زبانشناسی، تهران، مرکز نشر دانشگاهی، س۵،ش۱،صص۹۰-۷۷، ۱۳٦۷.

۳۸- ملاح، حسینعلی. پیوند موسیقی و شعر، تهران، نشر فضا، ۱۳٦۷.

۳۹- نجفی، ابوالحسن. مبانی زبانشناسی، تهران، دانشگاه آزاد ایران، ۱۳۵۸.

## بەشی ٢

# کورتە مێژوویەکی
# لێکۆڵینەوە ئەدەبییە کۆنەکان

لەبەشـــی یەکەمـــدا و لەچوارچـــێوەی ســـەرنجە تیۆرییەکانـــدا بەدیاردەکەوێت کە ئامانج لەم کورتە باسەدا توێژینەوە و پۆلینبەندی لایەنێکی مێژووی لێکۆڵینەوەکانی ساڵانی پێشووە، بۆ ئەو مەبەستەش تاوەکو هەوڵەکانمان بەئەنجام بگات، خستنەڕووی پوختەیـەك لـەبارەی ئـــەو هـــەوڵ و لێکۆڵینەوانـــەی لـــە ڕابـــردوودا ئەنجامـــدراون ئـــەو ئەنجامانەش کە لـەو ڕێگایـەدا بەدەسـت هـاتوون، بـۆ ئێمـە دەبێـت بـە دەروازەیەك و ڕێگامان لەبەردەم دەکاتەوە.

ئەم بەشە لەسێ بڕگە پێکهاتووە: لە بڕگەی یەکەمدا کورتەیـەکی مێژوویی سەبارەت بەلێکۆڵینەوە ئەدەبییە نەریتییـەکان لەئـەوروپا دا دەخرێتە ڕوو. لەبڕگەی دووەمـدا پێشـینەی لێکۆڵینـەوە ئەدەبییـەکان لەناو گەلانی موسوڵمان و بەتایبەتیش لەلای ئێرانییەکان باسدەکرێت. لەبڕگەی سێیەمدا بەراوردکارییەکی گشتی لـەنێوان ئـەم دوو ڕێبـازەدا لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییە کۆنەکان ئەنجام دەدرێت.

هێنانـەوەی ئـەم بەشـە و لـەژێر ناونیشـانی کورتـە مێژوویـەکی لێکۆڵینەوە ئەدەبییە کۆنەکان، بەو مەعنایە نایەت کـەوا چ ئـەوەی لـە ئەوروپادا و چ ئـەوەی لەئێرانـدا لـەژێر نـاوی لێکۆڵینـەوە دێرینـەکانی ڕەوانبێژی ئەنجامدراون، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەجارێك خراونەتە ئەو لاوە و ڕێبازە تازەکـانی لێکۆڵینـەوەی زانسـتی لـەلای هـەمووان جێگای ئەوانی گرتۆتەوە. ئەم ڕەفتـارە ئەگـەر لەئـەوروپاش تـا ڕادەیـەکی زۆر پەیڕەو کرابێت، ئەوا لەئێران تازە لە قۆناغی بیرۆکەدایە، ئەم پۆلە لە لێکۆڵینـەوە تازەکـان لەچـاو شـالاوی لێکۆڵینـەوەی نـەریتی کـە ڕۆژانـە بلاودەبنەوە بەپەنجـەی دەسـت دەژمێردرێت. لێـرەدا هەڵسـەنگاندن و شـیکردنەوەی لێکۆڵینـەوە ئەدەبییـە دێرینـەکان بـۆ بڕگـەی سـێیەم هەڵدەگرین.

بۆیە ئەم بڕگەیە تایبەتدەکەین بە گێڕانەوە و خستنەڕووی ئـەم دەســـتەیە لەلێکۆڵینـــەوەکان و بـــەلای دەستنیشـــانکردنی کـــەم و کورتییەکانیاندا ناچین.

## ١/٢ پێشینەی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان لەئەوروپادا

### ١/١/٢ یۆنان و ڕۆمانی کۆن

مێــژووی لێکۆڵینــەوەی ئــەدەبی لــە ئــەوروپا وەکــو زۆر لــە زانستەکانی دیکە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنـانی کـۆن و سـەدەکانی پێنجەم و چوارەمی پێش زایین. ڕەنگە بتوانین بڵـێین کـەوا یەکـەمین بـیروڕای ڕوون و ئاشـك را سـەبارەت بـەو مەسـەلانە دەدرێتـە پـاڵ هەریەکە لە سوکرات و ئەفلاتون.

بیروڕاکانی سـوکرات لـەبارەی لێکۆڵینـەوەی ئـەدەب، وەکو هـەموو مەسـەلەکانی دیکــە، بەشــێوەیەکی وا لەگــەڵ بیروبۆچــوونەکانی شـاگردەکەی ئاوێتـە بـووە، کـە ناتوانـدرێت بەئاسـانی لەیـەکتری جیـا بکرێتــەوە. لەگــەڵ ئەوەشــدا لەهەنــدێ لەنامــەکانی ئەفلاتونــدا و نەخاسمە ئەو نامەیـەیان کـە پەیوەنـدی بـە داکۆکییەکـەی سـوکراتەوە هەیـە، دەکرێ پـەی بـە دیدگـەی سـوکرات لـەو بارەیـەوە ببـەین و لـە کۆتاییدا ئەوەمان لا روونبێتەوە، کە سوکرات لە ڕوانگەیـەکی ڕەوشـتی سەیری شیعر و ئەدەبیاتسازی کردووە و هەر لەو ڕێگەیەوەش شـیعری هەڵسەنگاندووە و بڕیاری لەسەر داوە. بـەلای ئـەوەوە ئاکـام و ئامـانجی هونەرەکان و لەوانەش شیعر بەرپاکردنی چێژ و دڵخۆشییە، هەر بۆیە سـوکرات شـیعری بـە شـتێکی بێسـوود دادەنـا و تـا ئـەوەی نکـوولی لـە جوانکارییەکەشی دەکرد. تەنیا ئەو شتەی کە سـوودبەخش بوایـە ئـەو بەجوانی دەزانی، جا بەو هۆیەی کەوا شـیعری بەشـتێکی سـوودبەخش نەدەبینی، بۆیە بە جوانیناسییەکەشی قایل نەبوو. (←ك ٩، ل ٢٨١).

لـەو بـاس و خواسـانەی ئـەفلاتون لـەبارەی شـیعرەوە هەیـەتی وا تێدەگـەین کـە ئـەو لـە مامۆسـتاکەی زیـاتر بایـەخی بـە لێکۆڵینـەوەی ئەدەب داوە. لەناو نامەکانیدا، لەهەر سێ نامـەی فـدرۆس و جمهور و ئەیۆن دا، شیعری بە جۆرێك لە وڕێنە داناوە و شاعیریشی بە کەسێکی

خەیاڵپلاو و پەرێشان داوەتە قەڵەم (←ك ٩، ل ٢٨٢). ئەفلاتون لە نووسراوی (جمهور) کۆماردا، شیعری لە ڕوانگەیەکی ڕەوشتێیەوە تاوتوێ کردووە و شاعیریشی وەکو کەسێکی شایستە نەزانیوە تا پێ بنێتە نێو شارە یۆتۆبییەکەی، لە کۆتایی نامەی ئەیۆندا، کە تەنیا نامەی ئەفلاتونە تەرخانکراوە بۆ مەسەلەی شیعر و شاعیری، بەو ئەنجامە دەگات کە شیعر زانست نییە، بۆیە نەدەتواندرێت لەڕێگەی فێربوونەوە وەربگیرێت و نە لەڕێگەی فێرکردنەوە قابیلی ئەوەیە خەڵکانی دیکەی پێ گۆش بکرێت. (← ك ٩، ل ٢٨٨).

سوکرات و ئەفلاتون شیعریان وەکو بەرەنجامی ئیلهام سەیردەکرد، لەوەوەش دەستپێشخەری شاعیرانیان لەداهێنانی بەرهەمی ئەدەبیدا بە کارێکی سەرنجڕاکێش و بایەخدار نەدەزانی، بۆیە هەرگیز لەهەوڵی ئەوەدا نەبوون یاسا و ڕێساکانی شیعر و ئەدەب بدۆزنەوە (←ك ٩، ل ٢٨٩) بەلاّم ئەرستۆ هەوڵی ئەوەی داوە یاساگەلێك بۆ بەرهەم هێنانی ئەدەب هەڵبهێنجێت؛ بەو هۆیەوە لە ساغکردنەوەی مێژوویی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا، ئەرستۆ وەکو یەکەمین کەسێکی توێژەر لەبواری مەسەلەکانی ئەدەبدا دەناسرێت. لەو شتانەشی کەوا ئەرستۆ لەبواری شیعر و ئەدەبدا نووسیویەتی جگە لە نامەیەکی ناتەواو، بە ناونیشانی هونەری شیعر و چەند بەشێکی نامەیەك بەناوی هونەری گوتار شتێکی دیکەی لەبەردەستدا نەماون.

لە نامیلکەی هونەری شیعردا، سەبارەت بە ناوەرۆك و بنەماکانی شیعر باسی چەند پرسێکی کردووە. تیایدا لەهەوڵی ئەوەدایە، پێچەوانەی بیروڕاکانی ئەفلاتون بیسەلمێنێ، کە ئامانجی شیعر تەنیا لەسنووری سوودە ئاکارییەکەییدا لێکنادرێتەوە، بەڵکو ئامانجی کۆتایی شیعر چێژ بەخشییە. هەروەها بەهای ڕەوشتیی شیعر لە بەها جوانیناسییەکەی جیا دەکاتەوە، بوونی شیعریش لەگەڵ ڕەمەکی

لاساییکردنەوە و، ئارەزووی سروشتیی مرۆڤ بەلای کێش و ڕێتمەوە گرێدەداتەوە. هەر ئەویشە بۆ یەکەمجار سنوور و جیاوازی لەنێوان شیعر و هۆنراودا دادەنێ و پەیدۆزی بۆ بنەماکانی شیعر لەواتا و ناوەرۆکیدا دەکات و بۆ مەسەلەی کێشیش دەیبەستێتەوە بە هۆنراوەوە (←ك ٦، ل١٤). لە دوای ئەرستۆ کەسێکی دیکە لە یۆنانستان پەیدا نەبووە تا ئەوەی بتوانێت توانا و فیکر و پانتایی بازنەی لێکۆڵینەوەکانی ئەرستۆ پەرەپێبدات. (تیوفراستوس) [1]، (هرمیپوس) [2] و (ئەریستوکسنوس) [3] ، سێ لە شاگردە دیارەکانی ئەرستۆ بوون، کە پەیدۆزیان بۆ گەلاڵە و پرۆژەلێکۆڵینەوەکانی ئەرستۆ کردووە، بەلام هیچ شوێنەوارێکیان لەبەردەستدا نییە، (زەرینکوب) لەو باوەڕەدایە کە (تیوفراستۆس) کتێبێکی سەبارەت بەهونەری شیعر هەبووە، بەلام لەبەین چووە. (←ك ٩، ل ٢٩٩).

دوابەدوای ئاوابوونی خۆری دەوڵەتی مەکەدۆنیا، حیکمەت و ئەدەب لەیۆنانیش بەرە بەرە کزبوون و پلە و پایە و شکۆداری لە ئاتینەوە باری کرد و ئەسکەندەریە بوو بەمیراتگری. لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە ئەسکەندەریە زیاتر لایەنی زمان و ڕێزمان و ڕەوانبێژی بەخۆیەوە گرتووە (← ك ٩، ص ٢٩٩)، ئەوەی لەهەموو شتێ بایەخدارتر بووە، بریتی بووە لە ڕوونووسکردن و ساغکردنەوە و ئارایشتکردنی دەستخەتە کۆنەکان بەتایبەت بەرهەمەکانی (هۆمیرۆس). وادیارە لەم دەورەیەدا کەسێك بەناوی (دیمتریۆس) [4] کە خەڵکی فالێر بووە کتێبێکی لەژێر ناونیشانی لە بابەتی ڕوونبێژیدا، کە بابەتەکانی لەبارەی ڕەوانبێژی و بنەماکانی نووسەرێتی بوون، نووسیوە و بابەتەکانی زیاتر سەرەتایی بوون.

---

1 - Theophrastus.
2 - Hermipus.
3 - Aristoxenus.
4 - Demetrius.

دواترین بەرهەم کە لە سەردەمی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی یۆنان مابێتەوە، کتێبێکە بەناونیشانی لەبابەت تەرزی باڵاوە لە نووسینی (دیونیسیۆس لۆنگینۆسە) [1]. ئەم نامەیە زیاتر بەناوی لۆنگینۆس ناوی دەرکردووە و توێژینەوەیەکە سەبارەت بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی، کە زیاتر لەدەوری مەسەلەکانی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی دەقی ئەدەبی و سنوور و ڕادەی کەلکوەرگرتن لەم هونەرانە دەکۆڵێتەوە.

بایەخی ئەو کتێبە لەوەدایە کە بە بۆچوونی هەندێ لە ڕەخنەگران ئاستی ئەم کتێبە لە ئاستی کتێبەکەی ئەرستۆ هونەری گوتار، بەرزترە. (←ك ٩، ل ٣٠٩)

دوابەدوای هێرش و داگیرکاری ڕۆمانەکان و لە بەینچوونی فرەمانڕەوایی یۆنان، ڕۆچوون و داکەوتنی ئەدەبی یۆنانیش دەستپێکرد. لەم دەورەیەدا کە ماوەی شەش سەدە درێژەی کێشاوە، ناوەندی سەنگوقورسایی فەرهەنگ و شارستانییەت لە ئەورووپا جێگۆڕکێی کردووە، بەڵام بەو هۆیەی کە یۆنان بوو بوو بە مەڵبەندێکی ئیلهامبەخش بەلای ڕۆمانەکانەوە، لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبییش لەپاڵ جۆرەکانی تری لێکۆڵینەوە ڕێچکەیەکی نەریتی بەخۆیەوە دەگرێت و بەو هۆیەوە ئەوەی لەم دەورەدا ماوەتەوە، لە لاساییکردنەوەیەکی کتومتی لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبیی یۆنانەکان بترازێ شتێکی دیکە نییە. لە ڕەخنەگر و مامۆستایانی هونەری ڕەوانبێژی ئەم دەورەیە دەبێ لەپێشەوە ئاماژە بۆ هەریەکە لە (دیۆنیسیۆس) [2] و (لۆسیانوس)[3] بکرێت. (دیۆنیسیۆس) کە (ساڵی ٧٠ پ . ز مردووە) خەڵکی هالیکارناس بووە، لە هونەری ڕەوانبێژیدا زۆر بەناوبانگ بووە، ئەو لە نامەیەکیدا

---

1 - D. Longinus.

2 - Dionysius.

3 - Lucianus.

کــه بەناونیشــانی خســـتنەپاڵیەکی وشـــەکانە، بایـــەخی شـــێوەی بەیەکەوەگرێـدانی وشـەکان لـە ئاخاوتنـدا نیشـاندەدات و ڕای وایـە کـە هاونشـینی وشـەکان لـەپاڵ یـەکتری دەبـێ پتـەو و بـەهێز، جـوان و دروسـتکراو و ئەرکمەنـد بێـت، هـەروەها لـە نامەکەیـدا ئـەوە دووپـات دەکاتەوە کە چونییەتی ڕۆنـانی وشـەکان و پێکەوەگرێـدانی بێـژەکان لـە هۆنراو و لەپەخشاندا جیاوازن (←ك٩، ل٣٠٥).

(دیۆنیسیۆس) ڕای لەگەڵ جیاوازکاری لەنێوان هۆنراو و شیعردا نییـە، ئـەو مەسـەلەیە بـەڕوونی لـەو نموونانـەدا بـەدیار دەکـەوێت کـە هێناویەتـەوە. (←ك ٩، ل ٣٠٥) لۆسـیانوس کـە (سـاڵی ٢٠٠ی زایینـی مردووە) خەڵکی سامۆزاتی سوریا بووە و وەکو (دیۆنیسیۆس) ناوبـانگی زۆری لـە هونـەرەکانی ڕەوانبێژیـدا پەیـداکردووە، لـە دوو نامـە لـە نامەکانیـدا، بـەناوەکانی (مێـژوو دەبـێ چـۆن تۆمـار بکرێـت) و (ئیکارومنیپ) دا چەند ئاماژەیەکی بۆ هونەرەکانی ڕەوانبێـژی کـردووە، بەڵام ئـەویش وەکو (دیۆنیسیۆس) هـەر شوێنپێی کتێبەکـەی ئەرسـتۆ، هونەری گوتار دەکەوێت و لەسنووری ئەو کتێبە لا نادات.

لەناو لێکۆڵەرەوانی ئـەدەبیی ڕۆمانەکانـدا، کەسانێك هـەن شایەنی ئەوەن ناویان ببرێت بەو هۆیەی گرنگییان بـە زمـان و ئـەدەبیاتی لاتـین داوە، کە یەکێکیان (لوسیۆس ئیلیۆس ئەستیلۆیە) [١] و ئەوەکـەی تـریش (مـارکۆس ترنتیـۆس ڤارۆنـە) [٢]. ئەمانـە نووسـینی زۆریـان لـە بـوارە جیاوازەکاندا هەیە. (ئەسـتیلۆ) زیـاتر پەرژاوەتـە سـەر ئـەدەبیاتی کـۆنی لاتـین، (ڤـارۆنیش) کـاری لەسـەر زمـانی لاتینـی و لێکۆڵنـەوە لـەبارەی یاسـاکانی ئـەو زمانـەدا کـردووە. توێژینـەوەکانی ئـەم دووانـە هـەر لـە بناغـەدا لەیـەکتر جیـاوازن، (ئەسـتیلۆ) بەلاسـاییکەرەوەیەکی تـەواوی شوێنەواری یۆنانییەکان دادەندرێت، تا ئەوەی کاتێك دێتـە سـەر بابـەتی

1 - L . I . Stilo.
2 - M . T . Varron.

ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی (پلۆتی) شاعیری لاتین، لەخۆی ڕانابینێت لەو ڕێوشوێنانەی یۆنانییەکان دایانڕشتبوو، بەتایبەتیش (ئەرستۆ)، لابدات و شیکاری و خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئەو بەرهەمانە بدات بەدەستەوە، بۆیە توێژینەوەکانی چاولێکەرییەکی کوێرانەی بیروبۆچوونی یۆنانییەکانە لەکاتی لێکۆڵینەوەیان لەئەدەبیاتەکەی خۆیان.

لەبەرانبەردا (ڤارۆن) لە وێنەی لێکۆڵەرێکی ناوێزە لە تەواوی مێژووی لێکۆڵینەوەکانی سەردەمی ڕۆمانەکان بەدیار دەکەوێت. ڕەنگە ئەو بە تاقە توێژەرێك بناسرێت کە لە ماوەی ئەم شەشسەت ساڵەدا، ئازادی بیرکردنەوەی یۆناییەکانی وەکو سەرمەشقێك بۆ خۆی وەرگرتووە. کارولێکۆڵینەوەکانی بەتایبەتیش ئەوانەی لەمەیدانی زمان و ڕێزمانی لاتینیدا ئەنجامی داون، کاری سەربەخۆن و دوورن لەو لێکۆڵینەوانەی کە پێشتر و بەچاولێکەری لە لێکۆڵینەوەکانی یۆنان ئەنجام دەدران، ڕەنگە هەر ئەوەش بووبێتە هۆکار تا ئەوەی توێژینەوەکانی کەمتر ئاوڕیان لێبدرێتەوە.

(سیسرون) [1] گوتاربێژی ناوداری ڕۆمی، باسوخواسێکی سەبارەت بەڕەوانبێژی و بنەماکانی گوتاربێژی کردووە. ڕۆمانەکان زیاتر بایەخیان بە گوتاربێژی و هونەرەکانی داوە تا ئەوەی بایەخ بە شیعر بدەن. لەلای ئەوان هونەری گوتاربێژی مۆرکێکی زانستی هەبووە، بەو هۆیەوە لەشیعر زیاتر لەگەڵ سروشت و چەشەی ڕۆمانەکان گونجاوە. (←ك ٩، ل ٣١٧).

(سیسرۆن) لەنامەی (پرۆتۆسدا) کورتە مێژوویەکی هونەری ڕەوانبێژی دێنێتەوە و لەنامەی (گوتاربێژدا) دێتە سەر پولینکاری هونەرەکانی ڕەوانبێژی. بیروڕاکانی لە دیدگەی هەریەك لە سوکرات و ئەفلاتوون بە دوورنین بۆیە ڕێبازێکی تازەی بەدەستەوە نەداوە.

---

1 - Cicero.

یەکێکی دیکە لە مەزنترین توێژەرانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی ئەم دەوریە (کوینتیلیان)ە[1]، (لەساڵی ٩٥ی زایینی مردووە). لەسێ کتێبدا کە بەناوی ئەوەوە تۆمارکراون، هونەری ڕەوانبێژی و داڕمانی هونەری گوتاربێژییەکەی لەناو چوون و تەنیا کتێبی پەروەردەی وتەبێژییەکەی ماوەتەوە (←ك ٩، ل ٣٢٦). (کوینتیلیان) لەم کتێبەدا، خوێندنەوەی بەرهەمە دێرینەکانی یۆنان و ڕۆمان، بۆ وتەبێژە لاوەکان بەشتێکی پێویست دەزانێت، ئەمە هەمان بۆچوونە کە (هۆراس)[2] (لە ٦٥ ی زایینی مردووە) لە کتێبەکەی خۆیدا هونەری شیعر، ئاماژەی بۆ کردووە. سەدەی سێیەم بۆ ڕۆمانەکان دەورانی جەنجاڵیی سیاسی بووە. لەسالانی دەستپێکی سەدەی چوارەمی زایینی، ئیتر باسێك لەلێکۆڵینەوەکانی ئەدەب لەلای ڕۆمانەکان لەناوا نییە. هێرش و پەلاماری نەتەوە جیاوازەکان بۆ سەر سنوورەکانی ئیمپراتۆریا و ململانێیی توندی نێوان سەرکردەکان، بەرە بەرە بوونەتە هۆکاری لەبەریەك هەڵوەشانەوەی ئیمپرتۆریای ڕۆمانی.

بەهەرحاڵ، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە کارولێکۆڵینەوەکانی ئەدەب لەنێو ڕۆمەکاندا، لەچاولێکەرییەکی ڕووتی دەستکەوتەکانی ڕۆژگاری یۆنانییەکان بەولاوە شتێکی دیکە نەبووە. توێژینەوەکانیان لەبارەی شیعر هەر لەبواری بنەماکانی داستان و درامادا بووە و لەبواری پەخشانیش هەر لەسنووری ڕەوانبێژی و گوتاربێژییدا ماوەتەوە. لەدیدی ئەوانەوە ڕەوانبێژی تەنها تایبەتبووە بە بنەماکانی وتەبێژییەوە، پەسەندکردنیشی هەر لەو چوارچێوەیەدا ماوەتەوە. (←ك ٩، ل ٣٢٨).

---

1 - Quintilian.

2 - Horace.

### ٢/١/٢ سەدەکانی ناوەڕاست

بەدابەشبوونی ئیمپراتۆریای ڕۆمان لەسەدەی پێنجەمی زایینیدا، سەرەتاکانی دەورەیەکی تازەی هەزار ساڵە، کە ئەمڕۆ بەسەدەکانی ناوەڕاست ناودەبرێت. لێکۆڵینەوەکانی ئەدەب، شێوازێکی تازەی بەخۆوە گرت. ئەم دەورەیە تاوەکو چەرخی ڕێنیسانس لەسەدەی پانزەم درێژەی کێشاوە. بەهۆی تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە ئەم دەورەیە کاریگەری بەسەر لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبدا هەبووە و بەشێوەیەك لەشێوەکان پێڕەویان لە بیروڕای نووسەرەکانی دوایی یۆنان و ڕۆمانەکان کردۆتەوە.

دیاردەی دیار و هاوبەش لەسەرتاسەری ئەم سەردەمە و لە هەموو جیهانی ئەوروپادا، بریتیبووە لە باڵادەستی کڵێسا، بیروئەندێشە و فەرهەنگ وەکو شوێنکەوتەیەکی کڵێسا حیسابیان بۆ دەکرا و لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبیش لەو دەورەیەدا هەر لە چوارچێوەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و شرۆڤە یاخود ڕاڤەی دەقە ئاینییەکاندا سنووردار کرابوون. ڕەنگە بتواندرێت بەشێوەیەکی سەرپێیی سەدەکانی ناوەڕاست بەسەر سێ خولدا دابەشبکرێت:

خولی پاپاکانی کڵێسا، خولی فەیلەسوفەکانی فێرگەکان[1] و خولی دەرکەوتنی مەیل و خواستەکانی دنیایی (←ك ٩، ل ٣٣٩). لەسەرانسەری ئەم سێ خولەدا دابونەریتی کڵێسا و زمانی لاتینی باڵادەستیان بەسەر هەموو بارودۆخ و پێشهاتەکانی ئەوروپادا هەبووە.

خولی یەکەم یا سەردەمی پاپاکانی کڵێسا دەتواندرێت لەنێوان فەرمانڕەوایی (تیۆدۆسیۆسی) ئیمپراتۆری ڕۆم لەکۆتایی سەدەی چوارەمی زایینی تاوەکو ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی (شارلمانی) ئیپمراتۆری فرانك لەسەرەتاکانی سەدەی نۆیەمی زایینی سنووردار بکرێت. لەم

---

1 - Scholastic.

خولەدا لەنێوان بیرمەندانی کریستیان، کەسانێکی وەکو (ئاگۆستین)[1] (لە ٤٣٠ی زایینی مردووە)، (جروم) [2] (لە ٤٢٠ی زایینی مردووە) و (بۆئیتیوس)[3] (لە ٥٢٥ی زایینی مردووە)، گرنگیان بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی یۆنانی داوە. ڕەنگە بتوانین بڵێین لەنێو یاوەرانی کلێسا دا، قەشە (ئاگۆستین) لە هەمووان پتر بەراشکاوی قسە و باسی لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی کردووە. ئەو بە چاولێکەری لە نووسەرانی بەرایی یۆنان هونەری ڕەوانبێژی لە ڕوانگەی هونەری گوتاربێژییەوە تاوتوێکردووە. لە بەرگی چوارەمی کتێبەکەیدا لەبابەت (فێرکردنی کریستیانی/ تعلیم مسیحی)، باس لە هونەری ڕەوانبێژی دەکات و ئەوەی ئەو خستویەتییە بەردەست، لەبنەڕەتدا ئەو ڕێوڕەسمانەن کە گوتاربێژە کریستیانەکان لەکاتی لێدوانەکانیاندا دەبوا ڕەچاوی بکەن.

لەپاڵ (ئاگۆستین)یش دەبێ ناوی (جرۆم) ببرێت، چونکێ ئەویش وەکو (ئاگۆستین) بە چڕی کەوتۆتە ژێر بیروبۆچوونی یۆنانەکان، (جرۆم) بەفەرمانی پاپا دەستی داوەتە وەرگێڕانی ئینجیل. دەقە لاتینییە وەرگێڕدراوەکەی، کە بە (فولگاتا) ناو دەبرێت. ڕادەی بەپیرەوەچوونی وردی ئەو بۆ هونەرەکانی ڕەوانبێژی یۆنانی نیشاندەدات.

ئەم وەرگێڕانە و ئەم شێوە زمانەی کە لە فولگاتادا بەکاری هێناوە، بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست بۆتە مایەی چاولێکەری و سوود لێوەرگرتن لەلایەن فەیلەسووفە فێرگەییەکانەوە.(← ك ٩، ل ٣٤١).

یەکەمین خولی سەدەکانی ناوەڕاست، واتە ڕۆژگاری پاپاکانی کلێسا بە (بوئتیۆس) و کتێبەکەی لەبارەی تەسەللای فەلسەفەوە دوایی دێت،

1 - Augustine.

2 - Jerom.

3 - Boethius.

کاریگەربوونی ناوبراو بەخوێندنەوەی بەرهەمەکانی یۆنان و ڕۆمان بەو ڕادەیە بووە کە نازناوی (دوایین ڕۆمانی)یان بەسەردا بڕیبوو، تا ئەوەی گومانیان لە کریستیانبوونیشی کردووە (← ك ٩، ل ٣٤٢). بۆیە شتێکی سەیر نییە ئەگەر ئەویش لەوێنەی (ئاگۆستین) و (جرۆم) شوێنپێی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی سەردەمی یۆنان کەوتبێت.

خولی دووەمی سەدەکانی ناوەڕاست بە سەرهەڵدانی فەلسەفەی فێرگەکان دەستپێدەکات، لێرەدا باوەڕی بێ چەندوچوونی پاپاکانی کلێسا لەپاڵ دڵنیایی زانایانی فێرگەکان، سەبارەت بەوەی کەوا هەر شتێك لە ئینجیلدا هاتبێت ئەوا خودی هەقیقەتە و جێگای هیچ شك و گومانێك نییە، سەرەنجامی بەوەدا شکایەوە کە زانایانی فێرگەکان دەستبکەن بە ڕاڤە و لێکدانەوەی هەندێ بڕگە و بابەتی کتێبی پیرۆز، کە ڕواڵەتێکی ناماقوولیان هەبوو. ئەوان پێیان وابوو کە ئەو بڕگە و بابەتگەلانەی لەگەڵ عەقڵ و ژیریدا ڕێکناکەون، لە دوتوێیاندا واتای ناوەکیان هەیە و بەو هۆیەشەوە بەلای لێکدانەوە و ڕاڤەی دەقەکانەوە دەڕۆیشتن. لەنێو زانایانی فێرگەکاندا، قەشە (گریگۆریۆس)[1] (لە ٦٠٤ی زایینی مردووە) لە هەمووان زیاتر و دەستێکی باڵای لە ساغکردنەوەی واتای ناوەکی و ڕاڤەی دەقەکانی کتێبی پیرۆزدا هەبوو، ئەمە بەو ئاکامە گەیشت تا ئەوەی پۆلینبەندی ڕەوانبێژی واتایی، بەشێوەیەکی ناسك و وردتر بخرێتە ڕوو، هەروەها زێدەڕۆیی لەم باسوخواسانە بەو ڕادەیەگەیشت کە یەکێکی وەکو (دانتی) (لە ١٣٢١ی زایینی مردووە) داواکار بێت و بڵێت کە واتای هەر وشەیەك، سەرچاوە و بنیاتی هەموو واتاکانی ئەو وشەیەیە و، هەر وشەیەکیش خاوەنی سێ جۆرە واتای بێژەیی، خوازەیی و عیرفانییە. زانایانی فێرگەکان ئامانجی سەرەکی کارەکانی خۆیان لە شرۆڤەی کتێبی پیرۆز و

1 - Gregorius.

ساغکردنەوەی واتاکانیدا دەبینییەوە، ئەوان بەمەبەستی گەیشتن بەو ئامانجە، سوودیان لەو شێوازانە وەردەگرت، کە لە دەورانی یۆنان و ڕۆمانی کۆن، لە شرۆڤەی بەرهەمەکانی (هۆمێر) و (ڤێرجیل) یاخود (هۆراسدا) گیرابوونە بەر. ئەم شێوازەی شرۆڤەکاری کەوا ڕێبازی باوی ڕۆژگاری (کوینتیلیان)ی ڕۆمی و قەشە (ئۆگۆستین) بوو، لە لێکۆڵینەوەی هەموو زانستەکانی ئەو زەمانە، لە نموونەی ڕێزمان، هونەرەکانی ڕەوانبێژی، لۆجیک، ئەستێرە ناسی، ژمێرە، ئەندازە، مۆسیقا و مێژوو و جوگرافیا سوودی لێوەردەگیرا. هەموو ئەو هونەرانەی کە دەشیان لە شرۆڤە و گوزارشتی بڕگەکانی کتێبی پیرۆزدا بەکاربرێن، بە (هونەری ئازاد) ناودەبران و لە فێرگەکاندا بە دوو قۆناغ دەخوێندران؛ یەکەمیان بەناوی قۆناغی (سێیانە) بوو، کە بابەتەکانی ڕێزمان و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و لۆجیکی دەگرتەوە، دووەمیشیان بەناوی قۆناغی (چواریانە) بوو، کە تیایدا بابەتەکانی، ژمێرە، ئەندازە، ئەستێرەناسی و مۆسیقای دەگرتەوە (← ك ٩، ل ٣٤٨).

هونەرەکانی سێیانە بە بناغە و بنچینەی وانەکانی فێرگەکان دەژمێردران، هەر بۆیەش باڵادەستی لەوانەکانی ڕێزمان و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و لۆجیك ڕاستەوخۆ وەکو ڕێگا خۆشکەرێك بوو بۆ دەرەتانی تێگەیشتن و شرۆڤەکاری کتێبی پیرۆز.

لە کاتێکدا هونەرەکانی چواریانە زیاتر پەیوەندی بە کاروبارەکانی ڕووالەتیی کلێساکانەوە هەبوو. ئەو گرینگییەی لەلایەن زانایانی فێرگەکانەوە بەهونەرەکانی سیانە دەدرا، ڕێگای بۆ ئەوە خۆشکرد تا ناوەندگەلێکی ساغکردنەوە بۆ ڕێزمان و ڕەوانبێژی بێنە ئاراوە. بەڵام لە تەواوی ئەو سەردەمانەدا، ناوێك لە هونەری شیعر لەنێو هونەرەکاندا نەبووە و کلێساش بایەخێکی ئەوتۆی بەو هونەرە نەداوە.

ڕۆژگـاری دەرکـەوتنی مـەیل و خواسـتەکانی دنیـایی کـە خـوولی سێیەمی سەدەکانی ناوەڕاست پێکدەهێنێت، هاوکاتە لەگەڵ داکەوتنی خوێنـدنگا و زانکۆکـان لـە ئـەوروپا. لەگـەڵ ئـەوەی لـە هـەموو زانکۆکانیشدا هەر گیان و ڕێبازی فێرگەکان زاڵ و باڵادەست بوو بـەڵام پەرەسـەندنی زانسـت و زانیـاری، بەتایبـەتیش پێڕەوکردنـی یاسـا و ڕێساکانی یۆنانی کۆن لەم ناوەندانەدا، بۆتە هۆکارێك بـۆ سـەرهەڵدانی خواستەکانی دنیایی لەسەدەکانی ناوەڕاسـتدا و، ئـەوروپا بەرەبـەرە بـۆ ڕێنیسانس ئامادە دەبوو. وەرگێڕان و شرۆڤە عەرەبییەکان بۆ کتێب و بەرهەمـەکانی زانایـانی یۆنـان، کاروچاڵاکی زانکۆکـانی ئـەو ڕۆژە دوور لەچاوی کلێسا، بەتایبەت زانکۆکانی پۆلۆنیا لە ئیتاڵیا و ئۆکسـفۆرد لـە ئینگلتـەرا، پـەرەیان سـەند. لـەو لاشـەوە کۆتاییهـاتنی جەنگـەکانی خاچپەرستی و شکستخواردنی کریستیانەکان لەبەرانبـەر موسـوڵمانانـدا، گـوڕوتینێکی زیـاتری بـەم چـاڵاکییانە بەخشـی تـا لـە ئەنجامـدا بـە داڕووخانی کلێسا و داتەپینی ڕێبازی فێرگەکان کۆتایی هات.

### ٣/١/٢ سەردەمی ڕێنیسانس و دواتر

گـــرنگترین ڕووداوی ســـەردەمی ڕێنیســـانس ســـەبارەت بـــە لێکۆڵینـەوەکانی ئـەدەب، دۆزینـەوەی دانەیـەکی هونـەری شـیعرەکەی ئەرسـتۆ بـوو. یەکـەمین وەرگێڕانیشـی بـۆ زمـانی لاتینـی لەسـاڵی ١٤٩٨ زایینـی بەکۆششـی (جـۆرج ڤـالا)[1] و لەسـەر بنـەمای وەرگێڕانـە عەرەبییەکەی (ئیبن ڕوشد) بڵاوکرایەوە، وەلی لـە ڕۆژگـاری ڕێنیسانسـدا کاریگەرییـەکی ئـەوتۆی بـەجێ نەهێشـت. لـە سـاڵی ١٥٤٨ی زایینـی ئـەم وەرگێڕانە لاتینییـە هاوڕێ لەگەڵ دەقـە ڕەسـەنەکەی هونـەری شـیعردا لەلایەن (فرانچیسکۆ ڕوبورتیلییـەوە)[2] بڵاوکرایـەوە. سـاڵێك دواتـر واتـا

1 - G. valla.

2 - F. robortelli.

لـە ١٥٤٩ی زایینــی (برنــاردۆ چـینی)[1] وەرگێڕانێکـی ئیتـاڵی کتێبەکـەی خســتە بەردەســت و لەناوەنــدە ئەدەبییــەکانی ئیتاڵیــادا پێشــوازییەکی فراوانی لێکرا. ئەم ڕووداوە هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژانێك کە خەریك بـوو فەلسەفەی ئەرستۆیی وردە وردە بە قازانجی دانایی فێرگەکان فـەرامۆش دەکرا. ئەنجا هەر لەوان ڕۆژانـیش یـەکێك لـە فەیلەسـووفەکانی فرەنسا، (پیتـەر ڕامـۆس)[2] (کـە لـە سـاڵی ١٥٧٢ی زایینیـدا مـردووە)، لـە هـەوڵی ئەوەدا بوو بیسەلمێنێت کـە تـەواوی بیروبۆچـوونەکانی ئەرسـتۆ هەڵـەن. بـۆ ئـەو مەبەسـتە ئـەو لێکۆڵینـەوە تیۆرییـەکانی بـەجارێك پشـتگوێ خستبوو و هەوڵی دەدا بگات بـە ڕێبازێـك، کـە لـە ئێسـتادا (شێوازناسـی) پێدەگوترێت، هەر لەو پێناوەشـدا (ڕامـۆس) هەوڵـەکانی خـۆی لـەدەوری سنعەتە ئەدەبییەکان و پۆلینبەندیکردنیان بەشێوەیەکی پراکتیکی چـڕ کردبـۆوە. هـەر لـەو ڕۆژانـەدا شـرۆڤە و لێکدانـەوەی دیدگـەی تیـۆریی ئەرستۆیی گیانێکی تـازەی بەبـەردا هـاتبوو. (کاسـتێل ڤـیترو)[3] (لـە ١٥٧١ دامـردووە) سـەرگەرمی شـیکردنەوە و تـەواوکردنی بیروبۆچـوونەکانی ئەرسـتۆ بـوو. لـەلای ئـەو کێش، وەکو ئامرازێـك بـوو بـۆ ڕازانندنـەوەی ئـاوازی شـیعری، بـەڵام بـە بەشـێکی دانـەبڕاوی شـیعری نـەدەزانی. بـەو شێوەیە ئەو جیاکارییەی ئەرستۆ لەنێوان هۆنراو و پەخشان لەلایـەك و هـۆنراو و شـیعر لـەلایێکی دیکـە دایـنـابوو، جـارێکی دیکـە کەوتـەوە بەرباس. کاستێل ڤـیترو لـەو بـاوەڕەدا بـوو کـە شـیعر لەڕێگـەی کێشـەوە دەستنیشـان ناکرێـت. بـەڵکو بـەهۆی کەرەسـتەی شـیعرەوەیە دەکرێـت بناسرێتەوە.

جیـاوازی دووبـارەی شـیعر لـە هـۆنراو لەسـەردەمی ڕێنیسانسـدا بەئاسـانی و بەیـەکجارەکی وەرنـەگیرا؛ هـەر بـۆ نموونـە لـە نامیلکـەی

---

1 - B. cini.

2 - P. Ramus.

3 - L. castelvetro.

هونـــــەری شـــــیعری (ســــــکالیجیرۆ)[1]دا، (لـــــە ١٥٥٨ دا مـــــــردووە) بەرپەرچــــــدانەوەی لەبەرانبــــــەر بۆچــــــوونەکانی (ئەرســــــتۆ) و (کاستیلڤیترۆ)دا دەبیندرێت، ئەو لـەو نامیلکەیـەدا ئـەوە دەخاتـەوە بـیر، کـە ئەگـەر هـات و مێژووەکـەی هـیرۆدۆت بـە هـۆنراو بووایـە ئـەوا بـە مێژوویەکی پەتی نەدەژمێردرا، بەڵکو لە وێنەی شیعردا بەدیاردەکەوت (← ك ٩، ل ٣٦٤).

(سکالیجیرۆ) جیاوازی لـەنێوان شـیعر و هـۆنراودا نـەدەکرد و ئـەو شیعرەیش کە داماڵراو بووایە لە هۆنراو بە پەخشانی دەدایە قەڵەم.

جگـــە لــــە کەســـانێکی وەکـــو (ســـکالیجیرۆ)، ڕەوتـــی گشـــتی لێکۆڵینەوەکانی ئەدەب لە هەردوو سەدەی شازدەهەم و حەڤدەهەم لە چوارچـێوەی خسـتنەڕووی ئاوێتەیــەك لــەبیروڕاکانی (ئەرســتۆ) و (سیسرۆندا) خولاوەتەوە. دواتر ئەم شێوە لێکۆڵینەوە ئەدەبییـە پـێ بـە پـێ ڕێگـای بـەرەو دەرەوەی سـنوورەکانی ئیتالیـادا بـڕی و تـا لەسـەدەی هەژدەهەمدا بوو بە نموونەیەك بۆ هـەموو ئـەوروپا. (← ك ٣، ل ٧٠٤). لەســـەدەی نـــۆزدەدا دژایـــەتی لەگـــەڵ شـــێوەی لێکۆڵینـــەوەی هونـــەری ڕەوانبێـــژی بەگشـــتی و هونـــەری گوتاربێـــژی بەشـــێوەیەکی تایبـــەت دەســتپێکرد؛ تــا ئــەوەی ئــەم جــۆرە لێکۆڵینەوانــە لەســەرەتای ســەدەی بیســـتەمدا بەناونیشـــانی ((لێکۆڵینـــەوە نوێکـــانی ئـــەدەب)) ناوبـــانگی دەرکرد. ڕابـەرەکانی ئـەم ڕێبـازە نوێیـە، هـەر یـەك لـە (سـپینگارن)[2] و (کرۆچــە)[3] بــوون. ئــەم دووانــە لــە هــەوڵی ئــەوەدابوون تــا هــەموو زاراوەکانی هونەر و سنعەتە ئەدەبییەکان کە تـا ئـەو ڕۆژە لـەکاردابوون، بەیەکجاری وەلاوە بنـێن و شـێوە لێکۆڵینەوەیـەکی نـوێ بەزاراوەگـەلێکی تازەوە بهێننە ئاراوە (ك ٣، ل ٧٠٤).

---

1 - J . C . Scaligero.
2 - J . Spingarn.
3 - B . Croce.

(سـپینگارن) لـە وتەکانیـدا لەسـاڵی ١٩١٠ و لـەژێر ناونیشـانی ((ڕەخنـەی نـوێ))دا (← ك ٣، ل ٧٠٤) جـەخت لەسـەر ئاوڕدانـەوە لـە (فـۆرمی شـیعر) دەکاتـەوە، هـەر لـەو ڕۆژگارانـەدا (بنـدیتۆ کروچـە) لەنامەکانی خۆیدا پێ لەسەر مەسەلەی جیاکاری لەنێوان (دەربـڕین)[1] و (ناوەڕۆك)[2]دا دادەگرێت و لـەو بـاوەڕەدا بـوو کـە ئامرازەکـانی شـیکاری لەنێوان دەربڕین و ناوەڕۆکدا لەگەڵ یەکتری جیـاوازن (←ك ٣، ل ٧٠٤). (ریچاردز)[3]، کە یەکێکە لە ڕێبـەرەکانی ڕێبـازی ڕەخنـەی نـوێ، لەسـاڵی ١٩٢٣ی زاینیـدا مەسـەلەی دەروونشـیکاری ئـەدەبیاتی هێنایـە نـاوەوە، ساڵانێك دواتر ئەم دیدگا دەروونشیکارییەی خـۆی خسـتە لاوە و دەسـتی دایە شیکردنەوەی پەتیی هونەرەکاری ڕەوانبێژی (← ك٣، ل ٧٠٤).

لەنێوانی سەدەی بیستەمدا گرنگیدان بەبیروڕاکانی ئەرستۆ هاتـەوە مەیدان. لەو ناوەدا ڕەنگە بتواندرێت (نـۆرثـرۆب فـرای)[4] وەکـو ڕابـەری گەڕانـەوە بـۆ نەریتـەکان دابنـدرێت. ئـەو لـە کتێبەکەیـدا (ڕەخنـەی توێکـاری)، دووبـارە گەڕایەوەتـە سـەر جیـاوازی لـەنێوان هونـەرەکانی واتایی و دەربڕین (وشـەیی)، ئـەنجا ئـەو زاراوانـەی کـە فـرای دایهێنـاون، ئەگەرچـی لـە ڕواڵەتـدا لەگـەڵ زاراوەگـەلی هونـەرەکانی ڕەوانبێـژی لەسەردەمی یۆنـان و ڕۆمـانی کـۆن و، سـەدەکانی ناوەڕاسـت و سـەردەمی ڕێنیسانسدا جیـاوازن، بـەڵام لـە بنچینەدا لەگـەڵ هـەمان پۆلینبەندییـە نەریتییەکان لەیەك دوور نین. (← ك٣، ل ٧٠٤) لـە دەسـتپێکی سـەدەی تازەدا، لەپاڵ ئەم کۆمەڵە لە نووسـەر و پسـپۆڕانی بـواری ئـەدەبیات، کـە لـە ڕێگـەی دەقـە ئەدەبییەکانـەوە سـەرقاڵی توێژینـەوەی ئـەدەبین، کۆمـەڵێکی دیکـە هـەن، کـە بەرهـەمی ئـەدەبی وەکـو ڕووداوێـك سـەیر

1 - expression
2 - content.
3 - J . A . Richards.
4 - N . Frye.

دەکەن کە لە ناو زمانـدا ڕوودەدات. ئـەم کۆمەڵەی دوایـی بـە مەبەسـتی توێژینــەوە لــە چۆنییەتی داهێنـانی بەرهەمـە ئەدەبییـەکان، سـوود لـە ئامراز و کەرەستەکانی زمانەوانی وەردەگرن و شێواز و ڕێبـازی تازەیـان لــە توێژینــەوە و شــیکاری ئــەدەبیات داهێنــاوە، کــە ئــیتر ناتوانــدرێت لەبەرچاو نـەگیرێت و حاشـای لێبکرێت. لێرەدا ئاوڕدانـەوە لەپێشـینەی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان لـە ڕوانگـەی زمانەوانییـەوە بـۆ بەشـی چوارەم بەجێ دەهێڵین.

## ٢/٢ پێشینەی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان لای موسوڵمان

لــەئێرانی پــێش ئیســلامدا شــوێنەوارێکی ئــەدەبی زۆر بــەجێ نەماوە، تا بتواندرێت لەو ڕێگایەوە شێوازی لێکۆڵینـەوە ئەدەبییـەکانی ئـەو ڕۆژگـارە دەستنیشـان بکرێـت. ئـەوەی ئـەمڕۆ لەبەردەسـتە ئـەو باسوخواسـانەن کـە لێکۆڵـەرەوەکانی دەورانـی ئیسـلامی سـەبارەت بـە ئەدگارەکانی ڕەوانبێژی پـێش ئیسـلام هێناویانەتـەوە. بـە زۆریـش لـە کتێبـە مێژووییەکانی دەورانی ئیسلامی، بەتایبەت مێژووی تەبـەری و کۆنامــە و گوتارنامــەکانی ســەردەمی ساســانی لەشــێوەی ڕەوانبێژیــدا هەڵوەستەیان لەسـەر کـراوە (←ك ١٨، ٤٠١). لەنامیلکەیـەکی پەهلـەوی بـەناوی خوسـرەو و غولامەکەیـدا، واهـاتووە کـە یـەکێك لـەو شـتانەی لەدەورەی ساسانیدا فێربوونی بەپێویست دادەنـدرا، ئـەوە بـوو کـە بـە هونەری ڕەوانبێژی یاخود ڕوونبێژی ناوی براوە (← ك ١٨، ل ٤٠١).

هەندێك لەنووسەرە عەرەبەکان و لەناویاندا (جاحیز)، لە گوتەی شـعوبییەکانەوە دەگێڕێتــەوە، کــە ئێرانییــەکان لەســەردەمانی پــێش ئیسلامدا کتێب گەلێکیان لەبارەی زانستەکانی ڕەوانبێژیـدا هـەبووە و لەو ناوەدا نـاوی کتێبێـك دەبـات بەناونیشانی (کاروەنـد) (← ك ٩، ل ١٨٢)، کـە ئـەمڕۆ هـیچ شـوێنەوارێکی لەبـەر دەسـتدا نـەماوە. (ئـیبن قوتەیبە) (لە ٢٧٦ی کۆچیدا مـردووە)، بـەڕاگوێزان لـەکتێبێك بـەناوی

(تاجنامە) کە هی سەردەمی ساسانییە، کۆمەڵێك ئەرك بۆ نووسەران (ئەمین – سکرتێر) دیاریدەکات، کە لە نێوانیاندا چەند یاسایەکی تایبەت بەهونەری نووسەرێتی و ڕەوانبێژی هەن (←ك ١٨، ل ٤٠٢). لەسەر بنەمای ئەم بەڵگانە ڕەنگە بتواندرێت بگوترێت، کە هونەرەکانی نووسەرێتی و ڕوونبێژی، لانی کەم لەسەردەمی ساسانییەوە خاوەنی یاسا و ڕێساگەلێکی تایبەت بوون و دەبوایە نووسەران فێری ببن (← ك ١٨، ل ٤٠٣). (زەڕینکوب) لەو باوەڕەدایە کە ئێرانییەکان لانی کەم لە ڕۆژگاری ساسانییەکانەوە ئاشنایەتیان لەگەڵ هونەری شیعر و گوتاربێژی ئەرستۆدا هەبووە. (←ك ٩، ل ١٨٣).

لەسەردەمی دوای داکەوتنی ئیسلام، لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی لەنێو موسوڵماناندا دوو ڕێچکەی گرتۆتەبەر. (قودامەی کوڕی جەعفەر) (لە ٣٣٧ کۆچیدا مردووە) لە کتێبەکەی خۆیدا (نقد الشعر)، لەو بارەیەوە دەڵێ (←ك ٩، ل١٨٣): ((زانست لەبارەی شیعر چەند بەشێکی هەیە، بەشێکیان پەیوەندی بەکێش و عەرووزەوە هەیە: بەشێکیشیان بەسەرواو بڕگەکانییەوە هەیە. بەشێك تایبەتە بە وشە و دەبڕینی نامۆوە. بەشێکیش پەیوەندی بە واتاو مەبەستەکانەوە هەیە و بەشەکەی تریش پەیوەندیدارە بەجوانی و خەوشەکانییەوە)).

پێناسەی (قودامەی کوڕی جەعفەر) بۆ شیعر بەوەی کەوا ئاخاوتنێکی کێش و سەرواداره و دەلالەت بۆ واتایێك دەکات، بۆتە هۆی ئەوەی کە هونەرەکانی ئەدەب لەنێو موسولماناندا لە دوو ڕووی جیاوازەوە لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت. بەشێك لەم لێکۆڵینەوانە تایبەتبوون بەکێش و سەروا، بەواتا کۆمەڵێك تایبەتمەندی دەستنیشاندەکرێن، کە شیعر لە ناشیعر جیادەکاتەوە بەشەکەی دیکە لەشێوەی ئاراستەکردنی چەند چەمك و هونەرێکە بۆ ئەوەی نیشانی بدات چ جۆرە هونەر و وردەکارییەك لە بەرهەمهێنانی واتاگەلی

جیاوازدا بەکاربرێت، بەو شێوەیە پێویستە پێشینەی لێکۆڵینەوەکانی ئەدەب لەلای زانایانی موسڵمان لە دوو بەشی جیاوازدا شیکردنەوەی بۆ بکرێت:

لایەنی مێژوویی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و، لایەنی مێژوویی هونەری کێش و سەروا.

## ١/٢/٢ کورتە مێژوویەکی هونەرەکانی ڕەوانبێژی.

### ١/١/٢/٢ سەرچاوە عەرەبییەکان

لەدوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام ئەوەی بەناوی هونەرەکانی ڕەوانبێژی جێگیرکراوە، سەرەتا تەنیا لەدەوری هونەرە ئەدەبییەکانی قورئاندا سنووردار کراوە (←ك ١٤). ئەوەی لەسەرچاوەکانی بەردەستیش هەڵدەهێنجرێت ئەوەیە، کە سەرەتاکانی لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکانی لەلای زانا موسوڵمانەکان دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێکی ساڵەکانی سەدەی سێیەمی کۆچی. (← ك ١٤).

(ئەبو زەکەریا یەحیای کوڕی زیادی کوفی) ناسراو بە (فەڕاء) (لە ٢٠٧ی کۆچیدا مردووە) لەکتێبەکەی خۆیدا (معانی القرآن)، دێتە سەر باسی هونەرە ئەدەبییەکانی قورئان و لە هەندێ لە بابەتەکانیدا لەوێنەی چوواندن، درکە و خواستن دەکۆڵێتەوە. زۆر ڕوون نییە کە ئایا بەر لە (فەڕاء) کەسێك لەو بابەتانەی کۆڵیوەتەوە یاخود نا، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی کۆنتر لەو کتێبە، تایبەت بێت بەو بابەتە، لەبەر دەستدا نییە.

ئەبو عوبەیدە موعەممەری کوڕی ئەلموثەننا (لە ٢٨٠ی کۆچیدا مردووە)، یەکەمین کەسە کە لە کتێبەکەی خۆیدا (مجاز القرآن)، زاراوەی ((مجاز/ خوازە))ی بەکارهێنابێت. ئەو لەو کتێبەیدا ٣٨ جۆرە خوازەی لە یەکتر جیاکردۆتەوە (← ك ١٤) و باس لە چواندن، خواستن، درکە، پێشخستن و پاشخستن و سڕینەوە (حذف) دەکات.

یەکەمین لێکۆڵەریش کە زاراوەی ((جناس/ ڕەگەزدۆزی)) هێناوەتە ئاراوە (عەبدولەلیکی کوڕی قەریبی بەسری ئەسمەعییە) (لە ٢١١ی کۆچیدا مردووە)، کە لە کتێبەکەی خۆیدا ((الاجناس))، باسی ڕەگەزدۆزی و جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی هێناوەتە گۆڕێ (←ك ١٤). لە دوای ئەو (جاحیز) دێت (لە ٢٥٥ی کۆچیدا مردووە)، کتێبەکەی خۆی ((البیان والتبیین))ی لەچوار بەرگدا نووسیوە و باسی لە زۆرێك لەبابەتەکانی هونەری ڕەوانبێژی کردووە، بێ ئەوەی پێناسەیەکیان لە بارەوە بەدەستەوە بدات و بۆ هەر بابەتێکیش نموونەگەلێکی هێناوەتەوە (← ك١٤). ئەم کتێبە دەبێتە، نموونە و سەرمەشقێك بۆ (ئیبن موعتەز) تا ئەوەی کتێبێکی سەربەخۆ لەبارەی هونەرە ئەدەبییەکانەوە بنووسێت.

ڕەنگبێ بتواندرێت کتێبی ((البدیع))ی (عەبدوڵلای کوڕی موعتەز)، وەکو یەکەمین کتێب بدرێتە قەڵەم کە ئامانج لە نووسینی خستنەڕووی هونەرەکانی ڕەوانبێژی بووبێت.. لەوێدا ئەو زاراوەی ((البدیع/ جوانکاری)) بەسەر هەموو هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا دابڕیوە. (ئیبن موعتەز) لە سەرەتادا باسی (استعارە/ خواستن)ی کردووە و لەپاڵ خواستنە جوانەکاندا هەندێ خواستنی ناحەزیشی هێناوەتەوە کە لەو ڕێیەوە مەسەلەی کەم و کوڕییەکانی هونەری ڕەوانبێژی دێنێتە گۆڕێ و، بەم کارەش دەرگای لەسەر مەسەلەکانی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەم جۆرە لە هونەرە ئەدەبییەکان کردۆتەوە. (←ك ١٤).

هەر لەو سەدەیەدا، (ئیبن قوتەیبە) لە کتێبی (تأویل مشكل القرآن) دێتە سەر بابەتەکانی خوازە و خواستن، نواندن و پێشخستن و پاشخستن، لادان، دووبارەکردنەوە، شاردنەوە، خستنەڕوو، تەعریز، ئیفصاح، گوتاری تاك بەمەبەستی کۆ، گوتاری کۆ بەمەبەستی تاك ... هی دیکە و لە پاشان ڕایدەگەیێنێ، کەوا ئەم هونەرانە لەزمانی

عەرەبیدا هەن. (ئـیبن قوتەیبـە) لـەكتێبێكی دیكەیـدا بـەناوی (الشعر والشعراء)، دێتە سەر مەسەلەی بایەخی وشـە و واتـا و لـەو باوەڕەدایـە كە ئەم دووانە لە بایەخدا هاوسـەنگن (← ك ١٤). ئـەو وای بـۆ دەچـێ كە شتێك نییە بەناوی وشەی بـێ واتـا یـاخود واتـای بـێ وشـە، لێـرەدا (ئیبن قوتەیبە) لەدژی (جاحیز) دەوەستێتەوە كە ڕای وابـوو بایـەخی وشە بەرزترە لە واتا.

(ئەبولعەباسـی میـبرەد) (لـە ٢٨٥ كۆچـیدا مـردووە) لـە هاوچـەرخەكانی (ئـیبن قوتەیبـە) بـوو — لـە كتێبـی (الكامـل)دا لـە میانەی باسەكانی لـەبارەی زمـان و ئـەدەب و ڕێزمانـدا، ئـاوڕێكیش لـە هونـەرەكانی ڕەوانبێـژی دەداتـەوە، نموونەگـەلێك لـە هـۆنراو و لـە پەخشـان دێنێتـەوە و پەنجـە بـۆ هونـەرەكانی خواسـتن، ئاوڕدانـەوە، كورتبڕی، درێژبڕی، پێشخستن و پاشخستن رادەكێشێت. (← ك ١٤).

لێرەوە بەشـێوەیەكی گشـتی دەتـوانین بڵـێین كـەوا هـەر یەكـە لـە (جاحیز) و (ئیبن قوتەیبە) و (میبرەد) و (ئیبن موعتەز) هونەرەكانی ڕەوانبێـژییان لەگـەڵ پێوەرەكـانی زمـانی عـەرەبی گونجانـدووە و لـەم بـارەوە هـیچ ئاگادارییـەكیان سـەبارەت بـە بیروبۆچـوونەكانی گـەلانی ناعەرەب نـەبووە، وەك چۆن لـە نووسینەكانیشیاندا شـتێك دەربـارەی ڕێبازی لێكۆڵینەوەكانی ئەرستۆی نابیندرێت. (← ك ١٤، ل ١٢٩).

لەبەرابـەر ئەمانـەدا دەسـتەیەكی دیكـە لـە هـەوڵی ئـەوەدابوون لەڕێگـەی وەرگێڕانـەوە دەسـتیان بـە هونـەرەكانی ڕەوانبێـژی گـەلانی دیكە ڕابگات و لەسـەر ئـەو بـاوەڕە بـوون كـە دەشـێ بنچینەكانی ئـەم زانستە لە ئەرستۆوە وەربگیرێت. دەتوانین (قودامەی كوڕی جەعفـەر) (لە ٣٣٧ی كۆچیدا مردووە) بە پێشەنگی ئەم دەستەیە بزانین. قودامـە لە كتێبی ((نقد الشعر))ەكەی خۆیـدا ڕێبـازی یۆنانییـەكانی لەبەرچاو گرتووە و بەسوود وەرگرتن لە لۆجیكی ئەرستۆ هەوڵیداوە بابەتەكانی ڕەوانبێـژی لێكبداتـەوە. لەبەشـی یەكـەمی كتێبەكەیـدا بـاس لـە چـوار

ڕەگەزە بنەڕەتییەکەی شیعر دەکات، واتا وشە و واتا و کێش و سەروا، لەبەشی دووەمدا دێتە سەر جوانیناسی شیعر و لەبەشی سێیەمیدا لە خەوشەکانی دەدوێت.

(قودامەی کوڕی جەعفەر) بە سوود وەرگرتن لە زاراوەکانی ڕەگەز و بەش و سنوور لە هەوڵی پێناسەیەکدا بوو بۆ شیعر و دەڵێت؛ ئاخاوتنێکی خاوەن کێش و سەروای واتادارە (←١٤). لەم پێناسەیەدا ((ئاخاوتن)) ڕەگەز و ((کێشدار)) بەشێکە لەو و لە ناکێشداری جیادەکاتەوە؛ ((سەرواداری))یش بە بەشێك دەژمێردرێت کە لە ناسەرواداری دادەبڕێت. ئەم پێناسەیەی (قودامە) بۆ شیعر تاوەکو ئەمڕۆش لە کتێبەکانی هونەری ڕەوانبێژی بەرچاو دەکەوێت و بەو هۆیەوەش لێکۆڵینەوە لەبارەی ((کێشداری)) و ((سەرواداری) لەدوای یەکترەوە دێن و مەسەلەی کێش و سەروا لە هونەرەکانی دیکەی ڕەوانبێژی جیا دەبێتەوە.

ئەم بۆچوونە لەدوای (قودامەی کوڕی جەعفەر) وەکو نەریتێکی لێهاتو بوو بە هۆکاری ئەوەش، کە سەروا وەك بەشێك لە جوانکاری سەیر نەکرێت. (قودامە)ش هەروەکو (ئیبن موعتەز) ناونیشانی جوانکاری بەسەر هەموو هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا دابڕیوە، ئەنجا هاتۆتە سەر پۆلینبەندی و ناولێنانی بەشەکانی. لەلایێکی دیکەوە (قودامە) بەرپەرچی کتێبەکەی (ئیبن موعتەز)، البدیع، دەداتەوە کەوا پشتی بە ڕەوانبێژی یۆنانی بەستووە، تا ئەوەی لە هەندێ شوێن ناوی هونەرەکانی جوانکاریش دەگۆڕێت؛ هەر بۆ نموونە هونەری (مطابقە) بە (تکافۆ) ناو دەبات تاوەکو ڕێژکەی خۆی لە (ئیبن موعتەز) جیا بکاتەوە (←ك ٨). بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پێویستە دان بەوەدا بندرێت، کە بۆچوونەکانی بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەگەڵ ئەوەی (ئیبن موعتەز) جیاواز نین و هەر ئەوەشە بۆتە مایەی ئەوەی

کـە لـە دوای ئـەوەوە ڕەوتێکـی تـازە لـە لێکدانـەوەی هونـەرەکانی ڕەوانبێژی نەیەتە ئاراوە.

لێـرەدا بـەکورتی دەتـوانین بڵـێین کـە بۆچـوونەکانی (قودامـەی کـوڕی جەعفـەر) کـارێکی وایکـرد لێکۆڵینـەوەی کـێش و سـەروا لـە هونەری جوانکاری جیا بێتەوە وەکو چۆن جوانکاری، چ لە دیـدی ئـەو و چ لـە دیـدی (ئـیبن موعتـەزەوە)، هـەموو هونـەرەکانی ڕەوانبێـژی بگرێتــەوە. هــەر بۆیــەش لێکۆڵینــەوە ئەدەبییــە جیاوازەکــان لــە کتێبەکانی بەرایی تایبەت بە ڕەوانبێـژی، لەوێنـەی ئەلبـەدیعی (ئـیبن موعتەز) و هی دوای ئـەویش وەکـو کتێبـی ((العمـدة في محاسـن الشعر ونقـده)) هـی (ئـیبن ڕەشـیق) (لـە ٤٥٦ی کۆچـیدا مـردووە) لـە یـەکتر جیانەکرێنـەوە، تـا لـە دواییـدا و بـەرە بـەرە لـەلای هەریەکـە لـە عەبدولقاهیری جورجانی (لە ٤٧١ی کۆچیدا مـردووە)، (سـیراجەددینی سەککاکی) (لە ٦٢٦ی کۆچیدا مردووە)، کـراوە بـە سـێ بـەش و بەسـەر هەریەکە لە واتاناسی و ڕوونبێـژی و جوانکاریـدا دابەشکراوە (← ك ١٦، ل ١٢٤). بــەو شــێوەیە لــە ڕۆژگــاری (ئــیبن موعتــەزەوە)، واتــا ناوەڕاستی سەدەی سێیـەمی کۆچـی تـا نزیـك لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی پێنجەمی کۆچی، تا ئەو کاتەی (عەبدولقاهری جورجانی) واتاناسـی و جوانکـاری لـە ڕوونبێـژی جیـاکردەوە، زانسـتی ڕەوانبێـژی ڕەوتێکـی تـەواوکاری بەخۆیـەوە بینیـوە، تـا لـە کۆتاییـدا هـەر سـێ هونەرەکـەی واتاناســی، ڕوونبێــژی و جوانکــاری گرتۆتــەوە. بــەو هۆیــەوە دەبــێ بەمەبەســتی تــاوتوێکردنی ڕەوتــی پەرەســەندنی لێکۆڵینــەوەکانی ڕەوانبێژی بگەڕێینەوە بۆ سەدەکانی چوارەم و پێنجـەمی کۆچـی و لـە بـەرایی هـەموو ئەوانەشـدا، ئـاوڕ لـە بەرهەمـەکانی (عـەلی بـن عیسـا ئـەلڕوممانی) و (لە ٣٨٦ی کۆچیدا مـردووە)، (ئەبوبـەکر محەمـەد بـن ئەلتـەیب ئـەلباقلانی) و (لـە ٤٠٣ی کۆچـیدا مـردووە)، بەتایبـەتیش (عەبدولقاهیری جورجانی) بدرێتەوە.

(عەلی کوڕی عیسای ڕوممانی) یەکێك بووە لە زانا گەورەکانی موعتەزیلە. لە نێو بەرهەمەکانیدا، کتێبێکی تایبەت بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی هەیە بە ناوی ((النکت في اعجاز القرآن))، تیایدا دەجۆری لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە یەکتر جیا کردۆتەوە؛ کورتبڕی، چوواندن، خواستن، تەلاؤم، فەواصل، تەجانوس، تەسریف، تێهەڵکێش، زیادەڕەوی، جوانی دەربڕین. ئەم پۆلینبەندییەی (ڕوممانی) دەری دەخات کە لەو ڕۆژگارەی ئەودا هێشتا نەگەیشتوونەتە جیاوازیکردن لەنێوان واتاناسی و ڕوونبێژی و جوانکاریدا، هەر بۆیە بۆچوونەکانیشی هەمان ئەو بۆچوونانەن کە ئیبن موعتەز لە ئەلبدیع دا خستوویەتیە ڕوو.

دوابەدوای (ڕوممانی) دەگەین بە (باقلانی) و (عەسکەری) کە کاریگەری زۆریان بەسەر یەکترەوە هەبووە. (باقلانی) یەکێکە لە موتەکەلیمینی ئەشعەری کە لەکاتی نووسینی کتێبەکەی خۆیدا ((اعجاز القرآن)) سوودی لە (البدیع) ی (ئیبن موعتەز) و (نقد الشعر)ی (قودامەی کوڕی جەعفەر) و (النکت في اعجاز القرآن)ی وەرگرتووە، ئەو هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە بیست و پێنج جۆر دەداتە قەڵەم: خواستن، چواندن، غلو، زێدەڕۆیی لەسیفەت، نواندن، دژیەك، ڕەگەزدۆزی، بەرانبەری، هاوتەریبی، وەك یەکی، ئاماژەی زیادەڕۆیی، ئیغال، توشیح، دوابەسەر، دروستی دابەشکردن، دروستی لێکدانەوە، تەواوکردن، تەرصیع، موزارەعە، تەعەتوف، کینایە، تەزییل، ئیستیتراد، تیکرار و ئیستیسنا. لە کۆتایی باسەکەشیدا دەڵێ هونەرەکانی جوانکاری زۆر زۆرن بۆیە بە مەبەستی کورتبڕی بە هێنانەوەی نموونە لە هەندێکیاندا وازیهێناوە (←ك ٨، ل ٢١٨). لەو لاوەش (باقلانی) لە کارەکەی خۆیدا هیچ چەشنە پۆلینبەندییەکی نەکردووە و جیاوازیشی لەنێوان ئەوەی پەیوەندی بە واتاناسی، یاخود ڕوونبێژی و جوانکارییەوە هەیە نەکردووە، هەر بۆیە لە

نووســـراوەکەی ئەویشــدا هێشــتا جوانکــاری گشــتێکە و واتاناســـی و ڕوونبێژیش دەگرێتەوە.

(ئەبوهیلالی عەسکەری) لەکتێبی ((الصناعتین))ی خۆیدا ئاماژە بە سی و پێنج جۆری هونەری جوانکاری دەکات و لەو باوەڕەدایە کە لە نێوانیاندا شەشیان دۆزراوەی ئەون؛ (تەشتیر، مجاوەرە، تەتریز، موزاعەف، ئیستیشهاد و تەلەتوف). (←ك ٨) لەدوای (ئەبوهیلالی عەسکەری) پێویستە سەرنج بخرێتە سەر (ئیبن ڕەشیق) و کتێبەکەی، ((العمدة في صناعة الشعر ونقده))، ئەو یەکەمین کەسێکە لە موتەکەلیمین بەڕاشکاوی جیاوازی لە نێوان قسەی هۆنراو و پەخشاندا دەکات، وتەی هۆنراو لە دیدی (ئیبن ڕەشیقەوە) وابەستە بەکێش و سەرواوەیە، لەحالێکدا وتەی پەخشان وا نییە (← ك ٨). ئەو وتەی هۆنراو بە شیعر دادەنێت، کە لە چوار ڕەگەزی بێژە، واتا، کێش و سەروا پێکدێت. (ئیبن رەشیق) لەکاتی ڕوونکردنەوەی سنعات و جوانکارییەکانی ئاخاوتن ئاماژە بە شەست و پێنج جۆری هونەر دەکات، هەروەها بۆ یەکەمجاریشە هەوڵ دەدات کە ئەو سنعاتگەلەی بەهۆی ڕووکارێکەوە لەیەکتر نزیکن لەیەك پۆڵدا دەستەبەندییان بۆ بکات. بۆ نموونە لە کتێبەکەی ئەودا دەبینین کەوا خوازە، خواستن، نواندن و چوواندن، لەیەك دەستەدا کۆ کراونەتەوە و (ئاماژە، تەفخیم، ئیماء، تەعریز، تەلویح، کینایە و ڕەمز) لە دەستەیەکی دیکەداڕێکخراون (← ك ٨). بەو شێوەیە دەکرێ (ئیبن ڕەشیق) بە دەستپێشخەری پۆلینکارییەکی نوێ لە زانستی ڕەوانبێژیدا دابندرێت و بە دڵنیاییشەوە (عەبدولقاهیری جورجانی) لەکاتی خستنەڕووی گەڵاڵەی زانستی ڕووبێژی و واتاناسیدا چاوێکی لە (ئیبن ڕەشیق) بڕیوە.

عەبدولقاهیری جورجانی لەکاتێکدا کە هەردوو کتێبەکەی خۆی ((دلائل الاعجاز و اسرار البلاغە))ی نووسیوە ئالوگۆڕێکی گەورەی

لەزانستی ڕەوانبێژیدا بەرپاکردووە، بەجۆرێکی وا کە ئەو بەداهێنەری زانستی ڕووبێژی و واتاناسی بناسرێت (← ك ٨، ل ٢١٨) کتێبی دلائل الاعجاز، لەگەڵ ئەوەشدا بەئامانجی سەلماندنی ڕەوانبێژی قورئان نووسراوەتەوە، وەلێ لە واقیعدا بەرجەستەکردنی بنیاتەکانی واتاناسییە. جورجانی لەو کتێبەدا سەرنج دەخاتە سەر پێکهاتە و ڕێزکردنی وشەکان و چۆنییەتی گونجانیان لەتەك یەکتریدا، وەك چۆن لەکتێبی اسرار البلاغەشدا باس لەهونەرەکانی وەکو چوواندن، خواستن و نواندن دەکات و ئەمەشیان هەمان بنچینە پێکدێنی کە لەدوایە بە ((ڕوونبێژی)) ناسراوە. دوا بە دوای (عەبدولقاهیری جورجانی)، هەر یەکە لە (سیراجەددینی سەککاکی) لە کتێبی ((مفتاح العلوم)) و (سەعدەدین مەسعودی تەفتازانی) لە هەردوو کتێبی (المطول والمختصر)دا زیاتر گرنگیان بە واتاناسی و ڕوونبێژی داوە. بەشی کۆتایی المطول بۆ جوانکاری تەرخانکراوە و تا ئەوەی ئەم کتێبە بۆتە نموونەیەکی بنەڕەتی بۆ هەموو ئەو کتێبانەی کە لەم بوارەوە نووسراون.

### ٢/١/٢/٢ سەرچاوە فارسییەکان

کۆنترین کتێب بەزمانی فارسی کە لە بواری زانستی ڕەوانبێژییەوە نووسرابێت، لەسەدەی پێنجەمی کۆچیدا، بەناونیشانی (ترجمان البلاغە) و لەلایەن (محەمەدی کوڕی عومەری ڕادویانییەوە) بووە. لەدوای ئەویش کتێبی (حدائق السحر فى دقائق الشعر) دێت، کە لەلایەن (ڕەشیدەددینی وەتواتەوە) بووە (لە ٥٧٣ کۆچیدا مردووە) و تیایدا زۆربەی بابەتەکانی لە (ترجمان البلاغەوە) وەرگرتووە. ئەنجا گرنگترین کتێبێك کە لەو بارەیەوە نووسرابێت کتێبەکەی (شەمسەددین محەمەدی کوڕی قەیسی ڕازییە) بەناوی (المعجم فى

معـــایير اشــعار العجــم)، كـــەوا پێدەچــێت هــی ســەرەتاكانی ســەدەی حەوتـــەمی كۆچـی بێـت، كـە مـرۆڤ ناتوانێـت بڵێـت بەتــەواوی لــە كتێبەكەی (ڕەشیدەددین وەتوات)، (حدائق السحرەوە) دوورە.

ئەنجا نۆرە دێتە سەر كتێبەكانی وەكو؛ (كنـز الفوائـد)ی (حسێن محەممەدشـای) سـەدەی حەوتـەمی كۆچی، (معیـار الجمـالی) (شەمسـی فەخری ئەسفەهانی) لەسەدەی هەشـتەمی كۆچی، (حقـائق الحـدائقی) (شــەرەفەددین حەســەن كــوڕی محەممــەدی ڕامــی تــەبریزی) ســەدەی هەشــتەمی كۆچـی، (دقـائق الشـعری) (عـەلی كـوڕی محەممـەدی تـاج ئەلحــەلاوی) ســەدەی هەشــتەمی كۆچــی، (بــدائع الافكــار فی صــنائع الاشعار)ی (مـەلا حوسـێنی واعیـزی كاشـفی)، (مـدراج البلاغـە)ی (ڕەزا قولیخان هیدایەت) لەڕۆژگاری قاجارەكاندا و لەگـەڵ كۆمـەڵێك كتێبـی دیكە كە ناونیشانەكانیان خۆی لەچەند سەتێكیش دەدات.

هەنـدێك لـەو نامـە و كتێبانـە هـەر ئەوانـەن كـە لـە كتێبـەكانی پێشــــووترەوە ڕاگــــوێزراون. ( ← ك ١٧، ل ٤٤ – ٤٦) (شـــــەفیعی كەدكنی) ناڕەزایی خۆی لـەو بـارەوە بـەم شـێوەیە دەردەبڕێـت (← ك ١٠، ل ٢٩٣):

((لـەنێوان ئـەو باسوخواسـانەی كـە لـە ڕۆژگـاری شارسـتانییەتی ئیسلامەتیدا نـاوی زانسـتی ڕەوانبێـژییان لـەخۆناوە و بـریتین لەهـەر سێ زانستەكەی (واتاناسـی و ڕوونبێـژی و جوانكـاری)، ئـەم زانسـتەی دواییان واتا جوانكاری، بـە بـەراورد لەگـەڵ دوو لقەكـەی دیكـە، زیـاتر بۆتـە بابـەتی وازیپێكـردن و زاراوە تاشـی و بێسـەرووبەرەیی دەورانـی داتەپینی فەرهەنگی. هەر لە دەستپێكی هاتنەناوەوەی ئەم هونەرە لـە نــاو موســوڵمانانەوە بیگــرە، كــە كەســانێكی وەكــو (قودامــەی كــوڕی جەعفەر) و (ئیبن موعتـەز) هـەم ناویـان لێنـاوە و هـەم پۆلینبەنـدیی هونــەرەكانیان كــردووە، تــاوەكو بــەدوا هەوڵــەكانی كەســانێكی وەكــو (سەید عەلی خانی شیرازی) لە (انـوار الربیـع و ... شـەمس ئەلعولـەما)

قەریبی گورگانی لە ابداع البدیع ڕادەگات، ئەو ناوو ناتۆرانەی کە بۆ هونەرەکانی جوانکاری داندراون لە (١) وە دەستپێدەکات تا دەگاتە (٢١) و لە دواییدا خۆی لە (٢٢) هونەر دەدات ... کە نیشانەی ئەوپەڕی داهێزراوییە لە چێژ و بێدەرەتانییە لە داهێناندا ...)).

## ٢/٢/٢ کورتە مێژوویەکی هونەری عەرووز و سەروا

### ١/٢/٢/٢ لێکۆڵینەوە عەرووزییەکان(*)

لە هەموو سەرچاوەکانی بەردەست، ڕەنگە کتێبێك نەبێت لەکاتی هێنانەوەی پێناسەیەك بۆ شیعر ئاوڕێکی لە مەسەلەی کێش نەدابێتەوە. (خانلەری) هەر لە دەستپێکی کتێبەکەی خۆیدا، (وزن شعر فارسی)، پێ لەسەر ئەو خاڵە دادەگرێت و لە درێژەی ئاماژەکردنی بۆ پێناسەکانی شیعر لەلایەن ئەفلاتون و ئەرستۆ و لە پاشانیش تا (خواجە نەسرەدینی تووسی) و (عەللامە حیللی)، دەڵێ: شیعر ئەو کاتانە بەشیعر دادەنردرێت کە کێشی هەبێت، واتە کێشداربێت. ئەنجا دێتە سەر بۆچوونەکەی ئەرستۆ و ئەو جیاوازییەی ئەو لەنێوان شیعر و هۆنراودا کردوویەتی. دواتر ئاماژە بۆ تێڕوانینی (ئەبو عەلی سینا) لەو بارەوە دەکات و دەنووسێ (←ك ٦، ل ١٤):

((هەرچی ئەرستۆیە جیاوازی لەنێوان شیعر و هۆنراودا کردووە. لای ئەو بنیاتی شیعر بۆ واتا و بۆ ناوەرۆکەکەی دەگەڕێتەوە، ڕووخساریش کە وابەستەیی بەکێش و یاساکانی دیکەی هۆنراوەوە هەیە، بەشێك لە گەوهەری شیعر پێکناهێنێت... ئەم تێگەیشتنە لەلای هەموو زانایانی ئیسلام بەدرێژی ڕاڤە و لێکدانەوەی بۆ کراوە.

---

(*) دیارە لە ڕووی زاراوەسازییەوە جیاوازی لەنێوان (کێش) و (عەرووز)دا هەیە، کێش زاراوەیەکی گشتییە و هەموو جۆرەکانی کێش دەگرێتەوە. هەرچی عەرووزە زانستێکە و تایبەتە بە کێشناسی شیعری عەرەبی (وەرگێڕ).

ئەبو عەلی سینا گوتوویەتی: هیچ لوجیکێك بۆ لای هەریەك لە کێش و یەکسانی و سەرواوە ناڕوانێت، تەنها ئەو کاتانە نەبێت کە ببندرێت ئاخاوتن چۆن چۆنی دڵڕفێن و هەستبزوێن دەبێت)).

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و (خانلەری) هەرچەندە بۆچوونەکانی ئەرستۆ و ئەبوعەلی سیناشی هێناوەتە، پێ لەسەر ئەو دید و بۆچوونەی خۆی دادەگرێت و دەڵێ (← ك ٦، ل ١٧): لەم گفتوگۆیەدا بەو ئەنجامە دەگەین کە شیعر هەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە تاوەکو ئەمڕۆ و لەلای هەموو میللەتان بە کێشەوە گرێدراوە و لە هیچ زمانێکدا ئاخاوتنی بێکێش ناچێتە خانەی شیعرەوە.

بەمجۆرە لەمێژووی لێکۆڵینەوەکانی کێشناسیدا ڕوون دەبێتەوە کە مەسەلەی کێش هەمیشە بەشیعرەوە پەیوەستکراوە نەوەکو هۆنراو و بەو هۆیەشەوە پۆلبەندی کێش، بەشێکی گرینگی لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە.

پۆلینبەندی کێشەکان لەچوارچێوەی زانستێکدا تایبەتکراوە بەناوی ((عەرووز))، کە هەر لە بنچینەدا دیار نییە چی دەگەیەنێت وەیا چۆن داندراوە (← ك٦، ل ٨٤).

سەبارەت بە بناوانی کێشی شیعری فارسیش بیروڕای جیاواز زۆرن، یەکێکی وەکو شەمیسا، بناوانی کێشی شیعری فارسی دەگەڕێنێتەوە لای عەرووزی عەرەبی (← ك ١١) و لەبەرامبەریشدا یەکێکی وەکو (وەحیدیانی کامیار) دەڵێ بناوانەکەی هەر ئێرانییە. (← ك ٢٢)

بە هەر جۆرێك بێت ئەوەی وەکو بەڵگەیەك لەبەردەستی ئێمەدایە ئەوە نیشاندەدات، کە ئەگەرێکی وا هەیە ئەوەی زانستی عەرووزی داناوە کەسێك بووە بەناوی (عەبدوڕڕەحمان خەلیل کوڕی ئەحمەد) و لە دەوروبەری ساڵی ١٠٠ی کۆچیدا لە بەسرا لە دایکبووە بەڵام دیار نییە لە چ مێژووییەکدا مردووە.

( ← ك ٦، ل ٨٣). ئەو پێڕەوەی کە (خەلیلی کوڕی ئەحمەد) لە کتێبی (العروض) دا داینــاوە یـان پێدەچێت کـە ئـەو وایـدانابێت، بەدرێــژایی ســاڵانێکی دوورودرێــژ لــە ژمارەیــەکی زۆری کتێبــەکانی عـەرووزدا وەکو نموونەیـەکی بـێ چەندوچوون وەرگیراوە و پێڕەوی لێکراوە، لە نموونەی کتێبەکانی وەکو؛ (المعجم فی معاییر اشعار العجم) هی (شەمسەددین محەممەدی کوڕی قەیسی ڕازی)، (معیار الاشعار)ی خواجە (نەسرەددینی تووسی) لەسـەدەی حەفتەمدا؛ (نفائس الفنون فی عرائس العیون) هی (شەمسەددین محەممەدی کوڕی مەحمودی ئاملی) و (عەرووزی هەمایونی)، (عەبدولقەهار کوڕی ئیسحاق) لەسەدەی هەشتەم و؛ (عەرووزی سەیفی بوخاری) لەسەدەی نۆیەم، (شجرة العروض)ی (موزەفەری کوڕی ئەسیر)، (زبدة العروض) هی (ئەحمەد حوسێن خانساب)، (بحور الالحانی) (فورسەتوددەولەی شیرازی) و (درّە نجفی غەففار)ی (نەجەفقولی) لەسەدەی چوارەمی کۆچیدا (← ك ٢١، ل٥٩٢) تاوەکو بەسەرچاوە هاوچەرخەکانیش ڕادەگات. (←ك ١٩).

نەجەفی لـەکاتی ساغکردنەوە و بـەراورد لـەنێوان جـۆرە جیاوازەکانی لێکۆڵینەوەکانی عەرووز لەکتێبەکەیدا (العروض)، ئەو ڕەوتەی کە ئەو پێڕەوی لێکردووە بەجۆرێکی نەریتی دەداتە قەڵەم (← ك ٢١، ل ٥٩٢) و دان بەوەدا دەنێت کە ئەو پۆلینبەندییانەی لە دوایە بۆ کێشی شیعری فارسی کراون، هەموویان لەسەر بنچینەی ڕێبازەکەی (خەلیلی کوڕی ئەحمەد) ئەنجامدراون. ئەنجا ئەو بەراوردەکەی خۆی بەخستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی عەرووزی نەریتی و کورت هێنانەکانی دەستپێدەکات و لەو بارەوە دەڵێ (← ك ٢١، ل ٥٩٣): ((هەر لە کۆنەوە پەیان بەو مەسەلەیە بردووە کە لە نێوان کێشەکاندا لێکچوون هەیە، بۆ نموونە کێشێك کە لە سەر بنچینەی دووبارەبوونەوەی مەفاعیلون دەستدەکەوێت دەشێ

بەجیاوازییەکی کەم ... بگۆڕێت بۆ کێشێك کە لەسەر بنچینەی دووبارەکردنەوەی فاعیلاتون یا موستەفعیلون یا مەفعولاتو دروستبووبێت؛ کەوابێت ئەم وێنە هاوڕەگەزانەیان لەیەك بازنەدا داناوە کە چێوەکەی لە دووبارەبوونەوەی چوار جار مەفاعیلون پێکهاتبێت. ئەنجا ئەگەر هات و لە مەفاعیلەوە دەستپێبکەین و بەدەوری چێوەکەدا بخولێینەوە ئەوا کێشی هەزەجمان دەستدەکەوێت و ئەگەر بە فاعیلون یا مەفاعیلون یا عیلون مەفاعیلون یالون مەفاعیلون بەرەو پێشەوە بڕۆین، ئەوا کێشی دیکە و بەناوی دیکەوە دەدۆزینەوە)).

بەم پێیە و لە ڕوانگەی خەلیلی کوڕی ئەحمەدەوە لە هەر یەکێك لە بەحرەکاندا دەتواندرێت چەندین کێش لە یەکتر هەلاوێردرێت کە بە کەمکردنەوە، یا زیادکردن یا جێگۆڕکێی بەشەکان لەیەکتری جیا دەبنەوە. بەم ئالۆگۆڕانە دەگوترێت ((زحاف)) و بۆ هەر یەکێکیان ناوێکی تایبەتی هەیە. بۆ نموونەی لەبەحری هەزەجدا کە لە دووبارەکردنەوەی چوار مەفاعیلون بەدەستدێت، ئەگەر دوا مەفاعیلون بگۆڕدرێت بۆ مەفاعیل ئەوا بە ((مقصور)) ناودەبرێت و ئەگەر بگۆڕدرێت بۆ فەعولون ئەوا بە ((محذوف)) دەژمێردرێت. بەم شێوەیە بناغەی لێکۆڵینەوەکانی عەرووزی نەریتی لەسەر چەند بازنە و ئەو ئالوگۆڕانەی بەسەر ئەم بازنانەدادێت داڕێژراوە.

خەلیلی کوڕی ئەحمەد هونەری عەرووزی لەسەر بنەمای پێنج بازنە دامەزراندووە کەوا پازدە بەحری لێدەکەوێتەوە. لەدوای ئەو (ئەبولحەسەنی سەعیدی بەڵخی) ناسراو بە (ئەخفەشی ناوەند) (لە ٢١٥ی کۆچیدا مردووە) بەحری موتەدارەکی بۆ زیادکردووە و پاش ئەویش شاعیرانی ئێرانی هەر سێ بەحری قەریب، جەدید و موشاکیلیان خستۆتە سەر و تا ئەوەی ژمارەی بەحرەکان گەیشتۆتە نۆزدە (← ك ٧). (دهخدا) ناوی کێشەکانی لەم پارچەیەی خوارەوەدا

گونجاندووه ( ← ك ١٧):

رجز خفيف و رمل، منسرح دگر مجتث
بسيط و وافر و كامل، هزج، طويل ومديد
مشاكل ومتقارب سريع ومقتضب است
مضارع ومتدارك، قريب نيز جديد

له دوایی هەر ئەو بە ڕاگوێزان لە (غیاث اللغات)، (آنندراج) و (المعجم في معايير اشعار العجم) دا لەسەری دەڕوات و دەڵێ (← ك ٧):

((لە عەرووزدا هەر چەند کێشێکی لەگەڵ یەکتر گونجاویان لەدەستگایەکدا کۆکردۆتەوە و ناویان ناون بازنە و بۆ هەر بازنەیەکیش ناوێکی تایبەتیان داناوە و ڕێزبەندی وێنەکێشانی بازنەکان بەشێوەیەکە کە هەر بازنەیەك لەرێگەی وێنەکێشانی تیرەکانەوە بۆ چەند پارچەیەك دابەشکراوە و لەسەر هەر پارچەیەکی چێوەی بازنەکەدا یەکێك لە ڕوکنەکانی سەبەب و وەتەد و فاسیلە بەپیتەکانی ((ف ع ل)) نووسراون و لەدوای ئەوە جیابوونەوەی هەر کێشێکیان دەستنیشانکردووە. بەمجۆرە لەهەر یەکێك لە ڕوکنەکانەوە دەستپێبکرێت، یەکێك لەو کێشانەی کە وابەستە بەو بازنەیەوەیە دروست دەبێت. بازنە ناودارەکانی کێشەکانی عەرووز شەش دانەن کە لە هەر یەکێك لەو بازنانە چەند کێشێك لەو نۆزدە کێشانە دەردەهێندرێت)).

لە دوایە ناوی بازنەکان دەبات، (موتتەفیق، موختەلیف، موئتەلیف، موجتەلیب، موشتەبەهـ و مونتەزەع). ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە لە هەر بازنەیەکدا ئەو کێشانەی بەرهەمدێن کامانەن.

نووسین و تۆمارکردنی ئەم هونەرە بەزمانی فارسی لەسەدەی چوارەمی کۆچییەوە دەستیپێکردووە. لە نووسەرانی کۆنی ئەم بابەتە لە فارسیدا دەکرێ ناوەکانی وەکو؛ (ئەبولحەسەن عەلی بەهرامی سەرخسی) (لەسەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچیدا مردووە) و کتێبەکەی (غایة

العروضين) و (بزرجمهور قاينى) و (مەنشووری سەمەرقەندی) بەرین کەوا هەم کێش و هەم بازنەی تازەیان دۆزیوەتەوە، تائەوەی بەرەبەرە عەرووزی فارسی شێوەیەکی وای بەخۆوەگرتووە تا لە عەرزووی عەرەبی جیابۆتەوە. (←ك٧). نەجەفی لەکاتی لێکۆڵینەوەی عەرووزی کۆن (نەریتی) چەند جۆرێك لە کورتهێنانی ئەم پێڕەوە دەستنیشاندەکات و دواتر ئەمەی بۆ زیاد دەکات (←ك ٢١، ل ٥٩٤):

((کورتەی گوتن ئەوەیە، کە عەرووزی کۆن هەرگیز ناتوانێت ئەوە ئاشکرا بکات کە بۆچی ئاخاوتنێك کێشدارە و یەکێك بێ کێش. جا لەبەر ئەوەی وەڵامێکی قەناعەتبەخش و لەسەر بنەمای ڕێساکانی زانستی پێ نییە، بەناچاری یەکەمین هۆکاری بێپاساو لەڕێکخستنی بازنە نەریتییەکان دێتەگۆڕێ. لە کاتێکدا سوودی هەرە گەورەی پۆلینبەندی کێشەکان بە دروستی لەوەدایە کە هۆکاری کێشدار بوونیان ڕوونبکاتەوە. (خانلەری) لە کتێبی وزن شعر فارسی (← ك٦) شێوازێکی نوێ لە لێکۆڵینەوە و پۆلینبەندی کێشەکانی شیعری فارسی دێنێتە ئاراوە. لەگەڵ ئەوەی ئەو لە بنەڕەتدا مەسەلەی بازنەکان و دابەشبوونی بۆ بەحر و کێشەکانی لەلا پەسەندە، بەڵام بۆ دەربازبوون لە گیرکارییەکانی عەرووزی نەریتی چاوپۆشی لەو بەحرانە دەکات کە لە فارسیدا نین. ژمارەی بازنە عەرووزییەکان لە حەفتەوە دەگەیەنێت بە پانزدە؛ زیحافەکان بەلاوە دەنێ و بەمەبەستی نیشاندانی سەرچاوەهەڵگرتنی قالبە کێشێك لە کێشێکی دیکە سوود لە کەمبوونەوەی بڕگەکانی کۆتایی کێشە بنەڕەتییەکە وەردەگرێت (← ك ٢١، ل ٥٩٧). هەروەها کێشە جیاوازەکان لە کێشە لێکچووەکان جیادەکاتەوە؛ کێشە جیاوازەکان بەهۆی بازنەکانەوە دەخاتەڕوو و جیاوازی لەنێوان کێشە لێکچووەکانیش لەباسێکی دیکەدا و بە ناونیشانی ((بژاردەکانی شاعیری)) چارەسەر دەکات. (←ك ٦، ل ٢٦٣).

(خانلـەری) لـەو ڕێگەیـەوە ١٤٢ نموونـەی قالبـەکێش، لـە هـەموو کێشـەکانی شـیعری فارسـی کـە ژمارەیـان دەگاتـە ٣٠٠ جـۆر، دەستنیشـان دەکـات و بـەو ڕەنگـە تـەنها نزیـك لـەنیوەی کێشـەکانی شـیعری فارسـی ڕووندەکاتەوە. (نەجەفی) دوابەدوای خستنەڕووی ڕوانگەی (خانلـەری) و دەستنیشانکردنی کورتهێنانەکانی، ئاماژە بۆ ڕێبازەکەی (فـەرزاد) دەکـات و لەو بارەیەوە دەڵێ (← ك ٢١، ل ٦٠٠):

((فەرزاد لە پۆلینبەندی کێشـەکانی شـیعری فارسـی سـەرنج بـۆ ئـەو خاڵە بنەڕەتییە ڕادەکێشێت کە هەر کێشێك لەچەند یەکەیـەکی بچووکتر پێکهـاتووە، ئـەنجا لـە یەکـەم هـەنگاودا بـەدوای دۆزینـەوەی ئـەم یەکـە بچـووکانە یـاخود پێیەکانـدا ... دەگـەڕێت و بیسـت و سـێ جـۆرە پـێ دەستنیشان دەکات (چوار پێی سێ بڕگەیی، هەشت پێی چوار بڕگەیی، دەپێـی پێـنج بڕگـەیی و یـەك پێـی شـەش بڕگـەیی)، ئـەنجا ئەمانـە لـە خشـتەیەکدا بـە ژمـارە (١) ڕێکـدەخات (←ك ٥١، ل ٦٨٥). لـەدوای ئـەوە پێکهاتـەکانی گونجـاوی لـە نێـوان ئـەم پێیانـەدا دەخاتـە بەرچـاو و پێڕسـتێکیان لەخشـتەی ژمـارە (٢) دا بـۆ دادەنێـت (← ك ٥١، ل ٨٨٥ — ٨٩٥). لە کۆتاییدا ئەم پێکهاتانـە لەسـەر شـیعری فارسـی جێبەجێـدەکات و تا ئەوەی کێشەکان لەخشتەی ژمارە (٣)دا ڕیزبەند دەکـات (←ك٥١، ل ٢٩٥ — ٦١٦). بـەم شـێوەیە بـە خیشـکەیی خـۆی لـە پـەنابردن بـۆ بازنـەکانی عەرووز دەرباز دەکات ... ئەوجا کێشەکان لەسەر بنەمای گشت و بەش بـۆ سـەر خێـزان و دەسـتە و کێشـدا دابەشـدەکات و ... لـەو ڕێگەیـەوە (٧٥٢) نموونە کێشی جیاواز دەستنیشاندەکات ... کە ئەمە زۆرترین بڕەکێشە کـە تـاوەکو ئـەمڕۆ لەکتێبـەکانی کێشـی عـەرووزی فارسـی کۆکرابێتنـەوە و ڕێزبەندیکرابن)).

هەوڵ و تەقەللای (فەرزاد) لەو پێناوەدا بووە کە کێشـەکانی شـیعری فارسـی لەچوارچـێوەی کۆبەنـدێکی گونجـاو و لەسـەر بنـەمای ڕێسـاکانی ماتماتیکی ڕێکبخات، لەو ڕێیەشەوە توانیویـەتی سیستـەمێکی تـا ڕادەیـەك

ڕێکخراو بخاتە بەردەست. بەڵام نەجەفی ڕەخنەگەلێکی دەرحەق بەو پۆلینبەندییەی ئەو هێناوەتەوە کە یەکە بە یەکە باسیان دەکات. (← ك ٢١، ل ٦٠٠ – ٦٥٠).

(ئیلوێل-ساتون)[1] (← ك ٢) دوایین توێژەرە، کە (نەجەفی) لە کتێبەکەی خۆیدا باس لە پۆلینبەندییەکەی دەکات بۆ کێشەکانی شیعری فارسی و لەلێکۆڵینەوەکانیدا بەهرەیەکی زۆری لە ڕوانگەی خانلەری وەرگرتووە. ساتۆب لەسەرەتادا کێشەکان بەسەر چوارده دەستەدا دابەشدەکات، کە لە نێوانیادا پێنج دەستە ((ڕێسادار)) و نۆ دەستەیان ((بێ ڕێسا))ن. ئەنجا لەسەر بنەمای ئەم دابەشکارییە (٢٠٨) کێشی جیاواز لەشیعری فارسی دەستنیشاندەکات (←ك ٢١، ل ٦١٣). هەر چەندە نەجەفی ئەم پۆلینبەندییەی (ئیلوێل ساتۆن) بەشێوەیەکی گشتی بە ڕۆشنترین و بایەخدارترین توێژینەوە لەبارەی کێشی شیعری فارسییەوە دادەنێت، بەڵام بەهۆی تەواو ڕوونەکردنەوەی مەسەلەکان و نەبوونی بەرجەستەی ڕێسا ڕێکخەرەکان لەپێکهێنانی دەستەکاندا، ئەم شێوە پۆلینبەندییە دەبێتە کارێکی ناکردەیی. (←ك ٢١، ل ٦٢٤).

لێرەدا مەسەلەکە لەوەدا نییە نیشانیبدەین کامە لەم لێکۆڵینەوە عەروزییانە گونجاو تر و زانستی ترە، ئەوەی لەم کورتە باسەی ئێمەدا سەبارەت بە لێکۆڵینەوە عەروزییەکان مایەی بایەخپێدان بێت، مەسەلەی جیاکردنەوەی لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بەکێشی شیعرە لە لێکۆڵینەوەکانی ڕەوانبێژی. ئەم ڕێبازەی کە بۆ یەکەم جار لەکتێبی (العروض)ی (خەلیلی کوڕی ئەحمەد) خراوەتە ڕوو و تاوەکو ئێستاش وەکو نەریتێك پێڕەویی لێکراوە.

سەیریش لەوەدایە کە بەپێی هەمان نەریت، لێکۆڵینەوە لەبارەی سەرواش وەکو شتێکی جیاواز لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و هەمیشە

---

1 - L . P . Elwell – Sutton.

وابەستە بە لێکۆڵینەوە عەرووزییەکانەوە سەیرکراوە، بۆیە لەکاتی لێکۆڵینەوە لەبارەی کورتەمێژوویەکی لێکۆڵینەوەکانی عەرووز، وا پێویست دەکات باسێکیش بۆ مێژووی لێکۆڵینەوەکانی سەروا تەرخانبکرێت.

### ٢/٢/٢/٢ لێکۆڵینەوە لەبارەی سەرواوە

شەفیعی کەدکنی لە کتێبەکەی خۆیدا (مۆسیقای شیعر) و لە سەرەتای باسەکەیدا لەبارەی سەرواوە، ژمارەیەك پێناسەی بۆ سەروا هێناوەتەوە و لەو بارەوە دەڵێ: ((لەگەڵ ئەوەی سەروا لەڕوانگەی چەمکێکی دەرەکییەوە شتێکە و بەراشکاوی دیارە و هەموو کەسێك لە دیدی میسداقێکەوە بە ڕۆشنی درکی پێدەکات و دەیناسێتەوە، بەڵام لەپێناسەکردنیدا لە ڕوانگەی ئەهلی ئەدەبەوە جیاوازییەکی زۆر هەیە)). (← ك ١٠، ل ٥٥) لە ئینسکلۆپیدیای فارسیدا و لەژێر ناونیشانی ((زانستی سەروا))دا واهاتووە کە ((لە ئەدەبیاتدا، ئەو زانستەی کە باس لەبەشەکانی سەروا و پیتەکانی دەکات و ئەنجا دێتە سەر بابەتی خەوشەکانی سەروا و سنووری هەر یەکێکیان دەستنیشاندەکات، بەزانستی سەروا ناودێر دەکرێت. سەروا و عەرووز لەگەڵ ئەوەی لە ڕووالەتدا لەڕووی بابەتەوە پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، بەڵام هەمیشە بەیەکەوە ناویان دێت و نووسەرانی عەرەب و ئێرانی لە کۆنەوە مەسەلەی سەروایان لەکتێبەکانی عەرووزدا، دیارە وەکو زانستێکی جیاواز، باسکردووە و نزیك لە هەموو کتێبەکانی تایبەت بەسەروا وەکو تەواوکار یاخود پاشکۆی کتێبەکانی تایبەت بە عەرووزی لێهاتووە، مەگەر لەهەندێك بابەتدا نەبێت)). (← ك ٢٠، ل ١٩٨٩).

بەو جۆرە و هەر لە سەرەتادا، بەگوێرەی گوتەکەی شەفیعی کەدکنی و بەهۆی ئەو پێناسە جیاوازانەی کە بۆ سەروا کراون، گومان

بـۆ ئـەوە دەچـێت کـە دیـدی جیـاوازیش لەمەسـەلەی لێکۆڵینـەوەی سـەروادا هـەبێت. بـەڵام ئـەم جـۆرە جیاوازییانـە بـەدی ناکرێـت، خـۆ ئەگەر لەمەسەلەی لێکۆڵینـەوەکانی عـەرووزدا بەلانیکـەم لـە ڕۆژگـاری خانلـەری بـەدواوە، چـەند جـۆری تـازەی پۆلینبەنـدی بـۆ کێشـەکان ئەنجامـدرابێت، ئـەوا لەمەسـەلەی سـەروا و لێکۆڵینـەوەکانی سـەروادا نزیـك بـە هـەموو ئـەو کتێبانـەی کـە لـە ژێـر ناونیشـانی ((عـەرووز و سەروا))دا نووسراون، بەبێ دەستکاری و وەکو خۆیان ماونەتەوە.

تاوەکو سەدەی چوارەمی کۆچی، واتە ئەوکاتـەی کـە لێکۆڵینـەوەی عەرووز بەفارسی دەستپێکرد و کەسانێکی وەکـو (ئەبولحەسـەن عـەلی بـەهرامیی سەرخسـی) و (مەنشووری سـەمەرقەندی) دەسـتیانکرد بـە لێکۆڵینەوەی عەرووزی فارسی، ڕەنگە هەر بـەپێی نـەریتی کتێبـەکانی عـــەرووزی عـــەرەبیش دابووبێـــت، بەشـــێکیان لەکتێبەکانیانـــدا بـــۆ لێکۆڵینەوە لەسەروادا تایبەت کردووە.

پێناسـەی سـەروا لـە بنـەمادا هـەر ئەوەیـە کـە (ئەبولحەسـەنی سەعیدی بـەڵخی) ناسـراو بـە (ئەخفەشی ناوەنـد) هێناویەتـەوە. ئـەو سەروا بە دوایین وشەی شیعر دادەنێت و ئەوە ئاشکرا دەکات کە بۆیـە بە ((سەروا/ قافیە)) ناویان بردووە کە لەواتادا ((شوێنپێ هەڵگرتوو)) دەگەیەنێت. (← ك ٧).

جیاوازییـــەکانی پێناســـە لـــەو ڕۆژەوە دەســـتپێدەکات کاتێـــك نووسەرانی ئێرانی دەستیانکردووە بە لێکۆڵینەوەی عـەرووزی فارسـی. ئەوان کاتێك بەگوێرەی نەریتی پێشوو بەشێك لـە کتێبـەکانی خۆیـان بۆ لێکۆڵینەوەی سەروا تەرخانکرد، درکیان بەوەکرد کە لە زۆر شوێندا و ئەوەی لە کتێبە کۆنەکانی عەرووزی عەرەبی لە کۆتایی دێری شیعر یا نیوە دێردا وەکو سەروا دەستنیشانکراوە حوکم نییـە هەمیشـە لـە کۆتاییدا بێت و دەکرێ وشەیەك یاخود چـەند وشـەیەك لـە دوایـەوە بێـت، بـەو جـۆرە پێناسـەی سـەروا بـەهۆی بـوونی ((ڕەدیـف/ پـاش

سەروا))وە، کە لەداهێنانی ئێرانییەکانەوە بوو (←ك ١٠، ل ١٢٨)، لە نەریتە کۆنەکە لایداو هەر کەسێك بۆی هەبوو، بە لەبەرچاوگرتنی هەبوونی پاش سەرواوە، پێناسەیەك بۆ سەروا بێنێتەوە. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا کە جیاوازی لە پێناسەگەلی سەروادا سەری هەڵدا، کەچی شێوازی لێکۆڵینەوەی هەروەك خۆی مایەوە. لە نێو ئەو پێناسانەی کە بە لەبەرچاوگرتنی پاش سەرواوە بۆ سەروا کراوە، دەکرێ لێرە پێناسەکەی (شەمسەددین محەممەدی کوڕی قەیسی ڕازی) بێنینەوە کە له المعجم في معايير اشعار العجم دا هاتووە (←ك ١٠٠، ل ٥٥):

((سەروا بەشێکە لەو وشەیەی کۆتایی دێری شیعر، بەمەرجێك ئەم وشەیە بەهەمان واتا لە کۆتایی دێرەکانی تر دووبارە نەبووبێتەوە، ئەگەر هات و دووبارە بوویەوە دەبێت بە پاشسەروا، ئەو کات سەرواکە دەکەوێتە پێشی ئەوەوە)). ئاماژە جیاوازەکانی نێوان پێناسەکانی سەروا لە عەرووزی عەرەبی کۆن و پێناسەکردنەوەی بەرچاوکردنی پاش سەروا، تا دەگاتە سەدەی هەشتەمی کۆچی، کاریکی وایکردووە کە یەکێکی وەکو (عەبدولقەهاری کوڕی ئیسحاق) خاوەنی عەرووزی هومایون، هێشتاکە لە پەرش و بلاوی بیروڕاکان ڕزگاری نەبووبێت. بۆیە لەو بارەوە دەڵێ (← ك ١٠، ل ٥٧):

((کەسانێکی وا هەن هەموو وشەکەی کۆتایی بەسەروا دادەنێن و هەندێك دوو وشەی کۆتایی دێرەکە و هەندێك نیوەدێری دووەم و هەندێك پیتی ڕەوی و ئەمانە هەموو وەکو خوازە بەسەروا دادەندرێن لەبەر ئەوەی سەروا دەکەوێتە ئەو شوێنانەوە)). لەو ماوەیەدا تا دەگاتە سەدەی چواردەی کۆچیش، یەکێکی وەکو (غەففاری نەجەفقولی) نووسەری (دوڕڕەی نەجەفی) دەبینین، کە

لەکاتی پێناسەی سەروادا هەمیسان پێڕەوی لە کتێبە کۆنەکانی عەرووزی عەرەبی دەکات و لەو بارەیەوە دەڵێ (← ك ١٠، ل ٥٦):

((بەدەر لە پێناسە جۆراوجۆرەکان، شێوازی لێکۆڵینەوەی سەروا، لەو کتێبانەدا کە بەشێوەیەکی نەریتی ناویان لێندراوە ((عەرووز و سەروا))، دەقاودەق هەر ئەوەیە کە لە (المعجم فی اشعار العجم) دا بەدیدەکرێت؛ بەجۆرێك کە لە سەرەتادا پێناسەیەکی سەروا دەخرێتە ڕوو، دوای ئەوە بەبێ ئەوەی بچوکترین ئاماژە بۆ ئەو مەسەلەیە بکرێت، کەوا بۆچی لێکۆڵینەوە لەبارەی سەرواوە لە تەك عەرووزدا ئەنجامدەدرێت، پێناسەیەکیش بۆ پاش سەروا دەهێندرێتەوە؛ دوای ئەوە ئاماژە بۆ وشە سەروا و پیتی ڕەوی دەکرێت. ئەنجا بزوێنەکانی پیتە سەرواکان واتە (ڕەس، ئیشباع، حەذو، تەوجیه، مەجری و نەفاذ) باس دەکرێت و لە کۆتاییشدا خەوشەکانی سەروا دەخرێنەڕوو، واتە (ئیقواء، ئیکفاء، سەناء و ئیتاء). بێئەوەی ڕوونیش بکرێتەوە کامە مەسەلە پەیوەندی بەهۆنراوی فارسییەوە هەیە و کامەشیان دەبێ بۆ هۆنراوی عەرەبی تایبەت بکرێت)).

## ٣/٢/ ئەگەری کارتێکردنی بیروڕای توێژەرانی ئەورووپایی لەسەر ڕەوانبێژی ئیسلامی

لەم برگەیەدا ئەو پرسە تاوتوێدەکرێت، کە ئاخۆ بیروڕای توێژەرانی ئەورووپایی بەتایبەتیش ئەرستۆ کاریگەری بەسەر لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی موسوڵمانانددا هەبووە یاخود نا.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسە، سەرەتا دەبێ لەپێشنەیەکی مێژووییەوە بۆ ئەگەری هەبوونی ئەم کاریگەرییە دەستپێبکەین و دوایی شیکردنەوەیەك بۆ ئەم مەسەلەیە ئەنجامبدەین. ئەرستۆ بەر لەسەردەمی موسوڵمانێتی لەناو حەڕڕانییەکاندا کەسێکی ناسراو بووە

و بەشێك لەبەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی سریانی یاخود پوختەکراون و نووسراونەتەوە (← ك ٥، ل ٢١٠). بەڕای (زەڕینکوب)، وەکو بەدیاردەکەویێت ئەرستۆ لەئێرانی سەردەمی ساسانییەکانیشدا کەسێکی نەناسراو نەبووە و خاوەن ڕایان ئاشنایەتیان لەگەڵ بەشێك لە بیروڕاکانیدا هەبووە (←ك ٩، ل ١٨٣). واپێدەچێت کە ئەو لە نێو موسوڵماناندا زیاتر وەکو لوجیکناسێك ناوبانگی دەرکردبێت کە لە هەموو بابەتەکانیدا شوێنپێی بیروڕاکانی (فیساغۆرس و سوقرات و ئەفلاتون) کەوتووە. (←ك٥، ل ٢١١).

بەگوێرەی سەرچاوەکانی بەردەست واپێدەچێت کە کتێبی گوتاربێژییەکەی ئەرستۆ لە سەردەستی (ئیسحاقی کوڕی حەنین) (لە ٢٩٨ی کۆچیدا مردووە) وەرگێڕدرابێت بۆ سەر زمانی عەرەبی (←ك ١٣، ل ٣٥) و بەپێی قسەی (ئیبن نەدیم)، (ئەبو بیشر مەتتی) کە (لە ٣٢٩ی کۆچیدا مردووە)، ئەویش هونەری شیعرەکەی لەسریانییەوە وەرگێڕاوە بۆ عەرەبی (← ك ٤، ل ٣٤٩). بەمجۆرە موسوڵمانەکان لەسەدەی سێیەمی کۆچییەوە لەگەڵ بیروڕاکانی ئەرستۆ لەبواری ڕەوانبێژی ئاشنابوون.

زەڕینکوب لەم بارەیەوە دەڵێت (←ك ٥، ل٢١٣): ((وەرگێڕانەکەی ئەبو بیشری مەتتی... ئێستا لەبەر دەستە، بەڵام چونکە تێگەیشتن لە زۆربەی بابەتگەلی کتێبەکە ... لە توانای عەرەبەکان بەدەربووە، بۆیە ئەم وەرگێڕانە تا بڵێی ناڕوون و تاریك و قورس و نەزانراوە)).

(زەڕینکوب) باوەڕی وایە کە (یەحیای کوڕی عودەیش) (لە ٣٤٦ی کۆچیدا مردووە) وەرگێڕانێکی هونەری شیعری هەیە، ڕەنگە ئەو سەرچاوەیە بێت کەوا (ئیبن سینا) لەبەشی ((هونەری شیعر))ی کتێبەکەیدا (شیفا)، لێی سوودمەند بووە. (←ك ٥، ل ٢١٥).

بەپێی بڕوای (عەلەوی موقەدەم)، (قودامەی کوڕی جەعفەر) لە کتێبی (نقدالشعر)ەکەی خۆیدا، تا ڕادەیەك سوودی لە ڕێبازەکەی

ئەرستۆ وەرگرتووە، ئەو جارێکی دیکەش ئەو مەسەلەیە دەسەلمێنێ کەوا هیچ کەسێك لەنێو ئەدیب و ڕەوانبێژیناسەکاندا لەوێنەی (قودامەی کوڕی جەعفەر) لەهونەری گوتاربێژی و هونەری شیعر سوودمەند نەبووە. (← ك ١٣، ل سیو پێنج).

زەڕینکوب ئەو بەشەی پەیوەندی بە شیعرسازییەوە هەیە لەکتێبی (اساس الاقتباس)ی (خواجە نەسیرەددینی تووسی)، بەپوختەیەك لە ((هونەری شعر))ی کتێبی شیفا دادەنێت و لەدرێژەی ئەو باسەدا دەڵێ (← ك ٥، ل ٢١٦)؛

((ئەوە ڕاستە کە خواجە لە دووتوێی کتێبەکەیدا ئاماژەیەکی بۆ ئەم مەسەلەیە نەکردووە، بەڵام گومانی تێدانییە کە زۆربەی بابەتەکانی لە کتێبەکانی ئیبن سیناو، بەتایبەتیش کتێبی شیفا هەلێنجاوە. لەبەراوردێکی گشتیدا لەنێوان قسەکانی خواجە و شێخدا بەدیار دەکەوێت، کە بەشی شیعر لە اساس الاقتباسدا جۆرێکی کورتکراوەیە لەهونەری شیعری شیفا؛ کە بە پوختی، تەواوی هونەری شیعری شیفا لەم بەشەدا کورتکراوەتەوە و هەموو ئەو هەڵە و کەموکورتییانەی کە شێخ لە تێگەیشتنی مەبەستەکانی ئەرستۆ کردوویەتی، بەدەق لەویشدا هاتۆتەوە)) لەگەڵ هەموو ئەو بارودۆخانەدا، دەبێ ئەوە بسەلمێنین کە کاریگەری لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی یۆنان لەتوێژینەوە ڕەوانبێژییەکانی زانا موسوڵمانەکان شتێکی بەرهەست نییە. زانایانی موسوڵمان ئاشنایەتییەکیان لەگەڵ هونەرەکانی شیعری یۆنانی لەوێنەی تراژیدیا، کۆمیدیا و داستاندا نەبووە و بەو هۆیەوە هیچ کام لەوەرگێڕە عەرەبەکان و هەتا سریانییەکانیش لەبیروڕاکانی ئەرستۆ لەمەڕ هونەری شیعر بەباشی تێنەگەیشتوون و بەهرەیان لێوەرنەگرتووە (←ك٥، ل ٢١٨). لەوە بترازێ، ڕەوانبێژی وەکو هەموو زانستەکانی تر لەوێنەی ڕێزمان، لەناو موسوڵمانەکاندا بەر لە هەر شتێ لە ژێر کارتێکردنی قورئاندا بووە.

لــەو بــارەوە زەڕینكــوب وای بــۆ دەچــێت (←ك ٥، ل ٢١٩) كــەوا: ((ڕەوانبێــژی و جوانكــاری و ڕەخنــەی عــەرەبی بەرلــەوەی لــەژێر كاریگەری لۆجیك و زانستەكانی یۆنانیدا بن ڕەنگوبۆی كارتێكردنی قورئانیان پێوەیە و ... ئەگەر چی كتێبەكەی قودامەی كوڕی جەعفەر لە كارتێكەری هونەری شیعری ئەرستۆ بێبەش نییە، دیسان ناشێ بگوترێت كە چەشەو ڕەوابێژی عەرەبی و ئیسلامی، كاریگەری هونەری شیعری ئەرستۆ و ڕەوابێژی یۆنانی وەرگرتووە ... چونكێ ئەو یاسا و دەستوورانەی كە لە هونەری شیعری ئەرستۆدا هاتوون، هەم لە مەودای تێگەیشتنی ئەو خەڵكە بەدەربووە و هەمیش لەگەڵ چەشە و سروشتی ئەواندا ڕێكۆ گونجاو نەبووە)).

بــە بــەراوردكردنێكی گشــتی هونــەرەكانی رەوابێــژی لــەنێوان زانایانی ئیسلام و ئەوروپاییەكاندا ڕەنگە بتواندرێت شیكردنەوەیەك لــەو بارەیــەوە بەدەســت بهێنــدرێت. تایبەتمەندییــەكانی هونــەری ڕەوابێژی ئەوروپاییەكان بنچینەكەی لە هەر سێ كتێبی (هونەری گوتاربێــژی) ئەرســتۆ، (پــەروەردەی زمانپــاراوی) (كوینتیلیــان) و (گوتاربێــژی) (سیســرون) دا یــەكلا دەبێتــەوە. لــەم ســێ كتێبــە كلاســیكییەدا دەبیــنین كــە گوتــارخوێنی و زمانپــاراوی و ڕەوابێــژی لەپێنج باسی سەرەكیدا خۆ دەنوێنن (← ك ١، ل ٧): داهێنانی واتا[1]، قسە هۆنینەوە[2]، زمانڕەوانی[3]، یادگاری[4]، كرداری[5]. ئەو مەسەلەیە بەو مەعنایە دێت كە هونەری ڕەوانبێژی بەمەبەستی داهێنانی بەرهەمێكی ئەدەبی لە ڕوانگەیەكی نەریتی ئەوروپاییەكانەوە پێویستیی بە ڕەچاوكردنی ئەم پێنج هەنگاوە یاخود بڕگە و باسانەی

1 - inverntio.
2 - disposition.
3 - elocution.
4 - memoria.
5 - action.

پێشەوە هەبووە. شاعیر و نووسەر و گوتاربێژ دەبوایە لە قۆناغی واتا داهێناندا بپرژایەتە سەر ئەفراندنی واتا و بابەتگەلێکەوە کە مەبەستی بووە دەریان ببڕێت، ئەم واتا و بابەتانە لە قۆناغی قسە هۆنینەوەدا ڕێکدەخران و ڕێزدەکران؛ لەقۆناغی زمانڕەوانیدا شێوەی ڕیزکردنی بێژە و دەربڕینەکان وردەکاری بۆ دەکرا؛ لەبەشی یادگاریدا کەرەستە و وشەگەلی وتارێك کە دەبوایە بەبیرەوەری سپێردرابێتن ئاوری لێ دەدرایەوە و لە کۆتاییدا و لەقۆناغی کرداریدا بەوردی دەخرایە ژێر سەرنج تا بەباشترین شێوازی درکاندن، یاخود هەلسوکەوت لەکاتی پیادەکردنی بابەتەکاندا سوودی لێوەربگیرێت. هەر بەو جۆرە ڕەخنەی ئەدەبیش بەم پێنج هەنگاوەدا تێدەپەڕی و هەلسوکەوتی شاعیر، یاخود نووسەر و گوتاربێژ سەبارەت بە چۆنییەتی مامەلەیان لەگەڵ ئەم هەنگاوانەدا دەخرایە ژێر ئەزموون و تاقیکردنەوەوە. لێکۆڵینەوە سەبارەت بەهەر یەکێك لەم پێنج قۆناغ و بابەتانەی پێشوو بە هاوکاری کۆمەڵێك زاراوەوە ئەنجامدەدرا. بەدرێژایی ڕۆژگار بابەتی زمانڕەوانی لەچوار بابەتەکەی دیکە زیاتر بایەخی پێدراوە، هەر بەم شێوەیە و لەسەربنەمای ئەو جیاوازییەی کە ئەرستۆ لەنێوان وتە و واتادا کردوویەتی، هونەرەکانی وتە[1] لە هونەرەکانی واتا[2] جیابوونەتەوە. هەر چەندە دەبێت دان بەوەدابنێین، کە جیاوازی وردی نێوانی ئەم پۆلە هونەرە و لێکهەلاواردنیان بەتەواوی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی ڕێنیسانس. هەر لەم دەورەیەدا واتا لەسەردەمی ڕێنیسانس و بەگەڕانەوە دووبارە بۆ هونەری شیعری ئەرستۆ و ئەو جیاکارییەی لەنێوان شیعر و هۆنراودا کردوویەتی (←ك ٥، ل ٢٣)، جۆرێك لەجیاکاری هەرچەندە ناتەوایش بوو، لەنێوان هونەرە

1 - Schemes.

2 - tropes.

وتەییەکان، کە پەیوەست بوو بە هونەری هۆنراو و لەتەك هونەرە واتاییەکان کە لە لێکۆڵینەوەکانی شیعردا بەکاردەبرا، هاتە کایەوە. هەر بەو هۆیەوەش لە ڕۆژگاری ڕێنیسانسدا چەمکگەلێکی وەکو کێش، سەروا، هاودەنگی و ڕەگەزدۆزی لەچوارچێوەی هونەرە وتەییەکاندا لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکراو، چواندن و خوازە و خواستن و بەکەسکردن و زێدەگۆیی و ئەوانی تر لەچوارچێوەی هونەرە واتاییەکاندا شیدەکرایەوە. (←ك١، ل ٧٠).

لە ڕێگای بەراوردکارییەوە لەنێوان هونەرەکانی ڕەوانبێژی لەلای موسوڵمانان و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکانی ئەوروپایی دەتوانرێت هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە کۆمەڵێك جیاوازی گەورە دەستنیشانبکرێت. یەکەمیان ئەوەیە کەوا ئەو قۆناغبەندییە پێنج لایەنەی لەپێشەوە باسکران، لە لێکۆڵینەوەکانی زانایانی موسوڵمان بەدی ناکرێت؛ ئەمەش لەبەر خاتر و لەسەر بنەمای ئەو هۆکارەیە کە پێشتر باسکرا، واتە ڕەوانبێژی لەلای موسوڵمانان وەکو هەموو لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، بەر لە هەر شتێ لەژێر کارتێکردنی قورئاندا بووە، بەو هۆیەوە دەکرێ بگوترێت زانایانی موسوڵمان لەناو هەر پێنج ئەو بابەتگەلەی یۆنانیدا تەنها بایەخیان بەبابەتی زمانڕەوانی داوە.

دووەمیان ئەوەیە کە ئەو پۆلینبەندییەی لەلایەن زانا موسوڵمانەکانەوە بۆ هونەرەکانی ڕەوانبێژی کراوە و یەکلاکردنەوەی لە ڕێگەی سێ بابەتی وەکو واتاناسی، ڕوونبێژی و جوانکاریدا، هیچ جۆرە لێکچوونێکی لەگەڵ ئەو قۆناغبەندییەی ئەوروپاییەکاندا نییە.

سێیەمیش ئەوەیە کەوا موسوڵمانەکان لە لێکۆڵینەوە ڕەوابێژییەکانی خۆیاندا، بابەتگەلە جۆراو جۆرەکانیان، لەگەڵ ئەوەدا کە بەشێوەیەکی پەرت و بڵاویش بووە، بەڵام بە

وردبینییەکی زۆرتـرەوە خستۆتە ڕوو، هـەر بۆیەشـە زۆربـەی ئـەو زاراوانـە و پۆلیبەندییانـەی هونـەرەکانی ڕەوابێـژی ئیسـلامی، لـە لێکۆڵینەوە ئەوروپاییەکاندا بەرچاو ناکەوێت.

لەســەر ئــەو بنەمایــە دەتوانــدرێت بــەراوردکاری لــەنێوان هونـەرەکانی ڕەوابێـژی کـۆن لـەلای موسـوڵمانان و ئەوروپاییـەکان لەپێنـج کۆمەڵەدا دەستەبەندی بکرێت (← ک ١٦):

أ- بابەتگەلێك کە لەنێو لێکۆڵینەوە ڕەوابێژییەکانی موسوڵمانانـدا لەوێنەی ئەفراندنی واتا، قسە هۆنینـەوە و بنـەماکانی هونـەری گوتاربێژی بەرچاوناکەون.

ب- بابەتگــەلێك کــە لــەنێو لێکۆڵینــەوە ڕەوابێژییــەکانی ئەوروپاییەکاندا لەوێنەی تەرصیع، تەجرید، تەوجیهو ئیکفا و ئەوانی تر بەرچاوناکەون.

ج- بابەتگـەلێك کـە لـەنێو ئەوروپاییەکانــدا بـە وردەکارییـەکی زۆرتــرەوە لەوێنــەی جیاکـاری لـەنێوان هونــەرە وتەییــەکان و واتاییەکاندا خراونەتەڕوو.

د- بابەتگــەلێك کــە لــەنێو موســوڵمانەکاندا بەوردەکارییــەکی زۆرترەوە لەوێنەی ئیهام و کینایە خراونەتەڕوو.

هـ- بابەتگەلێك کە لەنێوان موسوڵمانان و ئەوروپاییەکاندا بەهەمان ڕادە لەوێنەی چوواندن و خواستن بایەخی پێدراوە.

بەشــێوەیەکی گشــتی دەتــوانین بڵــێین بابەتــەکان لەکتێبــە ڕەوانبێژییــە ئەوروپاییەکانــدا لەپۆلینبەندییــەکی ڕێکــوپێکتردا ڕێکخراون، لەبەرامبەردا ئـەوەی لـە نێـوان موسـوڵمانەکان و لـەژێر ناونیشـانی هونـەرەکانی ڕەوابێـژی ناسـراوبووە، بـە وردەکارییـەکی زۆرترەوە خراوەتەڕوو. لێکجیانەکردنەوەی بابەتەکان بەشێوەیەکی

زانستی لەڕێبازی هەردوو لادا شتێکی بەرچاوە؛ هەر چەندە ئەم کەموکورتییانە لە لێکۆڵینەوە کۆنەکانی موسوڵمانەکاندا زیاتر بەدیدەکرێت. بەتایبەتیش لە کتێبەکانی تایبەت بەڕەوانبێژی فارسی کە تاوەکو هاتنە ناوەوەی کتێبگەلێکی وەکو (معیار الاشعار) و (المعجم في معايير اشعار العجم)، لە ڕەوتێکی بەرەو پێشچوون دابووە، تا لە ڕێبازێکی وەستاو و جێگیردا مەییوە و بووە بەنموونەیەك بۆ چاولێکەری ئەم ڕێبازەی، کە بەزاراوەی ((لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی نەریتی)) یاخود کۆن ناودەبرێت، کە لە بەشی سێیەمدا دێنەسەری و بەشەکە بۆ ڕەخنە و شیکردنەوەی ئەم ڕێبازە بەناو نەریتییە تەرخاندەکەین.

## کتێبنامه

1- Crystal, D. *The Cambridge Encyclopedia of Language,* Camb. Univ. Press، 1989.
2- Elwell-Sutton, L.P. *The Persian Metres.* Camb. Univ. Press, 1976.
3- Priminger, A. (ed.), Princeton Encyclopedia of Poetry and Poetics, N. J. Princeton Univ. Press, 1976.

٤- ابن نديم، الفهرست. تصحيح رضا تجدد، تهران، ١٣٥٠.
٥- ارسطو. فن شعر، ترجمة عبدالحسين زرين كوب، بنگاه ترجمة و نشر كتاب، ١٣٥٣.
٦- خانلرى، پرويز ناتل. وزن شعر فارسى، انتشارات بنياد فرهنگ ايران، ١٣٤٥.
٧- دهخدا، على اكبر. لغت نامه فارسى، انتشارات لغت نامه، دانشگاه تهران، ١٣٣٠.
٨- زرين كوب، حميد.((تكامل بلاغت و بديع در قرن چهارم و پنجم هجرى))، مجله دانشگاه ادبيات و علوم انسانى، دانشگاه فردوسى، ش٢، س١١.
٩- زرين كوب، عبدالحسين. نقد ادبى، امير كبير، ١٣٥٢.
١٠- شفيعى كدكنى، محمد رضا، موسيقى شعر، اگاه، ١٣٦٨.
١١- شميسا، سيروس.((منشأ عروض فارسى))، أينده، اردبهشت ١٣٦٢.
١٢-____نگاهى تازه به بديع، فردوس، ١٣٦٨.

۱۳- عسکری، ابوهیلال. الفروق فی اللغة، ترجمهء محمد علوی مقدم و ابراهیم الدسوقی شتا، موسسه ء چاپ و انتشارات آستان قدرس رضوی، ۱۳٦۳.

۱٤- علوی مقدم، محمد. ((علم بلاغت در قرن سوم هجری))در مجموعه سخنرانیهای دومین کنگره تحقیقات ایرانی، دانشگاه مشهد، ۱۳٥۱.

۱٥- فرزاد، مسعود. ((مجموعه اوزان شعر فارسی))، خرد و کوشش، دفتر چهارم، ۱۳۲۹.

۱٦- فرشیدورد، خسرو. درباره ادبیات و نقد ادبی، امیر کبیر، ۱۳٦۳.

۱۷- کاشفی سبزواری، میرزا حسین، بدایع الافکار فی صنایع الاشعار ویراسته میر جلال الدین کزازی، نشر مرکز، ۱۳٦۹.

۱۸- محمدی، محمد، فرهنگ ایرانی پیش از اسلام و اثار آن در متن اسلامی و ادبیات عربی، دانشگاه تهران، ۱۳٥٦.

۱۹- مسگرنژاد، جلیل. مختصری در شناختن علم عروض وقافیه، دانشگاه علامه طباطبائی، ۱۳۷۰

۲۰- مصاحب، غلام حسین و دیگران. دائره المعارف فارسی، فرانکلین، ۱۳٦٥.

۲۱- نجفی، ابوالحسن. ((درباره طبقه بندی و زبانهای شعر فارسی)) آشنایی با دانش، ش۷، ۱۳٥۹.

۲۲- وحیدیان کامکار، تقی. بررسی منشأ وزن شعر فارسی، مؤسسه چاپ و انتشارات آستان قدرس رضوی، ۱۳۷۰.

# بەشی ٣

# ناتەواوی لێکۆڵینەوە ئەدەبییە کۆنەکان

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین ئاماژە بۆ بەشێك لەگرینگترین ناتـەواوی لێکۆڵینەوە ئەدەبییە کۆنەکان بکەین. بۆ گەیشـتن بـەو ئامانجـە سـوود لـە بایەخـدارترین سەرچـاوە وەرگـیراوە کـە لـە بوارەکـانی سـنعەت و هونەرە ئەدەبییەکاندا لەبەردەستدان، ئەم ناتەواوییانـە زۆر یـان کـەم، لـە هـەموو ئـەو کتێبانـەدا بەدیـدەکرێن کـە بەشـێوەیەکی نـەریتی و بەچـاولێکەری لـەکتێب گـەلێکی لەنموونـەی، المعجـم فی معـاییر اشـعار العجـم دا نووسـراونەتەوە. ئـەنجا ئـەو مەسـەلانە هـەتا بـەو کتێبـە تازانەش ڕادەگـات کـە بـەو شێوەن و لـەم سـاڵانەی دواییـدا چاپکراون، بەرچاو دەکەون.

### ١/٣ ناتەواوی لەپێناسەدا

یەکێك لەگرینگترین ئەو گیرکارییانەی، کە نزیك لە تـەواوی ئـەو کتێبانــەی لــەبواری لێکۆڵینــەوەی هونــەرەکانی ڕەوابێــژی فارســیدا نووســراون، لەوەدایــە، کــە کۆمــەڵێك پێناســە خراونەتــە ڕوو دوورن لــەوەی کەپێناســەی گشــتگیر و ورد بــن و لــەزۆر لایەنــەوە پێناســەی گشــتین، بەشــێوەیەکی وا کــە ڕیزپــەڕی فراوانیــان لەگــەڵ خۆیانــدا هێناوەتە ئاراوە. هەر بۆ نموونە لەپێناسەی سەروا (قافیە)دا هاتووە.

((قافیە لـەڕووی زمانـەوە، بـەواتای لـە دواییـداهاتن و بەشـوێنیـ ڕۆیشتندا دێت. وەکو زاراوەش یەك یا چەند پیتێکە لەکۆتایی دێـر یـا نیوە دێری ئاخاوتنی هۆنراودا دووبارە دەبێتـەوە)). (← ك ٣، ل ٥٠١)

((قافیە یەك یاخود چەند پیتێکی لێکچووی دوا وشەی دێـری شـیعرە، ئەگەر بێت و وشەیەکیش لەکۆتایی دێرەکانـدا دووبـارە بێتـەوە، ئـەوە ناوی لێندراوە ڕەدیف)). ( ←ك ١١، ل ٤٩١).

بەبــەراورد لــەنێوان ئــەم دوو پێناســەیەدا، پــەی بەچــەند کەموکورتییەك دەبرێت. یەکیان ئەوەیـە کـەوا نووسـەری دووەم باسـی لەهەبوونی سەروا لەکۆتایی نیوە دێرەکاندا نەکردووە. بـەم پێیـە ئـەم

پێناسەیە بەلای جووت سەروا (مەسنەوی) و دێری دەستپێکی غەزەلدا نەچووە.

لەهەردوو پێناسەی یەکەم و دووەمدا باس لەدووبارەبوونەوەی یەك یا چەند پیتێك دەکرێت، بەڵام سنوورێك بۆ ئەم یەك یا چەند پیتە دەستنیشان نەکراوە. لەپێناسەی یەکەمدا شوێنەوارێك بۆ ناساندنی ڕەدیف لە ئارادا نییە. لەپێناسەی دووەمدا ئەگەرچی شوێنی ڕەدیف لەسەروا جیاکراوەتەوە. بەڵام هەر لەو پێناسەدا نازاندرێت مەبەست لە (یەك یا چەند پیتێکی لێکچووی دوا وشەی کۆتایی دێر) چییە و پێویستە ئەم لێکچوونە لەنێوان کام لە ڕەگەزەکاندا هەبن.

لەپێناسەی سەروادارییی موتتەڕەف (سجع مطرف)دا هاتووە:

((سەروادارییی موتتەڕەف ئەوەیە کەوا وتەکان لە پیتی ڕەویدا وەك یەك و لەکێشدا جیاواز بن)). ( ← ك ١٤، ل ٤٢).

((لە سەروادارییی موتتەڕەفدا یەکێتی ڕەوی مەرجەو دەبێ لانی کەم یەکێك لەدوو سەرەکەی سەرواداردا لەبڕگەیەك زیاتری هەبێت)). (← ك ٧، ل ٢٦). لەڕێگەی پێناسەی یەکەمەوە دەتواندرێت فورمگەلێکی وەکو، (کار/ kar/) لەتەك (در/ dar) و (کر/ kar/)، لەگەڵ (زور/ zur) و (سگ/ sag/) لەگەڵ (بانگ/ bang) و نموونەگەلێکی لەو جۆرە، لەهەمان چوارچێوەدا دابندرێن. لەکاتێکدا کە ئەم جووتمانە وشانە لەپێوەندگەلێکی لەو جۆرەدا نین. پێناسەی دووەم لە هی یەکەم چاکتر نییە و تەنها جیاوازییەکەی لەوەدایە کە لە پێناسەکەی بەرایی مەسەلەی جیاوازی کێش ڕەچاوکراوە و لەوەی دووەم مەسەلەی جیاوازی لەژمارەی بڕگەدا. بۆیە لەسەر بنەمای پێناسەی دووەم دیسان جووتە وشەکانی وەکو (کار/ kar/) لەگەڵ (رامسەر/ ramsar/) و، (رود/ rud) لەگەڵ (گروباد/ gerdbad/) و هاوشێوەکانیان لەهەمان چوارچێوە دادەندرێن.

بـۆ نیشـاندانی دوو نموونـەی دیکـە، ئامـاژە بـۆ دوو پێناسـەی ڕەگەزدۆزیی نووسین (جناس خط) دەکەین:

- ڕەگـەزدۆزیی نووسـین ئەوەیـە کـە بنەڕەتـەکانی ڕەگـەزدۆزی لەنووسیندا وەك یەك و لە درکاندن و خاڵداریدا جیـاواز بـن. (← ك ١٤، ل ٥٦).

- ڕەگەزدۆزی نووسین یـا ڕەگـەزدۆزی نووسـراو بـەو شـێوەیەیە کـە دوو وتـە بهێندرێتـەوە لەنووسـیندا وەکـو یـەك بـن و بـەڵام لـە درکاندن و خاڵداریدا جیاواز بن. ( ←ك ٥، ل ٣٨).

لەم دوو پێناسەدا، کە لەبنەڕەتدا هەر یەکێکن، (نووسـین) یـاخود (نووسـراو) لـە خاڵـداری جیاکراوەتـەوە، کـە ئەمـەیان باسـێکی فـراوان هەڵـدەگرێت. لەگـەڵ ئەوەشـدا هـات و قبووڵمـان کـرد کـە مەسـەلەی نووسـین و نووسـراوی بـەواتای وێنەکێشـانی ڕێنووسـەکان بێـت بـەبێ لەبەرچاوگرتنی خاڵداری، دیسان پێناسـەکە بابەتگـەلێك دەگرێتـەوە، کـە لـەکاتی بـەکارهێنانیان وەکـو سـفەتێکی ئـەدەبی نـاژمێردرێن، لەوێنەی (تبر/ tabar/) و (نیـز/ niz)، یـاخود (چـیز/ Čiz/) و (خـبر/ xabar/).

لەپێناسەی هونەری ئاوەژووکردندا واهاتووە:

- ئارەژووکردن لەهونـەری جوانکاریـدا، هێنانـەوەی وتەگەلێکە کـە پیتـەکانیان ئـاوەژووی یـەکتری بـن. ئەگـەر هـات و ئـەم کـارە لەهەندێك لەپیتەکاندا ڕووی دا، ئەوا ئاوەژووی بڕی پێـدەگوترێت.. و ئەگەر لەهەموو پیتەکانی دوو وشەکەدا ڕووی دا ئەوە ئاوەژووی گشت ی پێدەگوترێت. (←ك ١٤، ل ٩٥).

- ئـاوەژووی بـڕ بـەو جـۆرە دەبێـت کـە چـەند وشـەیەك بهێندرێتەوە کە پاش و پێش خستن لەهەندێ لە پیتەکانیاندا هـەبێت و ... ئاوەژووی گشت ئەوەیە کە پاش و پێشخستن لە هەموو پیتەکاندا هەبێت. (← ك ١٠، ل ٩٥).

لەهیچ یەك لەم دوو پێناسەدا، کە ماوەی نزیك بەپێنج سەدە جیاوازی لەسەردەمی نووسینیاندا هەیە، ئەوە دەستنیشان نەکراوە کە سنووری برگەیی ئەم (وتە)یە تاکو کوێیە. بۆیە فورمگەلێکی وەکو نموونەکانی خوارەوە، بەگوێرەی ئەم پێناسەیە، دەشێ لەچوارچێوەی ئەم هونەرەدا ئەژمار بکرێن: (لباویز/ labăviz/) لەگەڵ (زولبیا/ zulbiyă/)، (تبریك/ tabrik/) و (کبریت/ kebrit/) و (ترکیب/ tarkib/)، (بدیع/ badiʔ/) و (عبید/ ʔobeyd/)، (تراش/ tarâš/) و (ارتش/ ʔarteš/).

## ٢/٣ تێکەلکردنی ئاخاوتن و نووسین

یەکێکی دیکە لە دیارترین ناتەواوی لێکۆلینەوەکانی هونەر و سنعەتە ئەدەبییە نەریتییەکان، مەسەلەی تێکەڵکردنی وتە و نووسینە؛ بەو مەعنایەی کە زۆرێك لەو سنعەتە ئەدەبییانەی پێویست بوو لەرێگەی تایبەتمەندییەکانی دەنگسازییەوە پێناسە بکرێن، بەیاریدەی رێنووس پێناسەکراون. هەر بۆ نموونە لەپێناسەی سەرواداریی هاوتەریب (سجع متوازی)دا هاتووە:

- سەرواداریی هاوتەریب ئەوەیە کە لە کۆتاییدا دوو یا چەند وشەیەکی هاوتا بهێندرێتەوە کە لە رووی کێش و ژمارەی پیت و پیتی کۆتایی وەکو یەك بن. ( ← ك٣، ل ٩٦)

- سەرواداری هاوتەریب ئەوەیە کە دوو وشە لەکێش و پیتی رەویدا وەکو یەك وابن. (←ك ١٤، ل ٤١١) لە هەردوو پێناسەدا سەرواداری هاوتەریب لەرێگەی نووسینەوە روونکراونەتەوە. لەوەوەش کەوا پەیوەندییەکی یەکبەیەك هەرگیز لەنێوان رێنووسەکانی نووسین و دەنگەکانی وتراودا نییە، بۆیە پێناسەکانی سەرەوە ورد و گشتگیر نابن. بۆ نموونە لەسەر بنەمای پێناسە یەکەم، فۆرمەکانی وەکو (بار/ bâr/) و (تور/ tur/) یا وەکو (در/ dar/) و (بُر/ bor/) لەم

چوارچێوەیەدا جێگیر دەبن؛ بەو پێیەی لەڕووی کێش و ژمارەی پیت و پیتی دوایی یەکسانن، لە کاتێکدا ئەم جووتە وشانەی سەرەوە سەروادارى هاوتەریب نین.

بۆ پێناسەی دووەم و بەمەبەستی هەڵبژاردنی ئەم جووتە وشانەی کە ئەم پێناسەیە دەیانگرێتەوە و لە هەمان کاتیشدا سەروادارى هاوتەریب نین، دەستمان کراوەتر دەبێت؛ چونکێ ژمارەیەك بۆ پیتەکانیش لەئارادا نییە. بۆیە بەگوێرەی ئەم پێناسەیە جووتە وشەکانی وەکو (کار/kâr/) و (ابر/abr؟/)یاخود (دست/dast/) و (توت /tut/) لەسنووری ئەم بۆچوونەدا جیگەیان دەبێتەوە.

لەلێکۆڵینەوە کۆنەکانی سەروادا ئەم وێنانە لە بەرچاو بووە کە سەروا، بەرلەوەی پەیوەستی وتە بێت بەنووسراوەوە پەیوەست کراوە. ئەم مەسەلەیە تا لەلێکۆڵینەوە نوێکانیش ڕەنگ و بۆی خۆی بەدیار دەخات. هەر بۆ نموونە، لەکاتی پێناسەی سەروادا دەگوترێت ((کەوا لەسازکردنی سەروادا، کۆنسونانتەکەی دەستپێك... قابیلی گۆڕانە و ئەو دوای پیتەکانی دیکە جێگیر و نەگۆڕ دەبن)) (←ك ٦، ل ٩٥). لێرەدا ئاماژە بە (کۆنسونانت) کە ڕەگەزێکی دەنگییە، لەپاڵ (پیت)دا کراوە کە ڕەگەزێکی سەر بەنووسینە، نیشانەیەکە بۆ ئەو تێکەڵاوییە. ئەمە و لەکاتێکدا بەپێی بنەمای یاسا دەنگییەکانی زمانی فارسی، دەشێت وشەکانی وەکو (مرز/marz/) و (عرض/arz؟/) هاوسەروا بن.

بەڵام ئەگەر بێت و مەسەلەی نووسین ڕەچاو بکرێت، بەگوێرەی پێناسەی ناوبراو دەبێت (سیر/ seyr/) لەگەڵ (دیر/ dir/) هاوسەروا بن، کەچی وانییە. لەجێگایێکی دیکەدا دەخوێنینەوە کەوا ((جارناجارێك شاعیر لەبەر پێویستی، یاوەکو زاراوە بەهۆی بەرتەسکبوونەوەی مەیدانی سەروا، هاوتایی لەکۆنسونانتی پێش کۆتایی ...، وەکو لادانێکیش لەیاسا، لەبەرچاو ناگرێت)) ( ← ك٦، ل ٩٩):

(٥١) چه گفت آن خداوند تنزیل و وحی
خداوند امر و خداوند نهی (فردوسی)

لەم نموونەیەی کە نووسەر هێناویەتەوە و بەگوێرەی پێناسەکەی خۆیشی، هاوتایی کۆنسونانتی پێش کۆتایی لە (وحی/ vahy/) و (نهی/ nahy/) دا لەبەرچاوگیراوە.

لێرەدا تەنیا دەتوانین ئەوە بڵێین، کە شاعیران لەکاتی هەڵبژاردنی فورمگەلێکی هاوسەروادا، لەپاش ڕەچاوکردنی پێوەرەکانی دەنگسازی، ئاوڕێکیش لەیەکسانی نووسینیش دەدەنەوە. بەڵام تەنیا بەو هۆیەوە ناتواندرێت پێناسەیەکی تێکەڵاو لەپێوەرەکانی نووسراوی و وتەیی، پێشکەش بکرێت.

## ٣/٣ هاتنە ناوەوەی هونەرەکانی ئەدەبی عەرەبی بۆ ناو ئەدەبی فارسی

لەبەشی دووەمدا ئاماژە بۆ ئەو مەسەلەیە کرا، کە نموونەی بنەڕەتی بۆ ئەو کتێبانەی لەبواری سنعەت و هونەرەکانی ئەدەبی فارسی نووسراون، ئەو سەرچاوانە بوون کە بۆ یەکەمجار و لەهەمان ڕوانگەوە بۆ هونەرەکانی ئەدەبی عەرەبی نووسراون. بەو هۆیەوە زۆر لەو بابەتانەی کە تایبەت بە ئەدەبیاتی عەرەب بوون پەڕیونەتەوە ناو ئەدەبیاتی فارسی. بۆ نموونە لەکاتی هاتنە پێشەوەی باسی خەوشەکانی زمانپاراوی ئاماژە بۆ مەسەلەی بەدوای یەکداهاتنی خستنەپاڵ کراوە، کە ڕەنگبێ لەهەندێ جێگادا لەئەدەبی عەرەبی، وەکو لایەنێك لەخەوشەکانی زمانپاراوی لێکبدرێتەوە[1]. بەڵام ئەمە

---

[1] - جلال الدين محمد کوڕی عبدالرحمان قەزوینی لەکتێبی التلخيص في علوم البلاغة، کاتێك باس لەخەوشی بەدوای یەکداهاتنی خستنەپاڵ لەئەدەبی عەرەبی دەکات، ئەم دێڕەی خوارەوە وەکو نموونە دەهێنێتەوە(← ك ٩، ل ٣٢):

حمامة جرعى حومة الجندل اسجعی فأنت بمرأى من سعاد ومسمع (ابن بابك)

لەئەدەبی فارسیدا ئەگەر وەکو هونەرێکیش نەبێت ناشێ وەکو خەوش سەیر بکرێت. هومایی کاتێك لەم بابەتە دەکۆڵێتەوە سوودی لەم نموونەیەی (٥٢) وەرگرتووە ( ← ك ١٤، ل ٢١):

(٥٢) اثر وصف غم عشق خطت
ندهد حظّ کسی جز به ضلال (لطف الله نیشابوری)
ئەنجا لەسەری دەڕواو دەڵێ:

((وا ڕێکدەکەوێت کە بەدوای یەکداهاتنی خستنەپاڵ... کاتێك لەو جێگایانەی ناپێویستن دەهێندرێتەوە، ئەمە لەکەدارکردنی زمانپاراوییە، بەڵام بە خەوشێکی بێ چەندوچون ناژمێردرێت، چونکە لەهەندێ شوێن نەوەك هەر پێویستە، بەڵکو شتێکی چاکیشە. (← ك ١٤، ل ٢١).

بەم پێیە لای نووسەر ساغ نەبۆتەوە کە بەدوای یەکداهاتنی خستنەپاڵ چۆن لەسەنگی مەحەك دەدرێت و ئایا ئەم تەرزە وەکو خەوش یاخود هونەر لێکدەدرێتەوە و سنووری نێوان خەوش و هونەرەکەی لەکوێ دایە.

سنعەتی مادە تاریخ یەکێکی دیکەیە لە هونەرەکانی جوانکاری عەرەبی، کە لە کتێبەکانی جوانکاری ئەدەبی فارسیش بایەخی پێدراوە:

هەر کات ڕووداو و پێشهاتێکی گرینگ لە مێژوودا ڕوودەدات، گۆیندەکان یاخود شاعیرانی گەورە، دەستەواژە یاخود دێر یا نیوە دێرێك ڕێکدەخەن، کە هات و بەژمێرەی ئەبجەد لێکبدرێتەوە، ئەوا ساڵی ڕووداوەکە ڕوون و ئاشکرا دەکات. (← ك ٣، ل ١٠١ – ٢٠١).

شتێکی بەڵگە نەویستە کە ژمێرەی ئەبجەدی لەسەر بنەمای ڕێنووسی عەرەبی ڕێکخراوە، هەر بۆیە لە بەرانبەر چوار دەنگی ڕێنووسی تایبەت بەفارسی (پ، ژ، چ، گ) هیچ ژمارەیەك دانەندراوە.

لەبەر ئەوە لەهیچ یەك لەو نموونانەی لەبارەی مادە تاریخەوە هەن، وشەیەك بەدیناکرێت کە یەکێك لەم چوار پیتانەی تێدابێت. کۆکراوەی پیتەکان (جامع الحروف) یەکێکی دیکەیە لەو سنعەتانەی کە تایبەت بەئەدەبی عەرەبین. کە بەچاو لێکەری کتێبەکانی لەم بابەتە هاتۆتە ناو کتێبەکانی جوانکاری ئەدەبی فارسی. لەپێناسەکردنی ئەم سنعەتەدا هاتووە کە هەموو پیتەکانی ئەلفوبێ لەشیعردا بەکاردەبرێت (← ك ١٠، ل ١٣٣٩). لێرەدا مەسەلەکە ئەوە نییە کە ئایا دەکرێت هەر لەبنەڕەتەوە ئەم دیاردەیە لەڕووی جوانیناسییەوە لێی بکۆڵدرێتەوە یاخود نا؛ بەڵکو ئەوەی گرینگە ئەو تاکە نموونەیەیە کە ڕەنگە لە هەموو کتێبەکانی جوانکاری ئەدەبی فارسی دووبارە بووبێتەوە، جارێکیان لەکاتی هاتنە پێشەوەی باسەکانی تایبەت بەخەوشی بەدوای یەکداهاتنی خستنەپاڵ و جارێکیشیان لەکاتی خستنەڕووی سنعەتی کۆکراوەی پیتەکان:

(٥٣) اثر وصف غم عشق خطت
ندهد حظّ کسی جز به ضلال (لطف الله نیشابوری)

ئەوەی مایەی سەرنجە لەم جۆرە کتێبانەدا (←ك ١٠، ل ١٣٩؛ ك ٧، ل ٧٠)، پێداگری لەسەر ئەوە کراوە کە هەموو پیتەکانی ئەلفوبێ بەکاربراون، لە کاتێکدا کە چوار پیتەکەی ڕێنووسی تایبەت بەفارسی تیادا بەرچاو ناکەون.

## ٤/٣ باسکردنی هونەرەکان لەپاڵ سنعەتەکاندا

لەزۆربەی کتێبە کۆنەکانی تایبەت بەلێکۆڵینەوەی هونەرەکان و سنعەتە ئەدەبییەکان، ئەو کارسازییانەی کە هەندێك لەشاعیران لەبەرهەمەکانیاندا بەکاریان هێناون، وەکو سنعەت ناویان هێندراوە، ئەم چەشنە کارسازییە ئەوەندە دروستکراون (تصنعی) کە تەنیا لەم کۆمەڵە کتێبانەدا دەبیندرێن و نووسەر و شاعیرانێکی کەم سوودیان

لەم جۆرە گەمەیە وەرگرتووە (← ك ٧، ل ٧٠). بۆ نموونە:

((تەوشیح ئەوەیە کە لە ئەنجامی کۆی هەندێ لە پیتەکانی شیعر، ناوێکی تایبەت بدات بەدەستەوە یا هۆنراوەێکی دیکە بێنێتە ئارا. یا ئەوەتا شیعرێك لەسەر شێوەی درەختێك یان باڵندەیەك بنووسرێتەوە)). ( ← ك ٧، ل ٩٦)

لێکترازانی لێوەکان؛ ئەوەیە پیتەکانی شیعرێك بەشێوەیەك بن لەکاتی خوێندنەوەیدا لێوەکان دانەخرێن. (← ك ٧، ل ٦٩)

داخستنی لێوەکان؛ ئەوەیە پیتەکانی شیعرێك بەشێوەیەك بن لەکاتی خوێندنەوەیاندا لێوەکان بەزۆری داخراو بن. (← ك٧، ل ٧٠).

ڕەقتا؛ ئەوەیە وشەکانی شیعرێك بەشێوەیەك بن، کە هەر یەکێکیان پیتێکی خاڵدار و پیتەکەی دوای ئەو بێخاڵ بێت (← ك ٧، ل ٧٠).

خەیفا؛ وشەیەکیان خاڵدار و وشەکەی تری بەتەواوی بێخاڵ بێت (← ك ٧، ل ٧٠).

سەرخاڵەکان (فوق النقاط)؛ هەموو خاڵەکانی ئاخاوتن بکەونە سەرەوە. (← ك ٧، ل ١٠).

ژێر خاڵەکان (تحت النقاط)؛ هەموو خاڵەکانی ئاخاوتن لەژێرەوە بن. (← ك ٧، ل ٧٠).

دوو زمان (ذو لغتین)؛ ئاخاوتن بەجۆرێك بێت کە هەم بەفارسی بخوێندرێتەوە و هەم بەعەرەبیش واتای هەبێت. (← ك ٧، ل ٧٠).

شەمیسا لەکاتی لێکۆڵینەوە لەم جۆرە هونەرکاریانەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ((هیچ کام لەم بەناو سنعەتکارییانە، بایەخێکی ئەوتۆی نییە چ لەڕووی جوانکاری یا جوانیناسی یاخود ئاوازەییەوە)). ئەو لەو باوەڕەدایە کە ئەم جۆرە گەمەکردنە بەگشتی دروستکراون و تەنیا لەکتێبەکانی جوانکاریدا دەبیندرێت. (← ك ٧، ل ٧٠).

### ٥/٣ جیاوازی لە ناوناندا

لەگەڵ ئەوەی کتێبەکانی جوانکاری بەچاولێکەرییەکی تەواو لەبەر کتێبەکانی بەرایی تایبەت بەو بوارە نووسراونەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییەکی زۆر لە ناولێنانی سنعەتەکاندا هەیە، بۆ نموونە جۆری پەیوەندی لەنێوان (ساق) و (مساق) لەلای (تەفتازانی)، بەپێرەویش لەو، لەلای (ئاهەنی) (ڕەگەزدۆزی ناتەواو)ە. (←ك ١، ل ١٣٠) هەروەها پەیوەندی لەنێوان (موی) و (مویە) لەجۆری (ڕەگەزدۆزی موتتەڕەف)ە. لەکاتێکدا لەزۆرێك لە کتێبەکانی جوانکاری، ئەوەی یەکەم بە (ڕەگەزدۆزی موتتەڕەف) و ئەوەی دووەم بە (ڕەگەزدۆزی موزەییەل) دراوەتە قەڵەم (←ك ٧، ل ١٤٣). (هومایی) ئەوەی کەلای (ئاهەنی) (ڕەگەزدۆزی ناتەواو)ە بە (ڕەگەزدۆزی زیادکراو)ی دادەنێت (←ك ١٤، ل ٥١).

دوا بەسەر (رد العجز الی الصدر)، لەڕوانگەی (شمس الدین محمدی کوڕی قەیسی ڕازی)، دووبارەبوونەوەی وشەی کۆتایی دێرە شیعرێکە لەسەرەتای دێرەکەی دواتردا؛ لەکاتێکدا (سەککاکی) لە مفتاح العلوم و (تەبریزی) لە تلخیص المفتاح و (تەفتازانی) لە المطول والمختصردا، دوا بەسەر بە هاوتایی سەرەتا و کۆتایی دێرە شیعرێك دادەنێن و تازە بەتازەش پیتی (ع)یان وەکو نیشانە بۆ دوا بەسەر جێگیر کردووە (← ك ٧، ل ١٤٣).

بەو شێوەیە ڕەنگە بتوانین بڵێین کە نەبوونی پێناسەیەکی ورد بۆ زۆر لەبابەتەکان پشێوییەکی بێکۆتایی بەدوایخۆیدا هێناوە، بەڕادیەکی وا کەموایە کتێبێکت چنگ بکەوێت کە لە بواری بەکاربردنی زاراوەدا، لەگەڵ کتێبەکانی دیکەدا جیاواز نەبێت.

### ٦/٣ بایەخپێنەدانی هەندی لەسنعەتەکان

لەپاڵ کۆمەڵێکی فراوان لەهونـەر و سـنعەتە ئەدەبییـەکان کـە لـە کتێبـەکانی تایبـەت بـەم بـوارە کۆکراونەتـەوە، بایـەخ بەسـنعاتگەلێك نـەدراوە، لەکاتێکـدا وا ڕێکـەوتووە ئەمانـە لـە تـەرزە هـەرە باوەکـانی ئـەدەبی فارسـی بـژمێردرێن. بـۆ نموونـە (دووبارەبوونـەوەی فـۆنیمی) کەدەشێت لەهۆنراوەدا بە هەردوو شێوەی (دووبارەبوونەوەی نەبزوێن) و (دووبارەبوونــەوەی بــزوێن) بــەکاربرێت، لەزۆربــەی کتێبــەکانی جوانکاریدا فەرامۆشکراوە.

(٥٤) رشته ٔ تسبیح اگر بگسست معذورم بدار
دەستم اندار ساعد ساقی سیمین ساق بود (حافظ)

(٥٥) ستون کرد چپ را و خم کرد راست
خروش از خم چرخ چاچی بخاست (فردوسی)

(٥٦) مرده بدم زنده شدم گریه بدم خند شدم
دولت عشق آمد و من دولت پاینده شدم (مولوی)

(٥٧) فغان کاین لولیان شوخ شیرین کار شهر آشوب
چنان بردند صبر از دل که ترکان خوان یغمارا (حافظ)

(٥٨) خیال خال تو با خود به خاك خواهم برد
که تا زخال تو خاکم شود عبیر آمیز (حافظ)

دووبارەبوونـەوەی ڕێژەیـەکی زۆری /s/ لـە نموونـەی (٥٤)، /x/ و /ĉ/ لە نموونـەی (٥٥)، /d/ لـە نموونـەی (٥٦)، /š/ و / e / لەنموونـەی (٥٧)، /â/ /x/ لــە نموونــەی (٥٨) ڕەنگدانــەوەی بــەکاربردنی ئــەم سنعەتەیە.

لەمیانەی کتێبەکانی جوانکاریدا تەنیا (شەمیسا) دانی بەبوونی ئەم سنعەتە بەشێوەیەکی سەربەخۆ داناوە (←ك ٧، ل ٥٧ – ٥٨). ئەو بۆ (دووبارەبوونەوەی نەبزوێن) زاراوەی (هاوپیتی) بەکار بردووە و لە جێگەی (دووبارەبوونەوەی بزوێن)یش زاراوەی (هاودەنگی) داناوە.

بەکارهێنانی دووبارە یاخود چەندبارەی وشەیەك لەدێری شیعردا، لەو سنعەتانەیە کەمتر سەرنجی لێکۆڵەرە کۆنەکانی جوانکاری بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، شەمیسا بایەخی بەو سنعەتەش داوە و تا ئەوەی چەند جۆرێکیشی لێ دەستنیشانکردووە. (←ك ٧، ل ٦١).

(٥٩) ای هوس های دلم بیا بیا بیا بیا
ای مراد و حاصلم بیا بیا بیا بیا (مولوی)

(٦٠) در لحظەای کە باید، باید، باید
مردی بەزیر چرخ های زمانە لە شود
مردی کە از کنار درختان خیس می گذرد... (فروغ فرخزاد)

(٦١) ای فسانە فسانە فسانە
ای خدنگ تورا من نشانە (نیما یوشج)

(٦٢) زیر شمالە می گذردە، جدار راە
چیدە شدە است با
تن های از زنان،
تن های مردها،
تن های ژندەپوش ... (نیما یوشج)

زۆرێك لەو سنعەتە ئەدەبییانەی لەم جۆرەدا لە جوانکاری نەریتیدا نەخراونەتە ڕوو و، تا ئەوەی لەهەندێ لە کتێبەکاندا لەژێر ناوی خەوشەکانی دروستی باسیان لێوەکراوە. (←ك ١٤، ل ٢١)

## ٧/٣ لاوازی لەپۆلینبەندیدا

ڕەنگە بتوانین بڵێین کە گرنگترین ناتەواوی لەلێکۆڵینەوە ئەدەبییە کۆنەکاندا، بایەخپێنەدانی پۆلبەندی سنعەتەکانە. لەپێشەوە دەبێ دان بەوەدا بنێین، کە لەم جۆرە لێکۆڵینەوانەدا جیاکاری لەنێوان هۆنراو و شیعردا نەکراوە. لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێین، کە یەکێك لەو کتێبە کۆنە دەگمەنانەی ئاماژەی بۆ مەسەلەی جیاکاری لەنێوان سێ جۆرە ئەدەبییەکەی هۆنراو و پەخشان و شیعردا کردووە، (جوانکاری و سەروای) (خەزائلی و ساداتی ناسرییە). لەو کتێبەدا هاتووە (←ك٣، ل ١٤ – ١٦) کە: ((هۆنراو وابەستە بەکێش و سەرواوەیە... بۆ شیعر کێش و سەروا مەرج نییە، ئەوەندە هەیە کەوا کێش و سەروا جوانییەکەی زیاتر دەکات ... لە لایێکی دیکەوە دەشێ ئاخاوتن هۆندراوە بێت و بەشیعریش نەژمێردرێت... واتای شیعری جاری واهەیە لەقالبی هۆنراو و جاری واش هەیە لە قالبی پەخشاندا دادەڕێژرێت)). لەپاڵ تەواوی ئەم باسانە و لەگەڵ ئەم وردەکارییە ڕێژەیییەشدا، کە لێکۆڵەرانی جوانکاری و سەروا سەبارەت بە پۆلبەندی جۆرەکانی ئەدەب خستوویانەتە ڕوو، دیسانەوە دەبینین کەوا پولینکارییەکەی خۆیان بەجارێك وەلاوە دەنێن و ڕێگە کۆنەکە دەگرنەوە بەر (← ك ٣، ل١٧):

((هەرچەندە باس و بابەتی لێکۆڵەران مەسەلەی (شیعری هۆنراو)ە، نەوەکو (شیعری پەخشان)، کەچی لەم ڕووەوە ناونیشانی دابەشبوونەکانی هۆنراو بەسەر جۆرەکانی شیعردا دەبرن، کە لە ڕاستیدا پێویستە جۆرەکانی شیعر لەڕووی فۆرمەوە، بەجۆرەکانی هۆنراو بژمێردرێت)).

بەمجۆرە لە ناکاو و بەچاولێکەری لەنەریت، هۆنراو و شیعر دەبن بەهاوواتای یەکتر و لەسەرەتاوە تا کۆتایی ئەو کتێبە لەیەکتری جیا

ناکرێنــەوە. هەنــدێکی دیکــە لەنووســەران لەگــەڵ ئــەوەی باوەڕیــان بەجیاکاری لەنێوان هۆنراو و شیعردا هەیە، بەڵام شوێنێکی زۆر نزمتر لە شیعر بۆ هۆنراو لەبەرچاو دەگرن:

(٦٣) شعر دانی چیست، مرواریدی از دریای عقل
شاعر آن افسونگری کاین طرفه مروارید سفت
صنعت و سجع و قوافی هست نظم و نیست شعر
ای بسا ناظم که نظمش نیست الا حرف مفت
شعر آن باشد که خیزد از دل و جوشد ز لب
باز در دل ها نشیند، هرکجا گوشی شنفت
ای بسا شاعر که او در عمر خود نظمی نساخت
وی بسا ناظم که او در عمر خود شعری نگفت (بهار)

(هومــایی) لەپێناســەی هــۆنراودا دەڵــێ، ئاخــاوتنێکی کــێش و ســەرواداره و بــە هاوواتــای شــیعری دادەنێــت (←ك١٤، ل ٥). هــەروەها (خانلەریش) مەسەلەی کێش و سەروا بەتایبەتمەنـدی شـیعر دەزانێـت و هـۆنراو و شـیعر بـە هاوواتـا دادەنێـت (←ك ٢). (مـوعین) لـەکاتی خسـتنەڕووی پێناسـەگەلێك بـۆ شـیعر و هـۆنراو، لـەکاتی پێناسـەی شیعردا لـە هـۆنراوی جیادەکاتـەوە (←ك ١٢، ل ٢٠٤٨) بـەڵام کـە دێتـە سەر پێناسەی هۆنراو، بەهاوتای شیعردانانی دەداتە قەڵەم (←ك١٢، ل ٤٧٥٣). هەرچـی (دەهخودایـە) لـەکاتی پێناسـەی شـیعردا، لـەهۆنراوی هـەڵاوێر دەکـات، بـەڵام هـەر لـەو دەروازەیـەوە شـیعر بـە ئاخـاوتنێکی خاوەن کێش و سەروا دەژمێرێت (←ك ٤).

مەسەلەی فەرامۆشـکردنی جیاکـاری بنـەڕەتی لـەنێوان (شـیعر) و (هۆنراو)دا، کە لە نەریتە عەرەبییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، کارێکی وای کــردووە جیــاوازی لــەنێوان هونــەرەکانی ئەفرانــدنی شــیعر و هۆنراویشدا نەکرێت. لە یەکەم تێڕوانیندا وا دەبینـدرێت کـە هونـەرە

نەریتییەکانی جوانکاری بێژەیی پەیوەستە بەهۆنراو و هونەرە نەریتییەکانی جوانکاری واتایی پەیوەستە بەشیعر. بەڵام ئەو وێناکردنە تێگەیشتنێکی نادروستە، لێرەوە بۆ نموونە مەسەلەی پێچ و پەخش کە خۆی ئامرازێکە بۆ هۆنراوسازی، لەخانەی جوانکاری واتاییدا دەخرێتەڕوو (← ك ٧، ل ١١٥؛ ك ١٤، ل ٢٧٩). بەهەڵەبردن (ایهام)، هەم لەبواری جوانکاری واتایی باسی لێوەدەکرێت (←ك ٧، ل ١٠١) و هەم لە بواری ڕوونبێژیدا (← ك ٨، ل ٢١٩). سەروا و سەرواداری هاوتەریب و سەرواداری سەرپەڕگیر (سجع مطرف)، کە لە بنەڕەتدا ناوەرۆکێکی یەکسانیان هەیە، لە دوو کتێبدا جیاواز دەخرێنە ڕوو. هاوتەریبی و ڕازاندنەوە (ترصیع)، کە لە بنچینەدا بەجۆرێك لەبەکاربردنی سەرواداری هاوسەنگ و هاوتەریب دەژمێردرێن، وەکو سنعەتێکی سەربەخۆ باس دەکرێت (←ك ١٤، ل ٤٤- ٤٥). سەروا لەپاڵ کێشدا لێی دەکۆڵدرێتەوە و جێگەیەکی لەنێو سنعاتە ئەدەبییەکاندا نییە، چاولەیەك (مراعات النظیر) و موتابەقە، بەشێوەیەکی جیاواز و سەربەخۆ باس دەکرێن تا لەکۆتاییدا نازاندرێت بەکاربردنی جووتە وشەیەکی لەوێنەی (مرد/ زن)، چاو لەیەکە یاخود موتابەقە.

بابەتگەلێکی لەم جۆرە، کەبەتەواوی دەچنە خانەی لاوازی لە پۆلینبەندی سنعاتە ئەدەبییەکانەوە، لەو کتێبانەی کە لەبنەڕەتدا بۆ مەسەلەی پۆلینبەندی ئەم هونەرانە نووسراونەتەوە، زۆر لەبەرچاون. لێرەدا ڕەنگە بتوانین بڵێین، کە ئەم جۆرە ناتەواوییە بنچینەییانە بوونەتە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی زۆر لە ناتەواوییەکانی دیکە. بوونی بابەتگەلێکی دوور لەو مەسەلانە لەنموونەی دزیی ئەدەبی (←ك ١٤، ل ٣٥٥)، هەروەها پۆلینبەندینەکردنی ڕێژەی سنعەتەکان تا دەگاتە ئەوەی ئەمانە لە زنجیرەیەکی ئەلفو باییش ڕێکبخرێن (← ك ٧، ل

١٤٣)، نیشـانەیەکی ئاشـکرایە بـۆ فەرامۆشـکردنی پۆلینبەندییـەکی بەڵگەدار و زانستی. بۆیە (شەمیسا) لـەو باوەڕەدایـە (← ك ٧، ل ١٤٤) کەوا:

((هەر ئەو پێناسە ناتەواو و خەوشـدار و سـەرپێییانەیە، کـارێکی وای کردووە کە جوانکاری ببێتە بابـەتێکی وشـك و بـێ گۆڕانکـاری، تـا ئەوەی کەسێك لەنێوان ئەم هەموو دیوانی شیعرە، بۆ سـوود وەرگـرتن لە مەسەلەکانی وەکو، بەهەڵەبردن، تەناسوب، شـێوازی دانـایی (اسـلوب الحکیم)، لەیەك دوو نموونە کە لە فلانە کتێبی تایبـەت بەجوانکاریـدا هاتوون، ئەستەمە بتوانێت نموونەیەکی تری دەستبکەوێت)).

## کتێبنامه


١- آهنی، غلام حسین، معانی بیان، انتشارات مدرسه عالی ادبیات وزبانهای خارجی، ١٣٥٧.

٢- خانلری، پرویز ناتل، وزن شعر فارسی، بنیاد فرهنگ ایران، ١٣٤٥.

٣- خزائلی، محمد وحسن سادات ناصری، بی تا، بدیع وقافیه، انتشارات مدرسه عالی ترجمه.

٤- دهخدا، علی اکبر، لغت نامه فارسی، انتشارات لغت نامه، دانشگاه تهران، ١٣٣٠.

٥- شریعت، رضوان، فرهنگ اصطلاحات ادبی، هیرمند، ١٣٧٠.

٦- شمیسا، سیروس، آشنایی باعروض وقافیه، فردوس، ١٣٦٧.

٧- ............، نگاهی تازه به بدیع، فردوس، ١٣٦٨.

٨- ............، بیان، فردوس، ١٣٧٠.

٩- قزوینی، جلال الدین محمد بن عبدالرحمن، ، التلخیص فی علوم البلاغه، بی نا، بی تا.

١٠- کاشفی سبزواری، میرزا حسین، بدایع الافکار فی صنایع الاشعار، ویراستهء: میر جلال الدین کزازی، نشر مرکز، ١٣٦٩.

١١- مسگرنژاد، جلیل، مختصری در شناخت علم عروض و قافیه، دانشگاه علامه طباطبائی، ١٣٧٠.

١٢- معین، محمد، فرهنگ فارسی، امیر کبیر، ١٣٥٦.

١٣- وحیدایان کامیار، تقی، وزن وقافیه شعر فارسی، مرکز نشر دانشگاهی، ١٣٦٧،.

١٤- همایی، جلال الدین، فنون بلاغت وصناعات ادبی، نشرهما، ١٣٦٨.

## بەشی ٤

# کورتە مێژوویەکی گشتی لەبارەی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی ئەدەبیات

ئەم بەشە لە دوو بڕگە پێکهاتووە: لە بڕگەی یەکەمدا کورتە مێژوویەکی گشتی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی زمانەوانی ئەدەبیات، وەك ئەوەی لە ئەوروپادا باوبووە، دەخرێتە بەرباس؛ و لەبڕگەی دووەمدا دێینە سەر باسی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی ئەدەبیات لەئێران. ئەوەی لەبواری دەستکەوتەکانی زمانەوانی دەژمێردرێت و پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەم نامەیەی ئێمەدا هەیە لەبەشی یەکەمدا تاوتوێمان کرد. هەر بۆیە ئەم بەشە بۆ پێداچوونەوەیەکی گشتی بۆ ئەو ڕێبازانە تەرخاندەکرێت کە زمانەوانی بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیات دەستنیشانی کردوون، بەشێوەیەك کە پەیوەندی لەگەڵ بنیاتی تیوری نامەکەمانەوە هەیە.

ئەم دوو بڕگەیە خاسیەتێکی تەواو ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەیان هەیە، بۆیە گریمانەی گەیشتن بە دیدێکی گونجاو، لە ئەنجامی پێکەوەگرێدانی ئەوەی کە زمانەوانی تاوەکو ئێستا لەم بوارەدا بەدەستیهێناوە، هەڵدەگیرێت بۆ بەشی پێنجەم.

### ٤/١ لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی ئەدەبیات لە ڕۆژئاوادا

شەفیعی کەدکنی لە دەستپێکی کتێبەکەی خۆیدا (موسیقی شعر)، شیعر بەو جۆرە پێناسە دەکات، کە ڕووداوێکە لەناو زماندا ڕوودەدات (← ك ٢١، ل٣). ڕەنگە هەر ئەم پێناسەیە بۆ شیعر و دواتریش گشتاندنی بەسەر هەموو ئەدەبیات، بووبێتە هۆکارێکی بنەڕەتی بۆ ئاوڕدانەوەی زمانەوانی بەلای ئەدەبیاتدا. چونکە ئەگەر هات و قبووڵمانکرد ڕووداوێکی لەو جۆرە لەناو زماندا ڕوودەدات، کەواتە بێگومان لێکۆڵینەوە لە چۆنییەتی بەرپابوونی ئەم ڕووداوە، لەدیدی زمانەوانییەوە بایەخ و گرینگی خۆی دەبێت. واپێدەچێت یەکەمین زمانەوان کە لەم ڕێگەیەوە سەرنجی دابێتە مەسەلەکانی تایبەت

بەئەدەبیات، (فردینان دۆسۆسێر) بووبێت. (مۆنان)[1] باوەڕی وایە کە نیشانەناسی واتا[2] بەشێوەیەکی گشتی لە لێکۆڵینەوەکانی (سۆسۆر) لەبواری لادانەکانی[3] شیعرەوە سەرچاوەیگرتووە (← ك ٣٢، ل ٨٠). سۆسۆر بەو ئەنجامە گەیشتبوو، کە شاعیرانی لاتینی لە داستانەکانیاندا هەندێ ناوی تایبەتیان بەکارهێنابوو و لە زۆر شوێنیشدا، فۆرمی لەڕێگا لادراوی هەمان ئەو ناوانەیان بەکار دەهێنایەوە. بەداخەوە (سۆسۆر) لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تەرزە ڕەفتارەی شاعیرانی لاتینی لەبەرچاو بووە، بەڵام نەیتوانیوە ئاراستەیەکی زمانەوانییان بۆ دەستنیشانبکات و هەر بۆیەش بیروڕای خۆی لەوبارەیەوە بڵاونەکردۆتەوە. (← ك ٦، ل ٢٤٩) ئەگەر چی (سۆسۆر) نەیتوانیوە ئاراستەیەکی زانستی بۆ ئەم پۆلە لەدووبارەکاری دەنگی بەدەستەوە بدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وێنەیەکی گشتیی بۆ لێکۆڵینەوەکانی دواتر داوەتەدەست. ئەو ئەو مەسەلەیەی لەلا گەڵاڵە بووبوو کەوا ئەم پۆلە لادانانە تەنیا لەزمانی شیعردا بەکاردەبرێت و دەشێ لەم ڕێگەیەشەوە جیاکاری لەنێوان زمانی شیعر و زمانی ئاسایی دەستنیشانبکرێت.

ئەوەی کە سۆسۆر باسی لێوەکردبوو، لەلای هەندێ لە زمانناسانی چیك و فۆرمالیستەکانی ڕووس، بوو بە نموونەیەکی باش و مایەی لێکۆڵینەوەیەکی ورد. لەنێوان هەموو ئەو زمانناسانەدا پێویستە ئاماژە بۆ هەر یەك لە (مۆکارفسکی)، (هاوڕانك) و (ئەشکۆلۆفسکی) بکرێت. باوەڕهێنان بەئەرکی ئەدەبی زمان ڕەگوڕیشەکەی بۆ بۆچوونەکانی ئەم سێ کەسە دەگەڕێتەوە. (هاوڕانك) لەبەرابەر پرۆسەی پێوەری زمان سەرنجی خستۆتەسەر پرۆسەی

---

[1] - G. mounin.
[2] - Semiology of meaning.
[3] - anagrams.

بەرجەستەسازی (← ك ١٨) و، (مۆكارۆفسكیش) بەرجەستەسازی وا پێناسە كردووە؛ كەوا لادانێكی هونەرییە لە پێكهاتەكانی ڕێزمانیی زمانی ئاسایی (← ك ١١) [1]. (یاكۆبسن) لەسەر بنەمای ئەم مەسەلەیە، بەشێوەیەكی وردتر سەرنجی خستەسەر ئەركی ئەدەبیی زمان و جەختی لەسەر ئەو مەسەلەیە كردەوە، كە لەكاتی پەیوەندیكردندا بەرجەستەسازی ئەو كاتە دێتەدی كە ئاراستەی پەیام ڕووی لەخودی پەیامەكە خۆی بێت (← ك ٢٥، ل ٨١).

(لیچ) وەكو ئەنجامگیرییەكی ئاسایی بۆ پرۆسەی بەرجەستەسازی دوو جۆری ئەم پرۆسەیە لەیەكتر جیادەكاتەوە؛ واتا لادان لەپێوەر و زیادەكردنی ڕێسا. ئەو بەگەڕانەوە بۆ هەڵاواردنە كۆنەكەی ئەوروپاییەكان لەنێوان سنعەتەكانی جوانكاری وتەیی[2] و جوانكاری واتایی[3]، جۆرەكانی زیادەكردنی ڕێسای لەچوارچێوەی سنعەتەكانی جوانكاری وتەیی داناوە و جۆرەكانی لادان لە پێوەریش لەڕیزی ئەو سنعاتانە داناوە كەپەیوەستن بەجوانكاری واتایی (← ك ٩، ل ٧٤). لەو ڕێگەشەوە (لیچ) بەو ئەنجامە گەیشتووە كە پرۆسەی زیادەكردنی ڕێسا دەبێتە هۆكاری پەیدابوونی هۆنراو و، لادان لەپێوەریش دەبێتە هۆی هاتنەئارای شیعر. ئەنجا نموونەگەلێكیش بۆ زیادەكردنی ڕێسا و لادان لە پێوەر دێنێتەوە. ئەو باوەڕی وایە كە زیادەكردنی ڕێسا لەڕێگەی هاوتەریبییەوە[4] دێتەدی و كە ئەمیش واتە هاوتەریبی، لەئاكامی كۆمەڵێك پاتەبوونەوەوەیە كە هۆنراوی ئەدەبی لێ دەكەوێتەوە. لەم بوارەدا هەشت جۆری لادان لەپێوەری دەستنیشانكردووە[5] بەیارمەتی كۆمەڵێك نموونە، كە لە كاتی

---

[1] - بگەڕێوە بۆ بڕگەكانی ٤/١ و ٥/١.

[2] - Schemes.

[3] - Tropes.

[4] - Parallelism.

[5] -بگەڕێوە بۆ بڕگەی ٥/١.

بەکاربردنی هەر یەکێکیان ئەوا شیعری لێ بەرهەمدێت (← ك ٩، ل ٤٢ — ٥٢). مەسەلەی پرۆسەی بەرجەستەسازی، سەرنجی زۆر لە زمانەوانانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە. لێرەدا لە هەنگاوی یەکەم پێویستە ئەوە ڕوونبکرێتەوە، کەوا زمانێك کە تایبەت بۆ پەیوەندیکردنە کامەیە وەکو چۆن لەبڕگەی ٤/١ دا ئاماژەی بۆ کرا، (کریستال) و (دیوی) گفتوگۆی نارەسمییان وەك نموونەیەکی تەواو بۆ زمانی پێوەر داناوە (←ك ٥)، (کۆهن) ئەو زمانە بە پێوەر دادەنێ کەلەکاتی ئاخاوتن سەبارەت بەبابەتێکی زانستی بەکاردەبرێت (← ك ٤)، لەنێو لایەنگیرانی تیوری گوێزانەوە و — زاوزێدا، هەر یەك لە (پۆرن) (← ك ١٤)، (ئۆهمەن) (← ك ١٢)، (لوین) (← ك ١٠)، بەدوای ئەوەوە بوون بیسەلمێنن، کە ڕستەیەکی خاوەن بنیاتی قووڵ لەزمانی پێوەردا، بەیارمەتی کۆمەڵێك گۆڕانکاری شێوازییەوە، دەگوێزرێتەوە بۆ ئاستی ڕستەیەکی خاوەن بنیاتی ڕووکەش لەزمانی ئەدەبیدا.

لە لایەکی دیکە لوین ئەوەی خستۆتەڕوو، کە مەسەلەی گۆڕانکاری شێوازی شتێکی ئارەزوومەندانەیە و بۆ ئەمەش ئاماژەی بۆ ژمارەیەك لەم گۆڕانکارییانە کردووە. بەلام ئەوەی بیروڕاکانی لەم بارەوە دووچاری ڕاڕایی کردووە دوو هۆکارن؛ یەکەمیان ئەوەیە کە سنوورێك بۆ ژمارەی ئەو گۆڕانکارییانە لە ئارادا نییە و دووەمیش ئەوەیە کە کارکردی ئەم گۆڕانکارییانە ناتوانێت سنوورێك لەنێوان ئەو ڕستانەی کەوا بەرجەستەکراون لەگەڵ پێکهاتە ڕێزمانییەکانی زماندا بکێشێت. بەو شێوەیە تاوەکو حەفتاکانی سەدەی بیستەم، مەسەلەی چۆنییەتی دەستنیشانکردنی زمانی ئەدەب و جیاکردنەوەی لە زمانی ئاسایی گەرمترین باس و بابەتی لێکۆڵینەوەی ناو کۆڕ و کۆمەڵی زمانەوانان بوو. بەتایبەتیش لای ئەو زمانەوانانە کە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیات بوون. (← ك ٣، ل ٥٩٥)

شانبەشانی ئەم گروپەی یەکەم کە زیاتر بایەخیان بەمەسەلە تیۆرییەکانی چۆنیەتی جیاکاری لەنێوان زمانی ئەدەبی و زمانی پەیوەندیکردن دەدا، گروپێکی دیکەی زمانەوانان خەریکی ئەوەبوون لەڕێگەی شیکردنەوەی گوتارەوە[1] بتوانن وەسفێکی شێوازی ئەدەبی بەدەستەوە بدەن. ئەمانە لەو باوەڕەدابوون کە هەر جۆرە لادانێك لە گوتاردا گۆڕانی شێوازی لێدەکەوێتەوە، بۆیە پێویستە گۆڕان لەشێواز لەڕێگەی پەیوەندی راستەوخۆی بە گوتارێکەوە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت کەوا چوارچێوەی ئەو شێوازە پێکدەهێنێت. (← ك ٣، ل ٥٩٥) دەشێ بگوترێت کە سەرەتای بیروبۆچوونێکی گونجاو سەبارەت بەشیکاریی گوتاری ئەدەبی بۆ (پرات)[2] دەگەڕێتەوە، ئەو بەپشبەستن بە بۆچوونەکانی (ئۆستن) [3] لەمەڕ رەفتاری گوتاریی[4]، لە رووی بیروبۆچوونی فۆرمالیستەکانی رووس و چیك وەستایەوە و گوتی ناشێت ئەدەبیات بەشێوەیەکی رەها وەکو بەرەنجامێکی ئەرکی ئەدەبیی زمان بزاندرێت و ئەرکی ئەدەبی لەبەرابەر ئەرەکەکانی دیکەی زمان دابندرێت. (پرات) لەو باوەڕەدا بوو کە پێویستە ئەدەبیات وەکو چالاکییەکی زمانی وابەستە بە چنینی بارودۆخەکەی شیبکرێتەوە (← ك١٣). ئەنجا ئەو بە کەلك وەرگرتن لەو نموونانەی کە (لابۆڤ)[5] لە شیکردنەوەی رۆمانە نائەدەبییەکاندا بەکاریهێنابوو، هەوڵیدا بیسەلمێنێ کە زمانی ئەدەب لە بوارەکانی دیکەی زمانی رۆژانەشدا، وەکو ریکلام و تەنز و مەتەڵۆك و یاری مندالانیش بەکاردەبرێت. (← ك ٣، ل ٥٩٥) ئەوەی (پرات) هێنایە ئاراوە لە بنەڕەتدا شیکردنەوەی ئەدەبیات بوو وەك

---

1 - discourse analysis.
2 - M. L. Pratt.
3 - J. Austin.
4 - Speech acts.
5 - W. Labov.

بەشـێکی دانـەبڕاو لـە بـەکاربردنی زمـان وەکـو ئـامرازێکی پەیوەنـدیکردن. بۆیـە (فـیچ)[1] وەکـو یـەکێك لـەپێڕەوانی بیروبۆچوونەکانی (پرات)، لەدواییدا بەو ئەنجامە گەیشت، کە بنیاتە ئەدەبییەکان دەبێ لەسۆنگەی ئەو زمانەوە پێناسەبکرێن کەوا خەڵك بەشێوەیەکی ڕۆژانە بەکاری دەهێنن. (← ك ٧).

ئەگەرچی (پرات) بەخستنەڕووی تیوری (شیکردنەوەی گوتار) دەستبەردار بوو، بەڵام بۆچوونەکانی لە لێکۆڵینەوەکانی هەر یەك لە (بورتـۆن)[2] (← ك ١) و (بنفیلـد) [3]بەشـێوەیەکی پراکتیکـی بەکارهێندران. (بنفیلد) لەنێوان جۆرەکانی ڕستەکانی زماندا ئاماژەی بـۆ ڕسـتەگەلی گێڕانـەوەیی[4] کـرد و، بـاوەڕی وابـوو کـە ئـەم دەسـتە ڕستەیە لـە ئاسـت ڕستەکانی پەیوەندیکردنـدا مەبەسـتدار نـین. ئـەم دیدگەیـەی (بنفیلـد) ئەگەرچـی لـەژێر کارتێکـەری بۆچـوونەکانی (پراتەوە) بوو، بەڵام زۆر لە تێڕوانینەکانی (بـارت)ەوە[5] دوور نـەبوو کە شانزە ساڵ بەر لە (بنفیلد) جیاوازی لەنێوان گێڕانەوە و گوتـار لە چیرۆکدا کردبوو. ئەو ڕای وابوو کە گێڕانەوە لە چیرۆك ئـەو بەشـەیە کە باس لە کەسایەتی و ڕووداوەکان دەکات و گوتـاریش ئـەو بەشـەیانە کە گێڕەڕەوە بەهۆیەوە پەیوەندی لەگەڵ خوێنەرەکەیەوە گـرێ دەدات (← ك ٣٢، ل ٨٦). بۆیـە بـەو پێیـە بێـت دەبـێ (بنفیلـد) کاتێـك مەسـەلەی ڕسـتەگەلی گێڕانـەوەیی هێناوەتـە گـۆڕێ ئاگـاداری بۆچوونەکانی (بارت)یش بووبێت. بۆیە لە دواییدا (بنفیلد)یش وەکو (بارت) بەو ئەنجامە گەیشت کـەدان بـەو جۆرە جیاکارییانـە دابنێـت، بـەواتا جیاکاری لـەنێوان گێڕانـەوە و گوتـار، یـا ئـەوەی وەکو بنفیلد

---

[1] - S. Fich.
[2] - D. Burton.
[3] - A. Banfield.
[4] - narrative.
[5] - R. Barthes.

گوتویـەتی، جیاکـاری لـەنێوان ڕسـتەگەلی گێڕانـەوە و پەیوەنـدیکردن، زیاتر پەیوەستە بە خواستی بیروباوەڕ و زانیاری شیکاریانە تـا ئـەوەی جیاکارییەکی کۆتایی و جیهانی بێت. لەپاڵ کەسانێکی وەکو (برتـۆن) و (بنفیلد) کە باوەڕیان بەشیکاریی گوتاری ئەدەبیات هەیـە، پێویستە ئاوڕێکیش لـە (فالـەر) بدرێتـەوە کـە گـرنگترین کەسـی ئـەم گروپەیـە. (فالـەر) لـە وتارێکیـدا بەناونیشـانی (ئـەدەبیات وەکـو گوتـار) ڕەخنـە لەدیدگـەی (یاکۆبسـن) دەگرێـت و (← ك ٢٥، ل ٨٧) لەسـەر ئـەو باوەڕەیە کە شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکان وەکو بنیـاتێکی ڕوخسار کارێکی هەڵەیە. ئەو بـە پشتبەسـتن بەتیۆرییەکـەی (هالیـدای) لەمـەڕ کارایی زمان، باس لە سێ جۆری ئـەرکی زمـان دەکـات؛ (نیازمەنـدی[١]، نێوان کەسی[٢]، دەقی)[٣]. پێی وایە ئەرکی نیازمەندی (گریمانە سازی)، جیهـانبینی ئـاخێوەر دەگوازێتـەوە، ئـەرکی نێـوان کەسـی (تـاکی!) پەیوەسـتە بەشـێوەی پەیوەنـدی لـەنێوان ئـاخێوەر و دوێنـراو یـاخود دوێنراوەکـانی و ئـەرکی دەقـیش بەشـێوەیەکی تاکلایەنـە، پەیوەنـدی لەگـەڵ زەمینـەی هەڵکـەوتی خۆیـدا دروسـتدەکات. بـەبڕوای (فالـەر) لـەڕێگای ئـەرکی دەقییـەوە دەتوانـدرێت پـەی بـەوەببرێت کـە ئـەوەی خراوەتەڕوو، لە هەلومەرجی تایبەت بە گوتارەکە خۆیەوە، چ واتایەك دەبەخشێت.

بەداخـەوە ئـەو ڕێبـازەی کـە (فالـەر) و هاوڕێکـانی هەڵیانبـژارد، لەوانەی کە باوەڕیان شیکردنەوەی گوتاریی ئەدەبیات هەیـە، مەیـدانی شـیکردنەوە و لێکۆڵینـەوەی دنیـای ئـەدەبیات بەرتەسـك دەکاتـەوە، لەبەرئـەوەی هـەر بنیاتێـك تـەنیا لەڕێگـەی تـەونی دەوروبەرەکـەی خۆیـەوە شـیاوی شـیکردنەوە دەبێـت. (کاتـەر)[٤] ئەگەرچـی خـۆی لـە

---

[1] - ideational.
[2] - interpersonal.
[3] - textual.
[4] - R. Cater.

پێڕەوانی دیدگەکەی (فالەر) لە قەڵەم دەدرێت بەڵام ڕەخنە لەڕێبازی لێکۆڵینەوەی ئەم پۆلە زمانەوانە دەگرێت، سەبارەت بەشیکردنەوەی ئەدەبیات (← ك ٣، ل ٥٩٨ — ٦٠٠) و ڕای وایە کە ئەو ڕاڤە و لێکدانەوانەی تەنیا گرێدراوی چینینەکەن لەبری ئەوەی بتوانن سەراپاگیربن، زیاتر شتی کەسین و گرێدراون بەزانیاری و جیهانبینی شرۆڤەکارەکەوە.

لەم کورتە باسەدا تەنیا ئاماژە بۆ کورتە مێژوویەکی هەمەلایەنەی جۆرەکانی شێوازگەری زمانەوانی کراوە، ڕەنگە وردەکاری زیاتر سەبارەت بەڕێبازەکانی ڕەخنەی بنیاتگەری لەئامانجی ئەم نامەیە بەدەربێت!

### ٢/٤ لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی ئەدەبیات لەئێران

ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە لەئێران یەکجار تازە داکەوتووە و ڕەنگە بە دڵنیاییەوە بتوانین بڵێین، کە لە چەند وتار و لێکۆڵینەوەیەك بترازێ تا ئێستا کتێبێك لەو بارەیەوە بڵاونەکراوەتەوە، کە ناوەرۆکەکەی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدەبیات لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە تەرخانکرابێت.

زۆرترینی ئەم لێکۆڵینەوانەش کە هەن دەچنە خانەی توێژینەوەی عەرووزی فارسی، کە بە توێژینەوەکانی خانلەری (←ك ٢٠) و فەرزاد (← ك ٢٦ — ٣١) دەستپێکردووە و ئەنجا بەلێکۆڵینەوەکانی نەجەفی (← ك ٣٣، ٣٤)، شەمیسا (← ك ٢٢ — ٢٤)، وەحیدیانی کامیار (← ك ٣٥ — ٣٩) درێژەی پێدراوە.

ئەگەرچی هیچ کام لەم لێکۆڵەرە عەرووزییانە لە بەرهەمەکانی خۆیاندا بەڕاشکاوی ئاماژەیان بەو مەسەلەیە نەکردووە، کە لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە لە کێشی شیعری فارسییان کۆڵیوەتەوە، بەڵام ئاوڕدانەوەیان بەشێوەیەکی ناوەکی لەهەندێ لە تایبەتمەندییەکانی

شـیکردنەوەی زمانـەوانی، ئاماژەیەکـە بـۆ ئاراسـتەیەکی لـەو جـۆرە. سڕینەوەی زاراوەگـەلێکی لەوێنـەی، سـەبەب، وەتـەد و فاسـیلە (← ك ۲۰، ۲۹)، بەکارهێنانی ڕێبازی کەرتکردنی بڕگـەیی (← ك ۲۰؛ ۲٦؛ ۳۳؛ ۳۹)، بایەخـدان بـە نـاوەڕۆکی دەنگسـازی کـێش و سـوود وەرگـرتن لەزاراوەکانی وەکو بزوێن و نەبزوێن (← ك ۲۰)، پـەنابردن بـۆ ئامـار بەمەبەسـتی دەستنیشـانکردنی ژمـارەی پاتەبوونـەوەی کێشـەکان (← ك ۲۳؛ ۲۹؛ ۳۹)، گرتنەبەری ڕێبازێکی زانستی لە پۆلینبەندی کێشەکان (← ك ۳٤) و لـەم جـۆرە نموونانـە، ئاماژەیەکـە بـۆ پـەنابردنی ئـەم دەستەیە لە توێژەرانی عەرزوو بەئاراستەی ئامرازەکانی زمانەوانی.

هـەروەها لەڕوانگـەی زمانەوانییـەوە بـۆ مەسـەلەکانی قافیـەش هەنگاو هەڵێندراوە. شەفیعی کەدکنی توێژینەوەیەکی فراوانی لەبارەی قافییەوە ئەنجامداوە، بایەخی ڕاستەقینەی کارەکەی ئەو لـەبارەی ڕۆڵی سەروا، بەتایبەتیش بایەخدانییەتی بەڕۆڵی ئاوازەیی سـەرواوەیە (← ك ۲۱، ص٥٥ — ۱۰۲). حەقشـناس بەلێکۆڵینـەوە لەسـەروا لـە ڕوانگـەی زمانەوانییەوە، یاسای ڕەدیف و سەرواسازی ڕووندەکاتەوە. (← ك۱۸).

جگـە لـە توێژینـەوەکانی کـێش و ڕەدیـف و سـەروا لـە ڕوانگـەی زمانەوانییـــەوە، لێکۆڵینەوەیـــەکی (شـــەمـــەرە) بڵاوکراوەتـــەوە، کـــە ئاماژەیەکـە بـۆ کـەڵکوەرگرتن لـەئامرازەکانی زمانـەوانی لـەبواری شـێوازگەری ئەدەبیـدا (← ك۱۷). (شـەمـەرە) لـەم لێکۆڵینەوەیـدا لـە ڕێگەی شیکردنەوەی دەنگسازی و فۆنۆتاکتیکی (فۆنیم ئارایی) شێوازی حـافزەوە سـەلماندوویەتی کـە ئـەو غەزەلـەی دراوەتـە پـاڵ حـافز و دەستپێکەکەی بەمجۆرەیە: ((بحمد الله که بازم دیدن رویت میسر شد/ ز خورشـید جمالـت دیـدهء بختـم منـور شـد)) ناکرێـت هـی خواجـەی شیرازی بێت. جگە لەمانەش دوو لێکۆڵینەوە لەلایـەن (باتنی) (← ك ۱٦، ل ۳۹ — ٤۳) و حەقشـناس (← ك ۱۸، ل ۱۳ — ۲٤) دوە ئەنجامـدراون کە لە مەسەلەکانی تیوری تایبەت بە توێژینەوەی ئـەدەبی لەڕوانگـەی

زمانەوانییـەوە دەکۆڵنـەوە. (بـاتینی) کاتێـك بـاس لـە ((شـێوازگەری زمانــەوانی)) دەکـات، هەوڵـدەدات ئـەوە ڕوونبکاتـەوە کـە چـۆن ئـەو پێکهاتانــەی لەلایـەن شـاعیرێکەوە بـەکاربراون، بـۆ دەستنیشـانکردنی شێوازی شاعیر لەڕووی زمانەوانییەوە لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت. (حەقشناس) لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا (جیهانگەلی وتـار) لەهەریـەك لـەزمان و لـە ئەدەبیاتـدا لەیـەکتر هـەلاوێر دەکـات. مەبەستیشـی لـە ((جیهانی وتار)) ئەو گۆشـە تایبەتەیـە لـە جیهانێـك کـە لـەوێوە قسـە لــەبارەی بەرهەمێکـدا دەکرێـت. (← ك ١٨، ل ٢٠) بــەتێڕوانینێکی گشتی لەو لێکۆڵینەوانەی ئەدەبیات کە لە ڕوانگەی زمانەوانییـەوە لـە ئێران ئەنجامدراون، دەتوانین بڵێین ئەم لێکۆڵینەوانـە لەگـەڵ بایـەخی هەر یەکێکیانیش، ئەوانەی لێدەرچێت کـە لـەبارەی کێش و سـەرواوە کــراون، ئــەوانی دیکـە هــەموو پــرش و بــلاون و بنیــاتێکی ڕێــك و بەیەکــەوە گرێــدراویان نییــە. ڕەنگــە بگوترێــت کــە حەقشــناس لەهـەمووان زێـتر بەشـێوەیەکی گونجـاو پەرژاوەتـە سـەر شـیکردنەوەی ئــەدەبیات لەڕوانگــەی زمانەوانییــەوە. وەك چــۆن لــەم بابەتانەیــدا بەدیاردەکەوێت؛ دانـان بەجیاکاری لەنێوان هەرسێ جۆرەکەی ئەدەب، هۆنراو و شیعر و پەخشـان (← ك ١٩)، ڕوونکردنـەوەی سـەرواو پـاش ســـــەروا (← ك ١٨، ل ٢٥ — ٦٣)، پەیوەنــــدی لـــــەنێوان شـــــیعر و گەشەســــــەندنی زمــــــان (← ك ١٨، ل ١٣٩ — ١٥٢)، خســــــتنەڕووی نموونەیــــەك بــۆ ڕەخنــــەی شــیعری (← ك ١٨، ل ١٥٣ — ١٦٨)، ئــەو بۆچوونە دەسەلمێنێت.

## کتێبنامە

1- Banfield, A. *Unspeakable Sentence: Narration and Representation in the Language of Fiction,* Routledge &Kegan Paul, London, 1982.
2- Burton, D. *Dialogue and Discourse: A Sociolinguistic Approach to Modern Drama, Dialogue and Naturally Occurring Conversation,* Routledge & Kegan Paul, London, 1980.
3- Carter, R. ''Language and Literature'', in Collinge N. E. (ed)*: An Encyclopadedia of Language.* Routledge, 1990.
4- Cohen, J. *Structure du Language Poétique,* Flammarion, Paris, 1968.
5- Crystal, D. and Davy, D. *Investigating English Style,* Longman, London, 1969.
6- Culler, J. *Structuralist Poetics,* Routledge, London, 1975.
7- Fish, S. ''What is Stylistics and why are They Saying Such Terrible Things About it?'', in *IS There a Text in This Class?*، Cambridge, Harvard Univ. Press, 1980.
8- Harvanek, B. ''The functional differentiation of standard language'', in Garvin, P. (ed.) *Prague School Reader in Esthetics, Literary Structure and Style,* Georgetown, Georgetown Univ. Press, pp.3-6, 1932.

9- Leech, G. H. *A Linguistic Guide to English Poetry,* Longman, London, 1969.
10- Levin, S. *Linguistic Structures in Poetry,* Mouton, The Hague, 1962.
11- Mukarovsky, J. ''Standard language and poetic language'', in Garvin, P. (ed.) *Prague School Reader in Esthetics, Literary Structure and Style.* Georgetown, Georgetown Univ. Press, pp. 19-35, 1932.
12- Ohmann, R. ''Generative grammars and the concept of literary style'', *Word*, No. 20, pp. 423-39, 1964.
13- Pratt, M. L. *Toward a Speech Act theory of Literary Discourse.* Indiana Univ. Press, Bloomington, 1977.
14- Thorne, J. P. ''Generative grammar and stylistic analysis'' in Lyons, J. (ed.) *New Horizons in Linguistics,* Harmondsworth, Penguin, pp. 185-197, 1970.

۱۵- احمدی، بابك. ساختار و تأویل متن، تهران، نشر مرکز، ۱۳۷۰.
۱٦- باطنی، محمد رضا، پیرامون زبان و زبانشناسی، تهران، فرهنگ معاصر، ۱۳۷۱.
۱۷- ثمره، یدالله.((تحلیل سبکی یك شعر منسوب به حافظ))، مجله دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه تهران، ص۲۲، ش۳-٤.
۱۸- حق شناس، علی محمد. مقالات ادبی، زبانشناختی، تهران، نیلوفر، ۱۳۷۰.
۱۹- _____.((شعر، نظم، نثر، سه گونه ادبی)). دومین کنفراس زبانشناسی نظری و کاربردی، دانشگاه علامة طباطبایی،۱۳۷۱.
۲۰– خانلری، پرویزناتل. وزن شعر فارسی، تهران، بیاد فرهنگ ایران، ۱۳٤۵.
۲۱- شفیعی کدکنی، محمد رضا. موسیقی شعر، تهران، آگاه، ۱۳٤۵.
۲۲- شمیسا، سیروس. فرهنگ عروضی، تهران، خانه ترجمه، ۱۳٥٤.
۲۳- _____آشنایی با عروض و قافیه، تهران، فردوس، ۱۳٦٦.
۲٤- _____عروض، دانشگاه پیام نور، ۱۳٦۸.
۲۵- فالر، راجر و دیگران، زبانشناسی و نقد ادبی، ترجمه مریم خوزان، حسین پاینده، تهران، نشر نی، ۱۳٦۹.

۲٦- ______.فرزاد، مسعود، مبنای ریاضی عروض، تهران، چاپخانه بانك ملی ایران، ۱۳٤٥.
۲۷- ______.((عروض مولوی)). مجله خرد و کوشش، اردیبهشت ۱۳٤۹.
۲۸- ______.((عروض رودکی)). مجله خرد و کوشش، أبان ۱۳٤۹.
۲۹- ______.((مجموعه اوزان شعر فارسی)). مجله خرد و کوشش، بهمن۱۳٤۹.
۳۰- ______.((عـروض حافظ)).مجلـه دانشـکده ادبیـات و علـوم انسـانی، دانشـگاه تهران، ش۱۰، فروردین ۱۳٥۰.
۳۱- ______.((مسأله هشتصد ساله وزن رباعی)). مجله خرد و کوشش، پائیز ۱۳٥٤.
۳۲- قویمی، مهوش.((زبانشناسی و کاربرد ان در ادبیات، بیـدایش نقـد سـاختاری))، مجلة زبانشناسی، مرکز نشر دانشگاهی، س٥، ش۱، ۱۳٦۷.
۳۳- نجفی، ابوالحسن.((اختیارات شاعری))، جنگ اصفهان، دفتر دهم، ۱۳٥۲.
۳٤- ______.((درباره طبقه بندی وزنهای شعر فارسی))، اشنایی با دانـش، دانشـگاه ازاد ایران، ش۷، فروردین ۱۳٥۹.
۳٥- وحیدیان کامیار، تقی.((تکیه و وزن شعر فارسی)). راهنمای کتـاب، شـش ٤،٥،٦، ۱۳٥۲.
۳٦- ______. برسی وزن شعر عامیانهو فارسی، تهران، أگاه، ۱۳٥۷.
۳۷- ______. ((برسی اوزان نوحه‌ها)). مجله دانشگاه انقلاب، ش۳۲، ۱۳٦٤.
۳۸- ______.((عروض فارسی در یك مقاله)). مجله دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه فردوسی مشهد، ش۱، س۱٦، ۱۳٦۲.
۳۹- ______. وزن و قافیه شعر فارسی، مرکز نشر دانشگاهی، ۱۳٦۷.

## بەشی ٥

# پێداچوونەوە بەتوێژینەوە زمانەوانیەکانی ئەدەبیات

ئـەم بەشـەی بەردەسـت دەروازەیەکـە تـا بـەرەو چوارچـێوەی بنەڕەتی ئەم نامەیە هەنگاو هـەڵێنین، لەبڕگـەی یەکەمیـدا ئامـاژە بـۆ جیـاوازی نێوان(وەسـف/ گوزارشـت) و (پێناسـە) دەکـەین و خەسـڵەتی سـێ لایەنـەی وەسـف دەستنیشـاندەکەین. لەبڕگـەی دووەمـدا لەسـەر بنـەمای ئـەنجامگێری پێوەرەکـانی بڕگـەی پێشـوو، شـیکارییەك بـۆ توێژینـەوەکانی زمانـەوانیی ئـەدەبیات دەخەینـەڕوو و هەوڵـدەدەین بگەینــە ئــەو ســەرنج و تێبینییانــەی کــە لــە ئاکــامی کۆمــەڵێك ناتەواوییـەوە بەدەسـتدێن. لەبڕگـەی سـێیەمدا هەوڵـدەدەین لـەڕێگای ئـەم ئەزموونانـەوە بگەینـە ئـەو شـێوە گوزارشـتە پێویسـتەی کـە لـەم نامەیەدا ڕەچاو دەکرێت.

### ١/٥/ وەسف و پێناسە

حەقشناس لە لێکۆڵینەوەیەکیدا بە ناونیشـانی ((چارەسـەرکردنی مەسـەلەی سەرواسـازی)) بەرلـەوەی بێتـە سـەر باسـی قافیـە بـەوردی ئاماژە بۆ جیاوازی لـەنێوان وەسـف[١] و پێناسـەدا[٢] دەکات و ئامـاژە بـۆ دوو لایەنی بنەڕەتی لێکجیابوونەوەی ئەم دووانە دەکات (←ك ٥). لە بارەی وەسفەوە لەو باوەڕەدایە، کە دیدگە و ئامانج ڕۆڵی بڕیاردەریـان هەیە، لەکاتێکدا لە پێناسەدا، ئامانج و دیدگە ئەو ڕۆڵە بایەخـدارەیان نییـە. جگەلـەوە لـە وەسـفدا بـەزۆری هـەموو وردەکـاری و لایەنـە لاوەکییـەکانی بابـەتی لێکۆڵینـەوە، بەهـەمان ئەنـدازەی بایەخپێـدانی لایەنە سەرەکییەکان، لە بەرچاو دەگیرێن، کەچی لەپێناسەدا وانییە.

لـە وەسـفدا کۆمـەڵێ لایـەنی وردو لاوەکـی بابـەتی لێکۆڵینەوەکـە ڕەچاو دەکرێن کە لە سۆنگەی بابەتی لێکۆڵینەوەکەوە بایەخیان هەیە و بە هەمان ڕادەی لایەنی گشتی و بنەڕەتیی بابەتەکە گرینگن. ئەمـە

---

1 - description.

2 - definition.

لـە كاتێكدايـە كـە لـە كـاتی پێناسـە كردنـدا ئـاوڕ لەلايەنــە ورد و لاوەكييــەكانی بابــەتی لێكۆڵينــەوە نادرێتــەوە و تــەنيا خاســيەتە ناسراوەكان دەخرێنە ڕوو.

حەقشـناس ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەكـات كـە مەسـەلەی گەيشـتن بـە پێناسەيەك كە ڕاست و وردو گرينگ بێت كارێكی زۆر دژوارە. ئـەوجا وتــەكانی وەكـو ورد و گــرينگ، هــەر خۆيــان لەوپــەڕی تەجريـد و داماڵراوی دان و هەر خۆشيان لەمەيدانی كـار و لـەبواری ئاشـناييكردن و سوودمەندی لە واقعيەتێكی بەردەستی بابـەتی لێكۆڵينـەوە، نـاتوانن ئەمەندە سوودبەخش و ڕێ ڕۆشنكەرەوە بن تەنيا ئـەو كاتانـە نـەبێت كە وەسفێكی ورديان بۆ دەكرێت (← ك ٥، ل ٢٨).

هـەر لـەم لايەنەشـەوە كە وەسـف لـە پێناسـە ڕۆشـنترە، بۆيـە لـە واقعييەتی بەرچاوی بابەتی لێكۆڵينەوەكە زۆر نـزيكترە. بـەو هۆيـەوە دەبێ ئەوە بسەلێنين كە وەسفكردن بۆ مەبەستی تێگەيشـتن لەبابـەت و واقعييتگەلێكی بەردەست، لەپێناسە زياتر سوودبەخش و ڕێخۆشترە.

لە مەسەلەی وەسف، فاكتەری ديدگە و فاكتەری ئامـانج گـرينگن. لەڕێگەی ئەم دوو فاكتەرەوە دەتوانـدرێت شـێوە، ئاراسـتە، پانتـايی، تـا دەگاتــە ئامانجــەكانی هــەر وەســفكردنێكيش هــەر لەســەرەتاوە دەستنيشانبكرێن. هەر بۆ نموونە، لەسەر بنەمای ئەو كورتە مێژووەی لەبارەی لێكۆڵينـەوەكانی ئـەدەب لـە ڕوانگـەی زمانەوانييـەوە لەبەشـی چوارەمدا خراوەتەڕوو، دەتوانين بڵێين كە تاوتوێی ئـەدەبيات لەلايـەن زماناســانەوە، بــەدوو ڕێگــای جيــاواز، بــەڵام بەيەكــەوە گرێــدراو گۆڕانكـاری بەسـەرداهاتووە. ڕوانگـەی يەكـەم بـەگوێرەی بنـەماكانی بنياتگـەری[1]، بەتايبــەتيش فورماليســتی[2] لــەهۆكارەكانی داهێنــانی ئەدەبی كۆڵيوەتەوە و، ڕوانگەی دووەم بەپێی بنەماكانی دەوروبەرزانی

---

[1] - structuralism.

[2] - formalism.

و بەکاربردنــەوە[1] کەوتۆتــە شــیکردنەوە و لێکۆڵینــەوەی ئــەوەی بــە ڕووداو و بەرهەمی ئەدەبی دەناسرێت. بەوجۆرە دەتـوانین بڵێین، کـە مەســەلەی لێکۆڵینــەوەی زمانــەوانیی ئــەدەبیات بــە هــۆی جیــاوازی لەفاکتــەری ڕوانگــە و فاکتــەری ئامــانج ، بۆتــە دوو لق و هەریەکــە لــە ((زمانــەوانی ئــەدەبیات)) و ((شــێوازگەری زمانــەوانی)) دەگرێتــەوە. زمانــەوانی ئــەدەبیات دەپەرژێتــە ســەر وەســفی ئامرازەکــانی داهێنــانی ئەدەبی، شێوازگەری زمانەوانیش وەسفی چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە دەکات لەبەرهەمێکی ئەدەبی دیاریکراودا.

ئەم دوو ڕێبازەی لێکۆڵینەوە، لە زۆر لایەندا جیاوازی بەرچاویان لەنێوانــدا هەیــە، بــەڵام هەردوولاشــیان کــاری بــەجێن و مایــەی پەسەندین. لەبابەتی پێناسەدا، فاکتـەری ڕوانگـە و ئامـانج بایـەخێکی ئــەوتۆی نییــە، لێــرەدا کارەکــە بــە دۆزینــەوە و دەستنیشــانکردنی خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی بابەتی لێکۆڵینەوە کۆتایی دێت (←ك ٥، ل٣٠)، هــەر بابــەتێك خــاوەنی کۆمــەڵێ خاســیەت و تایبەتمەنــدی جیاواز بەخۆیەتی، بۆیە لە هەر ڕوانگەیەك یا بەهەر ئامانجێکەوە لێی بکۆڵیتــەوە، ئەگــەر هەڵەیــەك لــەئارادا نــەبێت، ئــەوا دەبــێ بگــەین بەهەمان پێناسە.

وەسـفە زانسـتییەکان لـە پلـە و شـیاوی جیـاوازدان، وەسـفی شـیاو تێڕوانینێکی وردە[2] کاتێك ئاماژە بـەوە بکـات چ بابەتگـەلێك لەئاسـت بابەتگـەلی دیکـەدا خـاوەن بنیـاتێکی سـاز و دروسـتە. وەسـفی خـاوەنی شیاوی، ئەو وەسفەیە[3] کە بە بینینێکی ورد و شایسـتە گەیشـتبێت تـا ئـەوەی بتوانێـت وەسـفی ئـەم بنیاتانـە بکـات. وەسـفی خـاوەن شـیاوی، ڕوونکردنەوەیەکـە[4] لــەنێوان چــەند وەســفێکدا نیشــانی دەدات کــە

---

1 - pragmatics.
2 - observational adequacy.
3 - descriptive adequacy.
4 - explanatory adequacy.

کامـــەیان لەگشـــتگیرییەکانی زمانـــەوە نـــزیکترە و لـــە ڕووی دەروونزانیشەوە جێگای باوەڕە. بەم پێیە وەسفی زانستی نابێت تەنیا لەئاست ڕاڤەی ئەو شتە بوەستێت کە هەیە، بەڵکو دەبێ ئەوەش ڕوونبکاتەوە بۆچی ئەو شتەی کە هەیە بوونەکەی بەم جۆرەیە و بۆچی بەشێوەیەکی دیکە نییە. سەرباری ئەوەش، وەسفی زانستی پێویستە ئەوەندەی دەکرێت، زەمینەسازی بۆ نرخاندنی خۆیشی دابین بکات. (←ك ٥، ص ٣٥).

## ٢/٥ شیکردنەوەی دەستکەوتە زمانەوانییەکان لە بواری ئەدەبیاتدا

دەستکەوتەکانی زمانەوانیی ئەدەبیات و شێوازگەری زمانەوانی لەبواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبدا، کە خۆی ڕووداوێکە و لەزماندا ڕوودەدات، هەدووکیان لەڕەگەزی وەسفین نەوەکو پێناسە، بەڵام لە وەسفەکانی هەر گروپێکیان کۆمەڵێ ناتەواوی بەرچاو دەکەون کە شایانی لێوردبوونەوەن. بەڕەچاوکردنی ئامانجی ئەم نامەیە، خستنەڕووی ئەم ناتەواوییانە لە شیکردنەوە شێوازگەریەکاندا لەسنووری نامەکە بە دەرە[1]. وەڵێ خستنەڕووی باسێکی گشتگیر سەبارەت بەو ناتەواوییانەی کە لە لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکانی ئەدەبیاتدا هەن و پاشخانەکەیان بۆ وەسفی هۆکارەکانی داهێنانی ئەدەبی دەگەڕێتەوە، دەشێ ببێتە چوارچێوەیەك تا ئەوەی لێکۆڵینەوەکانی دواتری ئەم نامەیە بەشێوەیەکی گونجاو بێت. بەمەبەستی دەستبردن بۆ کارێکی لەو جۆرە، پێویستە گشتگیرترین نموونەی بەردەست لەم بوارەدا، واتە ئەو نەخشەیەی کە (لیچ)

---

[1] - بۆ شارەزایی زیاتر لەبارەی ناتەواوییە گرینگەکانی شیکردنەوەکانی شێوازگەری زمانەوانی و بەتایبەت شیکردنەوەکانی گوتار، بگەڕێوە: ك ١، ل ٥٩٨ —٦٠٠.

داویەتە دەست، بێنینەوە و بیخەینە ژێر سەنگی محەکی شیکردنەوە و ئاماژە بۆ چەند کەموکوڕییەك بکەین لە پولینکارییەکەی ئەودا.

### ١/٢/٥ پۆلینبەندی ڕەها

جۆرەکانی لادان لەپێوەر لەلای (لیچ)، لەڕیزی ئەو سنعەتانە دادەندرێن کە پەیوەستن بەجوانکاری واتاییەوە (←ك ٥، ص ٧٤) و لەم ڕێگەیەشەوە جۆرەکانی لادان، وەکو هۆکارێك بۆ داهێنانی شیعری دادەندرێت. بێگومان ئەو پۆلینکارییەی (لیچ) کردوویەتی بایەخێکی زۆری هەیە، بەڵام جیاکردنەوەیەکی ڕەهای لادانەکان لە زیادەکردنی ڕێسا، بەلانی کەم لە هەندێك حاڵەتدا، دەبێتە مایەی لێکەوتنەوەی ناتەواوی. لێرەدا با لە پێشەوە سەرنج لەوە بدەین کە ئەو لەژێر ناوی ((لادانی ڕێزمانی)) یەوە خستوویەتییەڕوو. بەڕای لیچ لادان لە ڕۆنانی (ڕیزبەندی) وشەیی بێ لایەنی زمان[1]، لەڕستەدا لادانی ڕێزمانییە و، لەوەوەش کە لادانەکان بەشێوەیەکی گشتی بەهۆکاری داهێنانی شیعری دەژمێردرێن، کەواتە هەر گۆڕانێك لە ڕۆنانی وشە بێ لایەنەکانی ڕستەدا دەبێ لەئاکامدا داهێنانی شیعری لێبکەوێتەوە. (← ك ٢، ل ٤٥) ئەم بڕیارە یەکلاییکەرەوەیە سەبارەت بەلادانی ڕێزمانی ڕەنگبێ جێگای گومان بێت، چونکێ لە زۆر باردا لادانی ڕێزمانی وەکو وەسیلەیەك بۆ ڕاگرتنی پارسەنگی کێش بەکاردەبرێت و ئەگەر ئەمەش وابێت، خستنەڕووی پۆلبەندییەکی ڕەها و جیاکارییەکی تەواو لەنێوان لادان لەپێوەر و زیادەکردنی ڕێسا ڕیزپەڕی تێدەکەوێت. ئەنجا بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم بابەتە، دەتوانین سوود لەنموونەی (٦٤) وەربگرین:

[1] - بەڕای لیچ ڕۆنانی وشەیی بێلایەن لە ڕستەی ئینگلیزیدا بەم شێوەیەیە: (بکەر، کار، بەرکار، تەواوکەر). (←ك ٢، ل ٤٥).

٦٤) بدو گفت طوس ای فریبنده ماه
تو را سوی بیشه که بنمود راه                    (فردوسی)

ئەگەر زانیمان ڕۆنانی وشەگەلی فارسی خاوەن بنیاتی بێ لایەن لەڕستەدا بریتین لە [ بکەر، بەرکار، کار] (← ك ٤، ل ٣٧)، هەروەها بنیاتی بێ لایەنی ڕۆنانی دیارخەر و دیارخراو بەم شێوەیەیە [فریزی ناوی – ئاوەڵناو] (← ك ٤، ل ٨٠)، کەوابێت دەکرێ نموونەی (٦٥) وەکو ڕۆنانی ڕستەیەکی بێ لایەنی نموونەی (٦٤) وەربگیرێت:

٦٥) طوس بدو گفت ای ماه فریبنده
که راه سوی بیشه را به تو بنمود

لە نموونەی (٦٥) دا هیچ جۆرە ڕێکخستنێکی ئاوازەیی بەرچاو ناکەوێت، لە کاتێکدا کە شێوەی هاونشینی وشەکان لەنموونەی (٦٤)دا نوێنەرەوەی ئەم جۆرە ڕێکخستنەیە. ئەو کێشەی کە هەیەتی لە بەحری موتەقاریب و هەبوونی سەروا لەنێوان ((ماه)) و ((راه)) سەلێنەری ئەم بۆچوونەیە. نموونەگەلێکی لەم بابەتە و بەتایبەتی لە شانامەدا زۆرن:

(٦٦)

أ- گیو بدو گفت ای سپهدار پیر، (تو) بسی گرز و کوپال و تیر دیده‌ای

ب- بدو گفت گیو ای سپهدار پیر
بسی دیده‌ای گرز و کوپال و تیر                    (فردوسی)

(٦٧)

أ: نام من بر آن چرم نبشته (شده) است، (که) سپهدار ترکان (آن را) بەدست بگیرد

ب: نبشته بر آن چرم نام من است
سپهدار ترکان بگیرد به دست (فردوسی)

(٦٨) أ:

او از رزمگاه به نزدیك پیران شد؛ ز سپاه توران خروشی بر آمد



ب: به نزدیك پیران شد از رزمگاه
خروشی بر آمد ز توران سپاه (فردوسی)

(٦٩)

أ: پهلوان از این گفته پر ز درد شد (و) آب زرد از دیدگان فروریخت



ب: از این گفته شد پهلوان پر ز درد
فروریخت از دیدگان آب زرد

بەپێی بنەمای نموونەکانی (٦٤) بۆ (٦٩) ڕەنگە بتوانین بڵێین کە لە زۆر شوێندا گۆڕانی ڕۆنانی وشەکان لەڕستەدا وەکو وەسیلەیەك بۆ وەدەستهێنانی هۆنراو بەکاردەهێندرێت. جگە لە گۆڕینی ڕێزمانیی ڕۆنانی وشەکان، دەکرێ نموونەگەلی دیکەش لەبابەتی لادانی ڕێزمانی بهێنینەوە، کە وەکو ئامرازێك بۆ بەدەستهێنانی هۆنراو و تەنانەت تەنیا بەمەبەستی پاراستنی کێش پەنای بۆ دەبرێت. هەر بۆ نموونە ناهاوتایی کار و بکەر لەڕووی ژمارەوە لە نموونەکانی (٧٠) بۆ (٧٤) مایەی سەرنجە:

(٧٠) کسی را که هستند ز ایران سران
کنم پای و گردن به بند گران (فردوسی)

(٧١) بدان تازيان گفت پيروز شاه
که کشتی برافکن هم اکنون به راه (فردوسی)

(٧٢) ز بازار گانان که برتر و خشك
درم دارد و در خوشاب و مشك (فردوسی)

(٧٣) به خواليگران گفت هرگون خورش
که او را بيايد بياور برش (فردوسی)

(٧٤) بر او آفرين کرد يکسر سران
سواران جنگی و کند آوران (فردوسی)

جگە لە لادانی ڕێزمانی، لە زۆر شوێندا لادانی دەنگیش بەمەبەستی پابەندبوون بە پاراستنی کێش پەنای بۆ دەبرێت. (لیچ) خۆیشی ئاماژەی بۆ ئەو مەسەلەیە کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش، ئەم مەسەلەیە لە ڕیزی هۆکارەکانی بەدیهێنانی شیعر دادەنێت (← ك ٢، ل ٤٦ — ٤٧).

گۆڕین لە درکاندنی وشە لە شانامەدا زۆر بەرچاو دەکەوێت بەتایبەت لەحاڵەتی سەرواسازیدا، ئەمە خۆی لە خۆیدا گەواهیدەری ئەو ڕاستییەیە کە لادانی دەنگی لە زۆر شوێندا بەمەبەستی پاراستنی کێش بەکاردەبرێت. لێرەدا بەراوردێك لەنێوان نموونەکانی (٧٥) و (٧٦) لەگەڵ (٧٧) و (٧٨) دا دەکەین:

(٧٥) بدو گفت گر بگذاری از اين سخن
بتابی ز پيمان و سوگند من (فردوسی)

(٧٦) چو بشنيد افراسياب اين سخن
سران را بخواند آن زمان ز انجمن (فردوسی)

لـه نموونـەکانی (٧٥) و (٧٦)دا وشـەی (سـخن) لەوێنـەی /Soxan/ دەدرکێندرێت.

(٧٧) که راز تو باکس نگویم ز بن
و زو بشنوم هر چەگویی سخن (فردوسی)

(٧٨) ز مهراب یل رفت یکسر سخن
چنین پشت بر شاه ایران مکن (فردوسی)

له نموونەکانی (٧٧) و (٧٨) بەمەبەستی پاراستنی سەروا پێویسته وشەی (سـخن) لـه وێنـەی / soxon/ بدرکێنـدرێت. دکتـۆر مـوعین بـۆ وشـەی (سـخن) هـەردوو وێنـەی دەنگـی / soxon / و / soxan / ی جـێگیر کـردووه و پێوایـه / soxon / وێنەیـەکی دەنگـی دێرینـی وشـەکەیه (ك ٦، ل ١٨٤٣)؛ بەڕەچاوکردنی وێنـەی ئـەم وشـەیه کـه لـه فارسـی ناوەڕاسـتدا بەشـێوەی / soxvan / جێگیرکـراوه (← ك ٦، ل ١٨٤٣). دوور نییـه مـوعین بـەهۆی بـوونی ئـەم جـۆره لـه پابەنـدبوون بەسەروا وێنەی / soxon / ی جێگیرکردبێت.

بـه لەبەرچـاوگرتنی نموونەگـەلێکی لـەو جـۆره و کـه ژمارەشـیان زۆرن، ئاسـتەم نییـه بتـوانین بڵـێین ئـەو پولینبەندییـه ڕەهایـەی کـه فۆرمالیســتەکان کردوویانــه و بەتایبــەتیش لــیچ، لــەپێناوی جیاکردنــەوەی جۆرەکـانی لادان لـەپێوەر لەشـێوەکانی زێـدەکردنی ڕێسـادا، پێویسـتی بـه پیاچـوونەوەی زیـاتر هەیـه بـۆ ئـەوەی بگەینـه وەسف و پۆلینکارییەکی وردتر.

### ٢/٢/٥ بایەخپێنەدان بە ژمارەی پاتەبوونەوە و ڕوودانی سنعەتەکان

(لیچ) لەکاتی خستنەڕووی شێوەکانی لادان لەپێوەر و زێدەکردنی ڕێسادا، ڕێژەی پاتەبوونەوە و هاتنی هەر سنعەتێك لەئاست سنعەتە ئەدەبییەکانی دیکە دەستنیشان ناکات. بۆ نموونە ئەو بەدوای وەسف و دۆزینەوەی مەسەلەیەکی وادا ناچێت کە بۆچی لادان لەپێوەر لەئاستێکی زماندا زۆرتر ڕوودەدات و لەئاستێکی دیکەدا کەم. وەك ئەوەی کە بڵێی بۆچی ژمارەی پاتەبوونەوە و ڕوودانی لادانی واتایی لەئاست لادانی وشەیی یاخود ڕێزمانی زیاترە. بەوردبوونەوە لە هەموو جۆری ئەو لادانانەی کە لیچ لێکۆڵینەوەی بۆ کردوون (← ك ٢، ل ٤٢ – ٥٢) [1] دەتوانین بەشێوەیەکی بڕاوە بڵێین کە بەکاربردنی لادانی نووسین لەبنیاتی هۆنراو و شیعری کۆنی فارسیدا ڕێژەی پاتەبوونەوە و هاتنی سفرە.

سوود وەرگرتن لەم جۆرەی لادان بەشێوەیەك کە لە هەندێ لە شیعرەکانی ئەم چەند دەیەی دوایی دەبیندرێت، وەکو ئەزموونێکی تازە بەدیار دەکەوێت و ئەو چەمکەش کە شاعیر لەم ڕێگەیەوە دەیگەیەنێت هێشتا بەلای زۆرێك لە پسپۆڕانەوە بە نەدۆزراوەیی ماوەتەوە. بۆ نموونە:

(٧٩) از روی نرده
خم شده
روی
ر
و
د (حمید مصدق)

---

[1] - بگەڕێوە بۆ برگەی ١/٥/١.

(٨٠) دیدم
سیماب صبحگاهی
از قلهء بلندترین کوهها
فرو
می
ریخت (حمید مصدق)

موسسـەدەق لەنموونـەکانی (٧٩) و (٨٠) ئـەو شـێوەیەی کـە بـۆ ڕوونووسکردنی وشەکانی (رود/ ڕووبار) و (فرومـی ریخـت/دادەڕژێ)ی هەڵبـژاردووە، سـوودی لـەجۆرێك لادان لەنووسـین وەرگرتـووە و لـەو ڕێگەیـەوە چـەمکی دارژان دەگەیـەنێت. بـەکارهێنانی تـەرحێکی لـەو جۆرە لەئەدەبی فارسیدا بەڕادەیەك نوێبـاوە تـا ئـەوەی یـەکێکی وەکو وامیقی چەمکێکی بۆی نادۆزرێتەوە بۆیە دەنووسێ:

چاوەڕوانی ئەوە لە (موسسـەدەق) نـەدەکرا کـە لـەم حـال و وەلای بازاڕی کاغەزەدا، جار جارە شیعرەکانی وابنووسێت کـەوا یـەك دێـری شـوێنی دە دێـر داگـیر بکـات، ئـەویش بـەم شـێوە خـوار و خێچـە. بەداخـەوە؛ بەنـدە... لـەم جۆرە کارانـەدا هـیچ لۆجیکێك بەدیناکـەم. (← ك ٧، ل ٢٠١) بۆچـوونەکەی وامیقـی نیشـانی دەدات کـە بەکارهێنانی ئەم تەرحە لە ئەدەبی فارسیدا تا چ ڕادەیەك نوێباوە، لە دوایە تەنیا کاتێك (دەتوانرێ) سوودی لێوەربگیرێت کە شاعیر خۆی لەشیعرەکەیدا خۆی پابەندی هێلی نووسین نەکردبێت.

بەکارهێنانی لادانەکانی وشەیی و ڕێزمانیش لە ئاست لادانـە زۆر پاتەبووەوەکانی وەکو لادانی واتایی ڕێژەیەکی کەمتری هەیە. داهێنانی وشەی تازە و گۆڕین لە ڕۆنانی ڕێزمانی وشەکان بەهۆی پەیوەستبوون بەڕوخسـاری زمانـەوە، بەئاسـانی دەتوانێـت بنـەمای گەیانـدن خەوشداربکات، بۆیەشە بەکارهێنانێکی کەمتری هەیە.

لادانی شێوازی جۆرێکی دیکەیە لەجۆرەکانی لادان کە پێویستە لێکۆڵینەوەی وردتری بۆ بکرێت، (لیچ) لەکاتی خستنە بەرباسی ئەم جۆرە لادانە، سەرنجی بۆ ئەو مەسەلەیە نەچووە کە لادانی شێوازی بەواتای تێکەڵاوکردنی جۆرەکانی شێوەزمان لەگەڵ یەکتر، تا چ ئەندازەیەك لەداهێنانی پەخشانی ئەدەبیدا بایەخی هەیە. لە بڕگەی ٦/١ دا ئاماژە بۆ دیدگەی (حەقشناس) کراوە لەوبارەوە و بەیارمەتی نموونەکانی (٤٠)، (٤١)، (٤٤) ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە پەخشانی ئەدەبی تا چ ڕادە سوود لە لادانی شێوازی وەردەگرێت. بەو شێوەیە دەشێ بگوترێت کە لادانی شێوازی لە پەخشانە شیعردا پاتەبوونەوە و هاتنی زیاتری دەبێت، بەو هۆیەی وەسیلەیەکە بۆ یەکانگیری دوو بەشە نموونەی شیعر و پەخشان و تیایدا سوود لە تایبەتمەندییەکانی هەردوو لا وەردەگیرێت.

ئەوەی لەم بەشەدا خرایەڕوو بۆ ئەو مەبەستە نییە کە بە نیشاندانی چەند کەمایەسی، هەموو ئەو وردەکاری و زرنگییەی لیچ لەکارەکەی خۆیدا ئانجامیداوە، نادیدە بگیرێت. ئامانج لەم جۆرە شیکردنەوەیە تەنیا بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو مەسەلەیە بوو کە ئەگەر هات و لێکۆڵینەوەیەك بەسەرمەشق وەرگرتن لەگەڵالەی کارەکەی لیچ بیەوێ بیسەلمێنێ کە ناتەواوی کەمتری پێوەدیارە، پێویستە پێڕەوی لەکام جۆری ڕامان و باری سەرنجدا بکات. ئەو ئەنجامانەش کە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەی پێشوودا پێی گەیشتووین دەتوانێت لەپێناوی گەیشتن بەئامانجێکی لەو جۆرەدا کاریگەر بێت.

## ٣/٥ ڕێبازی ئەم لێکۆڵینەوەیە

لەسەر بنەمای ئەوەی تاوەکو ئێستا قسەی لەبارەوەکراوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە لەڕوانگەی بنیاتگەری و بەئامانجی وەسف و پۆلبەندی هۆکارەکانی هاتنەکایەی هۆنراو لە ئەدەبی فارسیدا نووسراوە. لەپێناوی گەیشتن بەو ئامانجە و بەگوێرەی بنەمای دیدگەی حەقشناس سێ پۆلی ئەدەبی، واتە هۆنراو و پەخشان و شیعر، وەکو سێ نموونە بەش (پیش نمونە) وەردەگرین تاوەکو ئەوەی سێ جۆری تیوری ڕەها واتە، هۆنراوی ڕەها، شیعری ڕەها و پەخشانی ڕەهامان دەستدەکەوێت. هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لە ئەنجامی یەکانگیری لەنێوان ئەم سێ نموونەبەشە بێت شایانی لێکۆڵینەوەیە. بەمەبەستی وەسفکردنی هەر خەسلەتێك پێویستە ئەوە ڕوونبکرێتەوە کە ئەم سنعەتە لەسەر کام ئاست لەئاستەکانی شیکردنەوە شیاوی لێکۆڵینەوەیە. لەم ڕووەوە سوود لەهەر سێ ئاستەکانی شیکردنەوەی دەنگی، وشەیی و ڕێزمانی وەردەگیرێت. لەم نامەیەدا لەهەوڵی ئەوەدا دەبین بەپێی توانا سنعەتەکان بەشێوەیەکی زانستی پۆلبەندی بکرێن و پەیوەندی هەر سنعەتێکیش لەگەڵ ئەوانی دیکە لە چوارچێوەی یەك سیستەمدا دەستنیشانبکرێت.

## کتێبنامە:


1- Carter, R. "Languge and Literature", in colling, N. E. (ed) An Encyclopaedia of Language, London, Routledge, 1990.
2- Leech, G. N. A linguistic Guide to English poetry, London, Longman, 1969.

۳- اسمیت، نیل دیر دری ویلسون، زبان شناسی نوین، نتایج انقلاب چامسکی، ترجمه علی اشرف صادقی و دیگران، تهران، آگاه، ۱۳٦۷.
٤- ثمره، یدالله، (( تحلیلی بر ردەشناسی زبان: ویژگی های ردەشناختی زبان فارسی))، مجله زبان شناسی، س ۷، ش۱، ۱۳٦۹.
۵- حق شناس، علی محمد، مقالات ادبی، زبان شناختی، تهران، نیلوفر، ۱۳۷۰.
٦- معین، محمد، فرهنگ فارسی، تهران، امیر کبیر، ۱۳۵٦.
۷- وامقی، ایرج، ((تا رهایی))، کلك، ش ۳۲ — ۳۳، ۱۳۷۱.

## بەشی ٦

# دووبارە بوونەوەی ئاخاوتن

لە بڕگەی ٢/٥/١ دا بەکورتی ئاماژە بۆ زێدەکردنی ڕێسا وەکو یەکێك لە دوو شێوەکەی بەرجەستەسازی کرا، لەم بەشەدا هەوڵدەدەین ئەوە ڕوونبکەینەوە کە زێدەکردنی ڕێسا بە چ ڕێگایەك ئەنجامدەدرێت و لە چ سنوورێکدا کارادەبێت. لە بڕگەی ١/٦ دا باس لە هاوسەنگی (پارالێلیزم) دەکرێت وەکو ئاکامێك کە لە ئەنجامی زێدەکردنی ڕێساوە بەدیدێت؛ مەسەلەی چۆنیەتی بەدیهاتنی هاوسەنگی و سنوورەکەی و جۆرەکانی هاوسەنگی لە ئاخاوتندا دەخرێتەبەر باس؛ لەپاشان ئەوە ڕووندەکرێتەوە کە دووبارەکردنەوە وەکو هۆکارێك، چ ڕۆڵێك لە هاوسەنگیدا دەگێڕێت. لە بڕگەی ٢/٦ دا ئاوڕ لە مەسەلەی ئازادی و بەند لە دووبارەبوونەوەی ئاخاوتندا دەدرێتەوە، تا ئەو شیمانەیە لەبەرچاو بگیرێت کە داهێنانی هاوسەنگی گرێدراوی یاساگەلێکە و دەکرێ لەسەر هەر سێ ئاستی شیکردنەوەی دەنگی، وشەیی و ڕێزمانی لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت. ئەگەر وەسف و لێکۆڵینەوە بۆ ئەم کارە بکەین ڕەنگە ئەو کاتە دەرفەت بێتە پێش و بتوانین جۆرەکانی هاوسەنگ بە هۆکارگەلی پەیدsابوونی هۆنراو دابنێین. خستنەڕووی ئەو مەسەلەیە بۆ بڕگەی ٣/٦ دێلینەوە.

## ١/٦ هاوسەنگی[1]

لە بڕگەکانی ١/٥/١ و ٢/٥/١ دا باسمان لە دوو جۆری بەرجەستەسازی ئەدەبی کردووە واتا لادان لەپێوەر و زێدەکردنی ڕێسا، ئەوەش ڕوونکراوەتەوە کە زێدەکردنی ڕێسا پێچەوانەی لادانە و

١ - وەکو دەبیندرێت بەڕێز سەفەوی زاراوەی (هاوسەنگی/توازن)ی لەگەل (parallelism) هاوتا کردۆتەوە. لە کاتێکدا ئێمە لامان وایە کە (parallelism) بە واتای (توازی) دێت و زیاتر لەگەل (هاوتەریبی/هاوڕێکی)دا هاوتایە. بەلام بە مەبەستی تێکنەچوونی شیرازەی باسەکان وەکو خۆیمان هێشتۆتەوە. (وەرگێڕ).

ئـەميان لادان لـە ياسـاكانى زمـانى پێـوەر نييـە، بـەڵكو جێگيركردنـى ڕێسـاگەلێكى زيادەيـە و وەكـو سـەربار بـۆ ياسـاكانى زمـانى ئاسـايى دەژمێردرێت و لە ناوەرۆكدا خاڵى بەرانبـەرە لەگـەڵ لادان لـەپێوەردا. لێــرەدا دەشــێ بگوترێــت كــە مەســەلەى زێــدەكردنى ڕێســا و ئــەو ئەنجامــەش كــە لــەم پرۆســەيەدا بەديــدێت، واتــا هاوســەنگى[1]، بــۆ يەكەمين جار لەلايەن ياكۆبسنەوە ( ← ك ٢) خراوەتـەڕوو. ياكۆبسـن ڕاى وايـە كـە پرۆسـەى زێدەكردنى ڕێسا، شـتێك نييـە لـە هاوسـەنگى بەولاوە بە چەمكە فراوانەكەى و ئەم هاوسەنگييە خۆيشى لەئەنجامى دووبارەبوونەوەى ئاخاوتنەوە[2] دێتـەدى. بـۆ تێگەيشـتنى باشـترى ئـەم مەسەلەيە دەكرێ سوود لەم نموونانە وەربگرين:

(٨١) گە بە نواى علمش بر كشند
گە بە نگار قلمش در كشند (نظامى)

شێوەى نووسينى فۆنەتيكى نموونەى (٨١):

gah be navâye ?alamaš barkešand
gah be negâre qalamaš darkešand

بنياتى بڕگەيى نموونەى (٨١):

cv̆c - cv̆ - cv̆ -cv̄ - cv̆ - cv̆ - cv̆ - cv̆c - cv̆c - cv̆ - cv̆cc
cv̆c - cv̆ - cv̆ -cv̄ - cv̆ - cv̆ - cv̆ - cv̆c - cv̆c - cv̆ - cv̆cc

بنياتى عەرووزى نموونەى (٨١) [3]:

- - - ب ب - - - / - - - ب ب - - - / - - - ب - - -
- - - ب ب - - - / - - - ب ب - - - / - - - ب - - -

---

1 - parallelism.

2 - verbal repetition.

٣ - لێـرەدا بەمەبەسـت نموونەيـەك هێندراوەتـەوە كـە هـەر بڕەگەيـەك لـەنيوە دێـرى يەكەمدا بەرامبەر بەبڕگەيەكى هاوشێوەى لەنيوە دێرى دووەمدا بوەستێت.

بەو هۆیەی پەیوەندی یەك بەیەك لەنێوان دەنگەکانی زمان و پیتەکانی ڕێنووسدا نییە، بەناچاری وێنەی ڕێنووسی فۆنەتیکی نموونەکەمان هێناوەتەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی بنیاتی بڕگەیی دێرە شیعرەکە سوود لەهێما کارپێکراوەکان وەرگیراوە، c ئاماژەیە بۆ نەبزوێن، v̆ ئاماژەیە بۆ بزوێنە کورتەکان / o، e، a/، v̄ ئاماژەیە بۆ بزوێنە درێژەکان / i، u ، â /. بەرەچاوکردنی بنیاتی بڕگەیی زمانی فارسی کە لە شێوەی cv (c) (c) دایە (ك ٤، ل ١٢٨)، سێ بنیاتی بڕگەیی cv، cvc، cvcc لە یەکتر جیا دەکرێنەوە کە بەگوێرەی چەندێتی بزوێنە کورت و درێژەکان بەسەر ئەم شەش جۆرەدا دابەشدەکرێن cv̆ ، cv̄ ، cv̆c ، cv̄c ، cv̆cc ، cv̄cc (← ك ٨، ل ٤٦). بنیاتی بڕگەیی دوو نیوە دێرەکەی نموونەی (٨١): جۆرێك لە دووبارەبوونەوەیان پێوەدیارە. لەسەر بنەمای بنیاتی بڕگەیی بۆ هەر نیوە دێرێك و بەرەچاوکردنی درێژی و کورتی بزوێنەکان، بۆ cv̆ نیشانەی (ب) [1] بۆ cv̄ و cv̆c نیشانەی ( – ) و بۆ cv̄c ، cv̆cc و cv̄cc نیشانەی (-ب) [2] بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە نەخشە عەرووزییەکە بەکارهێندراوە (← ك ٧، ل ١٩ – ٢٣). ئەمەشیان ڕەنگدانەوەی یاسا گەلێکە لە عەرووزی فارسی و هەڵبەتە شتی ڕیزپەڕیشی تێدەکەوێت. (←ك ٧، ل ٤١ – ٥٢). جگە لە هاوسەنگی فۆنەتیکی و بڕگەیی لە نموونەکەدا، لێکچوونی دەنگی لەنێوان ((علم)) / alam؟ / و ((قلم)) / qalam / لەلایەك و لەنێوان ((برکشنده)) / barkešand / و ((درکشند)) / darkešand / لەلاییێکی دیکە، دیارخەری هاوسەنگی نێوانی ئەم جووتە وشانەیە.

---

[1] - بڕگەی پێنجەم لەنموونەی (٨١) واتە /ye/ کە حیسابی cv̄ بۆ دەکرێت، لەسەر بنەمای بژاردەکانی شاعیری لە عەرووزدا بە (- ) دەژمێردرێت (←ك ٧، ل ٤٩). ئەمە بۆ بڕگەی پێنجەمی نیوەدێری دووەمیش کە /re/یە هەروایە.

[2] - شەمیسا بڕوای بەبوونی بڕگەکشاوەکانی لەوێنەی ( - ب) نییە، لە بڕگەی ٧ / ٢ دا ئەم بۆچوونەی ئەو شیدەکەینەوە.

بەم پێیە هەریەکە لەکێش، سەروا، سەرواداری، ڕازنندنەوە (ترصیع)، لەڕیزی ئەو هونەر و سنعەتانەدا دەژمێردرێن، کە لەم دێرە شیعرەدا بەکار هێندراون و جۆرێك لە هاوسەنگی بەنموونەکە بەخشیوە. ئەم جۆرە هاوسەنگییانەی کە لێرەدا هەن وەکو هۆکارێك بۆ هێنانەئارای هۆنراو ئەژمار دەکرێن و وا پێویست دەکات لەسەر ئاستی جیاواز شیکاری و لێکۆڵینەوەیان بۆ بکرێت.

(٨٢) به روز نبرد آن یل ارجمند
به شمشیر و خنجر به گرز و کمند
برید و درید و شکست و ببست
یلان را سرو سینه و پا و دست (فردوسی)

لەم نموونەیەی (٨٢)دا کۆمەڵێکی دیکەی هاوسەنگی بەرچاو دەکەوێت.

((ارجمند)) / arĵomand؟/ و ((کمند)) /kamand/ وێکڕا هاوسەروان، ئەم مەسەلەیە لەنێوان جووتە وشەکانی ((برید)) /borid/ و ((درید)) /darid/، ((شکست)) /šekast/ و ((ببست)) /bebast/دا هەمیسان ڕاستە. لەپاڵ ئەم هاوسەنگییانەدا جۆرێکی دیکەش دەبیندرێن، کە لەسەر ئاستی شیکردنەوەی ڕێزمانیدا شیاوی لێکۆڵینەوەیە. فرێزی ناوی ((آن یل ارجمند)) بۆ هەر چوار ڕستەکەی نموونەی (٨٢) ڕۆڵی بکەریی هەیە؛ لەنیوە دێری دووەمدا چوار تەواوکاری ئەم چوار ڕستانە هەیە؛ بەچوار کارەکەی نیوەدێری سێیەم چوار بەرکارەکە لە نیوەدێری چوارەمدا، پێکهاتەی ڕێزمانی تەواوی چوار ڕستەی سەرەوەمان دەستدەکەوێت. بەم ڕەنگە شاعیر لەنموونەی (٨٢)دا بەهرەی لە جۆرە هاوتەریبییەکی ڕێزمانی وەرگرتووە کە وەکو زاراوە بە ((پێچان و کردنەوە)) ناودەبرێت.

| | |
|---|---|
| بکـــەری ٤/٣/٢/١ | تەواوکەری ١ — تەواوکەری ٢ — تەواوکەری ٣ — تەواوکەری ٤ |
| کاری ١ — کار٢ — کار٣ — کار٤ | بەرکـــاری ١ — بەرکـــاری ٢ — بەرکـــاری ٣ — بەرکـــاری ٤ |

بەو جۆرە لە نموونەی (٨٢)دا جۆرێك لە دووبارەکاری لە جێگیرکردنی پێکهاتەیەکی ڕێزمانی تایبەت دەبینـدرێت کە بڕێك لە وێکچوون و بڕێك لەجیاوازی تێدایە. ئەو مەسەلەیە بۆ جووتە وشەکانی وەکو (برید) و (درید) یاخود (شکست) و (ببست)یشدا ڕاست و تەواوە. بڕگەی /rid/ لە (برید) و (درید) لەیەك دەچن و بڕگەکانی /bo/ و /da/ لەگەڵ یەکتری جیاوازن.

### ١/١/٦ نموونەکانی لێکچوون و جیاوازی لەهاوسەنگیدا

لەمەوپێش گوترا کە پرۆسەی زیادەکردنی ڕێسا لەگەڵ لادان لەپێوەر کارکردێکی پێچەوانەی هەیە و، هاوسەنگی وەکو بەرەنجامێکی زیادەکردنی ڕێسا بەشێوەیەکی گشتی بە هۆکاری بەرمهێنەری هۆنراو دەژمێردرێت. ئەگەر هاتوو ئەوەشمان سەلماند کە هاوسەنگی لە ئاکامی دووبارەکارییەوە دێتەدی، کەواتە دەبێ جیاوازی لەنێوان ئەم جۆرە لە دووبارەکاری و دووبارەکاری میکانیکیدا بکەین. بەپێی قسەی یاکۆبسن بێت پێویستە لەهەر نموونەیەکی هاوسەنگ بەشێکی لێکچوون و بەشێکی جیاوازی هەبێت. بەشێوەیەکی سادەتر بەواتا بەشێك لە نموونە هاوسەنگەکە دەبێ وەك یەك و بەشەکەی تری جیاواز بێت، خۆ ئەگەر هات و لەنێوان دوو پێکهاتەی هاوسەنگدا بەشێکیان لەگەڵ یەکتر جیاواز نەبن، ئەوە دووبارەکارییە بەدیهاتووەکە تەنیا خەسلەتێکی میکانیکی دەبێت و لەباری ئەدەبییەوە نرخ و بەهاییێکی نابێت. ( ← ك ٢)

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە دووبارە دەگەڕێینەوە بۆ نموونەی (٨١). بەسەرنجدان لەپێکهاتەی عەرووزی نموونەکە، جۆرێك لەدووبارەکاری لەنێوان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی کێشەکەدا بەدیدەکرێت؛ هەرچەندە دەبێت ئەم دووبارەبوونەوەیە لە چوارچێوەیەکی تایبەتدابێت. ئەگەر وانەبوو ئەوە مۆرکێکی میکانیکی وەردەگرێت. بۆ وێنە پێکهاتەی (- - - ) یاخود (ب ب ب ب) لەنێوان پایەکانی عەرووزی فارسیدا بەدی ناکرێت، چونکێ ئەگەر وابڕیار بێت هەر جۆرێك لەدووبارەکاری هاسەنگی لێبەرهەمبێت، ئەوا دەبوایە پایەگەلێکی لەم جۆرە و هاوشێوەکانی وەکو (- ب ب -)، (ب ب - - ) هی تر لە بەرهەمهێنانی کێشەکاندا ڕۆڵیان ببوایە[1].

لەبڕگەی ٥/١/ دا و لەکاتی لێکۆڵینەوە لەمەڕ مەسەلەی بەرجەستەسازی ئاماژە بۆ دوو نموونەی وەکو (٢١) و (٢٢) کرا و ئەو مەسەلەیەش ڕوونکرایەوە کە دووبارەبوونەوەی تەواو یاخود میکانیکی وەك ئەوەی لەنموونەی (٢٢) دا خراوەتە ڕوو، ناشێت لەچوارچێوەی هاوسەنگیدا بژمێردرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هات و لەنموونەگەلێکی لەوجۆرە هاوسەنگییەك بەدیکرا، ئەوە لە بەرپاکردنی گونجانی مۆسیقایی ڕۆڵێکی یەکجار کزیان دەبێت، ئەوجار بە ڕەچاوکردنی گوتەکەی (ئۆستڕالیتس) کە پێی وایە کرۆکی پێکهاتەی هەر پارچەیە مۆسیقاش هاوسەنگییە (←ك ١، ل٤٣٩ – ٤٤٤)، لەوە تێدەگەین کە هاوسەنگی فاکتەرێکی جیهانییە و بەشێوەی جۆراوجۆر لەسیستەمی مۆسیقاییدا بەکاردەهێندرێت.

---

[1] -لەبەشی ٢/٧ دا لەکاتی باسکردنی هاوسەنگی برگەیی سەرنج دەخرێتە سەر ئەو مەسەلەیە کە لە چ جۆرە پایەیەك و لە چ هەلومەرجێکدا دەشێ.

### ٢/١/٦ جۆرەکانی هاوسەنگی

ئـەو هونـەر و سنعەتانەی لەڕێگـەی هاوسـەنگییەوە بەدەسـتدێن، ناوەرۆکێکی یەکسانیان نییە؛ هەر بۆیەشە دەبێ جۆرەکانی هاوسـەنگی لەسەر ئاستی جیاوازدا لێکۆڵینـەوەیان لـەبارەوە بکرێـت. بەمەبەسـتی وەسـف و شـیکردنەوەی هاوسـەنگی پێویسـتیمان بەهـەر سـێ ئاسـتی شـیکردنەوەی دەنگـی، وشـەیی و ڕێزمـانی هەیـە. بـۆ وێنـە ئـەو هاوسـەنگییەی کـە کـێش بـەرپا دەکـات لەئاسـتی دەنگسـازیدا شـیاوی لێکۆڵینەوەیـــە، بـــەڵام پێچـــان و کردنـــەوە پێویســـتی بەئاســـتی شیکردنەوەی ڕێزمانی هەیە. سنعەتی ڕازاندنەوە (ترصیع)، ئەگـەری شیکردنەوەی لەسەر ئاستی وشـەیی زیـاترە و، هـەر یـەکێکیش لەمانـە لەشوێنی خۆیدا ئاماژەی پێدەکرێت.

ئەو مەسەلەیە بەو مەعنایە نایەت کە ئەم ئاستانەی شـیکردنەوە بەتـەواوی لەیـەکتر جیـاواز و لێکـدابڕاون، چـونکە زۆر لـەو سـنعەتانە پێویستیان بەوەیە، بەهۆی ئامرازەکانی زیاتر لەئاستێك شـیبکرێنەوە. هـەر بـۆ نموونـە لەشـوێنی خۆیـدا دەبیـنین، لەمەسـەلەی سـەروادا پێویستە لەسەر ئاستی وشەیی و هەورەها بـەهۆی ئامرازەکانی ئاسـتی شـیکردنەوەی دەنگسـازیش لێکبدرێتـەوە. بـەو شـێوەیە و بـەگوێرەی نەخشەی تیوری ئەم نامەیەی بەردەست، واپێویست دەکات هـەر سـێ ئاسـتی لێکۆڵینـەوەی دەنگـی و وشـەیی و ڕێزمـانی وەکـو سـێ نموونـە بـەش لەبەرچاو بگیرێـت و هـەر یـەکێکیش لـە جۆرەکـانی هاوسـەنگی وەکو گریمانەیەك وادابندرێت کە بەلای ئەوەدا دەکەوێت لەسـەر یـەك ئاست لەئاستەکانی سەرەوە بخرێتەڕوو و شیبکرێتەوە.

لەسەر بنەمای وەها گریمانەیەك دەکرێ جۆرەکانی هاوسەنگی بـۆ سێ کۆمەڵەی دەنگی و وشەیی و ڕێزمانی پۆلبەندیبکرێن، ئەگەر هـات و ئـــەم جـــۆرە پۆلبەندییـــە تایبەتییـــە شـــیاوبێت، کـــەوابێ دەبێـــت

بتواندرێت لەم ڕێگەیەوە هونەرە پرش و بڵاوەکانی وەکو عەرووز، قافیە، ڕەدیف و هەندێك لەو سنعەتە جوانکارییانەی کە بەهۆکاری پەیدابوونی هۆنراو دەژمێردرێن، لەپەراوێزی زانستێکی فراواندا کۆ بکرێنەوە.

## ٢/٦ ئازادی و بەند لە دووبارەبوونەوەی ئاخاوتندا

لەباسوخواسی جیاوازیکردن لەنێوان ئەو جۆرە لە دووبارەکاری ئاخاوتن کە هاوسەنگی لێدەکەوێتەوە و ئەوەیان کە دووبارەکارییەکی میکانیکییە و نابێتە هاوسەنگی و لەبەرپاکردنی گونجانی مۆسیقاییشدا ڕۆڵێکی نییە، پێویستە ئاوڕ لە مەسەلەیەکی گرینگ بدرێتەوە کە ئەویش سنووری ئەرکی دووبارەکاری ئاخاوتنە. لە دووبارەکاری میکانیکیدا هەر ڕەگەزێکی دووبارەکراوە گرێدراوی ڕەگەزەکانی بەر و پاشی خۆیەتی، بۆ نموونە:

(٨٣) بیا؛ بیا؛ بیا؛ ...

لە نموونە (٨٣)دا ڕەگەزی ((بیا)) دووبارە بۆتەوە کە دەکرێ (n کەڕەتیش) دووبارە ببێتەوە.

هەر کام لەم ڕەگەزانەی دووبارە لەلایەنی زەمەنی درکاندنەوە، بە زەمەنی درکاندنی ڕەگەزی بەر و پاشی خۆیەوە گرێدراوە؛ بەو مەعنایەی کە دەبێ زەمەنی درکاندنی هەر ڕەگەزێك لەگەڵ زەمەنی درکاندنی هەر کام لە ڕەگەزەکانی پێش و پاشی خۆیەی بەرانبەر بێت و جگەلەوەش میانەی بەدواییەکداهاتنی دوو ڕەگەزی دووبارە بوو جێگیر دەبێت. ئەم بارودۆخەی نموونەی (٨٣) وەکو وێنەیەك لە دووبارەبوونەوەی میکانیکی دەژمێردرێت. بەڵام لەو جۆرە دووبارەکارییەی ئاخاوتندا کە هاوسەنگی لێدەکەوێتەوە، هەر فاکتەرێکی هاوسەنگییەکە دەتوانێت هاوسەنگییەکانی دیکە بەند بکات، هەر بۆ نموونە:

(٨٤) بیا تا گل برأفشانیم و می در ساغر اندازیم
فلك را سقف بشكافیم و طرحی نو در اندازیم (حافظ)

هەڵبژاردنی کێش بە دووبارەکردنەوەی چوار هەنگاوی (ب - - - ) لە هەر نیوە دێرێکدا، شاعر بەمەبەستی پاراستنی کێش ناچاردەبێت لەنێوان شیمانەکانی ڕیزکردندا، وشەگەلێك هەڵبژێرێت کە لەسەر هەمان کێش بن، هەڵبژاردنی سەروا و پاش سەرواش لەنیوەدێری یەکەمدا، شاعیر ناچار دەکات لەتەواوی غەزەلەکەیدا دووبارەی بکاتەوە. بەم جۆرە ڕووندەبێتەوە کە ئازادی لەڕیزکردنی وشەکان لەئاستی هەر نیوە دێرێکدا پابەندی پاراستنی کێشەکەیە و لەسنووری کارکردی سەروا و پاش سەرواشدا پابەندی دووبارەبوونەوەی دەنگییە.

(٨٥) یك پنجره برای دیدن
یك پنجره برای شنیدن
یك پنجره که مثل حلقهٔ چاهی
در انتهای خود به قلب زمین می ریزد ... (فروغ فرخزاد)

بۆ خستنەڕووی وێنەیەکی دیکە لە مەسەلەی ئازادی و بەند لەهاوسەنگیدا، دەکرێ سوود لە نموونەیەکی وەکو (٨٥) وەربگیرێت، شاعیر لەم کۆپلە شیعرەدا لەخەمی بەندی پاراستنی کێشی عەرووزیی نەریتیدا نییە، بەڵام بەمەبەستی بەدەستهێنانی هاوسەنگی سوودی لە جۆرە تەرحێکی دیکە وەرگرتووە. بەکارهێنانی هەردوو فۆمی (دیدن) و (شنیدن) دیارخەری کەلکوەرگرتنە لە سنعەتی سەروا؛ لەوەش بترازێ دووبارەکردنەوەی فۆرمی (یك پنجرە) لەشوێنی دەستپێکی دێرەکاندا هاوسەنگییەکی دیکەی لێکەوتۆتەوە. بەو شێوەیە بە چاوخشانێك بە نموونەی (٨٥) دا دەتواندرێت مەسەلەی ئازادی و بەند لەهاوسەنگیدا پەی پێببرێت. شاعیر ئەو ئازادییەی بۆ خۆی پاراستووە کە لە شیعرەکەدا و لە هەر دێرێکیدا کە بیەوێت سوود لە فۆرمی (یك

پنجره) وەربگرێت، بەڵام ئەو بەندەشی لەبەرچاو بووە کە فۆرمی ناوبراو تەنیا لەسەرەتای دێرەکاندا بێنێتەوە تاوەکو هاوسەنگی بەرهەمبێنێت. ئەوە بێنە بەرچاو کە نموونەی (٨٥) بەم شێوەیەی نموونەی (٨٦) گوترابا:

(٨٦) یك پنجره برای دیدن
پنجره‌ای دیگر برای شنیدن
در انتهای خود، پنجره‌ای مثل حلقهٔ چاه به قلب زمین می ریزد

لەگەڵ ئەوەشدا لەنموونەی (٨٦)دا وشەی ((پنجره)) لە هەموو ئەو دێرانەی نموونەی (٨٥)دا دیسان بەکاربراوە، بەڵام لێرەدا نوێنەرەوەی هاوسەنگی نییە.

ئازادی و بەند لە هاوسەنگیدا لە مۆسیقاشدا شیاوی لێکۆڵینەوەیە، لێرەدا دەتوانین ئاوازی مورتەزا نەی داوود وەکو نموونەی (٨٧) وەربگرین (←ك ٥، ل ٤٢):

(٨٧) مرغ سحر ناله سرکن
داغ مرا تازه‌تر کن
ز آه شرربار، این قفس را
بر شکن و زیر و زبر کن (بهار)




بەسەرنجدان لەپەیژەی مۆسیقاکە بەدیار دەکەوێت کە هەردوو دێری A و B دووبارەبوونەوەی یەکترین. دووبەشی یەکەمی دێرەکانی C و D، بەر لە هێمای وەستانی یەکەم، دیسان دووبارەبوونەوەی یەکترن. بەڵام بەشی دووەمی دێرەکانی C و D لەگەڵ یەك جیاوازن؛ بەو واتایەی کە بەشی دووەمی دێری D، واتە ئەو بەشەی ئاوازەکە کە لەگەڵ /row ze bar kon/ دا جووتە، خۆی دووبارەبوونەوەی بەشی دووەمی دێری A واتە /nâ le sar kon/ە کە لەگەڵ بەشی دووەمی دێری B، واتە /tâ ze tar kon/دا جووت دەبێت، بەم شێوەیە تەنیا بەشێك لە ئاوازەکە کە لەم چوار دێرەدا دووبارە نەبۆتەوە، بەشی دووەمی دێری C یە، کە تەنیا لەو بەشەیدا کە گونجاوە لەگەڵ /râ/، لەگەڵ بەشێکی دێری C دا جیاوازە کە لەگەڵ /kon/دا دەگونجێت.

ئەگەر هات و دێری A جگە لە B و لەگەڵ C یشدا دووبارەبێتەوە، ئەگەری ئەوە دەهاتە پێش کە زیاتر بەلای

دووبارەکاری میکانیکیدا بچێت، بۆیە دێری C لەگەڵ هەریەك لە A و B دا جیاواز هەڵکەوتووە.

لەلایێکی دیکە ئەگەر D دووبارەبوونەوەی تەواوی C بوایە، پارچەکە کۆتایی نەدەهات، لەمەوە وا دەردەکەوێت کە ئەو دواهێنانەی شاعیر لەڕێی سەرواوە بەدەستیهێناوە، ئاهەنگسازەکەش بەیارمەتی پاتەبوونەوە، قفلە مۆسیقاییەکانی دادەهێنێت.

مەسەلەی دووبارەبوونەوەی ئازادی و بەند لە هاوسەنگیدا، لەشاکارە مۆسیقاییە جیهانییەکانیشدا پابەندی هەمان ڕێسان، (لیچ) بە ڕاگواستن لە (ئۆستەرلیست)ەوە، ئەو مەسەلەیە لە سیمفۆنی پێنجەمی بتهۆڤندا بەڕاستەزانی (← ك ٣، ل ٦٦). (ئۆستەرلیتس) ئەوە دەسەلمێنێت، کە هەتا لەو سیمفۆنیایەشدا ئاهەنگسازەکە بۆ بەدەستهێنانی هاوسەنگی، سوود لەپرۆسەی پاتەبوونەوە وەردەگرێت (←ك ١). بەڵام هەڵبژاردنی جۆری هاوسەنگییەکە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئازادە، سنووربەندیی تایبەت بەخۆیشی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، لە نموونەی ئەو بەندەی لە دووبارەبوونەوەی سێ نۆتی وەك یەك و لەپاشان هەڵبژاردنی نۆتێك لە ڕیزی (بم/ بەدەرکەوتووتر/ جهیر) بە میانەیێکی جێگیر دوابەدوای هەر وەستانێك:



بەو گوێرەیەی کە گوترا، وا دەردەکەوێت هەر چەشنە سیستەمێکی مۆسیقایی، چ لەبواری ئەدەبدا بێت و چ لەبواری مۆسیقادا، جۆرێك لەهاوسەنگی وەکو دارشتنی پایە لەبەرچاو دەگیرێت و پاشماوەی هاوسەنگییەکانی دیکەش پابەندی پێکهاتەی پایەکە و لەسەر ئەو بنەمایە دادەهێندرێن.

بەو جۆرە، ڕەنگە بتواندرێت گریمانەیەکی پەیوەست بەسێ سنعەتەکەی پاش سەروا، سەروا و کێش بەدەست بهێندرێت. ئەگەر سەروا وەکو پایەدارییەك بۆ پاش سەروا دابنێین، کێشیش وەکو پایەداری بۆ سەروا، ئەوا دەشێ بتواندرێت زنجیرەیەکی پلەبەندی وەکو لای خوارەوە وێنا بکرێت:

پاش سەروا < سەروا < کێش

ئەم ڕیزە پلەبەندییەی سەرەوە بەو مانایە دێت کە ئەگەر لە هۆنراوێکدا پاش سەروا هەبوو، ئەوە سەروا پێویستە هەبێت، بەڵام پێچەوانەی ئەمە ڕاست نییە و ئەگەر سەروا هەبوو، ئەوە کێشیش دەبێت، بەڵام پێچەوانەکەی ئیلزامی نییە. دەبێ تێبینی ئەوە بکرێت کە لێرەدا کێش تەنیا بەکێشی عەرووزی نەریتییەوە تایبەت ناکرێت، بەڵکو بەفراوانترین چەمکی خۆی بەکارهێندراوە (←ك٦، ل ٢٣٩). تابتوانێت هەموو ئەوەی بەناوی گونجانی مۆسقایی ناودەبرێت بگرێتەوە.

بەم پێیە هەموو هاوسەنگییەك لە پێکهاتەی خۆیدا ئازادە بەڵام لەپاراستنی هاوسەنگی ڕیزبەندیی پلەکانی بالاتر لەخۆی وەکو بەند دەژمێردرێت. ئەگەر هات و ئەم وێناکردنە دروست بێت، بەو مانایە دێت کە هەڵبژاردنی پاش سەروا پابەندە بە پاراستنی پێکهاتەی پلە بەندییەکی بالاتر واتا سەروا و، پێکهاتەی سەرواش پابەندی پاراستنی پلەبەندییەکی بالاترە بەواتا کێشە. لەبەشی حەوتەمدا و لەسەروبەندی لێکۆڵینەوە لەکێش لە قالبە نەریتییەکەی خۆیدا، دێینە سەر ئەو مەسەلەیەی کەوا بەدەرکەوتنی کێش لە قالبی عەرووزیدا، دیسان ئازادی و بەندی تایبەت بەخۆی هەیە.

### ٣/٦ وەسفی هۆنراو

لەسەر ئەو بنەمایەی تاوەکو ئێستا گوتراوە، دەتواندرێت کۆمەڵێ لەو گریمانانەی خراونەتەڕوو، لەپاڵ یەکتریان دابنێین و لەو ڕێگەیەوە هەوڵبدەین تا ئەوەی وەسفێك بۆ بەشە نموونەی ((هۆنراو))، وەك یەکێك لە سێ جۆرەکەی ئەدەب، بدەین بەدەستەوە.

أ- کرۆکی هۆنراو پەیوەستە بە ڕوخساری زمانەوە و بەهۆی زیادەکردنی ڕێساوە لەئاستی سەرەوەی زماندا بەرهەمدێت؛

ب- زیادکردنی ڕێسا پێچەوانەی لادان، بەزاندن و لادان لەیاساکانی زمانی نۆرمال نییە، بەڵکو کۆمەڵە تەرحێکە لەڕێگەی پرۆسەی دووبارەکاری ئاخاوتنەوە دێتەدی؛

پ- لە هەر نموونەیەکی هاوسەنگ، دەبێ لەپاڵ هەر بەشێکی لێکچوو، بەشێکی جیاوازیش هەبێت؛ نەبوونی بەشە جیاوازەکە کارێك دەکا مەسەلەی دووبارەبوونەوە مۆرکێکی میکانیکی وەربگرێت و هیچ نرخ و بەهایەکی ئەدەبی بۆ نەبێت؛

ت- ئەو سنعەتگەلەی لە ئەنجامی هاوسەنگییەوە بەدەستدێن، کرۆکێکی یەکسانیان نییە؛

بەو هۆیەوە جۆرەکانی هاوسەنگی، پێویستە لەسەر ئاستەکانی شیکاری دەنگی، وشەیی و ڕێزمانی لێیان بکۆڵدرێتەوە و پۆلیبەندی بکرێن، ئەگەر هات و ئەم چوار ئەنجامەی سەرەوە وەکو شتێکی لوجێکی بن، کەواتە دەبێ بتوانین لەڕێگەی وەسفەوە بنچینەیەك بۆ بەشە نموونەی هۆنراو بخەینە بەردەست کەوا؛ هۆنراو جۆرێکی ئەدەبییە، لەئەنجامی ئەو هاوسەنگییەی دووبارەبوونەوەی ئاخاوتنەوە دێتە دی کە لە ئەنجامی زیادەکردنی ڕێسا لە ڕوخساری زمانی پێوەردا ڕوودەدات.

## ٦/٤/ جوانكاری هۆنراو و جوانكاری شیعر

له هێڵكاری (٣)دا له بڕگەی ٥/١ و لەكاتی باسكردنی نەخشەیەك بۆ كارایی زمان بەو شێوەیەی كە هالیدای خستوویەتییە ڕوو، ئاماژە بۆ ئەو مەسەلەیەش كرا كە بەشی ناوزمانی لە نەخشەكەی هالیدای لەسێ ئاستی جێبەجێكردن، فۆرم، واتاناسی، پێكهاتووە. لەو نێوەدا جێبەجێكردن ئەو ئاستەیە كە هەردوو سازگەی دەنگی و نووسین دەگرێتەوە، لەگەڵ بەشی ڕێزمانی بنیاتی سەرەوەی ئاستی ڕووخسار، هەردوولایان بەبنیاتی فۆرمی زمانەوە گرێدراون و، ئاستی واتاناسی و بنیاتی قووڵی ئاستی ڕووخسار پەیوەندی بە دارشتنی واتای زمانەوە هەیە. ئەگەر ئەم بۆچوونە پەسەند بكرێت، ئەوە دەشێ بگوترێت كە لادان لەڕێساكانی پێوەری زمان پەیوەندی بە بنیاتی واتایی زمان، واتە نیوەی لای ڕاستی هێڵكاری (٣) وە هەیە (← ك ٣، ل ٧٣) و زیادكردنی ڕێساش لەسەر زمانی پێوەر دەكرێ لەلای چەپی هێڵكاری (٣)دا بەرجەستە ببێت. بەپێی ئەو بنەمایە دەتوانین بڵێین كە دووبارەبوونەوەی ئاخاوتن بەشێوەیەكی گشتی گرێدراوی ڕوخساری زمان و لادانەكانیش گرێدراوی ناوەرۆكی زمانن.

ئەگەر هات و ئەم گریمانەیە وەكو شتێكی لۆجیكی كەوتە بەرچاو، كەواتە دەبێ بتوانین ئەو هونەر و سنعەتانەی كە هاوسەنگییان لێ بەرهەمدێت، لانی كەم لە ڕووی تیورییەوە، لەگەڵ ئەو هونەر و سنعەتانەی كە دەبنە مایەی لادانەكان و لەدواییدا پەیوەندیان بە ناوەرۆكی زمانەوە هەیە، لەیەكتری جیابكەینەوە. ئەنجا بەسەرنجدان لە هونەرە نەریتییەكانی وەكو عەرووز و قافیە، جوانكاری، واتاناسی و ڕووبێژی، دەتوانین بەشێوەیەكی گشتی دەستمان بە دوو زانستی سەربەخۆ ڕابگات.

لەحالەتێكی لەو جۆرەدا دەكرێ، ئەو سنعەتانەی كە پەیوەندیان بە ڕوخساری زمانەوە هەیە و وەكو ئامرازی بەرهەمهێنانی هۆنراو

دەژمێـردرێن، لـە زانسـتێکدا لـەژێر نـاوی ((جوانکـاری هـۆنراو)) پۆلینبەنـدی و دەستنیشـانبکرێن، ئـەو سـنعەتانەش کـە پەیوەنـدیان بەناوەرۆکی زمانەوە هەیە و وەکو ئامرازی بەرهەمهێنانی شیعر سەیر دەکرێن، لە زانستێکی دیکەدا، بۆ نموونـە لـەژێر نـاوی ((جوانکاری شیعر))دا دەستنیشانبکرێن و لێکۆڵینـەوەیان بـۆ بکرێت. ئـەنجا هـەر سنعەتێك، لەکایەی هەریەك لەم دوو زانستە گریمانە کـراوەدا، دەکرێ وەکـو یەکەیـەك لـە سیستـەمێکدا لێکۆڵینـەوەی لـەبارەوە بکرێـت و؛ لایـــەنی ئـــازادی و بەنـــدی هەریەکەیـــەکیش لـــەو سیســـتەمەدا روونبکرێتەوە و بایەخی هەر یەکەیەکێش لەئاست یەکـەکانی دیکـەدا دەستنیشانبکرێت.

پەســەندکردنی ئـەو جیاکارییـە لـەنێوان ئـەم دوو زانسـتەدا، جوانکاری هۆنراو و جوانکاری شیعر، بەو واتایە نییـە کـە ئـەو جـۆر و هونەرانـــەی لەبەرهـــەمێکی ئەدەبیـــدا بەکارهێنـــدراون، تـــەنیا لەچوارچێوەی یـەکێك لـەم دوو زانستـەدا شیاوی لێکۆڵینـەوەن. دەبـێ بـەردەوام ئـەو خاڵـەمان لەبەرچاوبێت کـە شـیمانەی سـوود وەرگـرتن لەهونەر و جۆرەکانی هـۆنراو و شـیعری لـەپاڵ یەکتریـدا، هـەردەم بـە دیدەکرێت.

ئامانجی ئەم نامەیە لەبنەڕەتدا وەسف و لێکۆڵینەوەی ئەو جۆر و هونەرانەیـە کـە بـە ئامـانجی بەرهـەمهێنانی هـۆنراو بـەکاردەبرێت و دەکــرێ لەچوارچـێوەی زانسـتێکی گریمانـــەیی لـە ژێـر ناونیشــانی جوانکاری هۆنراودا پۆلینبکرێن. هـەر کـام لـەم جۆرانـە بـەجۆرێك لـە هاوتـەریبی ئـەژماردەکرێت و لەڕێگـەی دووبارەبوونـەوەی ئاخاوتنـەوە بەرهەمدێت. لێرەوەش کە هەر هاوتەریبییەك ڕەنگبێ لەسـەر یـەکێك لەئاســتەکانی شــیکردنەوەی دەنگــی، یــا وشــەیی، یــاخود ڕێزمــانی دەستەبەندی بکرێت. بەو پێیە، مەبەست لە هاوتـەریبیی دەنگـی ئـەو پۆلـە دووبارەبوونەوانـە دەبێـت کـە دەشـێت لەسـەر ئاسـتی شـیکاری

دەنگیدا لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت. هاوتەریبی وشەیشش ئەو کۆمەڵە دووبارەبوونەوانە دەگرێتەوە کە لەسەر ئاستی وشەسازی شیکارییان بۆ دەکرێت و هاوتەریبی ڕێزمانیش دیارە ئەو دەستە دووبارەبوونەوانەیە کە لەسەر ئاستی شیکاری ڕێزمانی لێیان دەکوڵدرێتەوە.

پێشتر ئاماژە بۆ ئەوە کرا کە بەپێی هێلکاری (٣) لە بڕگەی ٥/١ دا، بەرجەستەسازی ئەدەبی لەڕێگای زیادکردنی ڕێساوە لەنیوەی لای چەپی هێلکارییەکەدا نیشاندراوە، وەکو دیارە بەشی ڕێزمانیش کە دەشێ لەسەر ئاستی بنیاتی سەرەوە یاخود بنیاتی قووڵ بێت، کەوتۆتە سنووری نێوان هەردوولاوە، واتە نێوان ڕوخسار و ناوەڕۆك دەگرێتەوە.

لەسەر بنەمای ڕوودان و هاتنەوەی دووبارەبوونەوەی ئاخاوتنەوە، ئەوە بەدیدەکرێت کە هەر چەند لە کەناری لای چەپی هێلکارییەکەوە بەرەو لای بەشی ڕێزمانی ئاستی سەرەوە نزیکتر بکەوێتەوە، ئەگەری جۆراوجۆری و چەندایەتی دووبارەبوونەوەکان کەمتر دەبێتەوە. بە گوتەیەکی سادەتر، ژمارەی هاتنەوەی هاوتەریبی دەنگی، کەپەیوەندی بە کەناری لای چەپی هێلکارییەکەوە هەیە، زۆر لە هاوتەریبی وشەیی زیاترە و ئەمەی دوایش ژمارەیەکی هاتنەوەی زیاتری لەچاو هاوتەریبی ڕێزمانیدا هەیە.

ئەم مەسەلەیە بۆ جۆرەکانی لادانیش ڕاستە؛ بەو واتایە کە هەرچەند لەکەناری لای ڕاستی هێڵکارییکەوە بەرەو ناوەڕاست بڕۆین، ژمارەی هاتنەوەی لادانەکان کەمتر دەبێتەوە. هەر بۆیەشە لادان بەو واتایە دێت کەخاوەنی زۆرترین ژمارەی هاتنەوە بێت. ( ← ك ٣، ل٤٨).

**هێلکاری (٦)**




ئەگەر هێلکاری (٦) وەکو وێنەیەکی ڕوونکەرەوە بۆ هێلکاری (٣) دابنێین، بەشە سێبەراوییەکە وەکو نیشاندەری ژمارەی هاتنەوەی تەرحەکانە. هەر چەند لەخاڵی A یەوە بۆ B نزیکتر بچین، ژمارەی هاتنەوەی جۆرەکانی لادان کەمتر دەبێتەوە. ڕەنگە هەر بەو هۆیەشەوە بێت کە زۆر لە لادانە ڕێزمانییەکان زیاتر بە زیادەکردنی ڕێسا دەچن و بە دەگمەن لە خزمەتی هۆنراودان.

لەمەوە بەهەر شێوەیەك بێت و لەپێناوی پاراستنی پرۆسەی پەیوەندیکردندا، دەستکاری زیاتری ڕوخساری زمان کارێکی شیاو نییە.

## کتێبنامە

1- Austerlitz, R. "parallelismus", poetics, Warsaw and the Hague, 1967.

2- Jakobson, R. "Grammatical Parallelism and its Russian Facet", Language, 42, 2, 1960.

3- Leech, G. N. A. Linguistic Guide to English Poetry, N. Y. Longman, 1969.

٤- ثمره، یدالله، آوا شناسی زبان فارسی، تهران، مرکز نشر دانشگاهی، ١٣٦٤.

٥- ذو الفنون، جلال، آموزش سەتار، تهران، آهنگ، ١٣٦٩.

٦- شفیعی کدکنی، محمد رضا، موسیقی شعر، تهران، آگاه، ١٣٦٨.

٧- شمیسا، سیروس، آشنایی باعروض و قافیه، فردوس، ١٣٦٧.

٨- نجفی، ابو الحسن، مبانی زبان شناسی، تهران، دانشگاه آزاد ایران، ١٣٥٧.

# بەشی ٧
# هاوسەنگی دەنگی

لەبەشی پێشوودا ئاماژە بۆ ئەو مەسەلەیە کرا کە پەیدابوونی هەر هاوتەسەنگییەك وابەستەیە بەجۆرێك لە دووبارەبوونەوەی ئاخاوتنەوە. لەم بەشەدا کۆشش دەکەین تاوەکو گوزارشت لە کۆمەڵێ لەو هاوسەنگییانە بکەین کە دەشێ لەسەر ئاستی شیکاری دەنگی لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت. پەیوەستی ئەوەی پەیوەندی بەم جۆرە هاوسەنگییانەوە هەیە بریتییە لە دووبارەبوونەوەی دەنگیی، کە لەسەر بنەمای زنجیرەی پلەبەندی شیکاری پێکهاتەی دەنگی هەر زمانێك، شیاوی پۆلبەندییە لە چەند پلەیەکدا. دووبارەبوونەوەی دەنگی دەشێ یەك فۆنیم، یا چەند فۆنیمێك لەناو بڕگەیەکدا بێت، بڕگەیەك بەتەواوی و یاخود بەدوای یەکداهاتنی چەند بڕگەش بگرێتەوە. بەو هۆیەوە هەر بڕگەیەك لەم بەشەدا بۆ شیکاری یەکێك لەم پلانە تەرخانکراوە و، لەسەر بنچینەی فراوانی کارایی دووبارەبوونەوە دەنگییەکان پۆلینکراون. بەرلەوەی بچینە سەر مەبەستی سەرەکی ئەم بەشە، پێویستە ئاماژە بۆ ئەو خاڵە بکەین کە دووبارەبوونەوەی ئاخاوتن لەسەر هەر ئاستێکی شیکاری کە دەبێتە مایەی لێکۆڵینەوە، جۆرێك لە دووبارەبوونەوەی دەنگی تێدا هەیە. بەڵام ئەوە بەو واتایە نایەت کە جۆرەکانی دووبارەبوونەوەی ئاخاوتن تەنیا لەسەر ئاستی شیکاری دەنگی دەکرێ ڕوونبکرێتەوە، چونکە کاتێك ڕوونکردنەوەی دووبارەبوونەوەیەکی دەنگی تایبەت لەچوارچێوەی پێکهاتەی دەنگیدا نەگونجا، پێویستە ئاستێکی شیکاری دیکە بگیرێتەبەر کە بتوانێت سنووری کارایی دووبارەبوونەوەکە بگرێتەوە. بەو هۆیەوە حوکمە هەندێك لە دووبارەبوونەوەکانی ئاخاوتن لەسەر ئاستی شیکاری وشەیی و ڕێزمانی (ڕستەیی) لێیان بکۆڵدرێتەوە. لەبەشی هەشتەم و نۆیەمدا باس لە دووبارەبوونەوەی ئاخاوتن لەسەر ئەم ئاستانەی شیکردنەوە دەکرێت.

## ١/٧ هاوسەنگی فۆنیمی

لەم بڕگەیەدا باس لەو دەستەیە لە دووبارەبوونەوەی دەنگی دەکرێت کە لە ناوەوەی یەك بڕگەدا جێبەجێدەبێت. بڕگە لە شیکاریی پێکهاتەی دەنگی هەر زمانێك، پلەی دووەم لە زنجیرەی پلەکانی زمانی داگیر دەکات؛ بەو واتایەی کە لەم جۆرە شیکردنەوەیەدا سەرەتا دەبێ شیکردنەوە بۆ فۆنیمەکان، ئینجا بڕگەکان و لە دوایەش وشەکان ئەنجامبدرێت ( ← ك٣، ل ١٢٧). بۆیە لەم بڕگەیەدا تەنیا دەپرژێینە سەر دووبارەبوونەوەی دەنگی لەسنووری یەك بڕگەدا نەوەك زیاتر.

لە بەشی شەشەمدا ئاماژە بۆ ئەو خاڵە کراوە کە لە زمانی فارسیدا سێ جۆرە بڕگەی CV، CVC، CVCC هەن. بەم پێیە دەتوانرێت ڕێسایەکی گشتی لەوێنەی CV (C) (C) بۆ ئەم پێکهاتە دەنگییەی فارسی لەبەرچاو بگیرێت. نیشانەی ( ) نیشاندەری چەمکی بژاردەکانە لە هەڵبژاردندا؛ واتە لە هەر شوێنێك دەکرێ نەبزوێنەکەی ناو ئەم نیشانەیە وەربگیرێت یا وەرنەگیرێت. لێرەدا کۆشش دەکەین تا ئەوە ڕوو بێتەوە کە ئایا توانا گریمانەییەکانی (شیمانەکانی) دووبارەبوونەوەی فۆنیمی ناوەخۆی دوو بڕگەی زمانی فارسی چین. بەو پێیە لەم دابەشکاریەی خوارەوەدا هەر ڕەگەزێکی دووبارەبوو بە ڕێنووسێکی تۆخ نیشاندراوە بۆ نموونە، CV (C) (C) نوێنەرەوەی دوو بڕگەیە کە نەبزوێنەکەی سەرەتایان وەکو یەکە؛ بۆ وێنە ((باد)) /bâd/ و ((بوق)) /buq/.

| | | |
|---|---|---|
| أ) | CV (C) (C) | ببر /**b**abr/ ؛ باد /**b**âd/ |
| | | پند /**P**and/ ؛ پا /**P**a/ |
| ب) | CV (C) (C) | بار /bâr/ ؛ تاب /tâb/ |
| | | بیست /bist/ ؛ ریز /riz/ |

پ) (C) (C) CV      مرد /mard/ ؛ برد /bord/

سال /sâl/ ؛ پول /Pul/

ت) (C) (C) CV      ماست /mâst/ ؛ مار /mâr/

كاشت /kâšt/ ؛ كام /kâm/

ث) (C) (C) CV      كار /kâr/ ؛ كور /kur/

راست /râst/ ؛ رست /rast/

ج) (C) (C) CV      میز /miz/ ؛ تیز /tiz/

میل /meyl/ ؛ سیل /seyl/

چ) (C) (C) CV      دندان /dan – dân/ ؛ ناودان /nâv – dân/

امكان /?em –kân/ ؛ امروز /?em –ruz/

وادیاره، لانی کەم لە ڕوانگەی هەستی زمانیی ئێمەوە، هەموو شیمانەکانی دووبارەبوونەوەی فۆنیمی ناوەوەی بڕگەی فارسی، یا هەڵگری بایەخێکی ئاوازەیی نین یا لە دەوەرەوی شیمانەکانی حەوتلایەنەی سەرەوەدا بایەخێکی ئەوتۆیان نییە. ئەم شیمانە لاوەکیانە ئەمانەن:

ح) (C) (C) CV      ماست /mâst/ ؛ مشت /mošt/

خ) (C) (C) CV      مست /mast/ ؛ مسخ /masx/

د) (C) (C) CV      ماست /mâst/ ؛ كاشت /kâšt/

ذ) (C) (C) CV      ماست /mâst/ ؛ كاشت /kâšt/

ر) (C) (C) CV      فرد /fard/ ؛ گرز /gorz/

ز) (C) (C) CV      مشت /mošt/ ؛ راست /râst/

ژ) (C) (C) CV      خواست /xâst/ ؛ ماسك /mâsk/

وادیارە تەنیا شیمانەکانی حەوتلایەنەی[ أ ]تا [چ]، لە توانایدایە هاوسەنگییەکی فۆنیمی تایبەت بێنێتە ئارا کە بەهایەکی ئاوازەیی هەبێت. شیمانەکانی [ح] تاوەکو [ژ ]، ئەگەرچی نوێنەرەوەی

دووبارەبوونەوەی فۆنیمین لە ئاستی بڕگەدا، بەڵام سنعەتێك نانوێنن تا بەهایەکی ئاوازەییان تیادا بدۆزرێتەوە.

بە هەر شێوەیەك بێت، وادیارە ئەو سنعەتانەی لە دووبارەبوونەوەی فۆنیمی ناوەوەی بڕگەکان بەدەستدەهێندرێن، دەکرێ لە سنووری شیمانەکانی حەوتلایەنەی [ أ ] تا [چ ] دابن. سەبارەت بە شیمانەی [ أ ] دەکرێ سوود لەنموونەکانی (٨٨) و (٨٩) وەربگرین:

(٨٨) در کشاکش از زبان آتشین بودم چو شمع

تا نپیوستم به خاموشی نیاسودم چو شمع (صائب)

dar – ka – ša – keš - ?az – za – bâ – ne - ?â – ta – šin – bu – dam – Čo – šam?

tâ – na – pey – vas – tam – be – xâ – mu – ši – na – ya – su – dam – Čo – šam?

(٨٩) دندانەء هر قصری پندی دهدت نو نو

پند سر دندانە بشنو زین دندان (خاقانی)

**d**an – **d**â – ne – ye – har –qas – ri – pan – **d**i – **d**a – ha – **d**at – now – now

pan – **d**e – se – re – **d**an – **d**â – ne – **d**eš – now – ze – bo – ne – **d**an – **d**ân

پێویستە سەرنجی ئەم خاڵە بدرێت کە هەر نموونەیەك دەتوانێت کۆمەڵێك شیمانەی جیاوازی دووبارەبوونەوەی فۆنیمی لەخۆی بگرێت. لەم دوو نموونەیەی (٨٨) و (٨٩)دا تەنیا مەبەست ئەوەبوو کە سەرنج بۆ دووبارەبوونەوەی فۆنیمی جۆری [ أ ] ڕابکێشین. نموونەکانی (٥٤) تا (٥٨) نیشاندەری هەمان جۆری هاوسەنگین. لەوە پێشەوە و لەبەشی پێنجەمدا گوتراوە کە شەمیسا ناوی لەم سنعەتە داوەتەوە و (←ك ٧، ل٥٧) ناوی ناوە ((هاوپیتی)). شەفیعی کەدکنی

ئەم سنعەتەی لەڕیزی خێزانـی ڕەگەزدۆزی دانـاوە (← ك ٥، ل ٣٠١). (یارشاتر) هەمیسان ئاوڕی لـەم تـەرزە داوەتـەوە و نموونەگـەلێکی لـەم بـارە لەشـیعری هاوچـەرخی ئێـران هێناوەتـەوە (←ك ١٥). (هومـایی) لـەژێر ناونیشـانی ((ئیعنـات)) بـاس لەهـەمان سـنعەت دەکـات، بـەڵام بەکارهێنانەکـەی لەسـنووری سـەروادا سـنوورەدار کـردووە. (←ك ١٤، ل٧٤).

شەمیسا لەکاتی خستنەڕووی هونەری هـاوپیتی، دوو جـۆری ڕێـك و شاراوە، لە یەکتر جیا دەکاتەوە و لـەو باوەڕەدایـە کـە هـاوپیتی ڕێـك لەسەرەتای وشـەکانـدا شـێوەگیر دەبـن و هـاوپیتی شـاراوە بەشـێوەیەکی پرش و بڵاو لەنێوان وشـەکاندا بـەدیار دەکـەوێت. ئـەو وەك وێنـەیـەك بۆ هاوپیتی ڕێك ئەم نموونەیەی (٩٠)ی هێناوەتەوە:

(٩٠) ستون کرد چپ را و خم کرد راست
خروش از خم چرخ چاچی بخاست (فردوسی)

so – tun – kard – čap – râ – vo – xam – kard – râst
xo – ru – šaz – xa – me – čar – xe – čâ – či – be – xâst

بۆ هاوپیتی شاراوەش سوود لە نموونەی (٩١) وەردەگرێت:

(٩١) نە من ز بی عملی در جهان ملولم و بس
ملالت علما هم ز علم بی عمل است (حافظ)

na – man – ze – bi -?a – ma – li – dar – ja – hân – ma – lu – la – mo – bas
ma – lâ – la – te - ?o – la – mâ – ham – ze - ?el – me – bi - ?a – ma – last

بەسـەرنجدان لـەم خاڵـە کـەوا هـەم لـە نموونـەی (٩٠) و هـەم لـە نموونەی (٩١)دا، نـە مەسـەلەی دووبارەبوونـەوەی نـەبزوێنی سـەرەتا و نە وشە جێگای باس نییە. بۆیە جیاکاری لەنێوان هەردوو جۆری ڕێـك و شاراوە لەم هونەرەدا ڕوون نییە. لەبەشی پێنجەمدا بۆ ئـەم هونـەرە

پێشــنیاری زاراوەی ((دووبارەبوونــەوەی نــەبزوێن))مان کــردووە، کــە ڕەنگــە بــۆ وردەکــاری و گونجــانی زیــاتر چــاکترە نــاو بنــدرێت ((دووبارەبوونــەوەی نــەبزوێنی ســەرەتا)). (لـیچ) بـۆ ئـەم مەسـەلەیە زاراوەی نەریتی alliteration بەکار هێنـاوە (←ك ٢، ل ٨٩) و بۆیەشـە بە زاراوەی ((هاوپیتی)) هاوتاکراوە.

بــۆ مەســەلەی شــیمانەی [ ب ] واتــە بزوێنــی بڕگــە، دەشــێ نموونەکانی (٩٢) تا (٩٤) بێنینەوە:

(٩٢) نماز شام غریبان چو گریه آغازم
به مویه‌های غریبانه قصّه پردازم (حافظ)

na – m**â** – ze – š**â** – me – qa – ri – b**â**n – Čo – ger – ye - ?**â** – q**â**zam

be – mu – ye – h**â** – ye – qa – ri – b**â** – ne – qes – se – par – d**â** – zam

(٩٣) برید و درید و شکست و ببست
یلان را سر و سینه و پا و دست (فردوسی)

b**o** – ri – d**o** – da – ri – d**o** – še – kas – t**o** – be – bast

ya – lân – râ – sa – r**o** – si – ne – v**o** – pâ – v**o** – dast

(٩٤) کینه توز و دیده دوز و خصم سوز و رزم ساز
شیرجوش و درع پوش و سخت کوش و کاردان

(عبدالواسع جبلی)

ki – ne – tu – z**o** – di – de – du – z**o** – xasm – su – z**o** – razm – sâz

šir – ǰu – š**o** – der? – pu – š**o** – saxt – ku – š**o** – kâr – dân

لــە نموونــەی (٩٤) دا جگــە لــە دووبارەبوونــەوەی بزوێنــی /o/، دووبارەبوونــەوەی /u/ ش بــەدیار دەکــەوێت. شەمیسـا لــەژێر نــاوی ((هاودەنگی))یدا ئاوڕی لەم سنعەتە داوەتەوە (← ك ٧، ل٥٧). لەوەوە بــەکاربردنی زاراوەیــەکی لــەم جــۆرە ڕەنگبــێ لێکدانەوەیــەکی خــراپ

بگەیـــەنێت کــە ئــەوە هــەر بزوێنـــەکانن خـــاوەن ((دەنـــگ))ن و نەبزوێنەکان نابن بە خاوەنی دەنگ، بۆیـە واباشـتره زاراوەیـەکی وەکـو ((دووبارەبوونەوەی بزوێن)) لە بەرامبەر ئەم سنعەتەدا بەکاربرێت.

لە مەسەلەی شـیمانەی [پ]دا، واتـە دووبارەبوونـەوەی نـەبزوێن یاخود نەبزوێنەکانی کۆتایی بڕگە، دەکرێ نموونەگەلێکی (٩٥) تا (٩٧) بێنینەوە:

٩٥) راهی کو راست است بگزین ای دوست
دور شو از راه بی کرانه و ترفنج (رودکی)

ra – hi – ka – ras – ta**st** – bog – zi – ney – du**st**
dur – šo - ?az – râ – he – bi – ka – râ – ne – vo – tar – fanǰ

(٩٦) آب حیات من است خاك سر کوی دوست
گر دو جهان خرمی است ما و غم روی دوست (سعدی)

?â – be – ha – yâ – te – ma – na**st** – xâ – ke – sa – re – ku – ye – du**st**
gar – do – ǰa – hân – xor – ra – mi**st** – mâ – vo – qa – me – ru – ye – du**st**

ئـەم شـێوەیە لـە دووبارەبوونـەوەی دەنگـی کـە لـە بنەڕەتـدا ((دووبارەبوونەوەی نەبزوێنی کۆتایی)) بڕگەیە[1]، لـە هەنـدێ جێگـادا وەکو سنووری سەروا بەکارهێندراوە.

(٩٧) ای جهان از سر زلف تو معطر گشته
همه آفاق ز روی تو معنبر گشته
کوی تو قبله شد و از قبل دیدن تو
برسر کوی تو عشاق مجاور گشته (رشیدالدین وطواط)

---

[1] - جا بەشێوەی cvc بێت یا بەشێوەی cvcc.

لــەم نموونەیــەدا، ((معنــبر)) //mo?anbar لەگــەڵ ((مجــاور)) /mojâver/ جێگای بەر لەپێشسەروایان داگیرکردووە و هەردوو بڕگەی /bar/ و /ver/ بوونەتە سەروا.

بەم جۆرە شیمانەی سوود وەرگرتن لەم جـۆرە دووبارەبوونەوەیـە لەبری سەرواش لەئارادایە. لە لێکۆڵینەوە کۆنەکاندا، بـەکاربردنی ئـەم جۆرە دووبارەبوونەوەیە لەشوێنی سەروادا، بە یەکێك لە خەوشـەکانی سـەروا دانـدراوە و ((ئیقوا))یـان نـاو لێنـاوە (←ك ٩، ل ٢٦٣)؛ هـەر چـەند شەمیسا سـەرنجی داوەتـە ئـەم مەسـەلەیە کـەوا ((ئـەم جـۆرە سەروایە کەم و زۆر لەشـیعری شـاعیرانی مەزنیشـدا هـاتووە)) [1](←ك ٦، ل ١٠٧). بەم شێوەیە بوونی تـەرزێکی لـەم بابەتـە ناکرێـت بەگشـتی نادیـدە بگیرێـت، چـونکێ جۆرێـك لـە هاوسـەنگی دەنوێنێـت و لـە بەرهەمهێنانی هۆنراودا کاریگەرە.

لە مەسەلەی شـیمانەی [ ت ] واتـە دووبارەبوونـەوەی نـەبزوێنی سەرەتای بڕگە و بزوێنەکەی دوای ئەو، دەکرێ ئامـاژە بـۆ نموونـەکانی (٩٨) تا (١٠٠) بکرێت:

(٩٨) شب است و شاهد و شمع و شراب و شیرینی
غنیمت است چنین شب که دوستان بینی (سعدی)

**Ša** – bas – to – **šâ** – he – do – **šam** - ?o – **ša** – râ – bo – ši – ri – ni
qa – ni – ma – tast – Čo – nin – **šab** – ke – dust – tân – bi – ni

[1] - مەسـەلەی ((اقـواء)) لـە بنەڕەتـدا دەکـرێ لەچوارچێوەی گـۆڕانی بزوێنـە کورتـەکان لەشوێنی یەکتر لێی بکۆڵدرێتەوە. بە ڕای حەقشـناس بزوێنـە درێـژەکان /i , u , â / جگە لە چەند شوێنێکی ناسراو و دیاریکراو بەگشتی قابیلی ئـالوگۆڕ بەیـەکترنین. لـە حاڵێکدا بزوێنە کورتەکان /a, e, o/ قابیلی ئاڵوگۆڕن بە یـەکتری لەنموونـەی (٩٧) دا شوێنی سەرواگرتن لەلایەن /bar/ و /ver/ وە، دەکرێ لەسنووری هـەمان بۆچـووندا لێی بکۆڵدرێتەوە. لەبەشی ١/٣/١١ دا دیدگـەی حەقشـناس لـەبارەی سـەرواوە دەخرێتـە ڕوو.

وەکو لەم نموونەیەی (٩٨)دا دیارە شاعیر جگە لە شیمانەکانی [ت] سـوودی لـە شـیمانەکانی [ أ ] ش وەرگرتـووە؛ دووبارەبوونـەوەی نـەبزوێنی /š/ بـێ دووبـارەی بزوێنەکـەی دوای ئـەم، ئـەم قسـەیە پیشتڕاستدەکاتەوە.

(٩٩) ساقی به نور باده برافروز جام ما
مطرب بزن که کار جهان شد به کام ما (حافظ)

sâ – qi – be – nu – re – bâ – de – ba – raf – ruz – ǰâ – me – mâ
mot – reb – be – zan – ke – **kâ** – re – ǰa – hân – šod – be – **kâ** – me – mâ

(١٠٠) به لشکر چنین گفت که امروز کار
بەکام دل ما بد از روزگار (فردوسی)
be – laš – kar – Čo – nin – goft – ke - ?em – ruz – **kâ**r
be – **kâ** – me – de – le – mâ – bo – daz – ru – ze – gar

هەر بەو شێوەیە هەندێ لە جۆرەکانی ((سەروادارییی هاوسەنگ)) لەوێنەی ((کام)) /kâm/ و ((کار)) /kâr/ یا ((یار)) /yar/ و ((یاد)) /yâd/ دەکەونـە نـاو ئـەم چوارچـێوەیە؛ وەلی سـەرواداریی هاوسـەنگ جـۆری دیکەشـی هەیـە کـە لـە نـاو ئـەم چوارچـێوەیەی پرۆسـەی دووبارەبوونەوەیـە ناگونجێـت (←ك ٧، ل ٢٦)، وەك لـە نموونـەی ((سـتانندە)) و ((گشـایندە)) [1]. لـەلایێکی تـر بەشـێك لـە جووتـە فۆرمـەکانی وەکو ((سـور)) /sur/ و ((سـوز)) /suz/ کـە لـە جوانکاری نەریتیـدا لـەژێر نـاوی ((ڕەگـەزدۆزی موسـەحەف)) پۆلینـدەکرێن، پابەندی هەمان پرۆسـەی دووبارەبوونەوەیـە. ڕەنگـە بتـوانین بـۆ ئـەم

[1] - دووبارەبوونـەوەی دەنگـی لـە جووتـە وشـەکانی ((سـتانندە)) و ((گشـایندە)) سـنووری یـەك برگـەی تێپەڕانـدووە و پێـی ناوەتـە سـنووری وشـە، کـە لـە بەشـی هەشـتەمدا دێینەسەری.

شـــــيمانەیەی دووبارەبوونـــــەوە ســـــوود لەزاراوەیـــــەکی وەکـــــو ((دووبارەبوونەوەی بزوێن و نەبزوێنی سەرەتا)) وەربگرین.

لـــــەبارەی شـــــیمانەی (ث) واتـــــە دووبارەبوونـــــەوەی تـــــەواوی نەبزوێنەکانی بڕگە، نموونەکانی (١٠١) و (١٠٢) دێنێتەوە:

(١٠١) مخالفان تو موران بدند و مار شدند

بر آر از سر ماران مورگشته دمار (مسعود رازی)

mo – xâ – le – fâ – ne – to – mu – rân – bo – dan – do – **mâr** – šo – dand

ba – râ – raz – sa – re – mâ – ra – ne – **mur** – gaš – te – da – **mâr**

(١٠٢) توکمان کشیده و در کمین که زنی به تیرم و من غمین

همه غمم بود از همین که خدا نکرده خطا کنی[1]

(هاتف اصفهانی)

to – ka – **mân** – ke – ši – de –vo – dar – ka – **min** – ke

za – ni – be – ti – ra – mo – **man** – qa – **min**

ha – me – qa – mam – bo – va – daz – he – **min** – ke – xo

da – na – kar – de – xa – tâ – ko – ni

لـە جوانکـاری دێرینـدا بـۆ ئـەم دەسـتەیە لـە دووبارەبوونـەوە، زاراوەی ((ڕەگـەزدۆزی ناتـەواو)) بـەکاردێنن (← ك ٧، ل ٤٢)؛ لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبـێ دان بـەوەدابنێین کـە وشـەگەلێکی چـەند بڕگـەیی لەوێنـەی ((بـبری)) /be – bo – ri/ و ((بـبری)) /be – ba – ri/ یـاخود ((مقـام)) /mo – qâm/ و ((مقـام)) /ma – qâm/ کـە لـە چوارچێوەی ڕەگـەزدۆزی ناتـەواو خراونەتـەڕوو (←ك ٧، ل ٤٢)، تـەنیا لەیـەك

---

[1] - سەبارەت بە جووتە وشەکانی ((کمان)) / ((کمین)) و ((کمین)) / ((غمین)) مەسەلەی دووبارەبوونەوەی دەنگی لەسنووری دوو بڕگەشدا بە دیدەکرێت، کە لە جێگای خۆیدا باسی لێوە دەکەین.

بڕگەدا دەکەونە ناو سنووری پرۆسەی جۆری [ث]. بەسەرنجدان بە دوو جۆری دووبارەبوونەوەی نەبزوێنی ناتەواو، واتە دووبارەبوونەوەی نەبزوێنی سەرەتا cv (c) (c) و دووبارەی نەبزوێنی کۆتایی cv (c) (c)، لەوانەیە بتوانین سەبارەت بە [ث] سوود لە زاراوەیەکی وەکو ((دووبارەبوونەوەی نەبزوێنی تەواو)) وەربگرین.

لەبارەی شیمانەی [ج ]، واتە دووبارەبوونەوەی بزوێن و نەبزوێن یا بزوێنەکانی دوای ئەو، دەکرێ نموونەکانی (١٠٣) و (١٠٤)ی بۆ بێنینەوە:

(١٠٣) خرد باید اندر سر مرد و مغز
نباید مرا چون تو دستار نغز (سعدی)

لە نموونەی (١٠٣)دا، دووبارەبوونەوەی فۆنیمی جۆری [ج ] لەنێوان هەردوو فۆرمی ((مغز)) /maqz/ و ((نغز)) /naqz/ بە ڕوونی دیارە. ئەو مەسەلەیە لەبارەی هەردوو فۆرمی ((قید)) /qeyd/ و ((صید)) /seyd/یش لە نموونەی (١٠٤)دا دروستە.

(١٠٤) چو مرغ از قفس رفت و بگسست قید
دگر رە نگردد بە سعی تو صید (سعدی)

دووبارەبوونەوەی فۆنیمی جۆری [ج] بەشێك لە جۆرەکانی سەرواو سەرواداریی هاوتەریبیش دەگرێتەوە بەڵام بۆ هەموو چەشنەکانی سەرواو سەرواداریی هاوتەریب وا نییە، چونکە هەم سەروا و هەم سەرواداریی هاوتەریب لە سنووری یەکەی زمانیی وشەدا دەگیرسێنەوە، کە لە ڕیزبەندی پلەکانی شیکاری دەنگی لەپلەی سێیەمین و لەدوای شیکاری بڕگەییەوە دێت. ڕەنگە بتواندرێت سەبارەت بە شیمانەی دووبارەبوونەوەی [ج ] سوود لە زاراوەیەکی وەکو ((دووبارەبوونەوەی بزوێن و نەبزوێنی کۆتایی)) وەربگیرێت[1].

[1] - جا چ بەشێوەی cvc یا بەشێوەی cvcc.

سەبارەت بە شیمانەی [چ] کە لە بنەڕەتدا دووبارەبوونەوەی تەواوی بنیاتی دەنگی بڕگەیە، ڕەنگە نموونەکانی (١٠٥) و (١٠٦) سوود بەخش بن:

(١٠٥) مرده بدم زنده شدم گریه بدم خنده شدم

دولت عشق آمد و من دولت پاینده شدم (مولوی)

mor – de – bo – **dam** – zen – de – šo – **dam** – ger – ye – bo – **dam** – xan – de – šo – **dam**

dow – la – te - ?eš – qâ – ma – do – man – dow – la – te – pâ – yan – de – šo – **dam**

(١٠٦) ای به دیدار فتنه چون طاووس

وی به گفتار غره چون کفتار ( سنایی)

?ey – be – di – dâr – fet – ne – Čon – tâ – vus

Vey – be – gof – **târ** – qar – re – Čon – kaf – **târ**

بەو پێیە سەبارەت بە شیمانەی [چ ] ، ڕەنگە بتواندرێت سوود لەزاراوەیەکی وەکو ((دووبارەبوونەوەی بڕگەیی تەواو)) وەربگیرێت، ئەنجا دەبێ ئەو خاڵەشمان لەبەرچاو بێت کە وشە هاودەنگە یەك بڕگەییەکان، لە وێنەی ((خاست))/ ((خواست)) یاخود ((خار)) / ((خوار)) و ئەوانی تر، لەگەڵ ئەوەی دووبارەبوونەوەی بڕگەیی تەواو دەیانگرێتەوە، بەڵام نموونەی ئەمانە لە چوارچێوەی هاوسەنگی وشەیی شیدەکرێنەوە. لێرەدا بە لەبەرچاوگرتنی شیمانەکانی حەوتلایەنەی پێشەوە، دەشێ حەوت سنعەتی دووبارەبوونەوەی فۆنیمی سنووری بڕگە دەستنیشانبکرێت:

أ) دووبارەبوونەوەی نەبزوێنی سەرەتا.

ب) دووبارەبوونەوەی بزوێن.

پ) دووبارەبوونەوەی نەبزوێنی کۆتایی.

ت) دووبارەبوونەوەی بزوێن و نەبزوێنی سەرەتا.

ث) دووبارەبوونەوەی نەبزوێنی تەواو.
ج) دووبارەبوونەوەی بزوێن و نەبزوێنی کۆتایی.
چ) دووبارەبوونەوەی بڕگەیی تەواو.

هەر یەکێك لەم دووبارەبوونەوەی فۆنیمانەی سەرەوە، چەند بەشە سنعەت و هونەری جوانکاری نەریتی لێبەرهەمدێت. دەبێ ئاماژە بۆ ئەو خاڵەش بکەین کە ئەم هاوسەنگییە فۆنیمییانەی ناومان بردن لەلایەنی مۆسیقاییەوە کارایییەکی یەکسانیان نییە. بەڵام وا دەردەکەوێت کە ئەگەر دووبارەبوونەوەکە تایبەت بێت بە بزوێنی بڕگەوە، کارایی مۆسیقایی هاوسەنگییەکە لە دووبارەبوونەوەی نەبزوێن بەهێزتر دەبێت و ڕەنگە ژمارەی نەبزوێنەکان لەکاتی دووبارەبوونەوەدا هەمیسان ڕۆڵی لە مۆسیقایی کردنتری بڕگەدا هەبێت. ئەگەر هات و ئەم وێناکردنە شتێکی لوجیکی بێت، ئەوا ئەو ئەگەرە ڕێی تێدەچێت کە جووتەیەکی وەکو ((دار)) /dar/ و ((دم)) /dam/ کە دەکەونە سنووری پرۆسەی دووبارەبوونەوەی نەبزوێنی سەرەتاو کەمتر لە جووتەیەکی وەکو ((دست)) /dast/ و ((بیست)) /bist/ لە بەرهەمهێنانی هۆنراودا پشکی هەیە، ئەنجا لەهەمان هەلومەرجدا سەبارەت بە جووتەیەکی وەکو ((دست)) /dast/ و ((مست)) /mast/ زیاتر مۆسیقایی دەردەکەوێت. شەمیسا لەکاتی باسکردن لە سەرواداریی هاوسەنگ، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە (( هەرچەند فۆنیمە هاوبەشەکان زۆرتربن، سەرواداریی هاوسەنگ زیاتر مۆسیقایی دەبێت)) (ك ٧، ل ٢٧). ئەگەر بتوانین ئەم گوتەیە لەئاست جۆرەکانی دووبارەبوونەوەی فۆنیمی گشتگیر بکەین، ئەوا دەبێ بتوانین لە ڕوالەتدا بەهای هەر دووبارەبوونەیەك لە ڕیزبەندیی پلەکانی بەرپاکردنی سیستەمی مۆسیقاییدا ڕوونبکەینەوە. لەبەشی دەیەمدا باس لەم گریمانەیە دەکرێت.

## ٢/٧ هاوسەنگی بڕگەیی

لەم بڕگەیەدا دێینە سەر باسی ئەو دەستەیە لە دووبارەبوونەوەی دەنگی، کە لە هاونشینی چەند بڕگەیەك بەتەك یەکەوە پەیدا دەبێت و لە کۆدا دەبنە مایەی پەیدابوونی هۆنراو. لە بڕگەی ١/٧ دا و لەکاتی لێکۆڵینەوەی هاونشینی فۆنیمەکانی سنووری یەك بڕگەدا، ئاماژە بۆ پێکهاتەی بڕگەیی cv (c) (c) زمانی فارسی کراو ئەوەش ڕوونکرایەوە کە فۆنیمەکان لەناو بڕگەدا تاوەکو کوێ شیمانەی دووبارەبوونەوەیان هەیە. بەڵام بەکاربردنی فۆنیمگەلێکی وەك یەك لەسنووری یەك بڕگەدا، بەتەواوی لە دووباردا دەبێت:

أ) دووبارەبوونەوەی نەبزوێنی سەرەتا و یەکەمین نەبزوێن لەدوای بزوێن. وەك نموونەی ((ببر)) /babr/ یا ((سست)) /sost/؛

ب) دووبارەبوونەوەی نەبزوێنی سەرەتای بڕگە و دووەمین نەبزوێن لەدوای بزوێن. وەك نموونەی ((کشك)) /kašk/ یا ((تخت)) /taxt/.

لێرەدا شیمانەی سێیەم لەئارادا نییە، چونکە بزوێن لەباری بەرهەمهێنانەوە لە کرۆکدا لەگەڵ نەبزوێن جیاوازە و هێشووی دوو نەبزوێنی دوای بزوێنی بڕگە ناکرێت لە دوو ئەندامی وەکو یەك پێکبێت (←ك ٣، ل ١٧٠). بەو هۆیەوە شیمانەی پێکهاتنی دووبارەبوونەوەی میکانیکی لەسنووری ناوخۆی یەك بڕگەدا لەئارادا نییە، هەر چەند ئەم شیمانەیە لەسنووری دوو بڕگەدا دەکرێ هەبێت، بۆ نموونە: ((کم کم))، ((نم نم))، ((به به)) و لەو جۆرە. وادەردەکەوێت کە پاتبوونەوەی یەك بڕگە زیاتر لە دوو کەڕەت دەبێتە پێکهاتەیەکی میکانیکی و ڕەنگە هەر بەو هۆیەشەوە بێت کە پرۆسەی دووبارەبوونەوەی سێجارە و زیاتر لە وشەسازی فارسیدا بەکارنەبرواە. بۆیە دووبارەبوونەوەی چەندیی بڕگەیی نابێتە هۆکارێك بۆ پەیدابوونی هۆنراو؛ بۆ نموونە:

(١٠٧) دنگ دنگ دنگ

نموونەی (١٠٧) شتێکی وەك ئەوەیە کە گریمان یەك نۆتی مۆسیقا هەمیشە دووبارەبکەینەوە. وای دابنێ لەسیمفۆنی پێنجەمی بتهۆڤندا لەبڕی پاتە کردنەوەی سێبارەی نۆتی ((صۆل)) و لەپاشان نۆتی ((می))، درێژە بە پاتەکردنەوەی هەمان نۆتی ((صۆل)) بدرێت تا تەواو دەبێت:



لە حاڵەتێکی وادا سیمفۆنی پێنجەمی بتهۆڤن تەنیا دەبێتە شتێکی یەك دەنگی وەکو تەك تەکی کاتژمێرێك؛ نەوەك زیاتر و، ئەگەر بەرابەرکردنی دەنگەکانی زمانمان لەبەرامبەر مۆسیقادا پێ پەسەند بێت، ئەوا هەر نۆتێك لە بەرانبەر بڕگەیەك دەوستێت، دوای ئەوەش ئەو ڕێسا گەلەی لە هاونشینی نۆتەکان لە تەك یەکتریدا لە مۆسیقادا هەن، دەبێ لە بەرپاکردنی نەزمی مۆسیقایی لە هاونشینی بڕگەکاندا بەشێوەیەك لەشێوەکاندا هەبێت. باوەڕێکی لەو جۆرە لەبیروڕاکانی (ئۆستەرلیتس) دا (← ك ١) بەڕوونی دەبینەدرێت و بەشێوەیەکی پەنامەکی لەبیروڕاکانی اخوان الصفا و (←ك ٥، ل ٣٣٤ – ٣٣٧) و ابن سیناشدا (←ك ٥، ل ٣٤٤ – ٣٤٥) هەیە.

تا ئێرە ئەو ئەگەرە خرایە ڕوو کە دەشێ هەر بڕگەیەك لەگەڵ نۆتێکی مۆسیقادا هاوجووت بن، سەرەڕای ئەوەش مەسەلەی دووبارەبوونەوەی میکانیکی بڕگەکان وەکو دووبارەبوونەوەی میکانیکی نۆتەکان ناتوانێت نەزمێکی مۆسیقایی بەرپا بکات. ئەگەر ئەو ڕاستیەشمان لەیاد بێت کە مۆسیقا خۆی لەخۆیدا لەڕێگەی گونجان لەکاتدا پەیدادەبێت (←ك ١)، کەواتە پێویستە کێشیش لەڕێگەی گونجان لەکاتدا پەیدابێت. ئەم گونجانە لەکات دەکرێت

لەڕێگەی ماوە خایاندنی کاتی بڕگەکان[١]، خایاندنی کاتی ترپەکان[٢]، خایاندنی کاتی زیروبەمەکان[٣]، خایاندنی کاتی نێوان بڕگەکان[٤] پەیدا ببێت، جگە لەم چوار یەکە فیزیکییە، ڕێی تێناچێت یەکەیەکی زمانی دیکەی سوودبەخش هەبێت تا ئەوە گونجانێکی لەکات لێ پەیدابێت.

کێشی هۆنراوی فارسی لەسەر بنەمای خایاندنی (درێژەکێشانی) کاتی بڕگەکان لێکدراوەتەوە (←ك ٤، ك٦، ل ١٤؛ ك ١٣، ل ٦). ئەم ماوە خایاندنە لەکات تەنیا ئەو کاتە جێبەجێدەبێت کە بتواندرێت بەهەر شێوەیە بێت، کاتێك بۆ درێژەکێشانی بڕگەکانی فارسی بخەملێندرێت؛ بەو هۆیەوە لەکاتی لێکۆڵینەوە و پۆلینکاری کێشەکانی هۆنراوی فارسی، هەر سێ جۆرەکەی بڕگەی فارسی cv، cvc، cvcc لەسەر بنەمای کشانی بزوێنەکان، بۆ شەش جۆری بڕگە cv، $c\bar{v}$، $c\check{v}c$، $c\bar{v}c$، $c\check{v}cc$، $c\bar{v}cc$ پەرەی پێدراوە. (←ك ١٢، ل ٢٦).

عەرووزناسەکان بۆ هەر یەکێك لەم بڕگەگەلە شەش لایەنییەی پێشەوە، جۆرێك لەخایاندنی کاتیان دەستنیشانکردووە (←ك ١١، ك ١٣، ل ١٠).

لەو نێوەندەدا هەر یەك لە نەجەفی و وەحیدیان کامیار بۆ $c\check{v}$ وەکو نیشانەی خایاندنی کات (ب) و، $c\bar{v}$ و $c\check{v}c$ وەکو نیشانەی

---

١- ئەم جۆرە کێشە بەکێشی چەندی ناونراوە (←ك ٦، ل ١٢) وەکو کێشەکانی هۆنراوی فارسی و عەرەبی.

٢- ئەم جۆرە کێشە بە کێشی لەنگەر (تکیە ای) (← ك ٦، ل ١٢) یاخود ڕەزمی (←ك ١٣، ل ٦) ناونراوە، وەکو کێشی شیعری ئینگلیزی و ئەلمانی.

٣- ئەم جۆرە کێشە بەکێشی تۆنی دەنگ (← ك٦، ل ١٣) یاخود ئاهەنگی (←ك ١٣، ل ٨) ناودەبرێت؛ وەکو کێشی شیعری چینی یاخود ڤێتنامی.

٤- ئەم جۆرە بەکێشی ژمارەیی (←ك ٦، ل ١٣) ناودێرکراوە کە لەسەر بنەمای هاوژمارەیی بڕگەکانی هەر نیوە دێڕێك d بەخایاندنێکی دیاریکراو لەنێوان دوو یان چەند لەنگەرێك لەنێوە دێرەکاندا؛ لەنموونەی کێشی شیعری فەرەنسی و ئیتالیایی.

خایاندنی کات (–) و بۆ cv̄c و cv̄cc نیشانەی خایاندنی کات ( – ب) یان لەبەرچاوگرتووە[1]. سەبارەت بە cv̄vc یش، نەبزوێنەکەی کۆتاییان بەشتێکی زیادە داناوە و فەرامۆشیان کردووە، هەر بۆیە بۆ cv̄cc خایاندنێکی کاتی وەکو cv̄c واتە ( – ب) یان ڕەچاو کردووە.

شەمیسا ئەو جۆرە بڕگەیەی کە لە خایاندن و درێژەکێشانی کاتەکەی بە (– ب) مەزەندەکراوە، بەپەسەند نازانێت. ئەو باوەڕی وایە ئەم جۆرە بڕگەلەی کە خایاندنی کاتەکەی بەم ڕادەیەیە، پێویستە وەکو دوو بڕگەی درێژ و کورتێك بژمێردرێت، بۆیە لە کۆتایی ئەم گروپە بڕگەیە نەبزوێنکی کورت زیاد دەکات و لەئەنجامدا بە دوو بڕگە دەیانشکێنێتەوە[2]. (←ك ٦، ل ١٨). ئەگەر لەبیرمان بێت کە نیشانەکانی (–) یاخود (ب) لەبنەمادا دیارخەری بڕگەیەکن لە خایاندنی کاتێکی دیاریکراودا، ئەوا شیکردنەوەکەی شەمیسا وەکو شتێکی زیاتر لوجێکی بەدیار دەکەوێت. لەبەر ئەوەی سەرەتا بڕگەیەکی ئەوتۆی لاپەسەند نییە کە ناوەرۆکێکی دوو بڕگەیی هەبێت و دواتریش بنیاتی مۆسیقایی کێشەکەی پاراستووە، چونکە لە مۆسیقاش بۆ بەدیارخستنی کێش سوود لە نۆتی تۆخ ⊠ (لەبەرابەر–) و نۆتی چەنگ ⊠ (لەبەرابەر ب) وەردەگیرێت بۆنموونە:

(١٠٨) ای ساربان آهسته ران که آرام جانم می رود
آن دل که با خود داشتم با دل ستانم می رود (سعدی)

- - ب - / - - ب - / - - ب - / - - ب -
- - ب - / - - ب - / - - ب - / - - ب -

---

[1] -عەروززناسانی ئێرانی نیشانەکانی خایاندنی کاتیان (امتداد زمانی) لەسەر بنەمای نووسینی فارسی لەڕاستەوە بۆ چەپ تۆمار کردووە.

١ - نکوولّی لەوەناکرێت کە بۆچوونەکەی نەجەفی و وەحیدیان کامیار بۆ فێربوونی عەرووز ساناترە و دێرە شیعرەکان وەك شێوەیەکی دەستکرد ناخوێندرێتەوە.

لەســەر بنــەمای بۆچــوونەکەی شەمیســا، فــۆرمی ((داشــتم)) لــەنیوەدێری دووەمــدا پێویســتە بەشــێوەی /dâ – šo – tam/ بخوێندرێتەوە. لەکاتێکدا بەگوێرەی بۆچوونی نەجەفی و وەحیـدیانی کامیار ئەم پێویستییە لە ئارادا نییە و دەکرێ وشەکە بەشێوەی / dâš tam –/ بخوێندرێتەوە. لێرەوەش نیشانەی خاياندنی ( - ب) بۆ بڕگەی /dâš/ دادەنــدرێت. بــەم پێیــە نیــوەی یەکــەمی نیــوەدێری دوو لــە نموونەی (١٠٨) لەڕوانگەی شەمیساوە پابەنـدی نـەزمی مۆسـیقايی لای خوارەوە دەبێت:

| آن | دل | كه | با | خود | دا | شُ | تم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ☒ | ☒ | ☒ | ☒ | ☒ | ☒ | ☒ | ☒ |

لەکاتێکدا کە بە ڕەچاوکردنی ڕوانگەی نەجەفی و وەحیـدیانی کامیار، لەگەڵ ئـەوەی بەسانايی و بـێ ئـەوەی پێویست بـەزيادکردنی نــەبزوێنێکی کــورتیش هــەبێت دەتوانــدرێت کێشــی شــيعرەکە دەستنيشانبکرێت، پێویستە شیعرەکە پابەنـدی نـەزمێکی مۆسـیقايی وەکو ئەمەی لای خوارەوە بێت:

| آن | دل | كه | با | خود | داش | تم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ☒ | ☒ | ☒ | ☒ | ☒ | ؟ | ☒ |

ئەگـەر هـات و زانیمـان کـە ☒ هاوتـای یـەك ترپـە و ☒ هاوتـای نیـوە ترپـە بێـت (← ك١٠، ل٩)، کەواتـە دەبێـت لەشـوێنی نیشـانەی پرسـيارەکە هێمـای (☒☒) دابنــێین، ئــەوەش هــەمان بۆچــوونەکەی شەمیســايە. ئــەم بۆشــايیە لــە عــەرووزی عەرەبيــدا نییــە، بــەهۆی تايبەتمەنــديی گــەردانکردن لــەزمانی عەرەبيــدا، بۆيــە ئەگــەری بـەکاربردنی بڕگەگـەلێکی لـە نموونـەی cv̄cc لـەهۆنراوەی عەرەبيـدا نابيندرێت.

ئـــەنجا پاســاوو بیـــانوو هێنانـــەوە لـــەژێرناوی، خســـتنەڕووی بژاردەکانی شاعیری (←ك ٦)، زەروورەت[1]، ڕیزپـەڕیی (←ك ٦، ل ٤٨ — ٥١) و ئـەو شـتانە هـەموو لـەپێناوی ئەوەدایـە کـە هـۆنراو لەگـەڵ مۆسـیقادا بـەهاوجووتی بمێنێتـەوە و ڕێگـای پۆلبەنـدی کێشـەکانیش هــەموار بێــت. لــەو نێــوەدا بنەمایــەکی مۆســیقاییش هەیــە کــە عەرووزناسە نوێکان ڕەچاوی ئەوە دەکەن؛ ئەگەر بێت و کێشی هۆنراو لەگەڵ مۆسیقادا هاوجووت بێت، کەواتە دەبێت هاوسەنگییەك لەنێوان پایەکانی عەرووزی هەرنیوە دێرێکدا هەبێت.

لـەوەو پـێش گـوتراوە، کـە هـەتا پارچـە مۆسـیقایە بـەرزەکانیش بەناچاری پەنا دەبەنە بـەر پرۆسـەی دووبارەبوونـەوەی و ئەگـەر ئـەم چەشـــنە دووبارەبوونەوەیـــە نـــەبێت ئـــەوا بێگومـــان هاوســـەنگیش پەیـدانابێت. لـە لایێکـی تـریش بـەگوێرەی بۆچـوونی یاکۆبسـن، کـە لەپێشدا ئاماژەی بۆ کرا، پەیوەسـتەی هـەر هاوسـەنگییەك لێکچوون و جیاوازییە. ئەنجا ئەگەر هەر وەستانێکی مۆسیقایی بـەباڵای سـنووری نێـوان دوو پایـەی عەرووزیـدا بـبڕین (←ك ١٠)، ئـەوە وەکـو شـتێکی ئاسایی بەدیار دەکەوێت، کە پایە بەکاربراوەکان لـە هـەر نیوەدێرێکدا ناشێت لەگەڵ یەکتریدا لەپەیوەندیدا نەبن و لەم بوارەدا دەکرێ سوود لەچەند نموونەیەك وەربگیرێت:

(١٠٩) ما آزمودەایم در این شهر بخت خویش
بیرون کشید باید از این ورطه رخت خویش (حافظ)

لـە عـەرووزی نەریتیـدا ئـەم نموونەیـەی (١٠٩) لەسـەر کێشـی موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف هۆندراوەتـەوە، کە

[1] - بەگوتەی شەمیسا ((زەروورەت ئەو گۆڕانکاریانەن کە بـەگوێرەی پێویسـتی کـێش لـە چەندێتی بڕگەکاندا بەرپا دەکرێن)).

پایەبەندییە کۆنەکەی (مەفعوولو فاعیلاتو مەفاعییلو فاعیلون[1])ە؛ بەواتا: (مفعول، فاعلات، مفاعیل، فاعلن)؛

- - ب / - ب — ب / ب - - ب / - ب —

بەم جۆرە، ئەگەرچی پەیوەندی لەنێوان هەردووپایەی دووەم و چوارەم دەبیندرێت، بەڵام ئەم جۆرە پەیوەندییە لەنێوان پایەکانی یەکەم و سێیەمدا نییە. جا ئەگەر هات و پایەبەندییەکە خۆیمان بەم شێوەیەی لای خوارەوە گۆڕی:

- - ب / - ب — ب ب / - - ب / - ب —

ئەو کاتە دووبارەبوونەوە لەنێوان پایەکان ڕۆشنتر بەدیاردەکەوێت چونکە لە دۆخێکی وادا پایەکانی یەکەم و سێیەم دووبارەبوونەوەی تەواو و پایەکانی دووەم و چوارەم دووبارەبوونەوەی ناتەواوی یەکترین؛ لەکاتێکدا لەپایەبەندی نەریتیدا پایەکانی یەکەم بەدووبارەبوونەوەی ناتەواوی یەکتر ئەژمار دەکرێن.

(١١٠) ما ورد سحر در ره میخانه نهادیم

محصول دعا در ره جانانه نهادیم (حافظ)

بۆ نموونەی (١١٠) کێشی نەریتی هەزەجی هەشتی ئەخرەجی مەکفووفی مەحزووف لەبەرچاوگیراوە کە پایەبەندییە ئاساییەکەی مەفعوولو مەفاعییلو مەفاعییلو فەعوولون دەبێت:

- - ب - / ب - - ب / ب - - ب / ب - -

بەو جۆرە لەپایەبەندی نەریتیدا دووپایەکەی دووەم و سێیەم دووبارەبوونەوەی تەواوی یەکترین، پایەکانی یەکەم و چوارەم بەدووبارەبوونەوەیەکی ناتەواوی پایەبنەڕەتییەکەی مەفاعییلون دەژمێردرێن. لێرەش ئەگەر پایەبەندییەکە بەشێوەی خوارەوە بگۆڕین:

- - ب ب / - - ب ب / - - ب ب / - -

[1] - بەرانبەری لەنێوان فاعیلاتو فاعیلون لەپایەی کۆتایی نیوەدێرەکاندا نامێنێت.

هاوتـەریبی برگـەیی بەشـێوەیەکی ڕێکخراوتـر بـەدیار دەکـەوێت. لەم بارودۆخەدا، پایەبەندیی یا بە واتایەکی تـر، هاوتـەریبی برگـەیی بـۆ ڕاگرتنــی کـێش پابەنــدی دوو ڕێســای XXXX و YXYX دەبێـت (⟵ك ٦، ل٢٦). شەمیسـا جـۆری XXXX لـە نموونــەی مــەفاعییلون مەفاعییلون مەفاعییلون مەفاعییلون بـە ((پایـە هاوڕێکـەکان / متفـق الارکان)) ناودەبـات و جـۆری YXYX لەنموونـەی فیعلاتـو فـاعییلاتون فیعلاتو فاعییلاتون بـە ((پایـە نۆبـەتگۆڕەکان/ متنـاوب الارکـان)) نـاو دەنێت. ئەو لەو باوەڕەدایە کـە کێشـگەلێکیش بـەناو پایـە جیاوازەکـان لەوێنەی مەفعولو فـاعیلاتو مـەفاعییلو فـاعیلون، دەگـرێ بەشـێوەیەك پۆلبەندی بکرێن لەنێوان پایەکاندا یەکێتی یاخود نوبەتگۆڕی بهێننـە ئـاراوە (⟵ ك٦، ل٢٦). بـەڵام ئایـا ئـەو جـۆرە پایەبەندییـە تازەیـە کامەیــــە؟ (⟵ك٦، ل٢٦). شەمیســـا لــــەو بــــارەوە دەڵــــێ (⟵ك ٨، ل ٢٨): ((زانا کۆنەکان سەرنجیان لە چۆنییەتی بـەرپابوونی کێش نەداوە کە تەنیا بـەو دوو شـێوەیەی سـەرەوەیە ... بۆیـە هەنـدێ جار شیعریان بەجۆرێك پایەبەندیکردووە کە هیچ جۆرە ڕێکخسـتنێك لەنێوان پایەکاندا نییە، بۆ وێنە بۆ بەدیارخستنی کێشی ئەم نیوەدێرە (هـان ای پسـر بکـوش کـە روزی پـدر شـوی) دەیـانگوت (مـەفعوولو فاعیلاتو مەفاعییلو فاعیلون)).

- - ب / - ب — ب / ب - - ب / - ب -

بـەم جـۆرە کێشـانەیان دەگـوت پایـە جیاوازەکـان، بـەڵام ئێمـە باوەڕمان وایە کە ئەم جۆرە کێشانەش دەبێ بـە شـێوەیەك لەشـێوەکان پایەبندیبکرێن، جا یا بەشێوەی هاوڕێیەکی پایەکانی بێت یا بەشێوەی نۆبــەتگۆڕی. بنــەمای کارەکــەی ئێمــە ئەوەیــە کــە ئەگــەر برگــە شیعرییەکان یەکێك لەم دوو شێوەی ڕێکخستنە وەرنەگرێت، ئەوا ئـەو شـیعرە کێشـدار نییـە، بۆیـە لـەبری پایەبەنـدیی نـەریتی سـەرەوەدا دەڵێیین (موستەفعیلون مەفاعیلو مەستەفعیلون فەعەل).

- - ب - / ب — ب ب / - - ب - / ب —

بـەڵام دەبـێ ئـەو ڕاسـتییەمان لەبەرچـاو بێـت کـە ئـەم جـۆرە پایەبەندییەی ((مـەفعوولو فـاعیلاتو مـەفاعییلو فـاعیلون)) شـیمانەی پێشبینیکردنی پایەکانی دواتری ناهێڵێتەوە و ئەمەش خـۆی لەخـۆیـدا کارێکـە لەگـەڵ بنـەمای دووبارەبوونـەوەی ڕێکناکـەوێت. بۆیـە بـەپێی ئەوەی کە پێشتر گوتومانە کەوا گونجانی مۆسیقایی لەڕێگەی پرۆسەی دووبارەبوونەوە دێتەدی، کەواتە پایەبەندی پێویستە بەشێوەیەك بێت کەوا توانای دووبارەبوونەوەی هەبێت.

لـەم پایەبەندییـە تازەیـەدا ئەگـەری پێشـبینی بـەردەوامی کـێش هەیە، شەمیسا لەباسی نموونەیەکی لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا پەنجەی بۆ ئـەم خاڵـەش ڕاکێشـاوە و دەڵـێ (← ك ٨، ل ٢٩ پـەراوێز): ((شـاعیر ئاخـاوتنی خـۆی لـە (ب —) بڕاندۆتـەوە و ئەگـەر بیخوازیایـە درێـژەی پێبـدات، پێویسـت بـوو بـە گـوێرەی نەخشـەی پایـەی دووەم کـاری بکردایــە)). ڕەنگــە بتوانــدرێت چوارچــێوەی تیــوری بۆچــوونەکەی شەمیســـا پەســـەندبکرێت؛ چـــۆن ئـــەو شـــیمانەی پێشـــبینی پایەبەندییەکانی دواتریشی خستۆتە ڕوو[1].

---

[1] بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی پارسەنگی ڕاستی ئەم گریمانەیەی کە گونجانی مۆسـیقایی لەڕێگـەی دووبارەبوونـەوە دێتـە دی، داوا لـە دوو خوێنـدکاری بـە سـەلیقەی بەشـی ئـەدەبی فارسـی کـرا کـەوا نیـوەدێری یەکـەمی ئـەم دێـرە شـیعرەی خـوارەوە، بـێ ڕەچاوکردنی واتاکەی، درێژە پێبدەن:

ما در درون سینه هوایی نهفتەایم

برباد اگر رود دل ما زان هوا رود (حافظ)

یەکێکیان ئەم نیوەدێرەی سازکردبوو:

ما در درون سینه هوایی نهفتەایم وز می ناله سر دهیم

خوێندکاری دووەم ئەم نیوە دێرەی سازکردبوو:

ما در درون سینەهوایی نهفتەایم و بەجانان دل زدیم

کێشی نیوەدێرە بنەڕەتییەکە بەپێی پایەبەندی نەریتی ((مەفعوولو فاعیلاتو مـەفاعییلو

### ١/٢/٧ دووبارەبوونەوەی پۆلە بڕگە

لەگەڵ ئەوەی ئەم دوو یاسایەی دووبارەبوونەوەی بڕگەیی XXXX و YXYX لە بنەڕەتدا بەشێوەیەکی لۆجیکی بەدیار دەکەوێت، بەڵام ڕەنگە واباشتر بێت بەشێوەی (X) (X) (X) X و (Y) (X) (Y) X بخرێتە ڕوو. لێرەدا یەکەمین وێنا کە بە لەبەرچاوگرتنی ڕێسا دوولایەنییەکەی شەمیسا بەبیردا ڕادەبرێت ئەوەیە کە هەر نیوەدێرێك دەبێ هەمیشە چوار پایەی هەبێت، لەکاتێکدا ئەم پابەندبوونە لەئارادا نییە و نیوەدێر بۆی هەیە خاوەنی سێ پایە (نموونەی ١١١) یان دوو پایە ((نموونەی ١١٢) و هەتا یەك پایەش بێت[٢] ((نموونەی ١١٣)).

(١١١) ای به انکار سوی ما نگران
من نیم با تو دو دل چون دیگران (مولوی)
ب ب - - / ب ب - - / ب ب —

(١١٢) دریای هستی دم به دم
درچرخ و تاب و پیچ و خم (گلچین گیلانی)
- - ب - / - - ب —

---

فاعیلون))ە، بێ ئەوەی بتواندرێ پێشبینی پایەکانی دواتری بکرێت. بەڵام هەردوو نموونە بەدەستهاتووەکە دەکرێ بەشێوەی: - - ب / ب — ب ب / - - ب - / ب — ب ب / - - ب - / ب — پایەبەندی بکرێن. ئەم دوو نموونەیە لای نووسەری ئەم باسە بەلانی کەم کێشدارن. تا ئەگەر هاتنیشیان بەو جۆرە لە پایەبەندی نەریتیدا پێشبینی نەکراوبێت.

[٢] وادیارە نیوەدێری یەك پایەیی تایبەتمەندییەکی نیماییە. جگە لەو خاڵە پێویستە ئەوەش بگوترێت کە هیچ جۆرە بەربەستێك نییە تا ئەوەی شاعیر نەتوانێت لەهەر یەکێك نیوەدێرەکانی شیعری خۆیدا، زیاتر لە چوار پایەی عەرووزی بەکاربهێنێت. هەر چەندە ئەم شیمانەیە لەشیعری نەریتی فارسیدا بەرچاو ناکەوێت، یا ئەوەتا باشترە بڵێین لەنەخشەی زمانی ڕەچاوکراوی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا نابیندرێت. بەڵام لەشیعری هۆنراوی نوێدا شیمانەی بەکارهێنانی بۆ پەیدابووە. بۆ نموونە دەکرێ ئاماژە بۆ نموونەگەلێکی وەکو وێنەی (١٨٥) بکەین.

(١١٣) کسی نیست
بیا زندگی را بدزدیم
میان دو دیدار قسمت کنیم (سهراب سپهری)
ب - -
ب - - / ب - - / ب - -
ب - - / ب - - / ب - - / ب —

نیـوەدێری یەکـەم — هـی دووەمـیش — لەنموونـەی (١١١) لەسـێ پایـەی فیعلاتـون فیعلاتـون فیعیـلون [XXX] پێکهـاتووە. لەنموونـەی (١١٢) هـەر نیوەدێرێـك لـە دوو پایـەی موسـتەفعیلون موسـتەفعیلون [XX] پێکدێت و نیوەدێری یەکەمی نموونەی (١١٣) تەنیا خاوەنی یەك پایەی فەعوولون [X] ە.

پایەی کۆتایی لە هۆنراوگـەلێکی پابەنـدی ڕێسای X (X) (X) (X) (X) دەشێ دووبارەبوونەوەیەکی ناتەواوی X بێت، بۆ نموونە:

(١١٤) خاطرم نگذشت یك ساعت که بدمهری کنم
گرچه دانستم که پاك از خاطرم بگذاشتی (سعدی)
- ب - - / - ب - - / - ب - - / - ب -

لـە نموونـەی (١١٤)دا پایـەی چـوارەم دووبـارەکردنێکی ناتـەواوی پایـەکانی دیکەیـە. دوا پایــە لـە هۆنــراوگەلێکی پابەنــدی ڕێــسای X (Y) (X) (Y) بەو پێیەی کە دەبێ دوا پایە x بێت یاخود Y، دەکرێ دووبارەکردنێکی ناتەواو لەپایەیەکی هاوسـەنگی خـۆی بنوێنێـت؛ بـەو مەعنایە کە هات و دوا پایە Y بـوو، ئـەوا دەشـێ دووبارەبوونەوەیـەکی ناتــەواو لــە Y نیشــانبدات و ئەگــەر هــات X بــوو، دەشــێ دووبارەبوونەوەیەکی ناتەواو لە پایەیەکی تەواوی X بێت. بۆ نموونە:

(١١٥) نماز شام غريبان چو گريه آغازم

به مويه‌هاى غريبانه قصّه پردازم (حافظ)

ب — ب - / ب ب - - / ب — ب - / ب ب —

به بۆچوونى شەمیسا، دووبارەبوونى ناتەواوى پايەيێك بە دوا پايەى نيوەدێڕێكەوە سنووردار ناكرێت؛ ئەم ئەگەرە بۆ پايەى سەرەتاى نيوەدێڕەكەش لەبەرچاو دەگرێن. بۆ وێنە:

(١١٦) افلاك كه جز غم نفزايند دگر

ننهند به جا تا نربايند دگر (خيام)

لە ڕوانگەى عەرووزى نەريتييەوە نموونەى (١١٦) لەسەر كێشى مەفعوولو مەفاعيیلو مەفاعيیلو فەعەل هۆنراوەتەوە كە نەپايەبەندى ڕێساى X (X) (X) (X) (X) يە و نە پابەندى ڕێساى X (Y) (X) (Y) :

- - ب / ب - - ب / ب - - ب / ب —

شەمیسا بۆ پايەبەندكردنى ئەم چوارينەيە پەناى بردۆتە بەركێشى ((لەن موفتەعيلون موفتەعيلون موفتەعيلون)):

أ) - / - ب ب - / - ب ب - / - ب ب —

هەرچەندە شيمانەيەكى تريش دەخاتەڕوو:

ب) - - ب ب / - - ب ب - / - - ب ب / -

پايەبەندييەكەى (ب) لەچاو ئەوەى (أ) تەنيا لەوەدا جياوازە كە مرۆڤ بتوانێت بڵێت، دووبارەبوونى ناتەواو تەنيا دواپايەى نيوەدێر دەگرێتەوە. هەر بەو عينوانە نموونەيەكى ديكە:

(١١٧) دوش آگهى زيار سفر كرده داد باد

من نيز دل به باد دهم هرچه باد، باد (حافظ)

لە ڕوانگەى عەرووزى نەريتييەوە ئەم نموونەيە (١١٧) لەسەر كێشى مەفعوولو فاعيلاتو مەفاعيیلو فاعيلون ڕێكخراوە:

- - ب / - ب — ب / ب - - ب / - ب —

بەمەبەستی پایەبەندییەکی هاوسەنگ بۆ نموونەی (١١٧) دەتوانین سوود لەم دوو شێوەیەی خوارەوە وەربگرین:

أ- - - / ب - ب - / ب - - ب / ب - ب -

ب- - - ب - / ب - ب ب / - - ب - / ب -

لە پایەبەندیی (أ) دا، پایەی یەکەم دووبارەبوونەوەیەکی ناتەواوی پایەی سێیەم دەنوێنێت و لە پایەبەندیی (ب)دا پایەی چوارەم بە دووبارەبوونەوەیەکی ناتەواوی پایەی دووەم دەژمێردرێت.

بە لەبەرچاوگرتنی پایەبەندیی (أ) وا پێویست دەکات کە دووبارەبوونەوەی ناتەواو هەم بۆ پایەی سەرەتا و هەم بۆ پایەی کۆتایی وەکو شیمانەیەك سەیر بکەین؛ لەکاتێکدا کە بە لەبەرچاوگرتنی پایەبەندیی (ب) دووبارەبوونەوەی ناتەواو وەکو شیمانە تەنیا بۆ پایەی کۆتایی دەبێت و هەم برگە بەندییەکە سادەتر و هەم پۆلبەندییەکەش گونجاوتر. دەستنیشانکردنی ڕاستی و ناڕاستی ئەم تێڕوانینە بەچاو پیاخشاندنەوەیەکی ورد و زانستی عەرووزی فارسی دێتە دی، کە لە ئامانجی ئەم نامەیە دوورمان دەخاتەوە.

### ٢/٢/٧ وەستان لەنێوان پۆلە بڕگەکاندا

لێرەدا مەبەست لەوەستان ئەو وەستانەیە، کە دەتواندرێت لەنێوان پۆلەبڕگەکاندا بگونجێندرێت، وەستان لەلێکۆڵینەوەی شیعریدا ڕۆڵێکی تایبەت دەگێڕێت، چونکە بە جێگۆڕکێ پێکردنی دەتواندرێت پەی بە بەرانبەرییەکی واتایی ببردرێت.

(١١٨) مژده ای ارباب دل کارام جان ها می رسد

دل که از ما رفته بود اکنون به مأوا می رسد (سلیمان ساوچی)

لەم نموونەی (١١٨) لەڕێگەی گونجاندنی وەستان لەنێوان فۆرمی ((مأوا))دا دەتواندرێت پەی بە بەرامبەری واتایی ببرێت، ئەم جۆرە

سنعەتە بەگشتی بەیەکێك لەشێوەکانی بەهەڵەبردن (ایهام) ناودەبرێت؛ بەڵام لێرەدا مەبەست لەهێنانەوەی وەستان، ئەو گونجاندنەی لە چوارچێوەیەکی وادا نییە، بەڵکو لێکۆڵینەوەی ئەو ڕۆڵەیە کە وەستان لەبەرپاکردنی نەزمی مۆسیقاییدا دەتوانێت بیگرێتە ئەستۆ.

بەگشتی وەستان بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ تخووبی جیاکەرەوەی نێوان نیوەدێرەکانی هۆنراوی فارسی نەریتی بەکاردەبرێت، لەوەوەش کە هەر نیوەدێرێك لەهەر هۆنراوێکی فارسی نەریتی لە سۆنگەی یەکێتی کێش لەگەڵ نیوەدێرەکانی تر، لەمەسەلەی ماوەی درێژەکێشانی کاتدا لەگەڵ نیوەدێرەکانی بەرو دوای خۆیدا وەکو یەکن و لەهەر ماوە کاتێکی دیاریکراودا وەستانێك دەگونجێنرێت، کە خۆی دەبێتە یارمەتیدەری بەرزکردنەوەی ڕادەی نەزمی مۆسیقایی. ئەگەر هێمای + بۆ هەر وەستانێك و هێڵێکی درێژیش بۆ نیوەدێرەکان دابنێین، بارودۆخی گونجاندنی (وەستانەکان) لەنێوان دێرەکاندا بەم شێوەیە ڕووندەبێتەوە:

+ ____________+____________

+ ____________+____________

+ ____________+____________

+ ____________+____________

لێرەدا جۆرێك لە دووبارەبوونەوەی ماوەکاتێکی دیاریکراوی وەستانەکان بەدیدەکرێت. جا ئەگەر هات و تواندرا دەمکاتەکانی نێوانی وەستانەکان کەمتر بکرێتەوە بێ ئەوەی کێشەکە خەوشدار بێت و دووبارەبوونەوەی ڕێکی ماوەی وەستانەکانیش خاوبێتەوە، ئەوا نەزمی مۆسیقا کە زیاتر دەبێت. وەك ئەم نموونەیە:

+ ______+______ + ______+______

+ ______+______ + ______+______

+ ______+______ + ______+______

+ ______+______ + ______+______

ڕەنگە هەر لە سۆنگەی ئەوەش بێت چەند دێڕێك كە لەسەر كێشی دەوری هۆنرابێتنەوە لە بەرابەر چەند دێڕێكی تر كە لەسەر هەمان كێش و بەڵام دەوری نەبن، زیاتر مۆسیقایی بەدیار دەكەون. بۆ نموونە:

(١١٩) سنبل سیه بر سمن مزن
لشكر حبش بر ختن مزن (جامی)

(١٢٠) ماه بر زمینش نهاده رخ
چون بر اسب خوبی سوار شد (اوحدی)

هەردوو نموونەی (١١٩) و (١٢٠) لەسەر كێشی فاعیلون فیعیل فاعیلون فیعیل، واتە بەحری موتەدارەكی هەشتی مەخبوونی مەقتوع هۆنراونەتەوە، بەڵام گوێی بیسەر لەنموونەی (١١٩) دا نەزمێكی موسیقایی زیاتری بەردەكەوێت، هۆكاری ئەمەش بۆ دووبارەبوونەوەی وەستانەكان دەگەڕێتەوە كە لەنێوان لەتەكانی نیوەدێڕەكانی نموونەی (١١٩)دا گونجێندراوە و لە نموونەی (١٢٠)دا وانییە.

ڕەنگە لەسەرەتادا وا زەن ببرێت كە ئەم نەزمی مۆسیقایە تایبەتە بەكێشەكانی دەورییەوە و لەم جۆرە كێشانەدا دەتواندرێت لەنێوان هەر لەتێك لەنیوەدێڕەكاندا وچانێك بدرێت، بەڵام ئەم وەستانەی نێوان لەتی نیوەدێڕەكان ئەگەرچی لەكێشەكانی دەوری مەرجێكی پەیوەستن، بەڵام مەرجێكی تەواونین (←ك ١١، ل ٦٠٩ – ٦١١). بەو پێیەی وەستانی نێوان نیوەدێڕ و دووبارەبوونەوەی لەنێوەدێڕەكانی دیكەدا ناكرێت تەنیا بۆ كێشەكانی دەوری سنوورداربكرێت. بەو هۆیە هەتا بە بەراورد بە دێرگەلێك كە لەسەر كێشی دەوریش نەبن، دەتواندرێت بۆ هەر دێرێك كە خاوەنی وەستانی نێوان نیوەدێڕەكان بێت، نەزمێكی مۆسیقایی زیاتری هەبێت.

(١٢١) فغان کاين لوليان شوخ شيرين کار شهر آشوب
چنان بردند صبر از دل که ترکان خوان يغمارا (حافظ)
(١٢٢) اگر آن ترك شيرازی بەدست آرد دل ما را
بەخال هندويش بخشم سمرقند و بخارا را (حافظ)

وادەردەکەوێت لانی کەم لەلای نووسەری ئەم دێرانە، نیوەدێری یەکەمی نموونەی (١٢٢) لەئاست نیوەدێری یەکەمی نیوەدێری (١٢١) نەزمێکی مۆسیقایی بەرزتری هەبێت، لەحالێکدا کە هەردوو نموونە سەر بە هەمان غەزەل و کێشی غەزەلەکەش دەووری نییە.

لەشیعری نوێی کێشداردا، کورتی و درێژی نیوەدێرەکان لەئاست یەکتردا کارێکی وادەکات شوێنی وەستانەکان پێشبینیکراو نەبن. ئەگەر هات و وەستانەکان لەم کۆمەڵە شیعرانەدا خاوەن نەزمێکی مۆسیقایی بن، ئەوە بە ڕێگە خۆشکردنێك لەلایەن شاعیرەوە دەستنیشاندەکرێت. وادیارە وەستانەکان بەگشتی لەو شوێنانەی پاش ئەو نیوەدێرانە جێگیر دەبن کە زۆرترین هاوسەنگییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە.

(١٢٣) نگه جز پيش پا را ديد نتواند
که ره تاريك و لغزان است +
وگر دست محبت سوی کس يازی
به اکراه آورد دست از بغل بيرون
که سرما سخت سوزان است + (اخوان ثالث)
(١٢٤) تمام روز در آيينه گريه می کردم
بهار پنجره‌ام را
به وهم سبز درختان سپرده بود
تنم به پيلهء تنهايی ام نمی گنجيد (فروغ فرخزاد)

هەردوو نموونەکەی (١٢٣) و (١٢٤) خاوەنی کێشی عەرووزین؛ بەڵام وادیارە کە نموونەی (١٢٣) خاوەنی نەزمێکی مۆسیقایی بەرزتر

بێت. ئەو مەسەلەیە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە نموونەی (١٢٣) لە دووبارەبوونەوەی مەفاعییلون و نموونەی (١٢٤) لە دووبارەبوونەوەی مەفاعییلون فعلاتون پێکهاتبێت، بەڵکو بەو هۆیەوەیە کە شاعیر لە نموونەی (١٢٣)دا جگە لە کێش، سوودی لەهاوسەنگی تریش وەرگرتووە و بە کەلکوەرگرتن لە زۆرترین هاوسەنگی لەنیوەدێرەکانی دووەم و پێنجەمی نموونەکە، کە خوێنەر ناچار دەکات لە کۆتایی ئەم دوو نیوەدێرەدا (وەستانێك) بکات؛ لە کاتێکدا کە ئەم ناچارییە لەنموونەی (١٢٤) دا بەرچاو ناکەوێت. بەو پێیە، لەگەڵ ئەوەی کە شتێکی لۆجیکییە بڵێین شاعیری یەکەم ڕەچاوی هاوسەنگی بڕگەیی کردووە و لەو سۆنگەیەشەوە گەیشتۆتە دووبارەکردنەوەی وەستان، بەڵام ناشێ ئەو شیمانەیەشمان لەبەرچاو نەبێت کە ڕەنگە شاعیر لە سۆنگەی پاراستنی دەمکاتی نێوانی نیوەدیڕەکان، دەستی بە هاوسەنگییەکی بڕگەیی تایبەت ڕاگەیشتبێت.

بەهەر حاڵ، ئەوەی لەم نێوەدا بەشێوەیەکی قەتعی بەدەردەکەوێت، ئەو خاڵەیە کە وەستان لەنێوان پۆلەبڕگەییەکاندا لە ماوە خایاندنی کاتدا شتێکی کاریگەرە و دوبارەبوونەوەیەکی ڕێکی ئەم ماوە خایاندنە دیاریکراوە دەتوانێت کاریگەری بەسەر بەرزکردنەوەی نەزمی مۆسیقاییدا هەبێت.

## کتێبنامه


1- Austerlitz, R. "Parallelism", poetics, Warsaw and the Hague, 1961.

2- Leech, G. N. A. Linguistic Guide to English poetry N. Y. Longman, 1969.

٣- ثمره، یدالله، آواشناسی زبان فارسی، تهران، مرکز نشر دانشگاهی، ١٣٦٤.

٤- خانلری، پرویز ناتل، وزن شعر فارسی، تهران، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران، ١٦٤٥.

٥- شفیعی کدکنی، محمد رضا، موسیقی شعر، تهران، آگاه، ١٣٦٨.

٦- شمیسا، سیروس، آشنایی باعروض و قافیه، تهران، فردوس، ١٣٦٧.

٧- _____ ، نگاهی تازه به بدیع، تهران، فردوس، ١٣٦٨.

٨- _____ ، عروض وقافیه، تهران، دانشگاه پیام نور، ١٣٦٨.

٩- مسگر نژاد، جلیل، مختصری در شناخت علم عروض قافیه، تهران، دانشگاه علامه طباطایی، ١٣٧٠.

١٠- ملاّح، حسین علی، پیوند موسیقی و شعر، تهران، نشر فضا، ١٣٦٧.

١١- نجفی، ابوالحسن، ((درباره طبقه بندی وزن های شعر فارسی))، آشنایی بادانش، ش ٧، ١٣٥٩.

١٢- _____ ، مبانی زبان شناسی، تهران، انتشارات دانشگاه آزاد ایران، ١٣٥٨.

١٣- وحیدیان کامیار، تقی، وزن وقافیه شعر فارسی، تهران، مرکز نشر دانشگاهی، ١٣٦٧.

١٤- همایی، جلال الدین، فنون بلاغت وصناعات ادبی، تهران، نشرهما، ١٣٦٨.

١٥- یار شاطر، حسان، ((آریشی بی نام))، ایران نامه، س ٦، ش ١، ١٣٦٦.

# بەشی ٨

# هاوسەنگی وشەیی

لەو بەشەی رابردوو ئاماژە بۆ جۆرەکانی هاوسەنگی دەنگی کرا، لەم بەشەدا سەرنج دەخرێتە سەر کۆمەڵێك هاوسەنگی کە لەسەر ئاستی شیکاری وشەیی شیاوی لێکۆڵینەوەن. ئەم دووبارەبوونەوانەی کە لەم بەشەدا تێبینی دەکرێت، کۆمەڵێك سنعەتیان لێ بەدەستدێت کە لەچوارچێوەی بڕگەدا جێگەیان نابێتەوە. بەرلەوەی بچینە سەر بنچینەی باسەکە، مەسەلەیەك هەیە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەویش ئەوەیە کە هاوسەنگی وشەیی تەنیا بە دووبارەبوونەوەی چەند بڕگە لەناو یەك وشەدا سنووردار ناکرێت، بەڵکو دەکرێ وشەیەك هەمووی یا گرێیەك و تەنانەت کۆمەڵەی وشەکانی ناو یەك ڕستەش بگرێتەوە. بەو هۆیەوە هەر یەکێك لەبڕگەکانی ئەم بەشە بۆ یەکێك لەم ئاستانەی شیکردنەوە، لەسەر بنەمای سنووری کاراییان تەرخانکراوە.

## ١/٨ دووبارەبوونەوە لەئاستی وشەدا

لە وشەسازیدا (سازەشناسی)[1] جیاوازی بنەڕەتی لەنێوان داڕشتن[2] و گەردانکردندا[3] هەیە. داڕشتن کێڵگە و مەیدانی وشەسازییە، کە لە سێ چەشنی هاونشینییەوە وشەی تازە دێتە بەرهەم:

أ- وشەی داڕێژراو: (١) تاکە مۆرفیمی فەرهەنگی + (١) یاخود n مۆرفیمی ڕێزمانی وشەداڕێژ؛

ب- وشەی لێکدراو: n تاکە مۆرفیمی فەرهەنگی؛

پ- وشەی داڕێژراوی — لێکدراو: n تاکە مۆرفیمی فەرهەنگی + ا یاخود n مۆرفیمی ڕێزمانی وشەداڕێژ.

---

1- morphology.

2- derivation.

3- inflection.

لەم ڕێسایانەی سەرەوەدا n نیشانەیە بۆ زیاتر لەیەك [ n > ١ ] بەو پێیە وشەکانی وەکو ((دانش)) /dân – eš/ و ((کارمند)) / kar – mand/ بە وشەی داڕێژراو دەژمێردرێن. وشەکانی وەکو ((کتابخانە)) / ketâb-xâne/ و ((مهمانسرا)) /mehmân-sarâ/ وشەی لێکدراون و وشەکانی لەوێنەی ((جوانمردی)) /javân-mard-i/ ((کتاب فروشی)) /ketâb-foruš-i/ هاوچەشنەکانی بە وشەی داڕژاوی – لێکدراو ئەژمار دەکرێن.

ڕێگاکانی سەرەکی وشە داڕشتن لەفارسیدا بریتین لە (← ك ٣، ل ٤١):

أ- لێکدان، لەوێنەی گل + آب: گلاب.
ب- داڕشتن، لەوێنەی دان + ـِش: دانش
پ- دووپاتکردنەوە، لەوێنەی کم + کم: کم کم
ت- جووتەوشە[1] لەوێنەی کتاب + متاب: کتاب متاب.

گەردانکردن کێڵگەی وشەسازی نییە، بەڵکو کێڵگەی ڕۆنانی ئەو وشانەیە بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی ڕێزمانی تایبەت لەپێکهاتەی ڕستەدا بگێڕن (←ك ٣، ل ٤١). ڕێبازە سەرەکییەکانی گەردانکرن لەزمانی فارسیدا دووانن؛ ڕێبازی گەردانکردن بەسوود وەرگرتن لە پاشگر[2] (وەکو: کتاب + ـَم: کتابم)؛ و ئەوەکەی تریش ڕێبازی ڕیزکردنی ڕێزمانی لەڕستەدا (وەکو: بە + کتاب: بەکتاب) (←ك٣، ل ٤١). پاشگرە گەردانییەکان پێچەوانەی پاشگرە وشەداڕێژەکانە، لەدوای لکانیان بە وشەوە، نابن بە بەشێکی بنەڕەتی لە بنیاتی وشەکە و وەکو بەشێکی جیانەکراوە ناژمێردرێن. بەو هۆیەوە فۆرمەکانی وەکو ((کارمەند)) و ((کارگر)) و هاوشێوەکانیان، بە وشەیەك دەژمێردرێن. بەڵام

1- reduplication.
2- enditic.

فۆرمگـەلێکی لەوێنـەی ((کتـابم))، ((بـەکتاب)) و ئـەوانی تـر، بـە وشەیەك ناژمێردرێن.

بەپێی ئەو بنەمایەی سەرەوە، لەم باسەدا مەبەست لە ((وشە))، جۆری سادەیە (لەوێنەی: کتاب)، جۆری دارێـژراو (لەوێنـەی: ورزش)، جـۆری لێکـدراو (لەوێنـەی: جـوانمرد) و جـۆری دارژاوی – لێکـدراو (لەوێنەی جنگل داری) یـە. لـەدۆخێکی ئاوەهـادا هاوچەشـنی لـەنێوان دوو یا چەند وشە دەشێ بەدوو شێوەی ناتەواو و تەواو بخرێتە ڕوو.

مەبەست لـە هاوچەشـنی ناتـەواو، لێکچـوونی دەنگی لەبەشـێکی نێوان دوو یا چەند وشەدایە و هاوچەشنی تەواو لەبنەڕەتـدا بریتییـە لە لێکچوونی دەنگی تەواو لەنێوان دوو یـا چـەند دانەیـەکی ڕێزمـانی، یاخود دووبارەبوونەوەی هەمان دانەی ڕێزمانییە.

## ١/١/٨ هاوچەشنی ناتەواو

لـەم بڕگەیـەدا لـە هـەوڵی ئـەوەدا دەبـین تـاوەکو شـیمانەکانی هاوچەشـنیی بڕگـەیی لەئاسـتی وشـەدا تاوتوێبکـەین. لێرەشـدا وەك ئەوەی لەلێکۆڵینەوەی هاوسەنگی فۆنیمی لە (١/٧) پێڕەومـان کردبـوو، هەر ڕەگەزێکی دووبارەبوو بە ڕێنووسێکی تۆخ ئاماژەی بـۆ کـراوە. بـۆ نموونــە، cv – cv هێمایـە بـۆ دوو وشـەی دوو بڕگـەیی کـە تـەنیا لـەبزوێنی کۆتاییـدا لەگـەڵ یەکتریـدا جیـاوازن؛ بـۆ نموونـە ((دارا)) /d**â**r**â**/ و ((دارو)) /d**â**r**u**/

أ) cv – cv دارا /**dâ**râ/ ؛ دارو /**dâ**ru/

ب) cv – cv خانە / xâne / ؛ خواجە / **xâ**ǰ**e** /

پ) cv – cv ڕوزە /**ruz**e/ ؛ ڕاضی /**razi**/

ت) cv – cv کاسە / kâse/ ؛ کوزە /**kuze**/

ث) cv – cv دیبا /d**ibâ**/ ؛ زیبا /z**ibâ**/

ج) cv – cv پری /**pari**/ ؛ غنی /qani/

شیمانەکانی [أ] تاوەکو [ج] دیارخەری جۆرەکانی هاوچەشنی ناتەواون لەنێوان دوو وشەدا کە پێکهاتەی بڕگەییان cv – cv یە. ئەم پێڕەوە دەتواندرێت بۆ جۆرەکانی دیکەش لەپێکهاتەی بڕگەیی وشەکان بەکاربرێت. لێرەدا وەکو شتێکی ئاسایی چەندی ژمارەی بڕگەکان و فۆنیمەکانی هەر بڕگەیەکیش زیاتر بێت، لەگەڵ ئەوەی توانای دووبارەبوونەوەی ناوخۆیی زیاتر دەبێت، بەڵام ئەگەری دەستکەوتنی نموونە و ژمارەی دووپاتبوونەوە و هاتنەوەشیان لە هۆنراوی فارسیدا کەمتر دەبێت.

بەهەر حاڵ وادیارە کە بابەتە جۆراوجۆرەکانی هاوچەشنی وشەیی ناتەواو لەچوارچێوەی چەند ڕێسایەکدا شیاوی سەرنج و لێکۆڵینەوەن وەکو ئەمانەی لای خوارەوە. بۆ نموونە:

cv – cvcc **شکست** /še-**kast**/؛ **ببست** /**be-bast**/

cv – cvcc **درشت** /**do-rošt**/؛ **درست** /**do-rost**/

cv – cvc **بساط** /ba-s**at**/؛ **نشاط** /ne-š**at**/

cv – cv – cvc **شمایل** /š**a**-m**â**-**yel**/؛ **قبایل** /**qa**-b**â**-**yel**/

نموونەگەلێکی تریش لە هاوچەشنی وشەیی ناتەواو، هەمیسان لە دووبارەبوونەوەی ناوخۆیی وشەگەلێك کە پێکهاتەیەکی بڕگەی جیاوازیان هەیە، دەبێتە مایەی سەرنج و لێکۆڵینەوە، بۆ وێنە:

(cv) – cvc **راز** /**raz**/؛ **نیاز** /ni-y**az**/

(cv) – cvcc **دست** /d**ast**/ ؛ **شکست** /še-k**ast**/

**نموونەی تر.**

لەبابەتی وشەگەلێك بەپێکهاتەیەکی بڕگەیی گەورەتریش دیسان شیمانەی ئەم جۆرە بەراوردە هەیە؛ هەرچەندە ڕادەی هاتنەوەیان لەهۆنراوی فارسیدا کەم دەبێتەوە. بۆ وێنە:

go-/ گشایندە /se-tâ-nan-de/؛ ستانندە cv – cv – cvc – cv /šâ-yan-de

چرانندە /Ča-mâ-nan-de/؛ چمانندە cv – cv – cvc – cv /Ča-râ-nan-de/ نموونەی تر.

بەم پێیە وادەردەکەوێت کە دۆخی سەرواداری شتێك نییە جگە لەکۆمەڵێ دووبارەبوونەوەی دەنگی یەك یاخود چەند بڕگەیەکی وشە. لەبەشی یازدەهەمدا و لەمیانی جۆرەکانی هاوسەنگی وشەیی، باس لە دۆخی سەرواداری و جۆرەکانی دەکرێت.

ئەوەی تا ئێرە لەم بڕگەیەدا خرایەڕوو بریتیبوو لە جۆرەکانی دووبارەبوونەوەی دەنگی لەنێوان دوو وشەدا لەسەر ئەو بنەمایە، ڕەنگە لە یەکەم سەرنجدا خستنەڕووی ئەو بابەتە لەبەشێکی جیاواز و لە دەرەوەی هاوسەنگییە دەنگییەکان شتێکی نالۆجیکی بێت. بەڵام پێویستە ئاگاداری ئەوەبین کە لەنێوان تاوتوێکردنی سنعەتگەلێکی وەکو دووبارەبوونەوەی نەبزوێن یاوەکو بەرپاکردنی کێش لەلایەك و سنعەتگەلێکی دیکە لەوێنەی سەرواداری و سەروادا جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە؛ لەمەوە بۆ وێنە پایە عەرووزییەکان لەسۆنگەی کرۆکی چەندایەتییان چ لەڕووی بنیات و چ لەڕووی سنوورداری کاراییان، لەگەڵ هیچ ناونیشانێکی ڕێزمانیدا هاوجووت نابن. ناونیشانگەلێکی وەکو سەرواداری یا سەروا پێکهاتەیەکی گەورەتریان لە یەکەیەکی زمانی وەکو بڕگە هەیە و بەو هۆیەشەوە بەناچاری لەکاتی توێژینەوەی سەرواداری و سەروا و هی تریش سوود لە هاوسەنگی وشەیی وەردەگرین. تا ئێرە کۆششمان بۆ ئەو بووە ڕوونی بکەینەوە کە بۆچی هاوسەنگی دەنگی جیاوازە لەگەڵ هاوسەنگی وشەیی و مەبەست لەهاوسەنگی وشەیی چییە. لەسەر بنەمای ئەوەی تا ئێستا گوتومانە، دەتواندرێت پەی بەوە ببرێت کە ناونیشانگەلێکی

وەکـو سـەرواداری هاوتـەریب، ڕەگـەزدۆزی موتـەڕەف، سـەرواداری هاوسەنگ و ڕەگەزدۆزییەکانی وەکو ڕەگەزدۆزی موزاریـع، ڕەگـەزدۆزی ناتـەواو، ڕەگـەزدۆزی موتـەڕەف، ڕەگـەزدۆزی ناوەڕاسـت، ڕەگـەزدۆزی موزەیـەل، ڕەگـەزدۆزی داڕژاو یـاخود ڕەگـەزدۆزی ئـاوەژوو، ئەمانـە هەموو وەکو هاوسەنگی وشەیی جۆراوجۆر دەژمێردرێن، کە لە ڕێگەی هاوچەشنی ناتەواو پەیدادەبن و شیاوی گوزارشـت لێکردنـەوەن. جگـە لـەم سـنعەتانە تەرزگـەلێکی دیکـەش لەوێنـەی ڕازاندنـەوە (ترصـیع) هاوسـەنگکردن (موزانــە) یـاخود (جووتکردنــەوە/ تضـمین المـزدوج) لــەژێر هــەمان ناونیشــاندا جــێگیردەبن کــە لەبنــەمادا بــریتین لــە بـەکارهێنانی وشـەگەلێك بـە هاوچەشـنییەکی ناتـەواو بـە پەیوەنـدی لەگەڵ یەکتر لەسەر ڕووی زەنجیرەی گوتاردا.

(١٢٥) ای منور به تو نجوم جمال
ای مقرر به تو رسوم کمال (رشیدالدین وطواط)

لـەم نموونەیـەی (١٢٥)دا بـەهرەگیری لـە جووتـە وشـەکانی وەکـو ((منـور/ مقـرر))، ((نجـوم/ رسـوم)) و ((جمـال/ کمـال)) لـە بنـەمادا دیارخەری جووتەوشەیی نێوان وشەگەلێکە کە پەیوەنـدی هاوچەشـنی ناتەواو بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە. دەکارکردنی ئەم جووتە وشانە کە شیاوی پۆلبەندین لەژێر ناونیشانی سەرواداریی هاوتەریبدا، لەشـێوەی تاکمانـە جـووتی (قرینـە) یـەکتری لـەدوو ڕسـتەدا، وەکـو زاراوە بـە سنعەتی تەرصیع ناودەبرێت. کەواتـە تەرصـیع خـۆی لەخۆیـدا شـتێك نییە جگە لە جۆرێکی مەبەستدار لە سەرواداری هاوتەریب و پێویستە لـەژێر یـەکێك لـە ناونیشـانەکانی سـەرواداری هاوتەریبـدا گوزارشـتی لێبکرێتەوە. ئەو مەسەلەیەش کە بە سەرواداری هاوسەنگ ناودەبرێت و چۆنییەتی کارکردنیشی، لەئاسـت سـنعەتێکی دیکـەدا لـەژێر نـاوی هاوسەنگکردن (موازنە)دا دروستە.

(١٣٦) گردون چەخواهد از من بیچارەء ضعیف
گیتی چە خواهد از من درماندەء گدای (مسعود سعد سلمان)

لەم نموونەیەدا پسپۆڕانی بواری هونەری جوانکاری بۆچوونیان وایە کەوا جووتە وشەکانی لەوێنەی ((گردون/ گیتی)) یا ((بیچارە/ درماندە)) لەژێر ناونیشانی سەرواداری هاوسەنگ شیاوی لێکۆڵینەوەن (←ك ٤، ل ٢٩). کەوابێت هاوسەنگکردنیش شتێك نییە جگە لە جۆرێکی تایبەت لەسەرواداری هاوسەنگ و دەکرێ لەژێر یەکێك لەناونیشانەکانی سەرواداری هاوسەنگدا گوزارشتی لێبکرێتەوە.

لەنموونەکانی (١٢٥) و (١٣٦)دا چەند جۆرێك لە هاوچەشنی وشەیی ناتەواو ڕوون و ئاشکران. لەگەڵ ئەوەی وشەگەلێکیش بەدیدەکرێن کە بەشێوەیەکی تەواو دووبارەبوونەتەوە، ئەم جۆرە دووبارەبوونەوەیە ئەگەرچی لەژێر ناونیشانی دووبارەبوونەوەی وشەیی شیاوی پۆلینکارین، بەڵام دەبێ لەبڕگەیەکی تایبەتداو لەژێر سەردێری هاوچەشنی تەواودا بخرێتەڕوو.

## ٢/١/٨ هاوچەشنی تەواو

لەبڕگەی ڕابردوودا ئەوە ڕوونکرایەوە کە هاوچەشنی ناتەواو لەنێوان وشەکاندا بەهۆی دووبارەبوونەوەی دەنگی ناتەواو جێبەجێ دەبێت، لەم بەشەدا دێینە سەر جۆرە جیاوازەکانی دووبارەبوونەوەی دەنگی لە نێوان دانە ڕێزمانییەکاندا.

لەسەرتادا پێویستە سەرنج بخرێتە سەر ئەو خاڵەی کەوا هاوچەشنی تەواو چەند جۆرێك دەگرێتەوە؛ یەکێکیان ئەوەیە کە هاوچەشنی تەواو دەشێ لەنێوان دوو دانەی ڕێزمانی جیاواز لەیەکتریدا بێت[1].

---

[1] - هاوچەشنی تەواو لەنێوان دوو وشە لە جوانکاری نەریتیدا، لەژێر ناونیشانی ڕەگەزدۆزی تەواو پۆلبەندیکراوە.

(١٢٧) بهرام كه **گور** مى گرفتى همه عمر
ديدى كه چگونه **گور** بهرام گرفت                    (خيام)

هەردووی وشەی هاودەنگ و — هاوڕێنووسی ((گور)) کە یەکێکیان بەواتای کەرەکێوی و ئەوەکەی تریان بە واتای گلکۆدێت لەدۆخێکی لەم جۆرەدان، دەکرێ هاوچەشنی تەواو لەنێوان دوو وشەدا بێت کە لە ڕێنووسدا وەکو یەك نەبن:

(١٢٨) ديدى آن ترك **ختا** غارت دين بود مرا
گرچه عمرى به **خطا** دوست خطابش كردم        (فرخى يزدى)

لە نموونەی (١٢٨)دا هەردوو وشەی هاودەنگی ((ختا)) و ((خطا)) لەدۆخێکی وادان. هاوچەشنی تەواو دەکرێ لەنێوان فۆرمگەلێکدا ڕووبدات کە هەریەکەیان ڕۆڵی ڕێزمانی جیاوازی هەبێت:

(١٢٩) **گفتمش بايد برى نامم زياد**
گفت آرى مى برم نامت **زياد**                    (فرصت شيرازى)

لەنموونەی (١٢٩)دا هەردوو فۆرمی ((زیاد))، کە یەکێکیان ڕۆڵی قەیدی هەیە و ئەوەکەی تریان لەئامرازێکی خستنەپاڵ و ناوێك پێکهاتووە لە دۆخێکی لەم جۆرەدان. هەرچەندە لەڕووی شوێنی لەنگەرگرتندا لەگەڵ یەکتریدا جیاوازن.

هاوچەشنی وشەیی تەواو دەشێ بەدووبارەبوونەوەی یەك تاکە دانەی ڕێزمانی بێتەدی، دەکرێ ئەم دانە ڕێزمانییە تەنیا پاشگرێك بێت؛ لەوێنەی / aš-/ لەکۆتایی وشەکانی ((زبان)) و ((روان)) لەنموونەی (١٣٠)دا:

(١٣٠) **زبانش** توان ستايش نداشت
**روانش** گمان نيايش نداشت

هاوچەشنی تەواو دەشێ دانەی ڕێزمانی گەورەتریش، تا دەگاتە ئاستی ڕستە بگرێتەوە:

(١٣١) گه به نوای علمش برکشند
گه به نگار قلمش درکشند (نظامی)

(١٣٢) من **عريانم، عريانم، عريانم**
مثل سکوت های میان کلام های محبت عریانم
و زخم های من همه از عشق است
از **عشق، عشق، عشق** (فروغ فرخزاد)

(١٣٣) **پس از من شاعری آید**
که اشکی را که من درچشم رنج افروختم
خواهد سترد.
**پس از من شاعری آید**
که قدر نالەهایی را که گستردم نمی داند،
گلوی نغمەهای درد را
خواهد فشرد
**پس از من شاعری آید**
... (سیاوش کسرایی)

(١٣٤) یار در آمد ز در بی خبران **دوست دوست**
گرچه غلط می دهد نیست غلط **اوست اوست** (مولوی)

(١٣٥) نوح **تویی**، روح **تویی**، فاتح و مفتوح **تویی**
سینەء مشروح **تویی**، بر در اسرار مرا (مولوی)

(١٣٦) **هفت** دریا یك شمر **اینجا بود**
**هفت** اختر یك شرر **اینجا بود** (عطار)

هەر یەکێك لە نموونەکانی (١٣١) تا (١٣٦) نیشاندەری جۆرێك لەهاوچەشنی تەواون کە دەشێ، پاشگر، وشە، گرێ، یاخود ڕستەیەکیش بگرێتەوە. نموونەکانی (١٣٣) بۆ (١٣٥) دریاخەری جۆرێك لەدووبارەکارین کە لە ئاستی یەك وشەدا زیاتر بڕ دەکات و کۆمەڵێك وشە دەگرێتەوە. بەو هۆیەوە دەبێ بیسەلمێنین کە هاوسەنگی وشەیی بەدووبارەبوونەوە لە ئاستی وشەدا سنووردار نابێت و کەرەستەی ڕێزمانی لەوشە گەورەتریش دەگرێتەوە.

## ٢/٨ دووبارەبوونەوە لەئاستی گرێدا

مەبەست لەگرێ[1]، ئەو یەکە زمانییەیە کە لە وشەیەك یا زیاتر پێکهاتووە و ڕۆڵی یەکەیەك لەڕستەدا دەگێڕێت. گرێ لەزمانی فارسیدا بۆ سێ پۆل: گرێی کاری، گرێی ناوی و گرێی قەیدی دابەشدەبێت (← ك ٢، ل١١٠). بۆ نموونە فۆرمێکی وەکو ((نباید برداشته شده باشد)) گرێیەکی کارییە؛ ((امتحانات داخلی دورهء شبانهء هنر سرای عالی تهران)) گرێەکی ناوییە و ((صبح چهار شنبه)) بەگرێیەکی قەیدی دەژمێردرێت. (← ك٢).

### ١/٢/٨ هاوچەشنی ناتەواو

لە هەلومەجێکی وەهادا، لەبەشێکی دوو یاخود چەند گرێدا، یەکێك یاخود چەند دانەیەکی ڕێزمانی گرێکە، دووبارە دەبێتەوە:

(١٣٧) اکنون کدام یك زشما
بیدار می مانید
در بستر خشونت نومیدی
در بستر فشردهء دلتنگی
در بستر تفکر پُر درد رازتان ... (احمد شاملو)

[1]- phrase.

دێرەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەم لەنموونەی (١٣٧)دا هەر یەکێکیان بەگرێیەك ئەژمار دەکرێت کە لە هاوچەشنییەکی ناتەواوی گرێیی دان.

(١٣٨) **در کوچەهای** بزرگ نجابت
**در کوچەهای** فروبستەء استجابت
**در کوچەهای** سرور و غم راستینی کە مان بود
**در کوچەهای** باغ گل سرخ شومم
**در کوچەهای** نوازش
**در کوچەهای** چە شب های بسیار (اخوان ثالث)

(١٤٠) **صدای** میل طویل گیاە بە روییدن
**صدای** خواهش شفاف آب بەجاری شدن
**صدای** ریزش نور ستارە برجدار مادگی خاك
**صدای** انعقاد نطفەء معنی (فروغ فرخزاد)

(١٤١) گفت همرە را گرو نە **پیش من**
ورنی قربانی تو اندر **کیش من** (مولوی)

## ٢/٢/٨ هاوچەشنی تەواو

لەم جۆرە مەرجانەدا، هەموو ڕەگەزە ڕێزمانییەکانی گرێ، بە ریزبەندییەکی یەکسان دووبارە دەبێتەوە.

(١٤٢) نظر سوی دل افگاری **نداری**
وگر داری، بەما باری **نداری** (رفیق اصفهانی)

(١٤٣) در کشاکش از زبان آتشین بودم **چو شمع**
تا نپیوستم بەخاموشی نیاسودم **چو شمع** (صائب)

(١٤٤) **عقل بند رهروان و عاشقان است ای پسر**
**بند بشکن ره عیان اندرعیان است ای پسر** (مولوی)

(١٤٥) **اسب سفید وحشی**
دشمن کشیده خنجر مسموم نیشخند
دشمن نهفته کینه به پیمان آشتی
آلوده زهر با شکر بوسه‌های مهر
دشمن کمین گرفته به پیکان سکه‌ها
**اسب سفید وحشی**
من با چگونه عزمی پر خاشگر شوم
من باکدام مرد در آیم میان گرد
من باکدام تیغ سپر سایبان کنم
من در کدام میدان جولان دهم تورا
**اسب سفید وحشی**
شمشیر مرده است
... (منوچهر آتشی)

### ٣/٨ دووباره‌بوونه‌وه له‌ئاستی ڕسته‌دا

هه‌ر ڕسته‌یه‌ك له‌زمانی فارسیدا لانی که‌م له دوو دانه‌ی ڕێزمانی کار و جێناو (وه‌کو: رفتم) یاخود نیهاد و گیره‌کێك وه‌کو (سرد است) پێك دێت (← ك ٥). جگه له‌م که‌ره‌سته و ڕه‌گه‌زه ڕێزمانییه پێویستانه، ڕه‌گه‌زی ڕێزمانی تریش له‌پێکهاته‌ی ڕسته‌کاندا به‌شداری ده‌که‌ن که ده‌توانن ئه‌رکی دیاریکراو له‌ڕسته‌دا بگێڕن، به‌م شێوه‌یه دووباره‌بوونه‌وه له‌ئاستی ڕسته‌دا له بنه‌ڕه‌تدا دووباره‌بوونه‌وه‌ی ئه‌م کۆمه‌ڵه ڕگه‌زه ڕێزمانییانه‌یه، به‌مه‌رجێك له‌سنووری گرێدا زیاتر تێپه‌ڕێ و تا ئه‌وه‌ی له‌سنووری گرێدا شیاوی شیکردنه‌وه نه‌بێت.

دووبارەبوونــەوە لەئاســتی ڕستەشــدا دیســانەوە دەشــێ بەهــەر دوو چەشنی ناتەواو و تەواو ڕوونبکرێتەوە.

### ١/٣/٨ هاوچەشنی ناتەواو

لــەم دۆخــەدا بەشــێك لەڕســتەیەكدا كــە لــەگرێ گــەورەترە، لەڕستەیەكی دیكەدا دووبارە دەبێتەوە. بۆ نموونە:

(١٤٦) شد آن زمانه كه رویش **بسان** دیبا **بود**
شد آن زمانه كه مویش **بسان** قطران **بود** (رودكی)

له نموونەی (١٤٦)دا هەر نیوەدێرێك لەڕستەیەكی سەرە (شد آن زمانـە) و ڕستەیەكی شـوێنكەوتوو پێكهـاتووە؛ ڕسـتە سـەرەكانی هـەر نیوەدێرێــك لەپەیوەندییــەكی هاوچەشــنی تــەواو و ڕســتە شوێنكەوتووەكان له هاوچەشنییەكی ناتەواون لەگەڵ یـەكتری ئەمـەش چەند نموونەیەكی تره بەهەمان ناونیشان:

(١٤٧) **تو را اگر ملك چینیان** بدیدی روی
نماز بردی و دینار بر پراكندی
**تورا اگر ملك هندوان** بدیدی موی
سجود كردی و بتخانەهایش بر كندی (شهید بلخی)

(١٤٨) ای صبا نكهتی از كوی **فلانی به من آر**
زار و بیمار غمم راحت **جانی به من آر** (حافظ)

(١٤٩) **ما در عتاب تو می شكوفیم**
در شتابت
**ما در كتاب تو می شكوفیم**
در دفاع از لبخند تو
كه یقین است و باور است ... (احمد شاملو)

له نموونـەکانی (١٤٦) تـا (١٤٩) دووبارەبوونـەوەی ناتـەواو لـەنێوان دوو ڕستەدا بەدیدەکرێت[1]. ئەگەر هەموو ڕستەکە بەشێوەیەکی تەواو دووبـارە ببێتـەوە، هاوچەشـنی تـەواو دێتـە دی و ئەگـەر تـەنیا دووبارەبوونەوەکە تـەنیا گرێیـەکی ڕستەکە بگرێتـەوە، ئـەوا بـاس لـە دووبارەبوونەوە لەئاستی ڕستەدا لەئارادا نابێت.

### ٢/٣/٨ هاوچەشنی تەواو

لـەم هەلومەرجـەدا تـەواوی ڕسـتەیەك دووبـارە دەبێتـەوە، بـۆ نموونە:

(١٥٠) **سهم من این است**
**سهم من این است**
سهم من
آسمانی است که آویختن پردەای آن را از من می گیرد
(فروغ فرخزاد)

(١٥١) **مستیم، مستیم، مستیم**
**مستیم** و دانیم هستیم (اخوان ثالث)

(١٥٢) ای هوس های دلم **بیا بیا بیا بیا**
ای مراد و حاصلم **بیا بیا بیا بیا** (مولوی)

(١٥٣) **ای صبا نکهتی از کوی فلانی به من آر**
زار و بیمار غمم راحت جانی به من آر
...
دلم از پرده بشد دوش که حافظ می گفت
**ای صبا نکهتی از کوی فلانی به من آر** (حافظ)

---

[1] - نموونـەکانی لەوێنـەی (١٤٦) دەتونـدرێت جگـە لـە هاوچەشـنی وشـەیی تـەواو، لـەژێر ناونیشانی هاوچەشنی ناتەواو لەئاستی ڕستەدا پۆلبەندی بکرێت.

جگـه لـه نموونـەکانی (١٥٠) بـۆ (١٥٣) پێویسـتە ئـەو ڕاسـتییە بسەلمێنین کە نیوەدێری نێوان بەنـدەکان، یـاخود نیـوەدێری گێڕانـەوە لە بەنـدەکانی تـەرجیع بەنـددا ( ←ك ٦، ل ١٨٠) دەچـنە ژێـر هـەمان ناونیشانی دووبارەبوونەوەوە.

لـەم بەشـەدا چەشـنـەکانی هاوسـەنگی وشـەیی تـاوتوێکراو ئـەوە ڕوونکرایەوە کە هاوچەشنی چ لەئاستی وشەدا بەتـەنیایی، چ لەئاسـتی کۆمەڵێ وشـە لەشـێوەی گـرێ یـاخود ڕسـتەدا، دەتوانـدرێت بەهـەردوو شێوەی ناتەواو و تەواو بـەدیار بکـەوێت. هەنـدێ لـەو نموونانـەی لـەم بەشــەدا خراونەتــەڕوو، لــە جوانکــاری نەریتیــدا لــەژێر ناونیشــانی جیاوازدا پۆلبەندی دەکرێن و هەندێکیشیان نەبوونەتە مایەی سـەرنج ڕاکیشان. بۆ وێنە لێـرەدا ڕووندەبێتـەوە کـە سـنعەتگەلێکی وەکـو، (رد الصدر الی العجز، رد العجز الی الصدر، تشابه الاطـراف، تکریـر، ترصـیع، طرد و عکس، رد المطلع، انواع السـجع) و تـا دەگاتـە قافیـە و ڕەدیـف و گـەلێکی تـر لـە شـیمانەکانی دووبارەبوونـەوە دانـە ڕێزمانییـەکانن، ئەمانە بـە چەشـنگەلێك لـە هاوسـەنگی وشـەیی ئـەژمار دەکـرێن و لـە سـنووری وشـە، یـاخود ڕسـتەدا شـیاوی لێکۆڵینـەوەن. پۆلبەنـدی هـەر یەکێك لەم سنعەتانە بۆ بەشی یازدەیەم بەجێهێڵدراوە.

## کتێبنامه

1- Samareh, Y. The Arrangement of segmental phonemes in Farsi, Tehran University press, 1977.

٢- باطنی، محمد رضا، توصیف ساختمان دستوری زبان فارسی، تهران، امیر کبیر، ١٣٥٦.

٣- حق شناس، علی محمد، مقالات ادبی، زبان شناختی، تهران، نیلوفر، ١٣٧٠.

٤- شمیسا، سیروس، نگاهی تازه به بدیع، فردوس، ١٣٦٨.

٥- میلانیان، هرمز، ((کوتاه ترین جمله و ساختمان آن در زبان فارسی))، پژوهشنامه زبان ایران، ش ١، ١٣٥٤.

٦- همایی، جلال الدین، فنون بلاغت وصناعات ادبی، تهران، نشرهما، ١٣٦٨.

## بەشی ٩

# هاوسەنگی ڕێزمانی

لەبەشـەکانی حەفتـەم و هەشـتەمدا بـاس لەهاوسـەنگی دەنگـی و وشەیی کراو ئـەوە ڕوونکرایـەوە کـە چۆن جۆرەکـانی دووبارەبوونـەوە دەبێتە مایەی هاوسەنگی و هۆنراو دروست دەکات. لەم بەشەدا سەرنج بـۆ لای جـۆرێکی دیکـە لەهاوسـەنگی ڕادەکێشـین کـە لەسـەر بنـەمای دووبارەبوونەوە لەپێکهاتەی ڕێزمانیدا پەیدادەبێت.

لەبەراییدا دەبێ تێبینی ئەو خاڵە بکەین کە هاوسەنگی ڕێزمـانی مەسـەلەی دووبارەکـاری دەنگـی ناگرێتـەخۆی، هەرچـەند لەزۆربـەی حالەتەکانـدا شـاعیر لـەکاتی هێنانـەوەی هاوسـەنگی ڕێزمـانی سـوود لەدووبارەبوونەوەی دەنگیش وەردەگرێت.

ئەم بەشەی بەردەست لەدوو بڕگەی سەرەکی پێکهـاتووە و لەهـەر بڕگەیەکیـدا جۆرێـك لەهاوسـەنگی ڕێزمـانی لێکۆڵینـەوەی لـەبارەوە دەکرێت.

### ١/٩ دووبارەبوونەوەی پێکهاتە

لەگـەڵ ئـەوەی زاراوەی پێکهاتـە[1] (بنیـات) لـە زمانناسـیدا مانـای زۆری هەیـە (← ك ١، ص ٢٩١)، بـەڵام لێـرەدا بەشـێوەیەکی تایبـەتی بـەواتای ڕێکخسـتنی دانـەکانی ڕێزمـانی پێکهێنـەری ڕسـتە لەئاسـتی پلەبەندیی وشەییدا بەکارهێندراوە (←ك ٢، ل ٦٠). لەزمانی فارسـیدا ئـەو شـیمانەیە لـەئارادا هەیـە کـەوا دانـەکانی پێکهێنـەری ڕسـتە، بەمـەرجی دیـاربوونی ئـەرکی هـەر یـەکێکیان لەڕسـتەدا، ڕێکخسـتنی جیاواز دروست بکەن. بۆ وێنە لەڕستەیەکی سادەی وەکـو ((او کتـاب را بـرای مـن خریـد))، بـە ئـاڵوگۆڕی شـوێنی دانـە ڕێزمانییـە پێکهێنـەرەکانی، واتـا ((او + کتـاب + را + بـرای مـن + خریـد)) دەتواندرێت ٢٤ جۆری ڕێکخستن یاخود پێکهاتەی جیاواز بەدەستبێت.

---

[1]- structure.

۱) او کتاب را برای من خرید
۲) او کتاب را خرید برای من
۳) او خرید کتاب را برای من
٤) او برای من کتاب را خرید
۵) او برای من خرید کتاب را
٦) او خرید برای من کتاب را
۷) کتاب را برای من او خرید
۸) کتاب را برای من خرید او
۹) کتاب را او برای من خرید
۱۰) کتاب را او خرید برای من
۱۱) کتاب را خرید برای من او
۱۲) کتاب را خرید او برای من
۱۳) برای من او خرید کتاب را
١٤) برای من او کتاب را خرید
۱۵) برای من کتاب را او خرید
١٦) برای من کتاب را خرید او
۱۷) برای من خرید او کتاب را
۱۸) برای من خرید کتاب را او
۱۹) خرید او کتاب را برای من
۲۰) خرید او برای من کتاب را
۲۱) خرید برای من او کتاب را
۲۲) خرید کتاب را او برای من
۲۳) خرید برای من کتاب را او
٢٤) خرید کتاب را برای من او

ڕێکخستنەکانی ٢٤ لایەنەی سەروو شیمانەگەلێکی حەشاردراون کە لە ڕێگەی جێگۆرکێی دانەکانی پێکهێنەری ڕستەیەکدا بەدەستدێن. ئەو مەسەلەیە بەو مەعنایە نایەت کە هەموو ڕێکخستنەکانی سەرەوە لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا ئەگەری بەکاربردنیان هەیە یاخود بەکاربراون. بەڵکو بەو مەعنایە دێت کە ئەگەری سوود وەرگرتن لەهەر کامێکیان بۆ شاعیر لەئارادا هەیە لانی کەم لەپێناوی پاراستنی کێشدا. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە دەتواندرێت سوود لەم دوو نموونەیە وەربگیرێت:

(١٥٤) خدا کشتی آنجا که خواهد برد
اگر ناخدا جامـــه برتن درد (سعدی)

(١٥٥) برد کشتی آنجا که خواهد خدا
اگر جامه برتن درد ناخدا

هەردوو نموونەی (١٥٤) و (١٥٥) جگە لە تایبەتمەندییەکانی جیاوازی جەختکردنەوە (←ك ٣، ل ٤٠ – ٤١) واتای یەکسانیان هەیە. هەردوو نموونەکە لەسەر بەحری موتەقاریب هۆنراونەتەوە. جگە لەم دوو ئەگەرەی ڕێکخستنی سەرەوە، دەتواندرێت تەنیا دوو ڕێکخستنی دیکە لەسەر هەمان کێش بەدەست بێنین کە ئەوانیش بێ مەعنان، چونکێ ئەرکی دانە ڕێزمانییەکانی پێکهێنەری ڕستەکە خەوشدار دەبن:

(١٥٦) * که خواهد برد کشتی آنجا خدا
اگر تن درد جامه بر ناخدا
* خدا خواهد آنجا که کشتی برد
اگر جامه بر ناخدا تن درد

جـۆرە ڕێکخسـتنێکی دیکـە لەکێشـی موتـەقاریب بـۆ دانـە ڕێزمانییـەکانی نموونـەی (١٥٤) لـەئارادا نییـە تـا ئـەوەی وەکـو دوو نموونەکـەی (١٥٦) ئەگـەر بـێ واتـاش بـن؛ لەگـەڵ ئـەوەی بـەگۆڕینی کێشەکە دەشێ نموونەی دیکەمان دەستبکەوێت:

(١٥٧) ناخدا اگر جامه بر تن درد
هرکجا خواهد خدا کشتی برد (حمیدی شیرازی)

بـەو شـێوەیە، ڕەنگـە بتـوانین بڵـێین کـەوا ڕێکخسـتنی دانـەکانی پێکهێنەری ڕسـتە لـەهۆنراودا، ئەگـەر بەتـەواویش نـەبێت، ئـەوا لانـی کەم تا ڕادەیەکی زۆر وا بەستەیە بە پاراستنی کێشەوە. جا ئەگەر ئـەم ڕێکخستن و پێکهاتەیە دووبارە ببێتەوە، ئەلبەتـە دەتوانێـت نـەزمێکی مۆسـیقایی زیـاتری لێ بەرهـەمبێت، تـا ئەگـەر ڕێکخسـتنە هەڵبژێردراوەکە لەزمانی پێوەریش بەکار نەبرێت. بۆ نموونە:

(١٥٨) با چکا چکاك مهیب **تیغ هامان**، تیز
غرش زهرەدران **گوس هامان**، سهم
پرش خاراشکاف **تیرهامان**، تند ... (اخوان ثالث)

(١٥٩) ... **کوە شاید شد و ماند،**
**رود باید شد و رفت،**
**دشت باید شد و خواند.** (حمید مصدق)

(١٦٠) پشت این نقاب خندە
با نگاە غوطەور میان اشك
با دل فشردە در میان مشت
**خنجری شکستە در میان سینە**
**خنجری نشستە در میان پشت** ... (فریدون مشیری)

(١٦١)  بارش شبنم روی پل خواب
پرش شادی از خندق مرگ
گـذر حادثه از پشت كلام ...                    (سهراب سپهری)

شەفیعی کەدکنی لەکاتی باس لـەبارەی نموونـەی (١٦١)دا سـەرنجی بـۆلای ڕێسـای دووبارەبوونـەوەی پێکهاتـەی نموونەکـە ڕاکێشـاوە. بەشـێوەیەکی پەنامـەکیش ئامـاژەی بـۆ ئـەو مەسـەلەیە کـردووە کـە بەدووبارەکردنەوەی ئەم پێکهاتەیە دەتواندرێت بەڕادەیەکی بێکۆتایی، هـۆنراو نـەوەك شـیعر ڕێبکخرێـت. کـەدکنی بەمەبەسـتی سـەلماندنی بۆچوونەکەی نموونەگەلێکیش دێنێتەوە (← ك ٤، ل ٢٠)؛

(١٦٢)  جهش صاعقه از فرق تگرگ
تپش زندگی از ساقهء صبح

### ٢/٩ هاونشینسازی ئەرکی

لێکۆڵینەوە لەبارەی چۆنییەتی هاونشینکردنی دانە هاوئەرکـەکان بەخستنەڕووی دوو نموونە دەست پێدەکەین:

أ)  او با شمشیر سر يلان را بريد.
ب) او با خنجر سینه يلان را دريد.

ڕستەکانی (أ) و (ب) پێکهاتەیەکی وەك یەکیان هەیە. ڕێکخسـتنی ڕستەی (أ) واتا [بکەر – تەواوکەر – بـەرکار – کـار] لەڕسـتەی (ب)دا دیسان دووبارەبۆتەوە. بەو شێوەیە و لەسەر بنـەمای ئـەوەی لەبڕگـەی ١/٩ دا گـوترا، هـەردوو ڕسـتەی ( أ ) و ( ب ) لـەدۆخێکی دووبارەبوونـەوەی پێکهاتـەدان. لـەدۆخێکی وادا دەتوانـدرێت بـە هاونشـینکردنی دانـە هاوئەرکـەکان جۆرێـك لـەهۆنراو بەدەسـت بهێندرێت:

(١٦٣) به روز نبرد آن يل ارجمند
به شمشير وخنجر، بەگرز و كمند
بريد و دريد و شكست و ببست
يلان را سر و سينه و پا و دست (فردوسى)

نموونـــەی (١٦٣) لەبنەڕەتـــدا بريتييـــە لـــەكۆی چـــوار ڕســـتە بەپێکهاتەيەکی دووبارەبوو:

أ) به روز نبرد آن يل ارجمند بەشمشير بريد يلان را سر
ب) به روز نبرد آن يل ارجمند بەخنجر دريد يلان را سينه.
پ) به روز نبرد آن يل ارجمند بەگرز شكست يلان را پا.
ت) به روز نبرد آن يل آرجمند بەكمند بست يلان را دست.

له هەلومەرجێکی وەهادا دەتوانين بڵێين کە هاونيشـنکردنی دانـە هاوئەرکەکان لەئاکامدا جۆرێك لەهاوسـەنگی ڕێزمـانی لێدەکەوێتـەوە. بـۆ هێنانـەوەی نموونەگـەلی ديکـەش لـەبارەی هاوسـەنگی ڕێزمـانی بەيارمەتی هاونشينی دانە هاوئەرکەکان، دەکرێ سوود لەنموونـەکانی (١٦٤) تا (١٦٨) وەربگرين:

(١٦٤) مير من اند و صدر من اند و پناه من
سادات رى، ائمه رى، اتقياى رى (خاقانى)

شاعير لەنموونەی (١٦٤)دا سێ نيهادی [ مير من/ صدر من/ پنـاه من ی لەگەڵ گيرەکی [اند] لەنيوەدێری يەکەمدا و، سێ گوزارەی هـەر ڕسـتەيەکی [سـادات رى/ ائمـه رى/ اتقيـاى رى] شـی لـەنيوەدێری دووەمدا هاونشينی يەکتری کردووە.

(١٦٥) همى دولت و ملك و كلك و حسام
به فر خداوند گيرد نظام (عثمان مختارى)

(١٦٦) **ابرو باد و مه و خورشید و فلك درکارند**
**تا تو نانی به کف آری و به غفلت نخوری** (سعدی)

(١٦٧) فغان کاین لولیان **شوخ شیرین کار شهر آشوب**
چنان بردند صبر از دل که ترکان خوان یغما را (حافظ)

(١٦٨) و او چگونه از کنار درختان خیس می گذرد
**صبور**
**سنگین**
**سرگردان** ... (فروغ فرخزاد)

## ٣/٩ جێنشینسازی ئەرکی

لـــە هەلومـــەرجێکی وادا بـــەجێگۆرکێ پێکردنـــی ئـــەرکی دانەپێکهێنەرەکانی ڕستەیەك، ڕستەیەکی نوێ دروستدەبێت کە لەگەڵ ڕستەکەی بەرایی لە هاوسەنگییەکی ڕێزمانیدا دەبێت.

(١٦٩) دیروز به **توبه‌ای شکستم ساغر**
امروزبه **ساغری شکستم توبه** (سلمان ساوجی)

لەنیوەدێری یەکەمی نموونەی (١٦٩)دا، (توبە) تەواکەر و (ساغر) بەرکارە، لەنیوەدێری دووەمدا ڕۆڵی ئەم دوو دانەیە جێنشینی یەکتر کراون، لە حالێکدا کە ڕێکخستنی ڕستەکە وەك خۆی ماوەتەوە.

(١٧٠) کاشك **تنم بازیافتی خبر دل**
**کاشك دلم بازیافتی خبر تن** (رابعه)

لـەنیوەدێری یەکـەمی نموونـەی (١٧٠)دا، (تـن) بکـەرە و (دل) دیارخراوی بەرکاری ڕستەکەیە. لەنیوەدێری دووەمـدا ئـەرکی (تـن) و (دل) جێنشینی یەکتری کراون.

وەكو دیارە كە لە جێنشینكاری ڕێزمانیدا، دووبارەبوونەوەی وشەش پەیدادەبێت، بەڵام لەوەوە كە شیمانەی دووبارەبوونەوەی وشەیی لەم نموونەگەلێكی لەم جۆرەدا پاراستنی پێكهاتەی ڕێزمانی ڕستەكەشی دابینكردووە، بۆیە ئەم جۆرە هاوسەنگییانە لەئاستی ڕستەدا شیكاری بۆ دەكرێت.

لەسەر بنەمای ئەو نموونانەی لەم بەشەدا خرایەڕوو، ڕەنگە بتوانین بڵێین كە سنعەتگەلێكی لە وێنەی پێچان و كردنەوە، دابەشكردن، تنسیق الصفات و جۆرەكانی ئاوەژووكردن، لەبنەڕەتدا تەرحگەلێكن كە جۆرێك لە هاوسەنگی ڕێزمانییان لە هۆنراودا لێدەكەوێتەوە.

## كتێبنامە


1- Crystal, D. Dictionary of Linguistics and Phonetics, Basil Blackwell, 1988.

٢- باطنی، محمد رضا، توصیف ساختمان دستوری زبان فارسی، تهران، امیر كبیر، ١٣٥٦.

٣- ______، پیرامون زبان و زبان شناسی، تهران، نشر فرهنگ معاصر، ١٣٧١.

٤- شفیعی كدكنی، محمد رضا، موسیقی شعر، تهران، آگاه، ١٣٦٨.

٥- همایی، جلال الدین، فنون بلاغت وصناعات ادبی، تهران، نشر هما، ١٣٦٨.

# بەشی ١٠

# ڕیزبەندی پلەکانی داهێنانی هۆنراو

لەبەشـەکانی حەوتـەم و هەشـتەم و نۆیەمـدا سـەرنج خرایەسـەر شـیمانەکانی بەدەسـتهێنانی جـۆری سـێ لایەنـەی هاوسـەنگی دەنگـی، وشەیی و ڕێزمانی و، ئەوەش ڕوونکرایـەوە کـە جۆرەکـانی هاوسـەنگی، لەرێگەی دووبارەبوونەوەی دانـەکانی پەیوەسـت بەئاسـتەکانی شـیکاری دەنگی و وشەیی و ڕێزمانی جێبەجێدەبن.

لـەم بەشـەدا هەوڵـدەدرێت تـاوەکو تواناکـانی بەدەسـتهێنانی هـەر یـەك لەسـێ جۆرەکـەی هاوسـەنگی لەئاسـت یەکدیـدا و لەچوارچێوەی سیسـتـەمێکدا لێکۆڵینــەوەیان بـۆ بکرێـت و ڕادەی دووپاتبوونــەوە و ڕوودانی هەر یەکێکیان لەئاست ئەوەکەی تر دەستنیشانبکرێت.

بەچـاو پیاخشـانندنەوەیەکی خێـرا بەسـێ بەشـەکەی ڕابـردوو ئەوەمان بۆ بەدیاردەکەوێت، کە شیمانەی بەدیهاتنی هاوسەنگی دەنگی لەبـەدیهاتنی هاوسـەنگی وشـەیی سـادەترە و، شـیمانەی پەیـدابوون و بـەدیهاتنی هاوسـەنگی وشـەیش دیسـانەوە لەبـەدیهاتنی هاوسـەنگی ڕێزمـانی سـادەترە. جگـە لـەو خاڵـەش، بەئاوڕدانـەوە لـە نموونـەکانی جێگەی باس لەسێ بەشەکەی ڕابردوودا، وادێتە بەرچاو کە هاوسەنگی دەنگـی وەکـو پێداویسـتییەکی بـەدیهاتنی هاوسـەنگی وشـەییە و پێدەچـێ شـاعیرانیش لـەپێناو بـەدیهێنانی هاوسـەنگی ڕێزمـانی، هاوسـەنگی وشـەیی بەپێویسـت بـزانن. لـەم بەشـەدا لەخسـتنەڕووی گریمانەیەکی لەو جۆرە دەکۆڵینـەوە.

## ١/١٠ ئەرکی زمان

کاتێـك کـە زمـان لـە توانـاوە دەبێـت بـەکردار، لـەدوو شـێوەی ئاخـاوتن یـاخود نووسـین بەدیاردەکـەوێت. ئەگـەر هـات و ئـەم بەدیارکەوتنە لەشێوەی ئاخاوتندا بێت، ئەوا ئەو کەرەستە خاوەی کە تیایـدا بـەکاردەبرێت بریتییـە لـەدەنگ، دەنگیش لـە لەرینـەوەی بـاو گۆڕانی وزە بەولاوە شتێکی تر نییە. ئەگەر هات و ئـەم بەدیارکەوتنـە

لەشێوەی نووسیندابوو، کەرەستە خاوەکەی کۆمەڵێ هێمای بەرچاون. ئەم دەنگ و هێمایانە بەکاردەبرێن تاوەکو بتواندرێت لەبارەی بابەتە جۆراوجۆرەکانی جیهانی دەرەوە بدوێین. بۆ نموونە گوتنی ڕستەیەك لەوێنەی ((زبان شناسی یکی از رشتەهای علوم انسانی است)). بەکارهێنانی بڕێکی زمانە کە لە ڕوویێکەوە هەواڵ یاخود گوزارشتێکە لەبارەی بابەتێکەوە لەجیهانی دەرەوەی زماندا (← ك ١، ل ٥).

بەم پێیە دەشێ بگوترێت کە لە زماندا، پەیوەندییەك لەنێوان ئەم شەپۆلە دەنگییانەی کە لەلایەن ئاخێوەرەوە دەردەکرێت لەگەڵ واقعیەتی جیهانی دەرەوەدا پێکدەهێندرێت. ئەنجا ئەم پەیوەندییە پێویستە بەشێوەیەك پێکبهێندرێت کە لەلای بیسەرەوە قابیلی تێگەیشتن بێت؛ یا بەگوتەیەکی سادەتر، تەنیا بەخەرجدانی توانای بەرهەمهێنانی چەند دەنگێك لەتوانایدا نییە پەیوەندی زمانی لەنێوان ئاخێوەر و دوێنەردا ساز بکات، بەڵکو ئەوە کۆمەڵە یاسایێکە کە لەنێوان ئاخێوەر و دوێنەردا ناسراون و، لەم نێوانەدا بەشداری ڕاستەوخۆیان هەیە. لەدۆخێکی وادا سەرەتا دەبێ لەنێوان تەواوی ئەو دەنگانەی کە ئاخێوەر لەتوانایدایە بیاندرکێنێت، کۆمەڵێکیان لێهەڵبژێرێت کە لە زمانە پێڕەوەکەیدا بەکاردەبرێن. ئەم دەنگانە بەپێڕەوی لەیاسای تایبەت شیمانەی هاونشینان لەگەڵ یەکتری بۆ دەرەخسێ تاوەکو بکرێ بڕگەگەلی جێی مەبەست لەو زمانەدا پێکبهێنن. هاونشینی دانە ڕێزمانییەکان بەمەبەستی پێکهێنانی دانەی ڕێزمانی پلەی باڵاتر، پابەندی کۆمەڵێك یاسای تایبەت بەخودی خۆی دەبێت. تا لەئاکامدا ڕستەیەکی لەوێنەی نموونەکەی پێشەوە بەرهەمبێت و لەبارودۆخی بەکاربردنی تایبەتی خۆیدا بۆ دوێنەر ببێتەمایەی درکپێکردن.

بەم پێیە، لەپێناوی بەرهەمهێنانی ڕستەیەك، کۆمەڵێك یاسای دەنگی و وشەیی و ڕێزمانی دەخاڵەت دەکەن تاوەکو لەڕووی ڕێزمانییەوە لەسەنگی مەحەکی بدەن.

بۆ نموونە: ئەگەر فۆرمێکی وەکو /šetâb/ لەفارسیدا وەربگیرێت و /*štâbe/ وەرنەگیرێت، هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە فۆرمی دووەم یاساکانی دەنگی پێڕەوکراو لە هاونشینی فۆنیمەکانی لەزمانی فارسیدا بەزاندووە. ئەگەر هات و فۆرمێکی وەکو ((هوشمند)) لەفارسیدا وەرگیراو بێت و بەگریمانە ((*مداد مند)) وەرگیراو نەبێت، بەو هۆیەوەیە کە فۆرمی دووەم لەگەڵ ئەوەش لەئاست یاساکانی دەنگی زمانی فارسیدا ڕێکدەکەوێت، بەلام یاساکانی پێڕەوکراو لە هاونشینی مۆرفیمەکانی لەزمانی فارسیدا بەزاندووە. ئەگەر ڕستەیەکی وەکو ((برادرم سرما خورده است)) لەزمانی فارسیدا وەربگیرێت و گریمان ڕستەیەکی وەك ((*کتابم سرما خورده است)) ناڕێزمانی بێت، بەو هۆیەوەیە کەوا ڕستەی دووەم ئەگەرچی لەڕووی یاساکانی دەنگی و وشەیی و ڕێزمانییەوە دروستیش بێت، بەلام یاساکانی واتایی لە زمانی فارسیدا بەزاندووە.

بەم پێیە بەکارهێنانی هەر یەکەیەکی زمانی بچوکتر، لەبنیاتی یەکەیەکی زمانی گەورەتردا پابەندی یاساگەلێکە و، ئەگەر قبووڵمان بێت کەوا ڕستە گەورەترین یەکەی زمانییە (← ك ١، ل ٦٠) کەواتە دەتواندرێت بگوترێت کەوا ڕێزمانی بوونی ئەم یەکەیە، بەواتای لەخۆگرتن و ڕەچاوکردنی زۆرترین ژمارەی یاساگەلە ڕێزمانییەکانە.

## ٢/١٠ ڕیزبەندی پلەکانی زیادەکردنی ڕێسا

لەدەستپێکی بەرهەمهێنانی هەر ڕستەیەکدا، کۆمەڵێکی فراوان لەوشەگەلی زمان لەبەردەستی ئێمەدان تا بە هەر یەکێکیان کە بمانەوێت ڕستەکەی لەمەڕ خۆمانی پێ دەستپێبکەین؛ بەلام دوابەدوای یەکەمین هەڵبژاردن، دەستنیشانکردی وشەکەی دواتر لەزنجیرەی ئاخاوتندا بەکردەوە دەبێتە شتێکی سنووردار. هەڵبژاردنی وشەیەکی دواتریش ڕادەی سنووربەندییەکەی زیاتر دەبێت، چونکێ

پێویسته لەهاونشینی وشەکاندا گونجانی ڕێزمانی لەنێوانیاندا ڕەچاوبکرێت. (باتینی) لەکاتی باسکردنی ئەو بابەتەدا، وشەی (جیغ) وەکو بژاردەی یەکەم وەردەگرێت ئەنجا بەو شێوەیە لەسەری دەڕوات (← ك ١٠، ل ٥٦):

[ ئەم وشەیە ناتوانێت لەگەڵ هەموو ئەندامانی پۆلی ئاوەڵناوەکان لێکبدرێت، چونکێ لەگەڵ تواناکانی ڕێزمانی زمانی فارسیشدا، هێنانەوەی وشەکانی زمان ئەم توانا ڕەهایە سنووردار دەکات، بەشێوەیەك کە وشەیەکی وەکو (جیغ) دەتواندرێت لەگەڵ ئاوەڵناوەکانی وەکو (کوتاە)، (بلند)، (دلخراش)، (وحشت انگیز) و زۆری دیکە لێکبدرێت، بەلام ناشێت لەگەڵ ئاوەڵناوەکانی وەکو (غلیظ)، (دور)، (سیاە)، (پهن) و زۆری دیکە لێکبدرێت. وای دابنێ کە لەنێوان هەموو ئەو ئاوەڵناوانەی کە دەکرێ لەگەڵ (جیغ) دا لێکبدرێن، ئێمە (بلند)مان هەڵبژارد و بە خستنەپاڵی دو دانەی ڕێزمانی ( - ی) و (از) پێکهاتەیەکی وەکو (جیغ بلندی از) لێ ساز بکەین، لێرەدا دیسانەوە شیمانەی بژاردەکان سنووردارتر دەبێتەوە، چونکە ئەو پۆلەی کە لەم خاڵەوە دەبێ بژاردەکەمان لەوێوە بێت، بەپۆلی ناوەکانەوە سنووردار دەبێت؛ دووەمیش ئەوەیە کە هەموو ئەندامانی پۆلی ناوەکان ناتوانن لەگەڵ ئەم پێکهاتەیەدا بگونجێن... ئەگەر هات و ئێمە وشەی (ترس)مان لەم پۆلە دەستنیشانکرد و دانەی ڕێزمانی (بر)یشمان خستەپاڵییەوە و پێکهاتەی (جیغ بلندی از ترس بر) بدەین بەدەستەوە، ئەوسا شیمانەی هەڵبژاردنمان ئەوەندە بەرتەنگ کردۆتەوە، کە ڕەنگە نەتواندرێت زیاتر لە دوو وشەی وەکو (کشید) یا (آورد) لەم پێکهاتەیەدا بگونجێندرێت و تاوەکو لەشێوەی ڕستەیەکی تەواو و واتادار دەربکەوێت ].

جێگای ئاماژەیە کە باتنی لەباسەکەی خۆیدا نەپەرژاوەتە سەر شیعر و جۆرەکانی ئەو لادانانەی کە تیایدا دەگونجێندرێن، بەڵکو

شـــیکردنەوەکانی خـــۆی تایبـــەتکردووە بـــەزمانی پێـــوەر. وەڵێ لـــە هۆنراویشدا مەسەلەی لادان دیسان لەئارادا نییە، بەڵکو ئـەوەی ڕەچاو دەکرێت زیادکردنی ڕێسایە. لەسـەر ئـەو بنچینەیە، ئەگـەر ڕسـتەیەك لـەهۆنراودا بـەکاربرێت، سـەرەتا دەبـێ لەگـەڵ کۆمـەڵێ لەیاسـاکانی ڕێزمانی لە ئاستەکانی دەنگی و، وشـەیی و ڕێزمـانی و واتـایی زمـانی پێوەردا بگونجێندرێت، تاوەکو دوای ئـەوە زیـادکردنی ڕێسـای بەسـەردا جێبەجێبکرێت. لە بارودۆخێکی وادا دەتواندرێت بگوترێت کە توانـای دەستپێڕاگەیشتن بەهاوسەنگی دەنگی سادەترە لە دەستپێڕاگەیشتن بە هاوسەنگی وشەیی و توانای بەدیهێنانی هاوسـەنگی وشـەیش بـەنۆرەی خۆی سادەترە لە بەدیهێنانی هاوسەنگی ڕێزمانی.

جگە لەو خاڵە، بە گەڕانەوە بۆ ئەو نموونانـەی کـە لـە بەشـەکانی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەمدا خستوومانەتە بەرچاو، بەدیاردەکەوێت کـە هاوســەنگی دەنگـی وەکـو پێداویسـتییەکی بـەدیهاتنی هاوســەنگی وشەییش وایە و، شـاعیران لـەپێناوی بـەدیهێنانی هاوسـەنگی ڕێزمـانی دیسانەوە هاوسەنگی وشەیی وەکو پێداویستییەکی کارەکە تێدەگەن. بەمەبەسـتی ڕوونکردنـەوەی بابەتەکـە دەکـرێ سـوود لەنموونـەکانی (١٧١) تا (١٧٥) وەربگرین کـە لـە کتێبـەکانی جوانکاریـدا، پەیوەسـت بـە سنعاتی پێچان و کردنەوە خراونەتەڕوو:

(١٧١) گیسو و خال و زلف و رخ همچو ماه دوست
مشك است و عنبر است و بنفشه است و لالەزار
(شمس الدین بردعی)

(١٧٢) به روز نبرد آن یل ارجمند
به شمشیر و خنجر، بەگرز و کمند
برید و درید و شکست و ببست
یلان را سر و سینه و پاو دست (فردوسی)

(١٧٣) فروشد به ماهی و بر شد به ماه
بن نیزه و قبّه بارگاه (فردوسی)

(١٧٤) جام ومی چو صبح و شفق ده که عکس آن
گلگونه، صبح را شفق آسا بر افکند (خاقانی)

(١٧٥) میر من اند و صدر من اند و پناه من
سادات ری، ائمه ری، اتقیای ری
هم لطف و هم قبول و هم اکرام یافتم
ز احراری ری، افاضل ری، اولیای ری (خاقانی)

نموونەکانی (١٧١) تا (١٧٥) کە بەشێوەیەکی ئاسایی لەتەواوی کتێبەکانی جوانکاریدا وەکو نموونەگەلێك بۆ سنعەتی پێچان و کردنەوە هاتوون، چەند جۆرە هاوسەنگییەکی وشەییش دەنوێنن. بەم پێیە ڕەنگە بتواندرێت زنجیرەیەکی پلەبەندی بۆ جۆرەکانی سێ لایەنەی هاوسەنگی لە هۆنراودا بخرێتە بەردەست:

هاوسەنگی ڕێزمانی > هاوسەنگی وشەیی > هاوسەنگی دەنگی

لەسەر بنەمای زنجیرە پلەبەندییەکەی سەرەوە بەدیاردەکەوێت کە بوونی هاوسەنگییەکی لای ڕاست بوونی هەر هاوسەنگییەکی لای چەپ دەگرێتە ناوخۆی و دیارە پێچەوانەی ئەمەش ڕاست نییە. ئەو مەسەلەیە بەو واتایەی دێت کە بە سەرنجدان لەنموونەکانی (٨٨) تا (١٧٥) ئەگەر هات و هاوسەنگی ڕێزمانی لەهۆنراودا بەدیبکرێت، ئەوا هاوسەنگی وشەیش لەو هۆنراوەدا دەبیندرێت و ئەگەر هاوسەنگی وشەیی تیادا دەستبکەوێت، ئەوا هاوسەنگی دەنگیشی تیادا دەدۆزرێتەوە؛ بەلام پێچەوانەکەی دروست نییە. ئەگەر هات و گریمانەیەکی لەم جۆرە لوجیکی بێت، ڕەنگە بشێت ئەمە وەکو دەلیلێك بۆ ئەو مەسەلەیە وەربگیرێت کە بۆچی دووپاتبوونەوە و ڕوودانی هاوسەنگی دەنگی لەچاو هاوسەنگی وشەیی و هاوسەنگی وشەییش لەچاو هاوسەنگی ڕێزمانی زیاترە.

## ٣/١٠ بەند[1] لە هاونشینیدا

تاوەکو ئێرە ئەوە بەدیارکەوت کە هاونشینی وشەکان پابەندی کۆمەڵێك یاساگەلە و هەر وشەیەکیش لە ڕستەدا لەئاست وشەکەی پێشی خۆی دەرفەتی بژاردەیەکی سنووردارتری لەبەردەمدا هەیە. ئەگەر ئەوەی تا ئێستا لەم کورتە باسەدا هاتووە، مایەی پەسندی بێت کە هۆنراو لەڕێگەی زیادکردنی ڕێساوە بۆ زمانی پێوەر پەیدا دەبێت، ئەوە دەتواندرێت ئەوەش وێنابکرێت ، کە بەهۆی هەمان زیادەکاری ڕێساکانەوە، هاونشینی وشەکان لە هۆنراودا بژاردەی سنووردارتری لەبەردەمدایە. دەگرێ پارێزگاری لەکێش وەکو پاساوێك بۆ ئەم بۆچوونە سەریربکرێت. ڕەچاوکردنی بەند لەهاونشینی وشەکاندا مەسەلەیەکی نوێ نییە. بۆ نموونە شەفیعی کەدکنی بەسەرنجدان لەهەمان مەسەلە ئاماژە بۆ چەند جۆرێك لەپێکهاتەی عەتفی دەکات و، لەبارەی بنیاتی مۆسیقایی ئەم کۆمەڵە پێکهاتەیەدا گوتویەتی: [...ئەمە پابەندبوونێکە بە یاسایەکی سروشتی لە هەموو زمانەکاندا و، ئەگەر لەئیدیەم و پەندی پێشینانی کۆمەڵانی خەڵکیش وردبینەوە، نموونەگەلێکی ئەم جۆرە پێکهاتانە ... بەزۆری بەدیدەکرێن؛ وەکو (چشم و چراغ)، (جان و جگر)، (دود و دم)، (تخم و ترکە). ئەمە یەکێکە لە خواستە ڕەمەکی و سروشتییەکانی زمان و ئاخێزگەیەکە مرۆڤ بەلای هاوسەنگییەکان و گونجانی مۆسیقایی ڕادەکێشێت ]. (← ك ٢، ل ٤٨٢ – ٥٨٢) سەرنجی شەفیعی کەدکنی زیاتر بەلای جۆرێك لە پێکهاتە عەتفییەکانەوە چووە کە دووبارەبوونەوەی بزوێنیشیان تیادایە. ئەو چەند جۆرێك لەم پێکهاتانە لەپێنج کۆمەڵەدا پۆلبەندیدەکات و جۆرەکانیان لەیەکتر جیا دەکاتەوە (← ك ٢، ل ٢٨٥ – ٢٨٦). ئەنجا لەشوێنێکی دیکەدا ئاماژە بۆ گشت پێکهاتە عەتفییەکان دەکات و دەڵێت (← ك ٢، ل ٢٨٠ی پەراوێز):

---

1- constraint.

[ بەیەکێك لە خوێندکارەکانم گوت، کە دەیخواست لەگەڵ مۆسیقای شیعر لەدەرەوەی چەمکە عەرووزییەکەی ئاشنابێت: بچۆ لە هەموو تاران و لەم سەر تا ئەو سەری ئێران بگەڕێ، بزانە شوێنێك دەدۆزیتەوە نووسرابێت (قلوە، دل و جگر) ... لە هەموو شوێنەکان دەنووسرێت (جگر، دل و قلوە) ].

سەیرەکە لەوەدایە کە ئەگەر بمانەوێت (دل) لەگەڵ (جگر) یا (قلوە) بەکاربەرین، دیسانەوە تەنیا دوو پێکهاتەی (دل و جگر) و (دل و قلوە) بوونەتە باو. ئەو مەسەلەیە کە شەفیعی کەدکنی وەکو دەلیلێك لەپێناو گونجانی مۆسیقایی هێناویەتەوە، وەکو جۆرێك لەبەند لە هاونشینیدا ئەژمار دەکرێت. بەلام کەدکنی تێبینییەکی لەو بارە نەداوەتە دەست کە بۆچی ئەم گریمانەیەی (دل و جگر)، جۆرە گونجانێکی ئەوتۆی هەیە کە لە (جگر و دل)دا نییە. ڕەنگە واپێویست بکات لێرەدا باسێکی فراوانتر لەبارەی پێکهاتە عەتفییەکان بخرێتەڕوو بۆ ئەوەی ڕوونبێتەوە کە جۆرە پابەندبوونێك لەو نێوانەدا هەیە.

واپێدەچێت کە شیکردنەوەیەکی لەم بابەتە بتوانێت ببێتە سەنگی محەك بۆ تاقیکردنەوەی گریمانەیەکی لەو جۆرە، کە زیادەکردنی ڕێسا سنووردارییەکی زیاتری بۆ هاونیشنکردنی وشەکان لەناو خۆیاندا تێدایە و هەر ئەمەشە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە هاوسەنگی لە یەکەکانی زمانیی گەورەتر، لەئاست یەکەکانی بچووکتردا دووپاتبوونەوە و هاتنەوەیەکی کەمتریان هەبێت.

### ١/٣/١٠ بەند لەپێکهاتەی عەتفییەکاندا

لەم بەشەدا لەهەوڵی ئەوەدادەبین تا لەڕێگەی پێکهاتەیەکی ڕێزمانی بەناونیشانی (پێکهاتەی عەتفی)، ئاماژە بۆ جۆرێك لەزیادکردنی ڕێسا لە هۆنراودا بکەین و، ئەوە ڕووبێتەوە کە ئەم جۆرە لە زیادکردنە ڕێسا تایبەتە، چۆن کار دەکات و چ

سنووردارییەکیش هاورێتی دەکات. ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بە فۆرمگەلێك کە جۆرێك لە هاونشینی لەتەك یەکتریدا پێکدەهێنن و ناوبەندی / ە / بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، کە لە سەر تەوەری جێنشینی وەکو پێکهاتەیەکی لێکدراو وەردەگیرێن و جێگۆڕکێی ریزبەندیشیان، لەگەڵ هەستی زمانیی ئاخیوەرانی فارسی نایێتەوە.

لەڕوانگەی ڕێزمانی نەریتییەوە، ئەم چەشنە پەیوەندییە دوو جۆرە ڕیزی جیاواز لە یەکتری لێدەکەوێتەوە، کە یەکێکیان لەژێر ناونیشانی (پاشکۆی ڕەها/ اتباع مطلق) و ئەوەکەی تریان بەناوی (پێکهاتەی عەتفی) لەیەکتری جیا دەکرێنەوە (← ك ٣).

جیاوازی لەنێوان ئەم دووانەدا، پەیوەندی بەواتای هەردوو دانە پێکهێنەرەکەیانەوە هەیە؛ بەشێوەیەك ئەگەر هات و یەکێك لە دوو فۆرمە پێکهێنەرەکەی ئەم پێکهاتەیە بێ واتا بوو، ئەوا پێکهاتەکە بە (پاشکۆی ڕەها) ناودەبرێت و ئەگەر هەردوو فۆرمە لێکدراوەکە خاوەن واتای سەربەخۆ بوون، ئەوا ڕێزە بەدەستهاتووەکە بە (پێکهاتەی عەتفی) ناودەبرێت. (← ك ٣، ل ٩٣) بەم شێوەیە لەنێوان نموونەگەلێکی (پاشکۆی ڕەها) لەوێنەی (چك و چانە)، (تك و توك) هاوشێوەکانیان، هەروەها (پێکهاتەی عەتفی) لەوێنەی (خار و خاشاك)، (خواب و خیال)، (رفت و روب) هاوچەشنەکانی دەتواندرێت جیاوازی بکرێت.

لەم باسە کورتەماندا و بەمەبەستی وەدەستهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو، کە پاساوێکیشە بۆ باوبوونی ئەم کلێشەگەلە، کۆمەڵێك پێکهاتەی عەتفی باوی فارسی، کە بریتین لە ٣٠٠ پێکهاتە وەردەگرین (← ك ٥، ل ٧٨). لەو نێوەدا پێکهاتەی عەتفی ناوە تایبەتەکان لەوێنەی (رستم و سهراب) یا (ویس و رامین) و هی تر، هەروەها پێکهاتەی عەتفی ژمارەکانیش، کە ژمارە پلە بەرزەکە بەهۆی ناوبەندی /ە/ بەژمارە پلە نزمەکە گرێدەدرێتەوە، وەکو (پنجاه و هفت) یا (صد و بیست و سه) و هی تر، لەبەرچاو نەگیراون.

لەوەوە کە پێکهاتە عەتفییەکان لەزمانی فارسیدا بەزۆری لەدوو دانەی سەربەخۆ پێکهاتوون[1]، کە بەهۆی ناوبەندی /ە/ وە بەیەکەوە بەستراونەتەوە، دەتوانین بنیاتی گشتی پێکهاتە عەتفییە دوو دانەییەکان بەم شێوەیە نیشانبدەین:

[ أ ] - /ە/ - [ ب ]

أ و ب لە فارسیدا بە دوو وشەی سەربەخۆ دەژمێردرێن. لەنێوان ٣٠٠ پێکهاتەی عەتفی نەخشە زمانییەکەدا (پیکرەء زبانی)، بوونی وشەگەلێکی چوار بڕگەیی و زیاتر نابیندرێت؛ بەو پێیە ئەگەری ئەوە لەئارادا هەیە کە هەر یەك لە أ و ب بتوانن لەیەك تاوەکو سێ بڕگەیی بن. بنیاتی بڕگەیی پێکهاتە عەتفییەکان لەفارسیدا دەکرێ لە چەند ڕێسایەکدا بخرێنەڕوو:

١) آ یەك بڕگەیی؛ ب یەك بڕگەیی.

[ CV (C) (C) ] - / ە / - [ CV (C) (C) ]

تو و من؛ افت و خیز؛ آب و تاب؛ آب و رنگ؛ اسم و رسم؛ ارج وقرب و هی تر.

٢) آ یەك بڕگەیی؛ ب دوو بڕگەیی

[ CV (C) (C) - CV (C) (C) ] - / ە / - [ CV (C) (C) ]

ما و شما؛ آب و جارو؛ باز و بستە؛ جشن و سرور؛ تیر و کمان؛ خرد و خمیر؛ خوار و خفیف و هی تر.

٣) آ یەك بڕگەیی؛ ب سێ بڕگەیی

[ CV (C) (C) - CV (C) (C) - CV (C) (C)] - /ە/ - [CV (C)(C)]

[1] ژمارەیەکی کەم لەپێکهاتەی عەتفی سێ دانەیی لەفارسیدا بەکاردەبرێت؛ لەنموونەی ((گوش و حلق و بینی)). زۆرێك لەپێکهاتە عەتفییە سێ دانەییەکان، زیاتر لەڕێگەی ئەدەبیاتەوە هاتوونەتە نێو زمانی ڕۆژانە؛ لەوێنەی ((شمع و گل و پروانە و بلبل))، ((ابرو باد و مە و خورشید و فلك)) و هی تریش.

حق و حقیقت؛ ارج و منزلت؛ رمل و اسطرلاب؛ شور وهیجان؛ در و همسایه و هی تر.

٤) آ دوو بڕگەیی؛ ب یەك بڕگەیی

شیمانەی ڕوودانی ئەم بنیاتە لەنەخشە زمانییەكەدا بەدیناكرێت.

٥) آ سێ بڕگەیی؛ ب یەك بڕگەیی

شیمانەی ڕوودانی ئەم بنیاتە لەنەخشە زمانییەكەدا بەدیناكرێت.

٦) آ دوو بڕگەیی؛ ب دوو بڕگەیی

[ CV (C)(C) - CV (C)(C) ] - /ه/ - [ CV (C) (C) - CV (C)(C)]

نشست و برخاست؛ كوسه و ریش پهن؛ ادا و اطوار؛ افراط و تفریط و هی تر.

٧) آ دوو بڕگەیی؛ ب سێ بڕگەیی

[ CV (C) (C) - CV (C) (C) ] - /ه/ - [ CV (C) (C) - CV (C) (C)

[ CV (C) (C) - CV

ساخته و پرداخته؛ تعلیم و تربیت؛ سلام و صلوات؛ ضرر و منفعت؛ سرخاب و سفیداب و هی تر.

٨) آ سێ بڕگەیی؛ ب دوو بڕگەیی

[ CV (C) (C) - CV (C) (C) - CV (C) (C) ] - /ه/ - [ CV (C) (C) - CV (C) (C)

[ CV (C) (C) - CV

آفتابه و لگن؛ دایره و تنبك.

٩) آ سێ بڕگەیی؛ ب سێ بڕگەیی

شیمانەی ڕوودانی ئەم بنیاتە لەنەخشە زمانییەكەدا بەدیناكرێت. بەگوێرەی ئەو ئامارەی كە لە كۆی ٣٠٠ پێكهاتەی عەتفی كە بە ناونیشانی نەخشە زمانییەكە وەرگیراوە، تەنیا دوو پێكهاتەی (آفتابە و لگن) و (دایرە و تنبك) نوێنەرەوەی بنیاتی بڕگەیی

گـەورەتری آ لەبەرامبـەر ب دایـە. لـە ۲۹۸ پێکهاتـە پاشماوەکـەدا واتـە ڕێژەی ۹۹.۳٪ پێکهاتە عەتفییەکان، یا ئەوەتا ژمارەی بڕگەکان لـە آ دا کـەمتزن لـە ب (٦٤.٢٪) یـا ژمـارەی بڕگـەکان لـە آ و ب دا یەکسـانن (٣٥.١٪). (← ك ٥، ل ١٢٤).

بنیاتی وشەیی پێکهاتە عەتفییەکان پابەندی یـەکێك لـەم حـەوت ڕێسایەی خوارەوە دەبێت:

١) [ قەدی ڕانەبردوو ] + /ە/ + [ قەدی ڕانەبردوو ]
گیر و دار؛ سوز و گداز

٢) [ قەدی ڕانەبردوو ] + /ە/ + [ قەدی ڕابردوو ]
بند و بست

٣) [ قەدی ڕابردوو ] + /ە/ + [ قەدی ڕانەبردوو ]
جست و خیز؛ رفت و روب؛ گفتو گو؛ جست و جو

٤) [ قەدی ڕابردوو ] + /ە/ + [ قەدی ڕابردوو ]
نشست و برخاست؛ گفت و شنود؛ رفت و آمد؛ آمد و شد

٥) [ ناو ] + /ە/ + [ ناو ]
باد و باران؛ باغ و بستان؛ ادا و اصول؛ آب و نان؛ آب و خاك

٦) [ قەید ] + /ە/ + [ قەید ]
زیر و رو؛ زیر و زبر؛ پشت و رو

٧) [ ئاوەڵناو ] + /ە/ + [ ئاوەڵناو ]
تلخ و شیرین؛ تر و خشك؛ تر و تازە

لـە ١٠٠٪ی ئـەو پێکهاتـە عەتفییانـەی وەرمـانگرتوون، جگـە لـە یـەکێتی ناونیشـانی ڕێزمانییـان، پەیوەنـدی واتـایی لە نێـوان آ و ب دا ڕوون و ئاشـکرایە: ١٨.٦٪ بەرامبـەری واتـایی، ٣٨٪ هاوواتـایی و ٤٣.٤٪

وێکراهــاتنی واتــایی[1] (هــم آیــی معنــایی). بەســەرنجدان لــەو تایبەتمەندیانە، سەبارەت بەپێکهاتە عەتفییەکانی فارسی دەتوانـدرێت ئاماژە بۆ سێ پێوەر بکرێت. ئاراستەی پێکهاتە عەتفییەکان لەفارسیدا بەمجۆرەیە:

أ) آ و ب لەلایەنی واتاییەوە بەیەکەوە پەیوەستن.
ب) آ و ب یەك ناونیشانی ڕێزمانیان هەیە.
پ) ئەو ئەندامەی کە بنیاتێکی بڕگەیی کورتتری هەیە، لە شوێنی آ دا دەبێت.

دوو پێوەرەکـەی آ و ب هـیچ ڕۆڵێـك لـە ڕیزبەنـدیی ئەندامـەکانی پێکهاتەکـەدا نـاگێڕن. ئەگـەر هـات و پێـوەری پ لەبەرچـاو نـەگیرێت، دەبـێ ئـەوە قبـوڵ بکرێـت کـە گریمـان هـەردوو پێکهاتـەی ((جمـع و تفریق)) و ((تفریق و جمع)) بەیەك ئەندازە مایـەی پەسـند بـن، بـەم پێیـە پێـوەری واتـایی آ و پێـوەری وشـەیی ب لەبنـەمادا وەکو جۆرێـك لەسنووربەندی هەڵبژاردن دەژمێردرێـت، کـە لـە بنچینەدا بەتـەوەری جێنشـینییەوە گرێـدراوە؛ بـەڵام پێـوەری پ جۆرێکـە لـە زیـادکردنی ڕێسـا، ئـەنجا لـەپێناوی پاراسـتنی گونجـانی مۆسـیقایی، خـۆی لەسـەر تەوەری هاونشینی و ڕیزبەندی وشەکان جێگیر دەکات. لـەبارودۆخێکی وەهـادا ئەگـەر بمانـەوێت کـەلك لـەجۆرێك لـە هاوسـەنگی دەنگـیش وەربگــرین، بەنموونــە وەك دووبارەبوونــەوەی نــەبزوێنی ســەرەتا لەهـەردوو وشـەکەی آ و ب دا، ئـەوە ڕێسایەکی دیکـەش دەچـێتە سـەر ئەو ڕێسایانەی کەوا پێشتر هەن. چونکە سەرەتا دەبێ دوو وشە لەسەر ڕووی تەوەری جێنشینی هەڵبژێردرێت کە لەلایەنی واتاییەوە لەگەڵ

[1] لەجوانکاری نەریتیـدا، لەبەرابـەر زاراوەی ((بـاهم آیـی معنـایی/ وێکراهـاتنی واتـایی)) واتـە بـەکاربردنی وشـەکانی وەکو ((ابـر))، ((بـاد))، ((مـاه))، ((خورشـید)) و هـی تـر لەپاڵ یەکتریدا، سوود لەزاراوەی ((چاولەیەك/ مراعات النظیر)) وەردەگیرێت.

یەکتریدا هاوپەیوەند بن؛ دووەم ئەوەیە کە دەبێت هەمان ناونیشانی ڕێزمانیان هەبێت؛ لەپاشاندا بژاردن لە نێوان وشەگەلێکدا بکرێت کە لێکچوونی نەبزوێنی سەرەتایان هەبێت؛ جگە لەوانەش، ئەگەر یەکێك لە دوو وشەکە بنیاتێکی بڕگەیی کورتتری هەبوو، پێویستە لە سەرەتای پێکهاتەکەدا بەکاربرێت.

بەم پێییە وادیارە دەتوانین بڵێین، کە لەنێوان ژمارەی ڕێسا کارپێکراوەکانی سەنعەتێکی هۆنراوەیی و ژمارەی دووپاتبوونەوە و ڕوودانی ئەو سنعەتەدا ڕێژەیەکی پێچەوانە هەیە[1].

تاوەکو ئێرە ئەوە ڕوونکرایەوە کە پاراستنی گونجانی مۆسیقایی لە پێکهاتە عەتفییەکاندا پابەندی جۆرێك لەزیادەکردنی ڕێسای دەنگییە؛ بەڵام وادیارە کە هەر زیادکردنێکی ڕێساش خاوەن هاوسەنگییەکی تایبەتە، چونکە لەکاتی ئامادەبوونی زیادکردنی ڕێسایەکی بەهێزتر، زیادکردنە ڕێسا لاوازەکە، توانای خۆ سەپاندنی خۆی لەدەستدەدات. بۆ ڕوونکردەی ئەم بابەتە، پێکهاتەیەکی عەتفی وەکو ((دل و دین)) بە نموونە وەردەگرین. لەسەرەتادا وادیارە کە پێکهاتەیەکی وەکو ((دل و دین))، لانی کەم لە ڕوانگەی هەستی زمانیی نووسەری ئەم دێرانەوە، لەئاست ((دین و دل))دا، خاوەنی گونجانێکی مۆسیقایی زیاترە. نموونەکانی (١٧٦) تا وەکو (١٨٠) دەکرێ بەڵگەیەك بن بۆ ئەم بۆچوونە:

(١٧٦) از بدان نیك ترس خاقانی
تا دل و دین تو تبە نکنند (خاقانی)

(١٧٧) دل و دینم شد و دلبر بە ملامت برخاست
گفت با ما منشین کز تو سلامت برخاست (حافظ)

---

[1] ئەم گریمانەیە بەشێوەیەکی ئاسایی سەبارەت بەداهێنانی پێکهاتە هونەرییەکان دروستە، بەڵام نەك لاساییکردنەوە کلێشەییەکانی دواتری.

(١٧٨) حافظ افتادگی از دست مده زانکه حسود
عرض و مال و دل و دین در سر مغروری کرد (حافظ)

(١٧٩) کس به امید وفا ترك دل و دین مکناد
که چنانم من از این کرده پشیمان که مپرس (حافظ)

(١٨٠) زاهد از ما به سلامت بگذر کاین می لعل
دل و دین می برد از دست بدان سان که مپرس (حافظ)

(١٨١) دل و دینم، دل و دینم ببرده ست
بر و دوشش، برو دوشش، برو دوش (حافظ)

(١٨٢) گر بدانم که وصال تو بدین دست دهد
دل و دین را همه در بازم و توفیر کنم (حافظ)

جوانیەکە لێرەدایە کە هۆنەرانی نموونەکانی (١٨٣) و (١٨٤) لەپێناوی پاراستنی گونجانی مۆسیقایی فراوانتر، چاو لەم گونجانەی ((دل و دین)) دەپۆشن و بەشێوەی ((دین و دل)) بەکاریدەهێنن:

(١٨٣) گر شما دین و دلی دارید و از ما فارغید
مانه دین داریم و نه دل، وز شماهم فارغیم (خاقانی)

(١٨٤) مغبچەای می گذشت راهزن دین و دل
در پی آن آشنا از همه بیگانه شد (حافظ)

بەم پێیە، ڕەنگە بتوانین بڵێین کە دووپاتبوونەوە و ڕوودانی هەر زیادکردنێکی ڕێسا وابەستەیە بە توانای بەرپاکردنی گونجانی مۆسیقایی و توانای بالادەستی ئەم زیادکردنی ڕێسایە، ڕەنگە هەر بۆ خاتری ئەمەیش بێت کە شاعیر لەکاتی پەنابردنی بۆ سنعەتگەلێکی وەکو پێچان و کردنەوە، دابەشکردن، ژمێرە و هاوسەنگییە ڕێزمانییەکانی دیکە، کۆشش لەپێناوی ئەوەدا دەکات کە سوود لە

هاوسـەنگییە وشـەییەکان و لـە دوایـیش لەبەشـێك لـە هاوسـەنگییە دەنگییەکان وەربگرێت، تـاوەکو گونجـانێکی مۆسـیقایی زۆرتـر لەئاسـت کێشدا بەدیبهێنێت؛ چونکە ئەگەر وانەبێت ئـەوا گونجانـە مۆسـیقاییە بەدەسـتهاتووەکە هـەموو دەکەوێتـە ژێـر دەسـەڵاتی کێشـەکە و ئـەو سـنعەتەش کـە بـەکار بـراوە ڕۆڵێکـی جوانکـاری نابێـت. بـەم جـۆرە، دەتوانـدرێت وێنـای ئـەوە بکرێـت کـە ئـەو زنجیرەپلانـەی لـە ٢/١٠ دا خراونەتەڕوو، جیاواز لە مەسەلەی پێداویستی ڕوودانیـان، لەڕوانگـەی توانـای باڵادەسـتیش لەبـەرپاکردنی گونجـانی مۆسـیقاییەوە بەڕاسـت بزاندرێت.

## ٤/١٠ توانای باڵادەستی سنعەتەکان

لە بڕگەی ١/٣/١٠ دا ئاماژە بۆ جۆرێکی زیادکردنی ڕێسا لەپێکهاتە عەتفییەکان کـراو، لـەدوو تـوێی باسەکەشـدا واهـاتووە کـە هـەر جـۆرە هاوسەنگییەك توانایەکی تایبەتی لەبەرپاکردنی گونجانی مۆسـیقاییدا هەیـە؛ چـونکە بـۆ نموونـە، ئەگەرچـی پێکهاتـەی عـەتفی پابەنـدی ڕێسـاگەلێکی تایبـەت بەخۆیـەتی، بـەڵام لـەپێناوی پاراسـتنی کێشـدا دەکرێ چاوپۆشی لەڕێسای ڕیزبوونی ئەندامەکانی بکرێت.

بـەم پێیـە دەتـوانین وایـدانێین کـە کـێش وەکـو یـەکێك لـە فاکتەرەکانی بەرپاکردنی گونجانی مۆسیقایی توانایەکی زۆرتری هەیە، بەهۆی ئەم توانایەوەش خۆی بەسەر ئـەو ڕێسایانەدا دەسـەپێنێت کـە کارکردێکی سنووردارتریان هەیە.

لـەم بڕگەیـەدا هەوڵـدەدەین ئـەوە ڕۆشـنبێتەوە کـە هـەر یـەکێك لـەجۆرەکانی سێ لایەنـەی هاوسـەنگی دەنگـی و وشـەیی و ڕێزمـانی و ژێرخانـەکانیان، چ توانایـەکیان لەبـەرپاکردنی گونجـانی مۆسـیقاییدا هەیە و، یا بەگوتەیەکی ڕوونتر چ سنعەتێك لـە پەیـدابوونی هۆنراودا دەتوانێت خۆی بەسەر سنعەتێك، یا سنعەتگەلێکی دیکەدا بسـەپێنێت.

باسەکەمان بەهێنانەوەی نموونەکان (١٨٥) تاوەکو (١٨٧) دەستپێدەکەین:

(١٨٥) و به آنان گفتم

هرکه در حافظهء چوب ببیند باغی

صورتش در وزش بیشهء شور ابدی خواهد ماند (سهراب سپهری)

(١٨٦) با مدعی مگویید اسرار عشق و مستی

تا بی خبر بمیرد در درد خودپرسی (حافظ)

(١٨٧) این خرقه که من دارم در رهن شراب اولی

وین دفتر بی معنی غرق می ناب اولی (حافظ)

نموونەی (١٨٥) خاوەن کێشە، بەڵام سەروا و پاش سەروای نییە. لەنموونەی (١٨٦)دا شاعیر کەلکی لە کێش و سەروا وەرگرتووە و لەنموونەی (١٨٧)دا کێش و سەروا و پاش سەروا سوودیان لێوەرگیراوە. لێرەدا ئەگەر بێنینە بەرچاومان کە شاعیر لە نموونەکەی (١٨٥) بەهەر هۆیەك بێت خۆی پابەندی هێنانەوەی سەروا و پاش سەروا بکردایە، ئەوا توانای بژاردەکانی ئەو لەسەر تەوەری جێنشینی و، لەپاڵ یەکتر ڕیزکردنی وشەکان لەسەر تەوەری هاونشینی بۆ ڕەچاوکردن و پاراستنی کێش سنووردار دەبوو. بەو واتایەی کەوا:

و به آنان گفتم [ تن فعلاتن فعلاتن فعلن ]

هرکه در حافظهء چوب ببیند باغی [ تن فعلن ]

ئەوانەی لەناو کەوانەکاندا هاتوون، درێژەپێدانی کێشەکەیە، تاوەکو لە کۆتاییدا بتوانێت کێشی نیوە دێری سێیەم واتا ((فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)) بەردەوام بێت.

ئەم پابەندبوونە لەکاتی هەڵبژاردنی سەروادا لەنموونەی (١٨٦)دا دیسان ئاشکرایە؛ چونکە شاعیر بەناچاری پێکهاتەیەکی بۆ سەروا لەبەرچاوگرتووە تاوەکو نیوەدێرەکەی هەموو لە کێشی ((مستفعلن

فعولون مستفعلن فعـولن)) تێنەپـەڕێت جا ئەگـەر لەنموونـەی (١٨٦)دا پێکهاتـەی ((مسـتفعلن فعـولن)) وەکـو یەکەیـەك وەربگـرین و بـەبێ ڕەچـاوکردنی واتـا جێگۆڕکـێ بەوشـەکان بکـەین، ٢٣ شـیمانەی هاونشـینیمان دەسـتدەکەوێت؛ کـە نموونـەکانی (١٨٨) تـا (١٩٢) چـەند وێنەیەکیانە:

(١٨٨) با مدعی مگویید تا بی خبر بمیرد
اسرار عشق و مستی در درد خودپرستی

(١٨٩) با مدعی مگویید در درد خودپرستی
تا بی خبر بمیرد اسرار عشق و مستی

(١٩٠) اسرار عشق و مستی با مدعی مگویید
تا بی خبر بمیرد در درد خودپرسی

(١٩١) اسرار عشق و مستی تا بی خبر بمیرد
با مدعی مگویید در درد خودپرسی

(١٩٢) اسرار عشق و مستی در درد خودپرسی
با مدعی مگویید تا بی خبر بمیرد

هەموو ئەو نموونانەی بەدەستهاتوون لە (١٨٨) وە تا (١٩٢) هـەمان کێشیان هەیە، بەڵام گونجانە مۆسیقاییەکانیان یەکسان نییە، بۆ وێنـە، وا بەدیاردەکەوێت، لانـی کـەم لـە سۆنگەی هەسـتی زمـانیی نووسـەری ئـەم دێرانـە، نموونەکـەی (١٨٩) لەئاسـت (١٩١)دا گونجـانێکی مۆسـیقایی زیاتری هەیە. بەو پێیە وادیارە کە سەروا لەدوای کێش، لەبەرپاکردنی گونجانی مۆسیقاییدا پشکێکی زیاتری هەیە، چونکە لەنموونەی (١٨٩)دا جیاواز لە نموونەکانی وەکو (١٩٠) و (١٩١) سەروا پـارێزراوە، نیـوەدێری یەکـەمی نموونـەی (١٩٢) خـاوەن سـەروای ناوەکییـە و لـەکۆتایی هـەر ((مستفعلن فعولن))ێك سوود لەسەروا وەرگیراوە؛ بـەڵام لـەم نێوانـەدا

جیـــاوازی لـــەنێوان نموونـــەی (١٨٨) و (١٩٢)دا دیســـان ئاشـــکرایە. بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە لەم بەڵگە هێنانەوەیەدا واتا بەشێوەیەکی گشتی وەلاوە نراوە، وا دەردەکەوێت کە خوێنەر نموونەکەی (١٨٨)ی پێ تـەواو بێـت، بـەڵام لەنموونـەی (١٩٢)دا لـەدوای خوێندنـەوەی دێڕەکـە عەودالی دێڕێکی دیکەیە[1]. ڕەنگە هەر لەو سۆنگەیەشەوە بێت کە لە هەموو جۆرەکانی شیعری فارسیی نەریتی، هێنانەوەی سەروا لەکۆتایی دێـردا وەکـو پابەنـدبوونێك بـووە، بـەڵام پابەنـدبوونێکی لـەو جـۆرە لەکۆتایی نیوەدێڕەدا نەبووە.

بـەم پێیـە وادیـارە دەتـوانین بڵـێین کـە سـەروا لـەدوای کێشـدا، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر پاراستنی گونجانی مۆسیقایی هۆنـراودا هەیـە، بـەڵام لەئاسـت کێشـدا توانـای باڵادەسـتییەکی کـەمتری هەیـە، چـونکە چوارچـێوەیەکی کـارکردی بچـووکتری لەبەردەمـدا هەیـە. لەنموونەکـەی (١٨٧)دا مەسـەلەکە کـەمێك ئـاڵۆزترە، چـونکە لـەدوای وشەسەرواوە پاش سەرواش هاتووە.

لەپێشەوە و لەبەشی هەشتەمدا ئاماژە بـۆ پـاش سـەرواکرا، وەکـو جۆرێك لەهاوچەشنی دەنگی تەواو کە لـە ئاسـتی هاوسـەنگی وشـەییدا شیاوی لێکۆڵینەوەیە. شەفیعی کەدکنی بەشێکی لە کتێبەکـەی خۆیـدا، مۆسیقای شیعر، بۆ لێکۆڵینەوەی پاش سەروا تـەرخانکردووە و جـوانی و خەوشەکانیشـی دەستنیشـانکردووە ( ← ك ٢، ل ١٢٣ – ١٦١). ئـەو

[1] تاقیکردنەوەیـەکی ئـەم مەسـەلەیە لەبابـەتی ((شـێوازگەری هـۆنراو)) لـەخولێکی بەکالۆریۆسی زمان و ئـەدەبیاتی فارسی لەلایـەن نووسـەرەوە ئەنجامـدراوە. سـەیرەکە لێرەدایە کەوا خوێندکارەکان بێ ئەوەی هەستبکەن کە ئەم دێرانە دەستکردن کەوتنە لێکدانەوەی هەردوو دێرەکە و ٩٢٪ یان ڕایان وابوو کە واتای نموونەکەی (١٨٨) تەواوە. بەڵام بۆ واتاکردنـەوەی نموونـەی (١٩٢) پێویسـتە دێرێکی دیکـە هـەبێت. ئـەو ٨٪ کـە دەمێنێتـەوە دێـرە ڕەسـەنەکەی حافیزیـان نووسـیبووەوە و هـیچ سـەرنجێکی کـەیان دەرنەبڕیبوو.

لەمیانـەی باسـکردن لەزیانـەکانی پـاش سـەروا گوتویـەتی (←ك ٢، ل ١٤٣): (زیانەکانی پاش سەروا هەمان زیانـەکانی سـەروایە بەتـەوژمێکی زیاتریش؛ واتە ئەو سنووربەندییەی کە سـەروا دروسـتی دەکـات، پـاش سەروا دووقاتی دەکاتـەوە). بـەم پێیـە شـەفیعی کـەدکنی بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ ئامـاژە بـە توانـای باڵادەسـتی پـاش سـەرواکان لـەدوای باڵادەستی سەروادا دەکات. ئەو لەجێگەیەکی دیکەشدا لەسەری دەڕوا و دەڵێ (← ك ٢، ل ١٤٣): (هەندێ جار زۆر لـەپاش سـەروا لای شـاعیرانی کۆن، بەواتایەکی ورد، وەڵام دەرەوە نین، واتا لەجێگەی خۆیاندا نین و تەنیا بۆ پڕکردنەوە هاتوون، لەوێنەی وشەیەك بۆ تـەواوکردنی کـێش و پەیوەستبوون لەگەڵ پاش سەرواکانی تردا پێویستبوون).

وادیـارە کـە پـاش سـەروا ناتوانێـت ببێتـە جێگـرەوەی سـەروا، جا ئەگەر ئەوەمان پەسەندکرد کە پاش سەروا بەشێکی دیارکراو لەکێشـی شـیعر بـۆ خـۆی گلدەداتـەوە و پـاش لابردنیشـی نابێـت هاوسـەنگی بەرهـەمهاتوو لەکێشـدا خەوشـدار ببێـت. بەجـەختکردن لەسـەر ئـەو مەسەلەیە کە لێرەدا واتـا بەئەنقەسـت لەبەرچـاو نـەگیراوە، ئـەو پـاش سەروایەی کە لە نموونەی (١٨٧)دا هەیە لایدەبەین:

(١٩٣) این خرقه که من دارم در رهن شراب

وین دفتر بی معنی می ناب

بـەلابردنی پـاش سـەروای (اولی) لەنموونـەی (١٨٧)دا کێشـەکە لـە ((مفعولُ مفاعیلن مفعولُ و مفـاعیلن)) کـورت دەبێتـەوە بـۆ ((مفعـولُ مفاعیلن مفعولُ و مفا)). بـەڵام پاشمـاوەی نیوەدێرەکـانی تـر کـە پـاش سەرواکانیان لابراوە بەهاوکێشی دەمێننـەوە. جگـە لـەوەش، هـەبوونی سەروا بنیاتە هۆنراوەییەکەی پاراستووە[1].

---

[1] لەم بارەیەوە تاقیکردنەوەیەکی دیکەش ئەنجامدرا، بـەو جـۆرەی کـە نموونەکـەی (١٨٧) بەم شێوەیە درا بە خوێنکارەکان: ((این خرقه که من دارم در رهن شـراب/ ویـن دفـتر

شــەفیعی کــەدکنی لــەکاتی هێنانــەوەی نموونەیــەك لەحــەزینی لاهیجی، بەکارهێنانی پاش سەروای ((هنـوز)) لەنموونـەی (١٩٤)دا هـەر بۆ پڕکردنەوە (حەشو) دادەنێت:

١٩٤) ز ترکتازی آن نازنین سوار هنوز

مرا غبار بلند است از مزار هنوز (حزین لاهیجی)

بــەکاربردنی زاراوەی (حشـو) لــەکاتی لێکۆڵینــەوە لەنموونەکــەی (١٩٤)دا، ئـەوە بـەدیاردەخات کـە کـەدکنیش دان بـەوەدادەنێت کـە ئـەم دێرە بەبێ پاش سەرواکەشی هەر تـەواوە (← ك ٢، ل ١٤٣). بـەم پێیـە وادەردەکەوێ کە بتوانین بڵێین؛ پاش سەروا ڕۆڵی لەپاراستنی گونجانی مۆسیقاییدا هەیە، بەڵام لەژێر باڵادەستی سەروادایە.

شەفیعی کەدکنی لەکاتی باسکردن لـەبارەی جۆرەکانی مۆسـیقای شـیعر، ئامـاژە بـۆ چـوار جـۆری مۆسـیقای؛ دەرەوە (کـێش)، مۆسـیقای کـەناری (سـەروا و پـاش سـەروا)، مۆسـیقای نـاوەوە (ڕەگەزدۆییـەکان، سەرواکانی نـاوەوە، دووبارەکـاری وشـەیی) مۆسـیقای واتـایی (دژەیـەك، طبــاق، مراعــات الــنظیرو هــی تــر) دەکـات (←ك ٢، ل ٢٧١). ئـەوەی بەناونیشانی مۆسیقای واتایی خراوەتەڕوو، پەیوەندی بـە بابـەتی ئـەم کورتــە باســەی ئێمــەوە نییــە، چــونکە پەیوەســتە بــەواتاو نــاواخنی زمانەوە کە لە چوارچێوەی (شـیعر)دا شیاوی لێکۆڵینەوەیـە. لـەنێوان

---

بی معنی غرق می نـاب اولی)). لـەکۆی ٤٣ خوێنـدکاری ئامـادە لـە پۆلەکـە، ١٥ کەسـیان شـێوەی ڕەسـەنی دێرەکـەیان دەزانـی و جـەختیان لەسـەر ئـەوە کردبـوو کـە پێویسـتە لــەکۆتایی نیــوەدێری یەکەمــدا وشــەی ((اولی)) زیادبکرێــت، ٢٥ یــان کــە دێــرە ڕەسـەنەکەیان نـەدەزانی لـەو بـاوەڕەدابوون کـە وشـەی ((اولی)) لـەکۆتایی نیـوەدێری دووەمــدا زیادەیــە. بــەڵام بەداخــەوە لــەو نێــوەدا ٣ کــەس ((اولی))یــان بەشــێوەی /awali?/ خوێندبۆوە، بەڵام هەر ئـەم کۆمـەڵی سێیەمەش جـەختیان لەسـەر ئـەوە کردبوو کە دەبێ ((اولی)) کۆتایی نیوەدێری دووەم لاببرێت.

سێ جۆرەکەی تری مۆسیقای شیعردا، دەرەکی، کەناری و ناوەکی، کە بە هۆکارگەلی پەیدابوونی هۆنراو دەژمێردرێن، ئەوە ڕوونکرایەوە کە مۆسیقای دەرەوە، بە واتایەکی تر واتە کێش، باڵادەستی بەسەر مۆسیقای کەناری، واتە سەرواو پاش سەروادا هەیە:

مۆسیقای دەرەوە > مۆسیقای کەناری

مۆسیقای کەناری هەردوو سنعەتی سەروا و پاش سەروا دەگرێتەوە و وەکو زانیشمان سەروا لەئاست پاش سەروادا باڵادەستییەکی زۆرتری هەیە لە بەرپاکردنی گونجانی مۆسیقایی، واتە:

کێش > سەروا > پاش سەروا

لە لێکۆڵینەوە کۆنەکاندا بەشێوەیەکی گشتی، لەکاتی هێنانەوەی پێناسەیەك بۆ سەروا و پاش سەروا، سەرەنج خستنەسەر شوێنی کۆتایی دێر یاخود نیوەدێر، یەکێك لەگرنگترین پێوەرەکانە، بەڵام سەروا خۆی هەتا پاش سەرواش، لەناو نیوەدێرەکانیشدا دیسان شیمانەی بەکاربردنی هەیە. بۆ نموونە:

(١٩٥) نوبت وصل و لقاست، نوبت حشر و بقاست
نوبت لطف و عطاست، بحر صفا در صفاست (مولوی)

(١٩٦) رندان سلامت می کنند، جان را غلامت می کنند
مستی ز جامت می کنند، مستان سلامت می کنند (مولوی)

(١٩٧) صبح است گلگون تاخته، شمشیر بیرون آخته
برشب شبیخون ساخته، خونش به عمدا ریخته (خاقانی)

لەم هەلومەرجانەدا بەگشتی زاراوەی ((سەروای ناوەوە)) بەکاردەبرێت (← ك ٢، ل ٩٣) کە دەشێ بەهەمان پێوانە زاراوەیەکی

وەکو ((پاش سەرواى ناوەوە))ش بەکاربرێت[١]. لێرەدایە کە ڕەنگە بتواندرێ بگوترێت سەروا و پاش سەرواى ناوەوە، جۆرێك لەبەکاربردنى ئارەزوومەندانەى سەروا و پاش سەروایە. بۆ ئەم مەسەلەیە دەکرێ سەرنج لەنموونەکانى (١٩٨) و (١٩٩) بدرێت:

(١٩٨) بى همگان بەسر شود، بى تو بەسر نمى شود
داغ تو دارد این دلم، جاى دگر نمى شود
دیدەو عقل مست تو، چرخەء چرخ پست تو
گوش طرب بە دست تو، بى تو بەسر نمى شود (مولوى)

نموونەکەى (١٩٨) دیارخەرى کۆمەڵێ دووبارەکارییە کەوا گونجانى مۆسیقایى بەرپاکردووە، بەڵام وادیارە شاعیر خۆى پابەندى دووبارەکردنەوەى سەرواى ناوەوەى نیوەدێر نەکردووە، ئەو مەسەلەیە سەبارەت بە پاش سەرواکەى نموونەى (١٩٩)شدا ئاشکرایە:

(١٩٩) اى نوش کردە نیش را، بى خویش کن باخویش را
با خویش کن بى خویش را، چیزى بدە درویش را
امروز اى شمع آن کنم، بر نور تو جولان کنم
بر عشق، جان افشان کنم، چیزى بدە درویش را (مولوى)

لەنیوەدێڕەکانى یەکەم و دووەمى نموونەى (١٩٩) دا دووبارەبوونەوەى سەروا و پاش سەرواى ناوەوە بەدیدەکرێت، بەڵام شاعیر خۆى پابەندى ئەوە نەکردووە، کە لەنیوەدێڕەکانى سێیەم و چوارەمدا لەهەمان جۆر سوودمەندبێت. بەو پێیە دەشێ ئەوەمان قەبول بێت کە سەروا و پاش سەرواى کۆتایى جۆرێك لە بەکاربردنى بەخورتى (اجبارى) تێدایە، بەڵام بەکارهێنانى سەروا و پاش سەرواى ناوەوە ئارەزوومەندانەیە.

---

[١] - وا دەردەکەوێت کە بەکارهێنانى سەروا و پاش سەرواى ناوەوە، بەلانى کەم لە قالبە نەریتییەکانى شیعرى فارسى تەنیا لەسنوورى کێشەکانى دەورى و چوار پارەدایە.

پێویستە ئەو شیمانەیەش لەبەرچاوبگیرێت کە سەروا و پاش سەروای ناوەوە دەکرێ پێکهاتەیەکی جیای لەگەڵ پێکهاتەی سەروا و پاش سەروای کۆتاییدا هەبێت. دێڕی دووەم لە نموونەی (١٩٨) دا ئەو مەسەلەیە ڕووندەکاتەوە. لەم دۆخەدا سەروا و پاش سەروای کۆتایی باڵادەستی بەسەر سەروا و پاش سەروای ناوەوەدا نییە. بەڵام ئەگەر پێکهاتەی سەروا و پاش سەروای هەردوو لا وەکو یەکبن، ئەوە ڕەنگە بتوانین بڵێین کە توانای باڵادەستی سەروا و پاش سەروای کۆتایی لەتوانای باڵادەستی سەروا و پاش سەروای ناوەوە زیاترە. تاوەکو ئێرە ئەوە ڕوونکرایەوە کەوا کێش و سەروا و پاش سەروا، سەبارەت بە بەرپاکردنی گونجانی مۆسیقایی چ توانایەکیان هەیە. بەڵام جگە لەم دەستەیە، پۆلێکی گەورەش لە هاوسەنگییە دەنگییەکان، کە لە دیدگای شەفیعی کەدکنییەوە کەم و زۆر لەچوارچێوەی مۆسیقای ناوەوەدا دەبن، هەبوونیان لایەنێکی ئارەزوومەندانەی هەیە. هەروەها کەدکنی ئاوڕی لەکۆمەڵێك لەم سنعەتانە داوەتەوە و لەو بارەیەوە دەڵێ ( ك ٢، ل ٣٩٢): (ئەم بەستێنەی دەسەڵاتی مۆسیقایی شیعر، گرنگترین باڵادەستی مۆسیقاییە و نهێنی مانەوە و گونجاوی و بنیاتی جوانیناسی زۆر لەشاکارە ئەدەبییەکان، لەپای هەمان ئەم جۆرە مۆسیقایەدا حەشاردراوە. ڕەخنەکارانی شیعر لە ڕۆشنکردنەوەی ئەم تیشکۆیانەدا سوود لەزاراوەگەلێکی وەکو، خۆش نەوایی[١]، تۆنالیتە[٢]، مۆسیقاییەت[٣]... وەردەگرن و فۆرمالیستە ڕووسەکانیش بە ئورکستراسیون[٤] ناوی دەهێنن). ئەوەی شەفیعی کەدکنی بەناونیشانی خۆش نەوایی ناوی بردووە، لەبنەمادا ئاکامی کۆمەڵێك

---

[1] - euphony.
[2] - tonality.
[3] - musicality.
[4] - orchestration.

لەدووبارەبوونەوەی دەنگییە کەوا ئارەزوومەندانە لەلایەن شاعیرەوە هەڵبژێردراون و لەژێر دەسەڵاتی جۆرەکانی دیکەدا نییە. بەو هۆیەوە ئەم کۆمەڵە هاوسەنگییە، دەشێ وەکو پێوەرێکی گرینگ لەلێکۆڵینەوەی شێوازگەری هۆنراودا وەربگیرێت.

## کتێبنامە


١- باطنی، محمد رضا، توصیف ساختمان دستوری زبان فارسی، تهران، امیر کبیر، ١٣٥٦.

٢- شفیعی کدکنی، محمد رضا، موسیقی شعر، تهران، آگاه، ١٣٦٨.

٣- شعار، جعفر، ((بحثی درباره اتباع))، مجله یغما، س ١٦، ص ٦.

٤- ______، بژوهشی در دستور فارسی، دانشگاه تربیت معلم، ١٣٥٥.

٥- صفوی، کورش، آزادی وبند در واژگان غیر بسیط زبان فارسی، رساله کارشناسی ارشد، دانشگاه تهران، ١٣٥٨.

# بەشی ١١

# پۆلبەندی سنعەتە جوانکارییەکانی هۆنراو

ئەوەی کە لە بەشەکانی ڕابردوودا خرایەڕوو لە بنچینەدا دیارخەری چەند مەسەلەیەك بوو:

أ) تاوەکو ئێستا جیاکارییەکی ڕوون لەنێوان سێ جۆرەکەی ئەدەبدا، واتا شیعر و هۆنراو و پەخشان، لانی کەم لەلێکۆڵینەوە دێرینەکانی ئەدەبی فارسیدا، بەدیناکرێت.

ب) ئەو هونەرەی کە لەژێر ناوی ((جوانکاری))دایە، تا ئێستا ئاراستەیەکی زانستی وەرنەگرتووە و ئاوێتەیەکە لە سنعەتگەلێك، کە هەندێکیان پەیوەندی بە پەخشان و هەندێکیان بەهۆنراو و هەندێکیان بەشیعرەوە هەیە.

پ) زۆرینەی ئەو پێناسانەی لە کتێبەکانی تایبەت بە جوانکاریدا هەن، پێناسەی جامیع و مانیع نین.

ت) هەندێ لەو سنعەتانەی پەیوەندیان بە هۆنراوەوە هەیە، لەوێنەی کێش، سەروا، پاش سەروا، بەشێوەیەکی جیاواز لە تەرزگەلی دیکەی هۆنراوساز، لێکۆڵینەوەیان لەبارەوەکراوە.

ث) بەشێك لە سنعەتە هۆنراوسازەکان لەکتێبەکانی جوانکاری نەریتیدا، ئاماژەیان بۆ نەکراوە.

ج) هەندێ لەو گەمە قسەییانەی کە لایەنێکی جوانکاریشیان نییە، لە دوو توێی کتێبەکانی جوانکاری نەریتیدا هاتوونەتەوە.

چ) بەکارهێنانی زاراوەگەلێکی نامۆ سەبارەت بە جۆرەکانی یەك ناونیشانی ئەدەبی، بۆتە هۆکارێك بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی شاش و ئاڵۆز لەچەند سنعەتێکی دیاریکراو بخرێتەڕوو.

لە بەشەکانی حەفتەم و هەشتەم و نۆیەمدا ئاماژە بۆ سێ جۆری هاوسەنگی کراوە و هەوڵدراوە ئەوە ڕوونبکرێتەوە، کە بنچینەی هەر سنعەتێکی هۆنراوساز چییە و هەر سنعەتێکیش لەسەر کام ئاستی شیکردنەوە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت. لەم بەشەدا هەوڵدەدەین تا سنعەتە هۆنراوەییەکان، لەچوارچێوەی یەك سیستەمی دیاریکراودا

پۆلبەنــدی بکــرێن و ئــەوەی بەگشــتی دەتونــدرێت نــاوی بنرێــت ((جوانکاری هۆنراو))، بیخەینەڕوو.

### ١/١١ بنەماکانی پۆلبەندی

لە بەشەکانی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەمدا ئاماژە بۆ پرۆسەی دووبارەبوونــەوە و ئــەو ئاکامانــەی لێــی دەکەوێتــەوە بەناونیشــانی جۆرەکــانی هاوســەنگی، کــراوە و ئــەوە ڕوونکراوەتــەوە، کــە دووبارەبوونەوە دەکرێ لەئاستی دەنگی و وشەیی و ڕێزمانی بە دوو جــۆری تــەواو و ناتــەواو ئەنجامبــدرێت و کۆمەڵــە ســنعەتێکی لێ سازبکرێت، کە بەتەواوی پەیوەستن بەئاستی ڕووکەشی زمانەوە و وەکو هۆکارگەلێکی پەیدابوونی هۆنراویش ئەژمار بکرێن.

ئەگەر ئەم گریمانەیە مایەی پەسەندی بێت، پێویستە بتوانین هەموو تەرحە هۆنراوسازەکان لەژێر دوو ناونیشانی گشتی (هاوسەنگی ناتــەواو) و (هاوســەنگی تــەواو)دا پۆلبەنــدی بکــەین و ئــەوەش ڕوونبکرێتــەوە، کــە کامــە ســنعەتگەلی جوانکــاری هــۆنراو بــەهۆی دووبارەکاری ناتەواو و، کامە سنعەتگەلیش بەهۆی دووبارەبوونەوەی تەواوی دانەکانی زمانەوە پەیدادەبن.

لـەکاتی پـۆلینکردنی سـنعەتەکاندا، خۆمـان لـە زاراوە داتاشـینی ناپێویسـت بـەدوور گرتـووە، تـەنیا مەگـەر لێکۆڵینـەوە لـەبارەی سنعەتێکەوە بکرێت کە لەمەو پێش نەخرابێتەڕوو یا لە هەندێك مەسـەلەدا نـەبێت، کـە بـەهۆی ژمـارەی دووپاتبوونـەوە و ڕوودانـی لەشیعری نانەریتی فارسیدا لەبەرچاو نەگیرابێت.

پێویسـتە ئـەو مەسـەلەیە ڕەچـاو بکرێـت، کـە بەشـێك لـەو سـنعەتانەی لـەم کورتـە باسـەدا باسـیان لێوەدەکرێـت، خـاوەن پێکهاتەیەکی دەنگین و وەك چۆن بنەماکانیشیان پێکهاتەیەکی دەنگی هەیە، بۆ نموونە (دووبارەبوونەوەی نـەبزوێن) یا (دووبارەبوونـەوەی بـزوێن) لـە بـارودۆخێکی لـەو جـۆرەدان. بەشـێکی دیکـەیان لەوێنـەی

(سەروا)، (سەرواداری) یاخود (ڕەگەزدۆزی) بە ناونیشانگەلێکی خاوەن پێکهاتەی دەنگی دەژمێردرێن کە بنەماکانیان پێکهاتەیەکی وشەییە. سنعەتگەلێکی لەم جۆرە کە لە ڕوویێکەوە وشەیی و مۆرفۆلۆجی و لە ڕوویێکی دیکەدا وەکو دەنگی خۆیان دەنوێنن، لەسەر ئاستی شیکردنەوەی وشەیی - فۆنیمی (مۆرفۆ فۆنیمی)[1] شیاوی باس و لێکۆڵینەوەن. لە کتێبەکانی جوانکاری نەریتیدا، سنعەتەکان بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی وشەدا لێیان کۆڵراوەتەوە و بڕە سنعەتێکیش وەکو (پێچان و کردنەوە) دەبێ بەشێوەیەکی تایبەت لەسەر ئاستی ڕستەدا شیبکرێنەوە و بە یارمەتی پێناسەی واتایی وشەکان ڕوونبکرێنەوە. لەلایێکی دیکە ڕوانگەی نەریتی هەمیشە لە گشتەوە بۆ بەش بووەو؛ بەو هۆیەشەوە ئەو نموونانەی کە تەنیا بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی سنعەتەکان لەپێشدانەوە دەستنیشانکراون، دەهێندرێنەوە و مەرزو سنووری هەر کام لە سنعەتەکانیش دەستنیشان ناکرێت. لێرەدا هەوڵ لەو پێناوەدا دەدرێت، تاوەکو پۆلبەندی سنعەتەکان لە ڕێگەی هێنانەوەی نموونەکاندا، لەناونیشانێکی نەخشەی زمانیدا جێگیر بکرێن بۆ ئەوەی بتواندرێت مەیدانی کارکردی هەر سنعەتێك دیاریبکرێت و لەدواییدا بچینە سەر پۆلبەندیکردنیان.

### ٢/١١ ئەو سنعەتانەی لە دووبارەبوونەوەی دەنگیی تەواو بەدەستدێن

ئەم کۆمەڵە سنعەتە، لە بنەمادا لەڕێگەی دووبارەبوونەوەی تەواوی یەك فۆرمی زمانی پەیدادەبن. لەم بارەوە دەکرێ سەرنجی نموونەکانی (٢٠٠) تاوەکو (٢٢٣) بدەین تا لەم ڕێگەیەوە جۆرەکانیان دەستنیشانبکرێن.

---

[1] - morpho-phonemic level.

(۲۰۰) سلامم را تو پاسخ گوی، در بگشای!
**منم من،** میهمان هر شب، لولی وش مغموم
**منم من،** سنگ تیپاخوردهء رنجور
**منم** دشنامِ پست آفرینش، نغمه ناجور ... (اخوان ثالث)

(۲۰۱) **در کوچه‌های** بزرگ نجابت
**در کوچه‌های** فروبستهء استجابت
**در کوچه‌های** سرور و غم راستینی که مان بود
**در کوچه** باغ گل ساکت نازهایت
**در کوچه** باغ گل سرخ شرمم
**در کوچه‌های** نوازش
**در کوچه‌های** چه شب های بسیار (اخوان ثالث)

(۲۰۲) **چه مهربان بودی** ای یار، ای یگانه‌ترین یار
**چه مهربان بودی** وقتی دروغ می گفتی
**چه مهربان بودی** وقتی که‌پلك های آینه‌ها رامی بستی...
(فروغ فرخزاد)

(۲۰۳) برقص و شهر را پُر های و هو **کن**
به بر دامن بگیر و یك سبد **کن**
ستاره دانه‌چین کن نیك و بد **کن**
نظر بر آسمان سوی خدا **کن**
دعا کن ... (سیاوش کسرایی)

(۲۰٤) آبست و نبیذ **است**
عصارات زیب **است**
سمیه رو سبیذ **است** (یزید بن مفرغ)

(۲۰۵) باتو دیشب تاکجا **رفتم**
تا خدا و آن سوی صحرای خدا **رفتم**
تادیاری که غریبی هاش می آمد به چشمم آشنا **رفتم**
...
پا به پای تو
تا تجرد تا رها **رفتم** (اخوان ثالث)

(۲۰۶) بیا که قصر امل سخت سست بنیاد است
بیار باده که بنیاد عمر بر باد است (حافظ)

(۲۰۷) ای غنچه، عروس باد در پردهء **توست**
ای بادصبا، این همه آوردهء **توست** (سلمان ساوجی)

(۲۰۸) من نه‌تنها می سرایم **شمس دین** و **شمس دین**
می سراید عندلیب از باغ و کبك از کوهسار (مولوی)

(۲۰۹) من **آب آب** و **باغ باغم** ای جان
هزاران **ارغوان** را **ارغوانم** (مولوی)

(۲۱۰) یارمرا، غارمرا، عشق جگر خوار مرا
یار **تویی**، غار **تویی**، خواجه نگهدار مرا (مولوی)

(۲۱۱) ای یار**ما** دلدار **ما**، ای عالم اسرار **ما**
ای یوسف دیدار **ما**، ای رونق بازار **ما** (مولوی)

(۲۱۲) مجنون به‌هوای کوی لیلی **در دشت**
**در دشت** به جست وجوی لیلی می گشت (مشتاق اصفهانی)

(۲۱۳) **عصا** برگرفتن نه معجز بود
همی اژدها کرد باید **عصا** (غضائری رازی)

(۲۱٤) **کاشك** تنم بازیافتی خبر دل
**کاشك** دلم باز یافتی خبر تن (رابعه)

(۲۱۵) **گوشه** گرفتم ز خلق و فایده‌ای نیست
**گوشه** چشمت بلای گوشه‌نشین است (سعدی)

(۲۱٦) در ربودی از زمین **یك مشت گل یك مشت گل**
در میان آن گلم **بیا بیا بیا بیا** (مولوی)

(۲۱۷) **مستیم، مستیم، مستیم**
**مستیم** و دانیم هستیم ... (اخوان ثالث)

(۲۱۸) **مثل این است**، در این خانه تار،
هر چه با من سرکین است و عناد
از کلاغی که بخواند بر بام
...
**مثل این است** که می جنبد یأس
بر سکونی که در این وایر انجاست
**مثل این است** که می خواند مرگ
**مثل این است**، در او باهر دم
به‌گریز است نشاطی از من
**مثل این است** که پوشیده، در اوست (احمد شاملو)

(۲۱۹) **به‌جست و جوی تو**
به درگاه کوه می گریم
در آستانهء دریا و علف
**به جست و جوی تو**
در معبر بادها می گریم ... (احمد شاملو)

(۲۲۰) **دیگر نمانده درد:**
**که در سایه‌های شب**
**با خاطرات رفته خود گفتگو کنیم**
...
**دیگر نمانده درد:**
**که چون شمع خلوتی**
**با شعله‌ای شکسته بر آریم دود دل**
...
**دیگر نمانده درد:**
**که در پرده‌های تار**
**چون جویبار، زمزمه‌و شوق سر دهیم** (جمال شهران)

(۲۲۱) ای فدای تو هم دل وهم جان
وی نثار رهت هم این و هم آن
- - -
**که یکی هست و هیچ نیست جز او**
**وحده لا اله الا هو**
از تو ای دوست نگسلم پیوند
گر به‌تیغم برند بند از بند
- - -
**که یکی هست و هیچ نیست جز او**
**وحده لا اله الا هو** (هاتف اصفهانی)

(۲۲۲) زباغ ای باغبان ما را همی بوی بهار آید
کلید باغ ما را ده که فردامان به‌کار آید
- - -
**بدین شایستگی جشنی بدین بایستگی روزی**
ملك را در جهان هر روز جشنی باد و نوروزی
- - -

**نبینی باغ را کز گل چگونه خوب و دلبر شد**
**نبینی راغ را کز لاله چون زیبا و درخور شد ...**
**بدین شایستگی جشنی بدین بایستگی روزی**
**ملك را در جهان هر روز جشنی باد و نوروزی (فرخی)**

**(٢٢٣) آن گسترش ها وان صف آرایی**
**آن پیل ها و اسب ها و برج و باروها**
**افسوس**

- - -

**وان باغ بیدار و برومندی که اشجارش**
**در هر کناری ناگهان می شد صلیب ما**
**افسوس ... (اخوان ثالث)**

**نموونەکانی (٢٠٠) تاوەکو (٢٢٣) شیمانە جیاوازەکانی دووبارەبوونەوەی یەك تاکە فۆرمی زمانی نیشاندەدات، بەڵام دیسان ئەو ئەگەرەش لەئارادا هەیە کە دووبارەبوونەوە لەئاست فۆرمگەلێکی هاودەنگ – هاوڕێنووسدا بەکار ببرێت. لەم بارەیەوە نموونەکانی (٢٢٤) تا (٢٢٧) دەور دەکەینەوە:**

**(٢٢٤) بهرام که گور می گرفتی همه عمر**
**دیدی که چگونه گور بهرام گرفت (خیام)**

**(٢٢٥) به فتراك جفا دل ها چو بربندند بربندند**
**ز زلف عنبرین جان ها چو بگشایند بفشانند (حافظ)**

**(٢٢٦) دوای درد عاشق را کسی کو سهل پندارد**
**زفکر آنان که در تدبیر در مانند در مانند (حافظ)**

**٢٢٧) هر خم از جعد پریشان تو زندان دلی است**
**تانگویی که اسیران کمند تو کمند (سعدی)**

دیسان شیمانەیەکی وا لەئارادا هەیە کە دووبارەبوونەوە لەئاستی فۆرمگەلێکدا بێت کە هاودەنگبن، واتە فۆرمگەلێك کە لە نووسیندا جیاواز بن، بەڵام بەیەك شێوە بدرکێندرێن و ((هاوبێژ)) بن. لەم بارەیەوە نموونەکانی (٢٢٨) تا (٢٣٠) دەخەینە پێش چاو:

(٢٢٨) دیدی آن ترك **ختا** غارت دین بود مرا
گرچه عمری به **خطا** دوست خطایش کردم (فرخی یزدی)

(٢٢٩) ماه رویان به سر **خویش** تو آن **خیش** مبند
نشنیدی که کند ماه تبه جامهء خیش (کسایی)

(٢٣٠) بنشست بەجای و فتنەها را بنشاند
چون **خواست** قیامت شود از جا **برخاست** (جلال الدین همایی)

بەم شێوەیە دەکرێ دووبارەبوونەوەی دەنگیی تەواو یەکێك لەم دۆخانە بگرێتەوە:

أ) دووبارەبوونەوەی دەنگیی تەواوی یەك تاکە فۆرمی زمانی؛
ب) دووبارەبوونەوەی دەنگیی تەواوی دوو فۆرمی زمانی.

### ١/٢/١١ دووبارەبوونەوەی دەنگیی تەواوی یەك فۆرمی زمانی

بەگوێرەی نموونەکانی (٢٠٠) تا (٢٢٣) دەتواندرێت ئەم حەوت شیمانەیەی لای خوارەوە بەدەستبهێندرێت، هێمای (ت) بەواتای فۆرمێك دێت کە دووبارەبۆتەوە و هێڵە کێشراوەکەش بەواتای تەواوکەری نیوەدێرەکەیە.

#### ١/١/٢/١١ دووبارەبوونەوەی سەرەتا

دووبارەبوونەوەی یەك دانەی ڕێزمانی (وشە، گرێ، بەند یاخود ڕستە) بەشێوەیەکی ڕێك لە دەستپێکی دێر یاخود نیوەدێرەکاندا. نموونەکانی (٢٠٠)، (٢٠١)، (٢٠٢)، (٢٠٤).

نەخشەی هاوسەنگییەکە:

(ت ________
ت ________)

### ٢/١/٢/١١ دووبارەبوونەوەی کۆتایی

دووبارەبوونەوەی یەك دانەی ڕێزمانی (وشە، گرێ، بەند یاخود ڕستە) بەشێوەیەکی ڕێك لەکۆتایی دێڕ یاخود نیوەدێڕەکاندا، کە دوو جۆری هەیە:

أ) بەند بێت بەهاونشینی لەدوای سەرواوە، کە بە ((ردیف/ پاش سەروا)) ناودەبرێت، وەك لە نموونەکانی (٢٠٥)، (٢٠٦)، (٢٠٧)دا دیارە؛

ب) ئازاد بێت لەئاست سەروادا نموونەکانی (٢٠٣) و (٢٠٤)

نەخشەی هاوسەنگییەکە:

(________ ت
________ ت)

### ٣/١/٢/١١ دووبارەبوونەوەی ناوەند

دووبارەبوونەوەی یەك دانەی ڕێزمانی (وشە، گرێ، بەند یاخود ڕستە) بەشێوەیەکی ڕێك لەنێوان دێڕ یا نیوەدێڕەکاندا، کە بە دوو جۆر دێت:

أ) دووبارەبوونەوە بەبێ نێوان. نموونەکانی (٢١٦) و (٢١٧)؛

نەخشەی هاوسەنگییەکە : (______ ت ت ______)

ب) دووبارەبوونەوە بەهەبوونی نێوان

ب/١) لەسنووری یەك نیوەدێڕدا. نموونەکانی (٢٠٨)، (٢٠٩)، (٢١٠)

نەخشەی هاوسەنگییەکە: (______ ت ــ ت ______)

ب/٢ له سنووری نیوەدێرێك زیاتر، نموونەی (٢١٠).

نەخشەی هاوسەنگییەکە:




پێویستە سەرنجی ئەوە بدرێت کە لە نموونەی (٢٠٨)دا ناوبەندی / ە / و لە نموونەکەی (٢٠٩)دا یای خستنەپاڵ (کسرە اضافە)، نێوانی خستۆتە نێوان دانە ڕێزمانییە دووبارەکراوەکان.




## ٤/١/٢/١١ دووبارەبوونەوە لە سەرەتای کۆمەڵە

دووبارەبوونەوەی یەك دانەی ڕێزمانی لەدەستپێکی کۆمەڵە نیوەدێرێکدا. نموونەکانی (٢١٨)، (٢١٩)، (٢٢٠).

نەخشەی هاوسەنگییەکە:




## ٥/١/٢/١١ دووبارەبوونەوە لەکۆتایی کۆمەڵە

دووبارەبوونەوەی یەك دانەی ڕێزمانی (وشە، گرێ، بەند یاخود ڕستە) بەشێوەیەکی ڕێك لە کۆتایی کۆمەڵە نیوەدێرەکاندا. نموونەکانی (٢٢١)، (٢٢٢)، (٢٢٣).

نەخشەی هاوسەنگییەکە:




### ٦/١/٢/١١ دووبارەبوونەوە لەسەرەتا و لەکۆتاییدا

دووبارەبوونەوەی یەك دانەی ڕێزمانی (وشە، گرێ، بەند یاخود ڕستە) بەشێوەیەکی ڕێك لەسەرەتای نیوەدێرێك و کۆتایی نیوەدێرەکەی دواتردا، نموونەی (٢١٣).

نەخشەی هاوسەنگییەکە:




### ٧/١/٢/١١ دووبارەبوونەوە لە کۆتایی و سەرەتادا

دووبارەبوونەوەی یەك دانەی ڕێزمانی (وشە، گرێ، بەند یاخود ڕستە) بەشێوەیەکی ڕێك لەکۆتایی نیوەدێرێك و سەرەتای نیوەدێرەکەی دواتردا، نموونەی (٢١٢).

نەخشەی هاوسەنگییەکە:



## ٢/٢/١١ دووبارەبوونەوەی دەنگیی تەواوی دوو فۆرمی زمانی

ڕوودانــی دووبارەبوونــەوەی دەنگیــی تــەواوی دوو فــۆرمی زمــان. جگە لەو جێگەیەی ((پاش سەروا))، کە دووبارەبوونەوەیـەکی دەنگیـی تــەواوی بــەخورتی (الزامــی) یــەك فــۆرمی زمانییــە، لــە هــەموو نەخشەکانی (١/١/٢/١١ تاوەکو ٧/١/٢/١١ ئەگەری ڕوودانی هەیە.

بـەکارهێنانی دوو فـۆرمی هـاودەنگ – هـاوڕێنووس لـەجوانکاری نەریتیـدا لـەژێر ناونیشـانی ((ڕەگـەزدۆزی تـەواو))دا دەخرێتـەڕوو و، بـەکارهێنانی دوو فـۆرمی هـاودەنگیش سـنعەتی ((ڕەگـەزدۆزی بێـژە/ هاوبێژی)) لێدەکەوەێتەوە. بەم پێیە بۆ گوزارشـتکردن لەڕەگـەزدۆزی تەواو دەتوانین بڵێین: (ڕەگەزدۆزی تـەواو بـەکارهێنانی فۆرمگـەلێکی هاودەنگ و هاوڕێنووسە بەشێوەیەکی ڕێك، کـە بـەلانی کـەم لەیـەکێك لەئەرکـەکانی مۆرفۆلـۆجی، یـا ڕێزمـانی یـا واتـایی لەگـەڵ یەکتریـدا جیاوازبن).

سەبارەت بە ((ڕەگەزدۆزی تەواو)) و جۆرەکانی، لە بڕگەی ٣/٣/١١ دا زیاتر دەدوێین.

پێویسـتە سـەرنجی ئـەوە بـدرێت کـە بـەکارهێنانی فۆرمـە هاوڕێنووسـەکان، واتـا ئـەو دانـە زمانییانـەی کە تـەنیا بەیـەك شـێوە دەنووسرێن بەڵام درکاندنی جیاوازیـان هەیـە، لـەم بڕگەیـەدا و لـەژێر ناونیشـانی ((دووبارەبوونـەوەی تـەواو)) جێگـای بـاس نییـە. بـۆ وێنـە بەکارهێنانی فۆرمـەکانی وەکـو ((کنـد)) /kond/ و ((کنـد)) /konad/ لەنموونەی (٢٣٢)دا:

(٢٣٢) عدو را بەجای خسك زر بریز
که احسان کند کند دندان تیز (سعدی)

لەوەوە کە بەکارهێنانی فۆرمە هاوڕێنووسەکان، زیـاتر دیارخـەری دووبارەبوونەوەی دەنگیی ناتەواون، بۆیە پێویستە لە بەشێکی جیـاواز

و تایبەت بەخۆیدا باس بکرێت. لەبڕگەی ۳/۳/۳/۱۱دا زیاتر ئاوڕ لەو نموونانە دەدەینەوە. شەفیعی کەدکنی کە دێتە سەرباسی جۆرەکانی دووبارەبوونەوەی دەنگیی تەواو ئاماژەیەکیش بە دووبارەبوونەوەی جەختاو[1] و دووبارەبوونەوەی گۆڕاو[2] دەکات (←ك٣، ل ٣٠٥) کە ئەمە لەڕووی ڕووخسارەوە جگە لە دووبارەبوونەوەی دەنگیی تەواوی یەك فۆرمی زمانی شتێکی کە نییە و، وە ئەگەر مەبەستیش لایەنی واتایی دووبارەبوونەوە بێت، ئەوە ئەوکات پەیوەندی بە جوانکاری شیعرەوە دەبێت.

### ٣/١١ ئەو سنعەتانەی لە دووبارەبوونەوەی دەنگیی ناتەواو بەدەستدێن

ئەم کۆمەڵە سنعەتە لەبنەڕەتدا لە دووبارەبوونەوەی یەکێك یاخود چەند دەنگێك بەشێوەیەکی ڕێك لەبەشێکی دیاریکراو لە دانە ڕێزمانییە نا دووبارەکراوەکاندا پەیدا دەبن.

هەندێ لەو دووبارەبوونەوە دەنگییە ناتەواوانە لە سنووری بڕگەدا لێیان دەکوڵدرێتەوە. بۆ نموونە، فۆرمەکانی وەکو ((کار)) /kâr/ و ((بار)) /bâr/ نوێنەری ئەم جۆرەن لە دووبارەبوونەوە. لەمەوبەر و لەبەشی حەوتەمدا لەکاتی باسکردنی هاوسەنگییە دەنگییەکاندا ئاماژە بۆ حەوت جۆر لە دووبارەبوونەوەی دەنگیی ناوەوەی بڕگە کراوە؛ بەڵام پێویستە ئەوە بگوترێت کە لە زۆر حاڵەتدا ئەو سنعەتانەی کە لە دووبارەکاری دەنگیی ناتەواو بەدەستدێن، لەسنووری یەك بڕگەدا ناگونجێن. بۆ نموونە، فۆرمەکانی وەکو ((شکست)) /še-kast/ و ((ببست)) /be-bast/ لە بنەمادا دیارخەری دووبارەبوونەوەی دەنگیی ناتەواوان لە سنووری دوو بڕگەدا؛

---

[1] - anadiplosis.
[2] - anatanaclasis.

[ CV – CVCC ]. ئەو سنعەتانەی لە دووبارەبوونەوەی دەنگیی ناتەواو بەرهەمدێن، لە لێکۆڵینەوە دێرینەکانی سنعەتەکانی ئەدەبیدا بریتین لە هەرسێ سنعەتی سەروا، سەرواداری و ڕەگەزدۆزی، کە پێویستە بەشێوەیەکی وردتر لێیان بڕوانین.

### ١/٣/١١ سەروا

سەبارەت بەسەروا، گوزارشتێکی ورد لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە لەبەردەستدا هەیە. حەڤشناس بە مەبەستی گەیشتن بە گوزارشتێکی ورد لەبارەی سەرواوە (← ك١، ل ٢٥ – ٦٣)، هەر لەسەرەتاوە بە یارمەتی کۆمەڵێك نموونە ڕوونیدەکاتەوە، کەوا ناونیشانێکی وەکو سەروا لەسەر ئاستی شیکردنەوەی وشەیی – فۆنیمی شیاوی وەسف و لێکۆڵینەوەیە. لە دیدگەی ئەوەوە (← ك ١، ل ٦٢): (سەروا هاودەنگییەکی ناتەواوە، کە لە دووبارەبوونەوەی یەك یاخود چەند دەنگێك بەشێوەیەکی ڕێك، لەکۆتایی دوا وشەکانی نا دووبارەبووی دێر یا نیوەدێرەکاندا و، جاریش وایە بەر لەپێش سەروا، پەیدادەبێت.) حەڤشناس لەکاتی باسکردنی سەروادا پەنجە بۆ ئەو خاڵە گرینگە ڕادەکێشێت کە بڕگەکانی وشە سەرواکان بەشێوەیەکی ئیلزامی پێویست نییە یەکسان بن (← ك ١، ل ٤٧). بۆ نموونە:

(٢٣٣) زلفین برشکسته و قد صنوبری
زیر دو زلف جعدش دو خط عنبری (حسین ایلاقی)

(٢٣٤) ای کف راد تو در جود به از ابر بهار
خلق را با کف تو، ابر بهاری به چه کار (رشید سمرقندی)

(٢٣٥) گر شد اینجا جزو و کل، کلی تباه
گم شد از روی زمین یك پر کاه (عطار)

لە نموونەکەی (٢٣٣)دا ((صنوبری)) چوار بڕگەیی و ((عنبری)) سێ بڕگەییە. لەنموونەی (٢٣٤) ((بهار)) دوو بڕگەیی و ((کار)) یەك بڕگەییە و لە نموونەی (٢٣٥) دا دیسان ((تباه)) دوو بڕگەییە بەڵام ((گاه)) یەك بڕگەییە. بەگوێرەی دیدگەی حەقشناس دەکرێ نموونەگەلێك بهێندرێتەوە کە ئەوەی بە زاراوە وەکو ((وشە سەروا)) ناودەبرێت لە ئاست وشە سەرواکەی دیکەدا لەڕووی ژمارەی بڕگەوە یەکسان بێت. بۆ نموونە:

(٢٣٦) چون که گل رفت و گلستان شد خراب
بوی گل را از که جوییم از گلاب (مولوی)

(٢٣٧) که از آن دوری در این دور ای حکیم
پا مکش زیرا درازست این گلیم (مولوی)

(٢٣٨) بسیار سفر باید تاپخته شود خامی
صوفی نشود صافی تا در نکشد جامی (حافظ)

بەر لەباسکردنی سەرواش پێویستە ئاماژە بۆ ئەو مەسەلەیە بکرێت کە مەرج نییە سەروا تەنیا لە سنووری وشەدا بگیرسێتەوە، چونکێ وا هەیە لەسنووری وشە تێدەپەڕێت بۆ نموونە:

(٢٣٩) خود گرفتی این عصا دست راست
دست را دستان موسی از کجاست (مولوی)

(٢٤٠) بگذار تا از شارع میخانه بگذریم
کز بهر جرعەای همه محتاج این دریم (حافظ)

(٢٤١) یار در آمد ز در بی خبران دوست دوست
گرچه غلط می دهد نیست غلط اوست اوست (مولوی)

(٢٤٢) خواجه در ابريشم و ما در گليم
عاقبت اى دل همه يكسر گليم　　　　　(أهلى شيرازى)

بەپێی نموونەکانی (٢٣٩) تا (٢٤٢)، ڕەنگە وا باشتر بێت لەبری بەکارهێنانی زاراوەی ((وشە سەروا)) یا ((وشەی سەروا)) (← ك ٦، ل ٩٣؛ ل ٤، ل ٩٠)، زاراوەی ((بنیاتی سەروا)) یا شتێکی وەك ئەوە بەکار بهێنرێت، تاوەکو بتوانێت چەمکێکی فراوانتر لە وشەش بدات بەدەستەوە.

بەپێی ئەو بنەمایەی کە گوترا، دەتوانین وێنای ئەوە بکەین کە بنیاتەکانی سەروا لە یەك خاڵی کێشدا کۆتاییان پێدێت. بەڵام ئەو ئەگەرە لە ئارادا هەیە کە یا لە خاڵێکی کێشەوە دەستپێبکەن، یا یەکێك لەبنیاتەکانی سەروا بەهۆی زۆرتری ژمارەی بڕگەوە، لەخاڵێکی پێش بنیاتی سەرواکەی تردا دەستپێبکات. لەوەوەش کە ((پاش سەروا)) جۆرێکە لە هاوچەشنی تەواو، بۆیە ناتوانێت لەو مەسەلەیەدا ڕۆڵێکی هەبێت. بۆ نموونە:

(٢٤٣) مرده بدم زنده شدم گريه بدم خنده شدم
دولت عشق آمد و من دولت پاينده شدم　　　　　(مولوى)

- - ب ب　- - ب ب - -　ب ب - - | ب (خنده) | ب -
- ب ب - - | - - - ب ب - -　- - ب ب | - - ب (پاينده) | ب -

لێرەدا دوو بنیاتەکەی سەروا ((خندەء / پایندە)) لەڕووی ژمارەی بڕگەوە یەکسان نین، بۆیە ((پایندە)) بەهۆی زۆرتری ژمارەی بڕگەوە لەخاڵێکی بەر لە ((خندە)) لەکێشدا دەستی پێکردووە.

(٢٤٤) سینه مالامال درد است ای دریغا مرهمی
دل زتنهایی بەجان آمد خدا را همدمی (حافظ)

- - ب - - ب - - | - - ب - - - - ب - - - - ب - - ب
مرهمی
- - ب - - ب - - | - - ب - - ب - - - - ب - - ب - -
همدمی

هەردوو بنیاتەکەی سەروا ((مرهمی/ همدمی)) لەڕووی ژمارەی بڕگەوە یەکسانن؛ بەو هۆیەوە لەیەك خاڵی کێشەوە دەستپێدەکەن. ئەم مەسەلەیە بەهەمان سادەیی و ئاساییبوونییەوە، دەکرێ ڕێگە خۆشکەرێك بێت بۆ لێکۆڵینەوە لە سەرواداری و جۆرەکانی.

## ٢/٣/١١/ سەروادار (سجع)

لە کتێبەکانی جوانکاری نەریتیدا بەشێوەیەکی گشتی باس لەسێ جۆری سەروادار، لەژێر ناوەکانی سەرواداری هاوتەریب، سەرواداری پەڕگیر، (مطرّف) سەرواداری هاوسەنگ دەکرێت.
بەو هۆیەوە لەم کورتە باسەدا، هەوڵدەدەین لە هەنگاوی یەکەمدا، گوزارشت لە هەر یەکێك لەم سێ سنعەتە ئەدەبییەی پێشەوە بکەین و لەپاشاندا پەیوندیان لەگەڵ یەکتردا و لایەنەکانی لێکچوون و جیاوازی لەنێوانیادا ڕوونبکەینەوە.

### ١/٢/٣/١١ سەرواداری هاوتەریب (سجع متوازی)

لەپێناسەی سەرواداری هاوتەریبدا هاتووە (← ك ٧، ل ٤٢): ((سەرواداری هاوتەریب ئەوەیە کە وشەکان لە هەردوو ڕووی کێش و پیتی ڕەویدا جووتبن. لە نموونەی (کار/ بار)، (دست/ شست) و (خامە/ نامە)).

وەك چۆن شەمیساش لەكاتی لێكۆڵینەوە لەسەروادارى هاوتەریبدا ئاماژەى بۆ یەكسانى لەكێش و پیتى ڕەویدا كردووە (← ك ٥، ل ٢٧). ئەو باوەڕیشی وایە كە یەكسانی لەنێوان برگەكانی وشەكانی سەروادارردا لەڕووى ژمارە و چەندایەتییەوە كارێكی پێویستە (←ك ٥، ل ٢٣). بەڵام چۆن دەكرێت بۆ سنعەتێك كە زیاتر لەبوارى پەخشاندا بەكار دەبرێت (←ك ٧، ل ٤٣) لەڕێگەى كێشەوە پێناسە بكرێت؟ ئەگەر هات و سنعەتێكی لەو جۆرە لەڕێگەى كێشەوە بشێ پێناسە بكرێت، كەواتە دەبوو وەك ئامرازێكی هۆنراوساز بێت؛ جا ئەگەر وایە، دەبێ هاوتایەكی وەك ئەو لەنێو ئامرازە نەریتییەكانی پەیوەندار بە هۆنراو دا هەبێت.

بەڕەچاوكردنی ئەم باسەى پێشەوە، بەنموونەگەلێكی سەروادارى هاوتەریبدا دەچینەوە[1]: ((بار/ كار))؛ ((رست/ سست))؛ ((اسم/ رسم))؛ ((خامە/ نامە))؛ ((شمایل/ قبایل))؛ ((قدمی/ درمی))؛ ((حالی/ خالی))؛ ((بر آورند/ پر آكنند))؛ ((اسكندری/ پیغمبری)) وهی تر. لەسەر بنەماى ئەو نموونانەى خراونەتە بەردەست، وادیارە كە سەروادارى هاوتەریب لەبنەمادا شووێنكەوتووى ڕێساى سەروایە؛ بەو مەرجەى كە هەردوو بنیاتی سەرواكە لەهەمان ئەو خاڵەدا لەكێش دەستیان پێكردبێت.

### ٢/٢/٣/١١ سەروادارى پەڕگیر (سجع مطرّف)

لەپێناسەى سەروادارى پەڕگیردا هاتووە ( ← ك ٧، ل ٤٢): ((سەروادارى پەڕگیر ئەوەیە كە بێژەكان لەپیتی ڕەوى وەك یەك و لەكێشدا جیاواز بن، لەوێنەى (كار/ شكار)، (دست/ شكست)، (شانە/ نشانە) ).

---

[1] - هەموو نموونەكان لە شەمیسا (← ك ٥) و هومایی (← ك ٧) وەرگیراون.

شەمیسا جارێکی تر باوەڕی وایە کە لە سەرواداری پەڕگیردا، کێش جیاواز و پیتی ڕەوی یەکسانە (←ك ٥، ل ٢٧) بە لەبەرچاوگرتنی پێناسەکانی پێشوو چەند نموونەیەك لەسەرواداری پەڕگیر دێنینەوە: ((دست/ شکست))؛ ((راز/ نواز))؛ دانشمند/ پند))؛ ((شانه/ نشانه))، ((خنده/ پاینده))؛ ((راست/ کجاست))؛ ((کار/ بهار))؛ ((کار/ شکار)).

لەپای نموونەگەلێکی لەم جۆرەدا، ئەوە ئاشکرا دەبێت کەوا کێشی جووتە وشەکانی نموونەکان لەئاست یەکتریدا جیاوازنین، بەڵکو هەردوولایان سەر بەیەك کێشن، بەو جیاوازییەی کە لە یەك خاڵی وەك یەك لەکێشدا دەستیان پێنەکردووە. ئەم نموونەگەلە دیارخەری ئەوەن کە سەرواداری پەڕگیریش دیسانەوە شووێنکەوتەی ڕێسای سەروایە، بەو مەرجەی کە هەر دووبنیاتی سەرواکە لەیەك خاڵی وەك یەك لە کێشدا دەستیان پێنەکردبێت. بەڵام لەجوانکاری نەریتیدا نموونەگەلێکی دیکەش بەرچاو دەکەون، لەوێنەی ((اطوار/ وقار))، ((دریا/ کجا)) یاوەکو ((باغبان/ بستان)) (← ك٥، ل ٢٦) کە ژمارەی بڕگەکانیان یەکسانە بەڵام لەبڕگەی کۆتایی بەولاوە، لە بڕگە یاخود بڕگەکانی دیکەدا چەندایەتییەکی زەمانی یەکسانیان نییە، لەم بارودۆخەدا مەسەلەی سەرواداری لەنێوان دوو وشەدا لەئارادا نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە تەنیا دووبارەبوونەوەی دەنگییە (C) (C) CV کە ڕەچاو دەکرێت و پێویستە لەسەر ئاستی دەنگی نەوەکو وشەیی لێیان بکۆڵرێتەوە. واش دیارە کە شارەزایانی جوانکاری نەریتی لەلێکۆڵینەوەکانیادا سەبارەت بە جۆرەکانی سنعەتەکان، بەهۆی جەختکردنە سەر ((وشە))وە ئەم جۆرە دووبارەبوونەوە دەنگیانەشیان هەر لەچوارچێوەی وشەدا باسکردووە.

بەم شێوەیە، بە بەلاوەنانی نموونەگەلێکی وەکو ((اطوار/ وقار)) و هی تر کە نوێنەرەوەی هاوسەنگی وشەیی نین، دەتواندرێت

بگوترێت کە سەروا خۆیشی یا سەرواداری هاوتەریبە یاخود سەرواداری پەڕگیرە ( ← ك ٥، ل ٣٤).

### ٣/٢/٣/١١ سەرواداری هاوسەنگ (سجع متوازن)

لەپێناسەی سەرواداری هاوسەنگدا هاتووە ( ← ك ٧، ل ٤٣): ((سەرواداری هاوسەنگ ئەوەیە کە وشە هاوجووتەکان لەکێشدا ڕێك و لەپیتی ڕەویدا جیاوازبن. لە نموونەی (کام/ کار)، (نهال/ بهار)، (نامە/ نالە)).

شەمیسا لەو باوەڕەدایە کە سەرواداری هاوسەنگ ئەوەیە کە لە کێشدا یەك و لە ڕەویدا جیاواز بێت ( ← ك ٥، ل ٢٧). بەمجۆرە دەتواندرێت نموونەگەلێکی زۆر، وەکو ئاماژە بۆ ئەم سنعەتە بهێندرێتەوە لەوێنەی، ((مواج/ نقّاد))؛ ((کفاش/ بقّال))؛ ((ستاننده/ گشاینده))؛ ((شریف/ کریم))؛ ((بی نظم/ پرواز)) هی تر.

نموونەکانی سەرواداری هاوسەنگ ئەوەندە جۆراوجۆرن و سنووری ئەم سنعەتە ئەوەندە بێ دەروپەرژینە کە دەتوانێت هەتا فۆرمگەلێکی وەکو ((میز/ دوغ))یش بگرێتەوە، کەلانی کەم لەئاست هەستی زمانیی نووسەری ئەم دیڕانەوە هیچ بەهایەکی مۆسیقایی پێوە نییە.

بەشێوەیەکی گشتی دەشێ بگوترێت کە سەرواداری هاوسەنگ وشەگەلێك دەگرێتەوە کە لەیەك خاڵی وەك یەك لە کێشدا دەستپێبکەن و لەیەك خاڵی وەك یەکیش کۆتاییان بێت، بەو مەرجەی جێگەی سەروا نەگرنەوە. کەواتە سەرواداری هاوسەنگ ئەگەر دووبارەبوونەوەی دەنگی تیادا نەبێت، ئەوا لەبەرپاکردنی گونجانی مۆسیقایی لەپاڵ کێشدا دەستەوەستانە؛ بەڵام ئەگەر بەهۆی دووبارەبوونەوە فۆنیمییەوە جۆرێك لەهاوسەنگی دەنگی تیادا هاتەدی، ئەوە لەچوارچێوەی هاوسەنگی دەنگیدا دەبێتە شیاوی

لێکۆڵینەوە. لەبڕگەی ٣/٣/٣/١١ دا و لەکاتی باسکردن سەبارەت بە ((ڕەگەزدۆزی ناتەواو)) جارێکی تر دەگەڕێینەوە سەر یەکێك لەجۆرەکانی ئەم سەرواداریيە.

ئەوەی مایەی سەرنجە کە لە بەشێك لە کتێبەکانی جوانکاریدا ئاماژە بۆ ئەو مەسەلەیە دەکرێت کە ((جار جارە بە بۆنەی سەرواوە، دەشێ لە وشەکانی کۆتایی دوو نیوەدێری شیعردا لەبری سەرواداری هاوتەریب سوود لە سەرواداری هاوسەنگ وەربگیرێت. (← ك ٥، ل٢٩)؛

(٢٤٥) گە خستهٔ آفت لها و ورم

گە بستهٔ تهمت خراسانم (مسعود سعد سلمان)

شیمانەی ڕوودانی بەناو سنعەتێکی لەوجۆرە، لەهەموو ئەو نەخشە زمانییەی ئێمە لەبەرچاومان گرتووە سفر بووە و، جگە لەوەش بەلای نووسەری ئەم دێرانەوە نازاندرێت چۆن بێ سەلیقەییەکی لەم جۆرە، دەشێت بەناونیشانی سنعەتێك وەربگیرێت.

### ٤/٢/٣/١١ سنعەتەکانی پەیوەست بەسەرواداری

لەکتێبەکانی جوانکاری نەریتیدا بۆ شێوەکانی جیاوازی هاونشینی سەرواداری لەگەڵ یەکتریدا، کۆمەڵە سنعەتێك لەبەرچاوگیراون، ئەلبەتە دیارە ئەوانە بەشێوەی سەربەخۆ دەخرێنەڕوو، لەکاتێکدا کە دەبوو لەوێنەی لقەبەش بۆ سێ جۆرەکەی سەروادار کە لەسەرەوە ناویان براوە لەبەرچاو بگیرابووایەن.

### ١/٤/٢/٣/١١ جووتسازی (ازدواج)

جووتسازی یەکێکە لە سنعەتە لقەبەشەکانی سەرواداری هاوتەریب، کە لە هاونشینی دوو سەرواداری هاوتەریب لەیەك نیوەدێردا دەخرێتەڕوو، زۆرترین دووپاتبوونەوەی شێوەی بەکاربردنی

ئەم سنعەتە، سوودوەرگرتنە لە بزرۆكەی خستەنەپاڵ (كسرە اضافە) یاخود واوی پەیوەندی لەنێوان دوو سەرواداری هاوتەریبدا:

(٢٤٦) به جفایی و قفایی نرود عاشق صادق
مژه بر هم نزند گر بزنی تیر و سنانش (سعدی)

(٢٤٧) مقام امن و می بیغش و رفیق شفیق
گرت مدام میسر شود زهی توفیق (حافظ)

## ٢/٤/٢/٣/١١ ڕازاندنەوە (ترصیع)

ڕازاندنەوە لەبنەڕەتدا بەكاربردنی جووتمانەی (متقارن) سەرواداره هاوتەریبەكانە؛ كەواتە دەبێ وەكو لقەبەشێكی سنعەتی سەرواداری هاوتەریب وەربگیرێت:

(٢٤٨) زبانش توان ستایش نداشت
روانش گمان نیایش نداشت

لەكاتی باسی سەرواداری هاوتەریبدا گوتراوە، كە سەرواداری هاوتەریب لەبنەمادا پاشكەوتووی ڕێسای سەروایە و ئەو بنیاتانەی سەروادەگرێتەوە كە لەیەك خاڵی هاوبەش لەكێشدا دەستپێدەكەن. كەوابێ ڕازاندنەوەش لەبنەڕەتدا بەكارهێنانی بنیاتەكانی سەروایە كە لە هەردوو نیوەدێری یەك دێردا لەخاڵی هاوجووتەوە دەستیان پێكردبێت:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ب - - - - - | ب - - - - - | ب - - - - | ب - - |
| زبانش | توان | ستایش | نداشت |
| ب - - - - - | ب - - - - - | ب - - - - | ب - - |
| روانش | گمان | نیایش | نداشت |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| - - - | ب - - | ب | - | ب - ب | ب - |
| ای | منور | به | تو | نجوم | جمال |
| - - - | ب - - | ب | - | ب - ب | ب - |
| ای | مقرر | به | تو | رسوم | کمال |

**٣/٤/٢/٣/١١ هاوسەنگکردن (موازنە)**

**هاوســەنگکردن لەبنــەمادا کــارکردێکی هاوشــێوەی ڕازانندنەوەیــە سەبارەت بە پێکهاتە هاوسەنگەکان، واتە پێکهاتەگــەلێکی هــاوکێش کــە ڕەنگە سوودیان لەدووبارەبوونەوەی دەنگی وەرگرتبێت[1].**

**٢٤٨) زشت باید دید و انگارید خوب**
**زهر باید خورد و انگارید قند (رابعه)**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ب - | - - | - ب | - - - ب | - |
| زشت | باید | دید و | انگارید | خوب |
| ب - | - - | - ب | - - - ب | - |
| زهر | باید | خورد و | انگارید | قند |

**ئاشــکرایە کــە بەدەستخســتنی پێگهاتەگــەلی هاوســەنگ لــە بەدەستهێنانی سەرواداری هاوتەریب ساناترە؛ بۆیــە دەتوانــدرێت پــەی بــەوە ببردرێــت کــە دووپاتبوونــەوە و هــاتنی هاوســەنگکردن لــە ڕازانندنەوە زیاترە.**

[1] - لێــرەدا بەئەنقەســت چاوپۆشــی لــەزاراوەی ((ســەرواداری هاوســەنگ)) کــراوە، چــونکە مەســەلەیەکی ئــەوتۆ کــە فۆرمگــەلێکی وەکــو ((خــوب/ قنــد)) بــە ســەرواداری هاوســەنگ ناوبنێین و لەبەرپاکردنی گونجانی مۆسیقایی لەپاڵ کێشدا ڕۆڵی پێبــدەین، نادروست دێتــە بەرچاو.

بەبەراوردكارییەكی گشتی سنعەتەكانی وابەستە بە سەرواداری ئەوە هەڵدەهێنجرێت كە جووتسازی لەبنەڕەتدا جۆرێك لەزیادكردنی ڕێسایە لەڕووی تەوەری هاونشینیداو، ڕازاندنەوە و هاوسەنگكردنیش بەزیادكردنی ڕێسا لەڕووی تەوەری جێنشینی دەژمێردرێن.

تاوەكو ئێرە ڕەنگە بتواندرێت بەو ئامانجە بگەین كەوا سنعەتی سەروا لەفراوانترین چەمكی خۆیدا، ئەگەر تەنیا بەكۆتایی دێر یاخود نیوەدێرەوە سنووردار نەكرێت، ئەوا هەردوو سنعەتی سەرواداری هاوتەریب و پەڕگیر دەگرێتەوە. نموونەگەلێكی سەرواداری پەڕگیر كە لە كتێبەكانی جوانكاری نەریتیدا هاتوون و بەتەواوی دیارخەری دووبارەبوونەوەی ناتەواوی ناوخۆیی برگەن، لەچوارچێوەی سەرواداری پەڕگیردا شیاوی لێكۆڵینەوە نین. پێكهاتە هاوتەریبەكان لە ئاست دوو جۆرەكەی سەرواداردا. بەهایەكی مۆسیقایی كەمتریان هەیە، بەشێوەیەك ئەگەر دووبارەبوونەوەی دەنگییان تیادا بەدینەكرێت، ئەوا پاشكەوتوویەكی ڕەهای كێشن و ئەگەر دووبارەبوونەوەی دەنگیشیان تێدا بەدیبكرێت، ئەوا لەچوارچێوەی جۆرەكانی هاوسەنگیی دەنگی دەبێ لێیان بكۆڵرێتەوە.

### ٣/٣/١١/ ڕەگەزدۆزی

لە كتێبەكانی جوانكاری نەریتیدا بەشێوەیەكی گشتی، جۆرەكانی ڕەگەزدۆزی لەژێر ناونیشانی چەند لقەبەشدا خراونەتە ڕوو. بەو هۆیەوە لێرەدا سەرەتا لەهەوڵی ئەوەدادەبین تاوەكو وەسف و گوزارشتێك لەبارەی جۆرەكانی ڕەگەزدۆزی بخەینە بەردەست و لەپاشاندا پەیوەندی لەنێوانیاندا ڕوونبكەینەوە.

لەنێوان جۆرەكانی ڕەگەزدۆزیدا، ((ڕەگەزدۆزی تەواو))، ((ڕەگەزدۆزی ئاوێتە))، (ڕەگەزدۆزی بێژە))، دەكرێ لەچوارچێوەی ئەو سنعەتانەی لەئاكامی دووبارەبوونەوەی دەنگیی تەواوی دوو

فـۆرمی زمـانی بەدەسـت هـاتوو لێکبدرێنـەوە. لەبڕەگـەی ٢/٢/١١ دا گوزارشـتێکمان لـەبارەی ڕەگـەزدۆزی تـەواوەوە خسـتۆتەڕوو کـە ڕەگـەزدۆزی ئاوێتـەش دەگرێتـەوە. پێویسـتە ئـەوە بـزانین کـە ڕەگەزدۆزی ئاوێتـە سنعەتێکی سەربەخۆ نییـە لەئاستی ڕەگەزدۆزی تەواودا، بەڵکو لەبنەمادا هەر هەمان ڕەگەزدۆزی تەواوە، لەدۆخێکدا کەوا فۆرمە هاودەنگ و — هاوڕێنووسەکان خاوەنی ئەرکێکی ڕێزمانی جیـاوازبن. ئـەنجا بـەهۆی ئەرکـە ڕێزمانییـە جیاوازەکـەوە شـوێنی لەنگـەرگرتن (تکیـە/ سـترێس) لـەدوو فۆرمـە هاوڕەگەزەکـە شـتێکی حەتمییە.

لەکتێبـەکانی جوانکـاری نەریتیـدا بـۆ ڕەگـەزدۆزی ئاوێتـە سـێ لْقەبەشـیان دانـاوە: ڕەگـەزدۆزی ئاوێتـەی لکـاو (مقـرون)، ڕەگـەزدۆزی ئاوێتـەی بـڵاو (مفـروق)، ڕەگـەزدۆزی ئاْویتـەی هەڵبەسـتراو (ملفـق) (←ك ٧، ل ٥٣ — ٥٤). هومـایی لـەو بـارەوە بۆچـوونی وایـە کـە هـات و شـێوەی نووسـینی وشـەکان یەکسـان بـوو، ئـەوا دەبێتـە ڕەگـەزدۆزی ئاوێتەی لکاو و، ئەگـەر شێوەی نووسـینیان یـەك نـەبوو ئـەوا دەبێتـە ڕەگـەزدۆزی ئاوێتـەی بـڵاو و، ئەگـەر هـەردوو وشـەی ڕەگەزدۆزییەکـە لێکـدراوبوون دەبێتـە ڕەگـەزدۆزی ئاوێتـەی هەڵبەسـتراو. ئـەم چەشـنە پۆلبەندیکردنە، بـێ چەندوچوون دەکەونـە دەرەوەی لێکۆڵینـەوەکانی جوانکاری و گونجانەکانی مۆسیقایی و، ناتوانن زەمینە خۆشکەر بن بۆ ئەمە.

جگە لەو دابەشکارییە بێپاساوەی ڕەگـەزدۆزی تـەواو، لـە زۆربـەی کتێبـەکانی جوانکـاری نەریتیـدا هاتوونەتـە سـەر جـۆرێکی دیکـە لـە ڕەگـەزدۆزی لـەژێر ناونیشـانی ((ڕەگـەزدۆزی ناتـەواو)) یـاخود ((ڕەگـەزدۆزی محّـرف))، کـە لـە بنچـینەدا بـەکاربردنی دوو فـۆرمی هاوڕێنووسـە؛ لەوێنـەی بـەکارهێنانی فۆرمـەکانی وەکـو ((قمـری)) /qomri / و ((قمـری)) /qamari/، کـە دەکـرێ لەچوارچـێوەی

جۆرەکانی دووبارەبوونـەوەی دەنگی بخرێتـەڕوو؛ جگـە لـەم شـێوەیە یەکسـانیی تـەواوی نووسـین ناتوانێـت لەبـەرپاکردنی گونجـانی مۆسـیقاییدا ڕۆڵێکـی هـەبێت. لێـرەوە جگـە لـەجۆرەکانی ڕەگـەزدۆزی کـەوا بەدووبارەبوونـەوەی دەنگیـی تـەواو دەژمێـردرێن، ئـاوڕ لەچـەند جۆرێکی دیکە دەدرێتەوە.

## ١/٣/٣/١١ ڕەگەزدۆزی ڕانەبردوو (مضارع)

لەپێناسـەی ڕەگـەزدۆزی ڕانـەبردوودا هـاتووە (← ك ٧، ل ٥٦): ((ئەوەیـە کـە هـەردوو پایـەکانی ڕەگـەزدۆزی لـەپیتی یەکـەم یـا ناوەڕاستدا جیاوازبن. جا ئەگـەر شـوێنی درکانـدنی دوو پیتیـان، واتـە ئـاوازی گۆکردنیـان لەیـەکتری نزیـك بێـت... ئـەوە پێـی دەگوترێـت ڕەگـەزدۆزی ڕانـەبردوو، ئەگـەر شـوێنی درکانـدنی پیتـەکانیش لێـك دووربـوون ... ئـەوە بـە ڕەگـەزدۆزی دواکەوتـە (لاحـق) ناودەبرێـت)). هومـایی نموونـەی ((حـالی/ خـالی)) وەکـو نموونـە بـۆ ڕەگـەزدۆزی ڕانـەبردوو و ((رحمـت/ زحمـت))ی بـۆ ڕەگـەزدۆزی دواکەوتـە هێناوەتـەوە. جگـە لـەو مەسـەلەیە هۆمـایی ئامـاژەی بـۆ ڕەگـەزدۆزی نووسـین (خـط) یـاوەکو ڕەگەزدۆزی (تصحیف)یش کـردووە و دەڵـێ: ((ئەوەیە کە لە نووسیندا یەك و لە گۆکردن و خاڵداریدا جیاواز بـن)) (← ك ٧، ل ٥٦). ئەنجا لـەو بـارەوە نموونـەکانی وەکـو ((شـور/ سـوز)) دێنێتەوە.

بـەو پێیـە، لـە ڕوانگـەی جوانکـاری نەریتیـدا فۆرمـەکانی وەکـو ((حالی/ خالی)) هەم ڕەگەزدۆزی ڕانەبردوون، هەم ڕەگەزدۆزی نووسین و هەم ڕەگەزدۆزی دواکەوتەن؛ ئەوەش دیار نییە کە ئەگەر ئەم جۆرە نموونانە لەڕیزی ڕەگەزدۆزی ڕانـەبردوودا پۆلبەنـدی بکـرێن، کەواتـە دەبێ سەرواداری هاوتەریب چی بێت؟

بەهەر حاڵ دەبێ ئەوە بڵێین کەوا ڕەگەزدۆزی ڕانەبردوو و ڕەگەزدۆزی دواکەوتە شتێك نییە بێجگەلە سەروادارى هاوتەریب. هەر چەندە سەروادارى هاوتەریب خۆیشی بەجۆرێك لەجۆرەکانی بنیاتی سەروا دەژمێردرێت.

## ٢/٣/٣/١١ ڕەگەزدۆزی زیادە (زائد)

لەپێناسەی ڕەگەزدۆزی زیادەدا هاتووە (← ك ٧، ل ٥١ — ٥٢): ((ئەوەیە کە یەکێك لە وشەکانی ڕەگەزدۆزییەکە پیتێکی لەوەکەی تر زیاتر بێت و ئەم پیتە زیادەیە واهەیە لەسەرەتای وشەکەیە، لەوێنەی (طاعت/ اطاعت) و ((صاف / مصاف)) .. و واش دەبێت ئەم پیتە زیادەیە لەکۆتایی وشەکەدا بێت، لەوێنەی ((خام/ خامە)) و ((جام/ جامە))... جاری واشە زیادەکە لە ناوەڕاستی وشەکەدایە، لەوێنەی ((کف/ کنف))، ((نرد/ نبرد)). شەمیسا جۆری یەکەم واتە ((خستنەپاڵی پیتێك بۆ سەر ئەوانی دیکە)) بە ڕەگەزدۆزی پەڕگیر ناو دەبات و بەڵام ئەوەش دەڵێت کە لە ڕەگەزدۆزی پەڕگێردا ((یەکێك لە وشەکانی ڕەگەزدۆزییەکە لەئاست ئەوەکەی دیکەدا یەك یا دوو بڕگەی لەسەرەتادا زیاترە)). ئینجا ئەو جۆری دووەم بە ڕەگەزدۆزی کلکدار (مذیل) و جۆری سێیەم بە ڕەگەزدۆزی ناوەڕاست (وسط) ناودەبات. ( ← ك ٥، ل ٤٢ — ٤٥) لەسەر بنەمای ئەو نموونانەی کە لە کتێبەکانی جوانکاری نەریتیدا هاتوونەتەوە، ڕەگەزدۆزی پەڕگیر شتێك نییە جگە لە سەروادارى پەڕگیر؛ هەر چەندە شەمیسا ئاماژە بۆ جیاوازی ئەم دووانە دەکات (← ك ٥، ل ٤٣): (جیاوازی ڕەگەزدۆزی پەڕگیر لەگەڵ سەروادارى پەڕگیر لەوەدایە کە لە سەروادارى پەڕگیردا نەبزوێنی سەرەتای بڕگەی سەروا هەمیشە دەگۆڕێت؛ وەکو ((کار/ ستار))، بەڵام لە ڕەگەزدۆزی پەڕگیردا نەبزوێنی سەرەتای بڕگەی سەروا وەك یەکن؛ وەکو ((زار/ نزار)). کەواتە لە ڕەگەزدۆزی پەڕگیردا

ژمارەی نەبزوێنــە هاوڕەگـەزەکان زیـاترە. بۆیــە نموونەیـەکی وەکـو ((کـار/ شـکار)) کـە لـە بەشـێکی کتێبــە دێرینــەکانی سـەرواداردا بـە سەرواداری (مطّرف) خوێندراوەتـەوە، بەمەبەسـتی وردەکـاری زیـاتری زاراوەکان، ئێمە بە ڕەگەزدۆزی پەڕگیری دەخوێنینەوە).

بەڵام وادیارە لـەپێناوی وردەکـاری زیـاتری زاراوەکـان، وا پێویسـت دەکـات یــەکێك لــەم دوو زاراوەیــە بەسـوودی ئەوەکــەی تــر لابرێــت، چـونکە لـەڕووی میتـۆدەوە کـارێکی لـۆجیکی نییــە کــە ئــەم جـۆرە جیاوازییانەی کە لە ژێـر ڕۆشـنایی یـەك ڕێسادا بەڕێوەدەچـن لـە دوو ناونیشــانی تــەواو لەیــەکتر جیــادا، واتــا ســەرواداری و ڕەگــەزدۆزی لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت.

لەمەسەلەی ڕەگەزدۆزی ناوەڕاستیشدا، نموونـەکانی وەکـو ((کـف/ کنف))، ((نرد/ نبرد))، ((سر/ سپهر)) هی تریش بەدیاری دەخـەن کـە ڕەنگــە یــەکێك لــەم دوو وشــەیە بەناچـاری یــەك بڕگــەیی بێــت و پێکهاتەکەشی بەمجۆرە بێت (C) CVC. لـەدۆخێکی وادا وشـەکەی تـری ڕەگەزدۆزییەکە بەخستنەپاڵی VC بۆ سەر نـەبزوێنی سـەرەتای وشـەی یەکەم دروست دەبێت:

/kaf/ → /k(an)af/

/nard/ → /n(ab)ard/

/sar/ → /s(ep)ar/

لەم ڕووەوە نموونەیەکمان بەرچاونەکەوتووە کە ئەم پێکهاتەیـەی تێپەڕانــدبێت. ئەگــەر هــات و ئــەم گریمانەیــە پەســەندبوو، ئــەوا دەتواندرێت بگوترێت کە ڕەگەزدۆزی ناوەڕاست جۆرێکە لە سەرواداری پــەڕگیر کــەوا ســوود لــە دووبارەبوونــەوەی نــەبزوێنی ســەرەتاش وەردەگرێــت. شەمیســا لــەو بــارەوە دەڵــێ (← ك ٥، ل ٤٤): (یــەکێ لەجیاوازییــەکانی ڕەگــەزدۆزی ناوەڕاســت لەگــەڵ ســەرواداری پــەڕگیر ئەوەیە، کە لە ڕەگەزدۆزی ناوەڕاسـتدا نـەبزوێنی سـەرەتای وشـە یـەك

بڕگەییەکە دەبێ هەمان نەبزوێنی سەرەتای بڕگەی یەکەمی وشە دوو بڕگەییەکە بێت). بەتاوتوێکردنی چەند جارەی ڕەگەزدۆزی ناوەڕاست و سەرواداری پەڕگیر، جیاوازییەکی ترمان لەنێوان ئەم دووانەدا بە دینەکرد. مەگەر ئەوە نەبێت بڵێین، سەرواداری پەڕگیر لەئاست ڕەگەزدۆزی ناوەڕاستدا چوارچێوەیەکی کارکردی فراوانتری هەیە. بەم شێوەبێت ئەمە ڕوون نییە، لانی کەم بەلای نووسەری ئەم دێرانەوە، کە چۆن نموونەیەکی وەکو ((دست/ شکست)) دەبێ لە چوارچێوەی سەرواداری و لەژێر ناونیشانی سەرواداری پەڕگیردا لێی بکۆڵدرێتەوەو ((شست/ شکست))یش لەچوارچێوەی ڕەگەزدۆزی و بەناونیشانی ڕەگەزدۆزی ناوەڕاست بێت.

لەبابەتی ڕەگەزدۆزی کلکداردا (مذیل)، مەسەلەکە بەجۆرێکی دیکەیە، چونکە لەقالبی سەرواداری پەڕگیردا ناگونجێت و وادیارە تەنیا جۆرێك کە دەبێ لەچوارچێوەی ڕەگەزدۆزی زیادەدا بخرێتەڕوو، هەمان ئەم ڕەگەزدۆزی کلکدارەیە. ڕەگەزدۆزی کلکدار لەبنەڕەتدا جووتە وشەیەك دەگرێتەوە کە یەکێك لەم دووانە — تەنیا لەڕووی دەنگییەوە — لەپێکهاتەی سەرەتای وشەی دووەمدا جێگە بگرێت. شەمیسا لەکاتی باسکردنی ڕەگەزدۆزی کلکداردا بۆچوونی وایە کە یەکێك لەوشەکانی ڕەگەزدۆزییەکە لەئاست ئەوەکەی دیکەدا، بزوێنێك، یا نەبزوێنێك، یا بزوێنێك و نەبزوێنێکی زیاتری هەیە؛

بۆ نموونە ((جام/ جامە))؛ ((سر/ سرد))؛ ((دار/ دارم)) (←ك ٥، ل ٤٤ — ٤٥). بەلام هومایی لەو باوەڕەدایە کە ئەگەر هات و لەکۆتایی یەکێك لەوشەکانی ڕەگەزدۆزییەکە ((زیاتر لەیەك پیتی زیادە هەبێت، ئەوە دەبێ ئەمەیش لەڕیزی ڕەگەزدۆزی پاشکەوتە بژمێردرێت))؛ بۆ نموونە ((نار/ ناردان))؛ ((ناز/ نازنین)). ( ← ك ٧، ل ٥٢) بەگوێرەی دیدی شەمیسا، یەکێك لەوشەکانی ڕەگەزدۆزییەکە لەئاست ئەوەکەی دیکە V، C یاخود VC یکی زیاتری هەیە؛ کەواتە ((زیبا/ زیبایی)) لە

دیـدی ئـەوەوە ڕەگـەزدۆزی کلکـدار نییـە، چـونکە ((زیبـایی)) لەئاسـت ((زیبـا))داCV یـەکی زیـادی هەیـە[1]. مەگـەر ئـەوەی کـە بڵـێین دوو وشەکە نابێت لەیەکترییـەوە داڕێـژرابن، کـە بـەم شـێوەیە نموونـەکانی ((دود/ دودە)) یـا ((گـرد/ گـردو)) ( ← ك ٥، ل ٤٤ – ٤٥)) ناڕاسـتن و پێویستە لەچوارچێوەی جـۆرێکی تـری ڕەگـەزدۆزی، وەك ڕەگـەزدۆزی داڕژاو، لێیـان بکۆڵدرێتـەوە. ئەگـەر هـات و ئـەم ڕێگـە چـارەیە بگرینەبـەر، ئـەوا لـەڕووی میتـۆدەوە هەڵەیـەکمان کـردووە، چـونکە بەشـێکی ناونیشـانێکمان خسـتۆتە چوارچێوەی ناونیشـانێکی دیکـەوە. کەواتە شتێکی مەنتیقییە کە جووتە وشەکانی وەکو ((دود/ دودە)) بە ڕەگەزدۆزی کلکدار بزانین – وەك ئەوەی شەمیسا دایناوە – و ((زیبـا/ زیبایی))ش لەژێر هەمان ناونیشاندا دابنێین، چونکە جیاوازی بنیـاتی دەنگـی لـەنێوان ((زیبـا)) و ((زیبـایی)) CV یـە و ئـەو سـنوورەش کـە شەمیسا ڕەچاوی کردووە چاوپیاخشاندنەوەی بـۆ بکـەین. جا ئەگـەر هـات و سـنوورێکی زیـاتر وەك ئـەوەی هۆمـایی لەبەرچـاوی گرتـووە، ڕەچـاوبکەین و جووتـە وشـەکانی وەکـو ((نـاز/ نـازنین))یش لەچوارچـێوەی ڕەگـەزدۆزی کلکـداردا دابنـێین، ئەوسا بـاس و خـواس لەبارەی ئەوەی کە یـەکێك لەوشـەکانی ڕەگـەزدۆزی لەئاست ئەوەکـەی تر تەنیا دەتوانێت V، C، VC، یاوەکو گریمان CV یەکی زیاتری هەبێت، دەبێتـە شـتێکی ناپێویسـت، لەبەرئـەوەی جیـاوازی دەنگـی لـەنێوان ((ناز)) و ((نازنین)) بریتییە لە VCVC. ئەنجا لەدۆخێکی لەم جـۆرەدا دەتوانین تەنیا ئەوە بڵێین، کە لە ڕەگەزدۆزی کلکداردا بنیاتی فۆرمیی یـەکێك لـە دوو وشـەکان لەسـەرەتا بنیـاتی فـۆرمیی وشـەی دووەمـدا دووبارە بۆتەوە. ئەو کاتە لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێت نموونـەکانی وەکـو ((دود/ دودە))، ((گرد/ گردو))، ((ناز/ نازنین))، لەپاڵ ((سـر/ سـرد))

---

[1] - زیبا /zibâ/ زیبایی /zibâ – yi/.

یاخود ((جام/ جامه)) لەژێر یەك ناونیشاندا پۆلبەندی بکرێن. ئەم پۆلبەندییە لەڕووی میتۆدەوە دوو تایبەتمەندی هەیە: یەکەمین ئەوەیە لە گوزارشتکردنەکەی خۆماندا خۆمان لەهێنانەوەی بڕگەگەلێکی وەکو ((هەمان وشەی یەکەم لە وشەی دووەمدا دووبارە دەبێتەوە)) بپارێزین[١] و دووەمیشیان ئەوەیە کە خۆمان بەچەند بنیاتێکی دەنگی وەکو C، V، VC یاخود CV یەوە سنووربەند ناکەین[٢].

## ٣/٣/٣/١١ ڕەگەزدۆزی ناتەواو

لەپێناسەی ڕەگەزدۆزی ناتەواودا هاتووە (← ك ٧، ل ٥٠): ((ئەوەیە کە پایەکانی ڕەگەزدۆزی لەپیتەکاندا وەك یەك و لەبزوێنە کورتەکاندا (حرکات) جیاواز بن)).

هومایی لەو بارەوە نموونەگەلێکی وەکو ((گزیدە)) /gozide/ ((گزیدە)) /gazida/ یا ((قمری/ qomri/ ((قمری)) /qamari/ دێنێتەوە. شەمیسا لەباسی ڕەگەزدۆزی ناتەواودا، وەکو ((جیاوازی لەکورتە بزوێنی دوو وشەی هاوبڕگە و هاو واك[٣](فۆنیم)دا)) دادیەدەنێت ( ← ك ٥، ل ٤٢) و نموونەکانی وەکو ((خلق)) /xalq/، ((خلق)) /xolq/ یا ((مهر)) /mehr/ ((مهر)) /mohr/ دێنێتەوە. تەنانەت جووتە وشەیێکی وەکو ((ترك)) /tark/، ((ترك)) /tarak/یش کە جیاوازیان لەمەسەلەی هەبوون یاخود نەبوونی کورتە

---

١ - جیاواز لە نموونەگەلێکی وەکو ((سر/ سرد)) یاخود ((جام/ جامە)).

٢ - لەم ڕووەوە ((ناز/ نازنین)) و هی تریش دیسانەوە لەژێر هەمان ناونیشاندا جێگیر دەبن و بۆیە بەهۆی هەڵبژاردنی سنووربەندییەکی تەنگ، پێویست ناکات دەست بۆ ناونیشانسازی دیکە بەرین.

٣ - مەبەستی شەمیسا لە ((واك)) هەمان ((واج))ە، واتا phoneme.
( ← ك ١٢).

بزوێندایـە، لـەژێر هـەمان ناونیشـاندا دادەنێـت، لـەپاڵ ئـەم جـۆرە تایبەتـە، سـەرنج خراوەتـە سـەر جـۆرێکی تـر لـە ڕەگـەزدۆزی لـەژێر ناونیشانی ((ڕەگەزدۆزی داڕێژراو)). هومایی لە پێناسـەی ڕەگـەزدۆزی داڕێـژراودا دەڵێـت (← ك ٧، ل ٦١): ((سـنعەتی داڕێـژراوی ئەوەیـە لـە هـۆنراو یـاخود پەخشـاندا بێژەگـەلێك بهێندرێتـەوە کـەوا پیتـەکانیان لەگەڵ یەکتریدا هاوڕەگەز و لێکچوو بن، جا یا لەیەك ڕیشـەوە داڕێـژرا بن لەوێنەی وشەکانی ((رسول/ رسيل/ رسايل))، ((خواهش/ خواهان/ خواهنـده))، یـا لەیـەك کەرەسـتەوە دانەڕێـژرابن، بـەڵام پیتـەکانیان ئەوەنـدە لێکچـوو و لەیـەکتر نزیـك بـن کـە لـە ڕوواڵەتـدا بەلەیـەکتر داڕێژراو بزاندرێت، لەنموونەی بێژەکانی ((آسـتان/ آسـتين))، ((زمـان/ زمين))، ((كمان/ كمين)) و هاوشێوەکانیان.

شەمیسا لەبارەی ڕەگەزدۆزی داڕێژراوەوە باوەڕی وایە ((وشـەگەلی هاوڕەگەز کە لەلایەنی بزوێنـی درێـژەوە لەگـەڵ یەکتریـدا جیـاوازن)). ئــەو دوو جــۆری لــەم بابەتــە ڕەگەزدۆزییــە، بەناونیشــانەکانی ((ڕەگـەزدۆزی بزوێنـی درێـژ جیـا)) و ((ڕەگـەزدۆزی بزوێنـی کـورت و درێژ جیا)) دەستنیشانکردووە ( ← ك ٥، ل ٤٥ — ٤٧).

بەو شـێوەیە شەمیسـا جووتـەکانی وەکـو ((خـواهش/ خواهنـده)) لەبەرچاو ناگرێت، بەڵام نموونەکانی وەکو ((سيمين/ سمين)) بەهەمان ناونیشـان دەخاتـە بەردەسـت، کـە ڕەنگـە واباشـتر بێـت لەچوارچـێوەی ســەرواداری پــەرگیردا لێیــان بکۆڵدرێتــەوە. بــەڵام نادیــدەگرتنی جووتــەکانی لەوێنــەی ((خــواهش/ خواهنــده)) لەچوارچــێوەی ڕەگەزدۆزی داڕێژراودا لەلایەن شەمیساوە بێ هۆکار نییـە. پێویسـتە سـەرنجی ئـەوە بـدرێت کـە لـە زمـانی عەرەبیـدا و بـەهۆی ناوەرۆکـە وشەسـازییەکەیانەوە ئـەو وشـانەی لەیـەك ڕیشـەوە دادەڕژرێـن جیـا لەپەیوەنـدی ڕێزمانیـان، هەمیشـە ڕۆڵێکـی جوانکاریـان هەیـە و بـەبێ لەبەرچــاوگرتنی ســنعەتێکی وەکــو ڕەگــەزدۆزی داڕێــژراو، لــەناو

سـنعەتەکانی دیکـەدا شـیاوی پۆلبەنـدی نـابن. بـەڵام لەفارسـیدا، داڕێـژراوی بـەهۆی پاشـگرە داڕێژراوییەکانـەوە لەگـەڵ پایـەی داڕێژراوەکەدا لەشێوەیەکی هاونشینیدا دەبێت[1].

پایـەی داڕێـژراو، لەپرۆسـەکانی لێکـدراوی و وشەسـازیش بـەکار دەبرێـت. بـەم شـێوەیە، فۆرمگـەلێکی وەکـو ((خواهـان/ خواهش/خواهنـدە))، ((هـوا خـواە/ آزادای خـواە/ دلخـواە)) یـاوەکو ((خواهم/ می خواهد، بخواهی)) گەرچی لەسێ بواری پێکهاتەناسیی داڕێژراو، لێکدراوی و وشەسازیدا جێگیر دەبن، بەڵام ئەمانە دیارخەری دووبارەبوونـەوەی تـەواوی فـۆرمی ((خـواە))ن و بـەو هۆیـەوە شـتێکی مـەنتیقی نابێـت بابـەتێکی ڕێزمـانی بکرێتـە سـەرباری جوانکـاری و، لقەبەشـێك لەژێریـەك ناونیشـاندا وەکـو بەشـێکی سـەربەخۆ بکرێتـە مایەی باس و لێکۆڵینەوە.

بەوەلاوەنانی نموونەکانی وەکو: ((خواهش/ خواهندە)) و هـی تـر لەبواری ڕەگەزدۆزی داڕێژراودا، باسەکانی ئەم بەشە بەنموونەگەلێکی وەکـو ((خلـق/ خـل))، ((زمـین/ زمـان))، آسـتین/ آسـتان)) و هـی تـردا سـنووردار دەبێـت. لەتـەواوی ئـەم نموونانـەدا، دووبارەبوونـەوەی نـەبزوێن و جیـاوازی لەبزوێنەکانـدا بەدیـدەکرێت. لەبەرابـەر ئـەم کۆمەڵـە نموونەیـەدا دەتوانـدرێت جووتـەکانی وەکـو ((مـوَاج/ نقـّاد))، ((بام/ کار))، ((راز/ باغ))، ((کفّاح/ بقّال)) وەربگیرێن کە لە جوانکاری نەریتیـدا بەشـێوەیەکی ئاسـایی لـەبواری سـەرواداری هاوسـەنگدا دەخرێتـەڕوو و دیارخـەری دووبارەبوونـەوەی تـەواوی بزوێنـەکان و جیـاوازی لەنەبزوێنەکانـدان. کەواتـە ڕەنگـە کـارێکی مـەنتیقی بێـت ئەگـەر تـەواوی ئـەم نموونانـە لەچوارچـێوەی سـنعەتێکی وەکـو ((ڕەگـەزدۆزیّ ناتـەواو)) لـە بەرامبـەر بـە ((ڕەگـەزدۆزیّ تـەواو))دا

---

[1] - لە فۆرمەکانی وەکو ((خواهش))، ((خواهندە)) و هی تر ((خواە)) وەکو پایـە و /eš/ و / ande/ وەکو پاشگری داڕێژراوی لەبەرچاو دەگیرێن.

بخرێنەڕوو. بەم پێیە دەتواندرێت بۆ ڕەگەزدۆزیِ ناتەواو دوو لقەبەش ڕەچاو بکرێت و لەیەکێك لەم دوو لقەبەشانەولەژێر ناونیشانی ((دووبارەبوونەوەی بزوێن))دا نموونەکانی وەکو ((موّاج/ نقّاد)) پۆلبەندی بکرێن و، لقەبەشەکەی تریش لەژێر ناونیشانی ((دووبارەبوونەوەی نەبزوێن))دا و نموونەکانی لەوێنەی ((مهر/ مُهر)) و هی تریش ڕێکبخرێن. بەپێی ئەم بنەمایە ئێستا بەدیاردەکەوێت کە جیاوازی لەنێوان ڕەگەزدۆزیِ تەواو و ڕەگەزدۆزیِ ناتەواودا، بەگوێرەی ئەو چەمکەی کە لەم کورتەباسەدا مەبەستە، پەیوەندی بەتەوەری جێنشینییەوە هەیە؛ بەو واتایەی کە لە ڕەگەزدۆزیِ تەواودا هەڵبژاردنی یەکسانی دانە دەنگییەکان لەسەر تەوەری جێنشینی ڕەچاودەکرێت، بەڵام لە ڕەگەزدۆزیِ ناتەواودا ئەم هەڵبژاردنە یا پەیوەستە بەیەکسانی بزوێنەکان یاخود پەیوەستە بەیەکسانی نەبزوێنەکان. وەڵێ لەم نێوانەدا جۆرێکی دیکەش لە ڕەگەزدۆزیِ هەیە کە جیاوازییەکەی لەگەڵ ڕەگەزدۆزیِ تەواودا پەیوەستە بەتەوەری هاونشینییەوە. ئەم جۆرە ڕەگەزدۆزییەش بە ((ڕەگەزدۆزیِ ئاوەژوو)) ناودەبرێت.

### ٤/٣/٣/١١ ڕەگەزدۆزی ئاوەژوو (قلب)

وادەبێت لەکاتی باسکردن لەبارەی ڕەگەزدۆزیِ ئاوەژوودا، چەند جۆرە گەمەیەکی بێژەیش خرابێتنەڕوو، لەوانە وەك ئەوەی کەوا ئەگەر ڕستەیەك لەسەرەتاوە بۆ کۆتایی بخوێندرێتەوە، ئەوە هەمان ڕستەیە کە لە کۆتایی بۆ سەرەتا دەخوێندرێتەوە (← ك ٧، ل ٦٦)). لەوێنەی ((شو همراه بلبل بلب هر مهوش)). بەبڕوای شەمیسا ئەم جۆرە گەمانە دەستکردی نووسەرە جوانکاری ناسەکانە و لەئەدەبیاتدا نموونەی نییە (← ك ٥، ل ٤٩). ئەوەی کە لە ڕەگەزدۆزیِ ئاوەژوودا بەدیدەکرێت، جیاوازی لەهاونشینی کۆمەڵێ لە فۆنیمە یەکسانەکانە.

بۆ نموونە ((گنج)) /ganj/، ((جنگ)) /jang/ یاوەکو ((زرد)) /zard/، ((درز)) /darz/.

لەهەموو ئەو بابەتانەی لەژێر ناونیشانی ڕەگەزدۆزێ ئاوەژوودا هێندراونەتەوە و بۆیان هەیە بەرپاکردنی گونجانی مۆسیقاییان لێبکەوێتەوە، جێگۆرکێ لەنەبزوێنەکان ڕوویداوە و بزوێنەکانیش لەجێگەی خۆیاندا بەنەگۆڕی ماونەتەوە. چونکە گۆڕانی جێگەی بزوێن لە وشە یەك برگەییەکاندا کاریێکی نەشیاوە لێرەدا وابەدیاردەکەوێت، لانی کەم لەسۆنگەی هەستی زمانیی نووسەری ئەم دێرانەوە، گۆڕانی جێگەی بزوێنەکان دەبێتە مایەی لەباربردنی گونجانی مۆسیقایی، وەك لەنموونەی ((بابك)) /bâbak/، ((کباب)) /kabâb/ و هی تردا دەردەکەوێت.

بەوشێوەیە، ڕەگەزدۆزێ ئاوەژوو وشەگەلێك دەگرێتەوە کە فۆنیمەکانیان یەکسانە و جیاوازیەکانیشیان لەچۆنییەتی هاتنەوەی نەبزوێنەکاندایە لەسەر تەوەری هاونشینی. شتێکی ئاساییە کە هەر دوو جۆری ڕەگەزدۆزێ ئاوەژوو و ناتەواو دوو ناونیشانی جیاواز بن لەگەڵ یەکتری، چونکە لە ڕەگەزدۆزێ ناتەواودا گۆڕانی فۆنیمی لەئارادا هەیە و لە ڕەگەزدۆزێ ئاوەژوودا جێگۆڕکێی فۆنیم هەیە.

## ٤/١١ پۆلبەندی سنعەتەکان

لەسەر بنەمای ئەوەی تاوەکو ئێستا لەم کورتە باسەدا خراوەتە ڕوو، دەکرێ سنعەتەکانی جوانکاری هۆنراو لەسێ پۆلی سەرەکی؛ هاوسەنگییەکانی دەنگی، وشەیی و ڕێزمانیدا پۆلبەندی بکرێن. پۆلی هاوسەنگییە دەنگییەکان بەسەر دوو لقەبەشی ((چەندایەتی)) و ((چۆنایەتی))دا دابەشدەبن. لەم دابەشکارییەدا دەتواندرێت شوێنی بنەڕەتی کێش لەجوانکاری هۆنراودا ڕوونبکرێتەوە، هاوسەنگییە دەنگییەکانی چۆنایەتیش، جۆرەکانی دووبارەبوونەوەی فۆنیمی لەئاستی برگەدا دەگرێتەخۆی، بەم پێیە:




هاوسەنگییە وشەییەکان لەئاستی وشە — فۆنیمیدا شیاوی باس و لێکۆڵینەوەن. وا بەدیاردەکەوێت، کە بتواندرێت ئەم پۆلە سنعەتە لەژێر باڵی هەردوو پرۆسەی ((دووبارەبوونەوەی دەنگیی تەواو)) و ((دووبارەبوونەوەی دەنگیی ناتەواو))دا پۆلبەندی بکرێن. ئەو پۆلە

سنعەتەی کە لە دووبارەبوونەوەی دەنگیی تەواو دێنە بەرهەم، بەسەر دوو لقەبەشدا دابەشدەبن. یەکێك لەم دوو لقەبەشە تایبەت دەبێت بەدووبارەبوونەوەی یەك فۆرمی زمانی و لقەبەشی دووەمیش تایبەت دەبێت بە فۆرمگەلێك کە بەدوو یا چەند فۆرمێکی زمانیی جیاوازەوە پەیوەستن. لقەبەشی یەکەم پێنج سنعەتی جیاواز لەیەکتر دەگرێتەوە: ((دووبارەبوونەوەی سەرەتا))، ((دووبارەبوونەوەی کۆتایی))، ((دووبارەبوونەوەی ناوەڕاست))، ((دووبارەبوونەوە لەسەرەتا و کۆتایی))، ((دووبارەبوونەوە لەکۆتایی و سەرەتا)). هەر یەك لە ((دووبارەبوونەوەی سەرەتا)) و ((دووبارەبوونەوەی کۆتایی)) دوو شێوەیان هەیە کە دەتوانرێت لەسەر بنەمای نێوان (فاصلە)ی هەر دووبارەبوونەوەیەك دەستنیشانبکرێت.

پرۆسەی دووبارەبوونەوەی دەنگیی ناتەواو بەشێوەیەکی گشتی، هەردوو سنعەتی سەروا و ڕەگەزدۆزێ دەگرێتەوە؛ سەروا بەپێی بنەمای ژمارەی بڕگەکان، بۆ دوو لقەبەشی سەرواداری هاوتەریب و سەرواداری پەرگیر دابەشدەبێت. ڕەگەزدۆزێ سێ لقەبەشی هەیە؛ ڕەگەزدۆزێ زیادە، ڕەگەزدۆزێ ناتەواو، ڕەگەزدۆزێ ئاوەژوو. ئەوەش ڕوونکرایەوە کەوا ڕەگەزدۆزێ زیادەی سەرەتا و ناوەڕاست، واتا ئەوەی بە ناونیشانی ڕەگەزدۆزێ پەرگیر و ڕەگەزدۆزێ ناوەڕاست ناودەبرێن، شتێك نییە جگە لەجۆرەکانی ڕەگەزدۆزێ پەرگیر، ڕەگەزدۆزێ زیادە هەر بەوە سنووردار دەبێت کە لە جوانکاری نەریتیدا بە ڕەگەزدۆزێ کلکدار ناودەبرێت. ڕەگەزدۆزێ ناتەواو لەسەر بنەمای ئەوەی کەوا دیارخەری دووبارەبوونەوەی بزوێنە یا دووبارەبوونەوەی نەبزوێن، بەسەر دوو لقەبەشدا دابەشدەبێت. هەر بەم شێوە ڕەنگە بتواندرێت سەبارەت بەو سنعەتانەی کە لە هاوسەنگی وشەیی بەدەستدێن، لەشێوەی هێلکارییەك لەلاپەڕەی دواتردا بیخەینەڕوو.

لەبەرابەر هەر یەکێك لەجۆرەکان ((شگردها))، گرنگترین جۆری ئـەو سـنعەتەی کـە لـە جوانکاری نەریتیـدا لـەو بـارەوە خراوەتـەڕوو، دەستنیشـانکراوە و لەهێنانـەوەی ئـەو سـنعەتانەش کـە بـە ڵقەبەشـی سنعەتی دیکە دەژمێردرێن خۆمان بواردووە. هەر بۆ نموونە، سـنعەتی ((طـرد و عکس)) جگە لـە جـۆرێکی ((رد العجـز الی الصـدر)) یـا ((رد الصدر الی العجز)) بەولاوە شتێکی کە نییە. سنعەتی ((التـزام)) شـتێك نییە جگە لە جۆرێك لە ((تشابە الاطـراف)). ((ڕەگـەزدۆزێ لێکـدراو/ جنـاس مرکـب)) بـەجۆرێك لـە ((ڕەگـەزدۆزێ تـەواو)) دادەنـدرێت. سنعەتی ((قلب بعـض)) یـا ئـەوەتا ((سـەرواداری هاوتـەریب))ە یـاخود ((سەرواداری هاوسەنگ)) و بەم شێوەیە.

ئـەو گیرکارییـە (اشـکال) سـەرەکییەی کـە لـەم پۆلبەندییـەدا بەدیاردەکـەوێت لەرێکنەکـەوتنی زاراوەکانـە، بـۆ نموونـە، سـنعەتی دووبارەبوونـەوەی تـەواوی چـەند فـۆرمێکی زمـانیی، لـەژێر دوو ڵقەبەشـی ((ڕەگـەزدۆزێ تـەواو)) و ((ڕەگـەزدۆزێ بێـژەیی)) خراوەتەڕوو، لەکاتێکدا جۆرەکانی دیکەی ڕەگەزدۆزێ لەچوارچێوەی پرۆسەی دووبارەبوونەوەی دەنگیی ناتەواو باسدەکرێن. بۆ دەربازبوون لەم جۆرە نارێکییە دەتواندرێت پەنا بۆ دوو ڕێگەچارە ببرێت.

- هاوسەنگی وشەیی
  - دووبارەبوونەوەی دەنگیی تەواو
    - چەند فۆرمێکی زمانی
      - هاودەنگ — هاوڕێنووس: ڕەدەگەزدۆزی تەواو
      - هاودەنگ: ڕەگەزدۆزی بێژەیی
    - یەك فۆرمی زمانی
      - دووبارەبوونەوەی سەرەتا
        - لەسەرەتای هەر دێر یا نیوەدێرێك
        - لەسەرەتای کۆمەڵێ دێر یا نیوەدێردا
      - دووبارەبوونەوەی کۆتایی
        - لە کۆتایی هەر دێر یا نیوەدێرێك: پاش سەروا
        - لە کۆتایی کۆمەڵێ دێر یا نیوەدێردا
      - دووبارەبوونەوەی ناوەڕاست: تشابە الاطراف
      - دووبارەبوونەوە لەسەرەتا و کۆتایی: رد الصدر الى العجز
      - دووبارەبوونەوە لەکۆتایی و سەرەتا: رد العجز الى الصدر
  - دووبارەبوونەوەی دەنگیی ناتەواو
    - سەروا
      - ژمارە بڕگەی جۆن یەك: سجع متوازی
      - ژمارە بڕگەی جیاواز: سجع مطرّف
    - ڕەگەزدۆزی
      - ڕەگەزدۆزی زیادە: ڕەگەزدۆزی کلکدار
      - رەگەزدۆزی ناتەواو
        - دووبارەبوونەوەی بزوێن: سجع متوازن
        - دووبارەبوونەوەی نەبزوێن: جناس اشتقاق
      - ڕەگەزدۆزی ناوەژوو

یەکێکیان ئەوەیە زاراوەگەلێکی نوێ بۆ هەموو سنعەتەکان دابنـدرێت و جوانکاری هۆنراو لـەژێر چـەتری کۆمـەڵێ ناونیشانی تـازەدا، ئەلبەتـە نەناسراویش بن، بخرێتە بەردەست. ئەنجامی ئەم کارە ئەگەرچی وردیـش دەبێت، بەڵام پەیوەندی خـۆی لەگـەڵ جوانکاری نەریتیـدا لەدەسـتدەدات. ڕێگەچارەی دووەم ئەوەیە کە زاراوەکان لەگەڵ ئەو ناونیشانانەی کـە هـەن وردتر دابڕێژینەوە. بۆ وێنە بۆ ((سەرواداری هاوتەریب)) و ((سـەرواداری پەڕگیر)) نموونەی وەك ((سەروای هاوتـەریب)) و ((سـەروای پـەڕگیر))یان ناوبنێین و جەختیش لەسەر ئەو خاڵە بکەینەوە کـە ((سـەروا)) لـەم واتـا نوێیەیدا، بەکۆتایی دێر یاخود نیوەدێرەوە سنووردار ناکرێـت؛ یـا گریمـان زاراوەی ((ڕەگـــەزدۆزێ زیادە))مـــان بـــەبێ دەســـتکاری هێشـــتەوە و جەختیشـــمان لەســـەر ئـــەوەکردەوە کـــەوا ڕەگـــەزدۆزێ زیـــادە تـــەنیا ((ڕەگەزدۆزێ کلکدار)) دەگرێتـەوە و جۆرەکـانی دیکـەی وەکو پـەڕگیر و ناوەڕاسـت لـە ڕەگـەزدۆزێ لەچوارچێوەی ((سـەرواداری پـەڕگیر)) یـاخود هەر هەمان ((سەروای پەڕگیر))دا باسدەکرێن. بەدڵنیاییـەوە ئـەم شـێوەیە دەبێتە مایەی سەرلێشێواوی و جـۆرە خـراپ تێگەیشتنێکی بـەردەوامیش لەگـەڵ خۆیـدا دێنێـت. جگـە لـەو مەسـەلەیەش، تەرزگـەلێك کـە لـە جوانکـاری نەریتیـدا ئاوڕیـان لێنەدراوەتـەوە بـێ ناونیشـان دەمێننـەوە. کەواتە ڕەنگـە وا مـەنتیقی تـر بێـت کـەوەختێك ناچاردەبین بـۆ بەشـێك لەسنعەتەکان ناونیشانگەلێك ڕەچاو بکەین، ئـەم ناونیشـانانە بەشـێوەیەك هەڵبژێرین کە بتوانێت توانـای کارکردی زاوزێـی لـە وشەسازیدا هـەبێت و بەســـەر هـــەموو ســـنعەتەکاندا بگشـــتێندرێن. ئـــەم تەقەللایـــە لـــەکاتی نووسینەوەی جوانکاری هۆنراودا کارێکی پێویستە.

لەبڕگـەکانی ٢/٩ و ٣/٩، جۆرەکـانی هاوسـەنگی ڕێزمـانی لـە دوو ڵقەبەشـی ((هاونشینسـازی ئـەرکی)) و ((جێنشینسـازی ئـەرکی))دا خراونەتـەڕوو. لـەم ڕێگەیـەوە دەتوانـدرێت جۆرەکـانی هاوسـەنگی ڕێزمانی بەم شێوەی خوارەوە پۆلبەندی بکرێت:


هاوسەنگیی ڕێزمانی
هاونشینسازی ئەرکی
دووبارەبوونەوەی ڕێك:
پێچان و کردنەوەی ڕێك
اعداد
تنسيق الصفات
دووبارەبوونەوەی ناڕێك:
پێچان و کردنەوەی ناڕێك
جێنشینسازی ئەرکی
دووبارەبوونەوەی ڕێك:
ئاوەژووی ڕێك
دووبارەبوونەوەی ناڕێك:
ئاوەژووی ناڕێك

لەپێشـەوەدا ئامـاژە بـۆ ئـەو مەسـەلەیە کـراوە کـە هاوسـەنگییە ڕێزمانییـەکان بەگشـتی ئاراسـتەیان بـەرەو لای نـاوەوەی زمانـە؛ بـەو هۆیـەوە ڕەنگـە وادەربکـەوێت کـە گوزارشـتکردن لـە نموونەگـەلێکی هاوسەنگی ڕێزمانی لەرێگا واتاوە ئاسانتر بێت. جگە لـەو مەسـەلەیە، لـە بەشـێکی هاوسـەنگییە ڕێزمانییـەکان و بـە تایبـەتیش لەسـنعەتی ((قلب مطلب)) (←ك ٥، ل ١١٨ — ١١٩)دا، جۆرێك لـە دووبارەبوونـەوەی تەواو لەسەر ئاستی هاوسەنگییە وشەییەکان دەبیندرێت؛ بەو هۆیـەوە هەنـدێ جار داننـان بەهـەبوونی جیاکارییـەکی ورد لـەنێوان سـنعەتی ((دووبارەبوونەوەی ناوەڕاست)) و شتێکی وەك ((قلب مطلب)) دەبێتە ئاسـتەنگ، بـەجۆرێك کـە ڕوونکردنـەوەی بابەتەکـە تـەنیا لەرێگـەی ئاوڕدانەوە لەواتادا جێبەجێ دەبێت، لەباروددۆخێکی وادا دەبێت دیسان جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە، کـە بـەهۆی سروشـتی زمانـەوە، دانـانی سنوورێکی کۆتـایی (قـاطع) لـەنێوان ئاسـتەکانی شـیکردنەوەدا کـارێکی نەکردەیە و ئەو ئەگەرە هەمیشە لەئارادایە کە جۆرێك بـەهۆی چـەند سنعەتێکەوە شیاوی لێکۆڵینەوە بێت. بەم پێیە ئەگـەر وایـدابنێین کـە هاوسەنگییە ڕێزمانییەکان لەسەر سنوورێکی ڕێـژەیی لـەنێوان ئاسـتی ناوەکی و دەرەکی زماندا هەڵکەوتوون، ڕەنگە وەکو کـارێکی مـەنتیقی بێتــە بەرچـاو کەوایـدابنێین جوانکـاری هـۆنراو لــە هاوسـەنگییە دەنگییەکانـەوە دەسـتپێدەکات و بـەجۆرە ڕوخسارییەکانی ((گونـەهای صورتی)) هاوسەنگییە ڕێزمانییەکان کۆتـایی دێت و جوانکاری شـیعر لـەجۆرەکانی واتـایی هاوسـەنگییە ڕێزمانییـەکان دەسـتپێدەکات و تـا بەتوێژینەوە لەکۆتایی تەرزە واتاییەکان کۆتایی دێت.

## کتێبنامه


١- حق شناس، علی محمد، مقالات ادبی، زبان شناختی، نیلوفر، ١٣٧٠.

٢- خانلری، پرویز ناتل، تاریخ زبان فارسی، بنیاد فرهنگ ایران، ١٣٥٦.

٣- شفیعی کدکنی، محمد رضا، موسیقی شعر، آگاه، ١٣٦٨.

٤- شمیسا، سیروس، آشنایی باعروض و قافیه، فردوس، ١٣٦٧.

٥- ______ ، نگاهی تازه بەبدیع، فردوس، ١٣٦٨.

٦- وحیدیان کامیار، تقی، وزن و قافیه شعر فارسی، مرکز نشر دانشگاهی، ١٣٦٧.

٧- همایی، جلال الدین، فنون بلاغت و صناعات ادبی، نشرهما، ١٣٦٨.

## بەشی ١٢

# قسەی کۆتایی

پێکهاتەی بنەڕەتی ئەم نامەیە لەیازدە بەشدا خراوەتەڕوو. بەشی یەکەم وەکو پێویست بۆ سەرنج و تێبینییە تیۆرییەکان تەرخانکرا بوو تاوەکو چوارچێوەی تیوری توێژینەوەکە ڕوونبکرێتەوە و لە چۆنییەتی پۆلینبەندی بابەتە پرش و بڵاوەکان لەیەك سیستەمدا بکۆڵدرێتەوە.

لەوەوەش کە ئەم توێژینەوەیە لەچوارچێوەی ئەرکی ئەدەبیی زماندا دەخولێتەوە، بڕگەی ٣/١ بۆ خستنەڕووی جیاکاری لەنێوان ئەرکەکانی زماندا تەرخانکراوە تاوەکو بزاندرێت ئەوەی بە ناونیشانی ((ئەرکی ئەدەبی)) زمانەوە ناودەبرێت چییە و چۆنیش دەتواندرێت بەشێوەیەکی ڕێژەیی ئەم ئەرکە لە ئەرکەکانی دیکەی زمان جیابکرێتەوە. بەدیاریکردنی ئەرکی ئەدەبیی زمان دەبوو ئەوەش ڕوونبکرێتەوە کە زمانی ئەدەب بەچ ڕێگایەك و لە چۆن باردۆخێکدا لەزمانی ڕۆژانە و پێوەر جیادەکرێتەوە. بەو هۆیەوە بڕگەی ٥/١ بۆ بەرجەستەسازی ئەدەبی و خستنەڕووی جۆرەکانی تەرخانکراوە.

بەسەرنجدان لەمەسەلەی بەرجەستەسازی ئەدەبی، ئەو دەرفەتە هاتۆتە پێش تاوەکو لە بڕگەی ٦/١ داو لەدرێژەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بەجۆرەکانی زمانی ئەدەبی و دانانان بە جیاکاری لەنێوان هۆنراو و شیعر و پەخشاندا، سنووری ئەم توێژینەوەیەمان بۆ دەستنیشانبکرێت.

بەشی دووەم بۆ پێشینەی لێکۆڵینەوە ئەدەبییە نەریتییەکان تەرخانکراوە. سەرەتا ئاماژە بۆ لێکۆڵینەوە ئەدەبییە نەریتییەکان لەڕۆژئاوادا کراوە و لەپاشان کورتە مێژوویەکی گشتی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لەنێو موسولماناندا باسکراوە. لەخستنەڕووی ئەم کورتە مێژووەدا، ئاوڕ لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکان دراوەتەوە کە جۆرێك پەیوەندیان لەگەڵ ئەم بەرنامەیەی ئێمەدا هەیە. بوونی هەندێك

لێكچوونی ڕواڵەتی لەنێوان لێكۆڵینەوە ڕەوانبێژییەكانی ڕۆژئاواییەكان و بەتایبەتیش لێكۆڵینەوەی یۆنانییە كۆنەكان و زانایانی موسولماندا، نووسەری ناچاركردووە تا لە كۆتایی بەشی دووەمدا مەودای كاریگەری بیروڕای لێكۆڵەرە ئەوروپاییەكان بەسەر ڕەوانبێژی ئیسلامیدا بخاتە ژێر باس و لێكۆڵینەوە.

لەبەشی سێیەمدا هاتووینەتە سەر كەموكورتییەكانی لێكۆڵینەوە ئەدەبییە كۆنەكان و، ڕوونكراوەتەوە كەوا ئەم چینە لێكۆڵینەوەیە كاری نازانستین و خاوەنی بناوانێكی بەڵگەمەند نین. پۆلینبەندیی سنعەتەكان لەچوار ناونیشانی عەرووز و قافیە، جوانكاری، واتاناسی و ڕوونبێژیدا، جیاكردنەوەی كێش لە باقیماندەی سنعەتە هۆنراوەییەكان، لێكۆڵینەوە لەسەروا بەدەر لەسنعەتە جوانكارییەكان، خستنەڕووی لقەبەشەكانی یەك تاكە سنعەت بەناونیشانی سنعەتگەلێكی سەربەخۆ، هێنانەوەی پێناسەگەلی گشتی و زاراوەتاشی ناپێویست، لەڕیزی تایبەتمەندییەكانی ئەم چینە لێكۆڵینەوانە دەژمێردرێن.

دوابەدوای خستنەڕووی كەم و كورتییەكانی لێكۆڵینەوە ئەدەبییە نەریتییەكان، بەشێك بۆ پێشینەی لێكۆڵینەوەی زمانەوانیی ئەدەبیات تەرخانكراوە، لەم بەشەدا دیسان زۆرترین سەرنج خراوەتە سەر ئەو لێكۆڵینەوانەی كە بەشێوەیەك لەشێوەكانی پەیوەندیان بەم توێژینەوەوە هەیە. چاوپیاخشاندنەوە و خستنەڕووی كەم و كورتی بەشێك لەم دیدگە نوێیانەش خراوەتە بەشی پێنجەم تاوەكو ئاشكرابێت كە ئەم توێژینەوە بە چ جۆرێك دەتوانێت كەڵك لە ئامرازەكانی زمانەوانی وەربگیرێت و ئەوەندەی بكرێت خۆی لەدووبارەكردنەوەی خەوشەكانی ڕابردوو بپارێزێت.

بەشی شەشەم ناوەرۆکی بنەڕەتی ئەم توێژینەوەیە پێکدێنێت. لەم بەشەدا هەوڵدراوە ئەوە ڕوونبکرێتەوە کەوا کرۆکی بنەڕەتیی تەواوی جۆرەکانی داهێنانی هۆنراو چین. لەسەر بنەمای بەڵگەمەندییە باسکراوەکان لە بەشی شەشەمدا، وەك شتێکی مەنتیقی دەردەکەوێت کەبتوانین پرۆسەی دووبارەبوونەوەی ئاخاوتن وەکو ئامرازی پەیدابوونی هۆنراو دابنێین و لەوەوەش کە جۆرەکانی دووبارەبوونەوەی ئاخاوتن لەئاکامدا جۆرەکانی هاوسەنگی لێدەکەوێتەوە، ئەوا سێ بەشەکەی تری نامەکە لەسەربنەمای ئاستەکانی شیکاری دەنگی، وشەیی و ڕێزمانی، بۆ خستنەڕووی هاوسەنگییەکان تەرخانکراوە.

لەکاتی لێکۆڵینەوەی سنعەتەکان، نووسەر گەیشتۆتە ئەو قەنەعاتەی کەوا تەرزەکانی هۆنراو، توانای باڵادەستی وەك یەکیان نییە. بەو هۆیەوە دەبوو توانای هەر سنعەتێك لە داهێنانی هۆنراودا دەستنیشان بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین زنجیرە پلە بەندییەك بۆ ڕوودانی سنعەتەکان بخەینە بەرچاو. بەشی دەیەم بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم زنجیرە پلەبەندییە تەرخانکراوە. بۆ دەسپێراگەیشتن بەم ئەرکە، کۆمەلەیەکی زۆر لەنموونەکان لەژێر ناونیشانی نەخشەی زمانیدا لێیان کۆڵراوەتەوە و ژمارەی دووپاتبوونەوە و ڕوودانی هەر سنعەتێك لەبەرچاوگیراوە، تاوەکو ئازادی و بەندی ڕوودانی هەر سنعەتێك لەئاست هەر سنعەتێك یاخود سنعەتەکانی دیکەدا ڕوونببێتەوە.

لەبەشی یازدەمدا هەوڵدراوە لەڕێگەی ئەو زانیارییانەی بەدەستمان هێناون، سنعەتەکانی پەیوەندیدار بەهۆنراو وەسف و پۆلبەندی بکرێن. ئەم بەشە بەبێ هیچ خۆڕانانێك تەنیا دیارخەری جۆرێك لەپۆلبەندی سەرەتایی سنعەتە هۆنراوەییەکانە. ئەوەی لەم کورتە باسەدا خراوەتەڕوو ئاماژە بۆ

چەند مەسەلەیەك دەكات:

أ) تاوەكو ئێستا جیاكارییەكی ڕوون لەنێوان هەرسێ جۆرەكەی ئەدەب، بەواتا هۆنراو و شیعر و پەخشان، لانی كەم لە لێكۆڵینەوەكانی ئەدەبی فارسیدا، بەرچاو ناكەوێت.

ب) ئەو هونەرەی كەوا لە لێكۆڵینەوە دێرینەكانی ئەدەبیاتدا و لەژێر ناونیشانی ((جوانكاری))دا خراوەتەڕوو، هێشتا شێوەیەكی زانستی وەرنەگرتووە و، پێكهاتەیەكی تێكەڵاوە لەسنعەتگەلێك كە بەشێكی پەیوەندی بە پەخشان و بەشێكی بەهۆنراو و بەشێكی پەیوەندی بە شیعرەوە هەیە.

پ) زۆرینەی ئەو پێناسانەی لەكتێبەكانی جوانكاریدا هاتوون جامیع و مانیع نین و بەو هۆیەوەش ئەو ڕێزپەڕییانەی كە لە هەر پێناسەیەكدا بەدیهاتوون، كۆمەڵە سنعەتێكی تازەیان لێ بەدیدێت كە بوونی هیچ یەكێكیان سەرنجی بەلای خۆیدا ڕانەكێشاوە.

ت) بەكارهێنانی زاراوەی نامۆ بۆ جۆرەكانی یەك تاكە سنعەت، بۆتە هۆكارێك بۆ ئەوەی كۆمەڵەیەكی لێڵ و ئالۆز بۆ چەند سنعەتێكی دیاریكراو بهێندرێتەوە.

دانان بەجیاكاری لەنێوان هۆنراو و پەخشان و شیعردا ئەو دەرفەتەی ڕەخساندووە تاوەكو بتواندرێت سنعەتەكانی پەیوەست بە هۆنراو، كە هەر یەكێكیان وەكو جۆرێك لەزیادكردنی ڕێسا لەڕووكاری دەرەوەی (ڕوخساری) زمان دەژمێردرێت، لە سنعەتەكانی دیكەی پەیوەندیدار بە شیعر و بە پەخشان جیابكرێتەوە. ئەوە بەو مەعنایە نییە كە دەتواندرێت هەموو دەقێكی ئەدەبی بەشێوەیەكی كۆتایی لەچوارچێوەی یەكێك لە سێ جۆرەكەی ئەدەبدا دابندرێت؛ بەڵام دەتواندرێت ئەوە

ڕابگەیەندرێت کە لەسەر بنەمای ژمارەی پاتەبوونەوە و ڕوودانی ئەو سنعەتانەی کە پەیوەستن بە هەر یەکێك لەسێ جۆرەکەی ئەدەب، ئەوە ئاشکرا بکرێت کە هەر دەقێکی ئەدەبی ئاراستەی بەلای کام جۆردا هەیە. بەو هۆیەوە هۆنراو و پەخشان و شیعر وەکو سێ بەشە نموونە وەرگیراون تاوەکو بتواندرێت ڕێبازێکی بەڵگەمەند بەمەبەستی دەستنیشانکردنی جێگەوپێگەی هەردەقێکی ئەدەبی بگیرێتەبەر.

خستنەڕووی توانای جیاکاری لەنێوان جوانکاری هۆنراو و جوانکاری شیعردا، بە یەکێك لە گریمانە بەدەستهاتووەکانی ئەم نامەیە دەژمێردرێت. لەسەر بنەمای ئەو بەڵگەمەندییانەی کە هەن، بەتایبەتی لە بەشی شەشەمدا، ئەو دەرفەتە لەئارادا هەیە کە بتواندرێت سنعەتگەلە بەدیهێنەرەکانی هاوسەنگی، کە پەیوەندیان بەڕووکاری دەرەوەی زمانەوە هەیە، لەو سنعەتانەی کەتایبەتن بەلادان لەپێوەر و لە کۆتاییدا بەڕووی ناوەوەی زمانەوە پەیوەستن، لەیەکتر جیابکرێنەوە. لەبارودۆخێکی وەهادا دەتواندرێت دەستمان بەدوو زانستی وەکو ((جوانکاری هۆنراو)) و ((جوانکاری شیعر)) ڕابگات و هەر یەکێکیش لەم دوو زانستە گریمانیکراوە، بە ناونیشانی یەکەکانی سیستەمێك لێیان بکۆڵدرێتەوە.

سەلماندنی ئەم جیاکارییە بەو مەعنایە نییە کە ئەو جۆرانەی لەبەرهەمێکی ئەدەبیدا بەکارهێندراون، تەنیا لەچوارچێوەی یەکێك لەم دوو زانستەدا شیاوی لێکۆڵینەوەن، چونکە پێویستە هەمیشە ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کەوا دەرفەتی بەکارهێنانی جۆرەکانی هۆنراوەیی و شیعری لەپاڵ یەکتریدا هەن.

ئەو نموونانەی کە لەم کورتە باسەدا هێناومانەتەوە، بەمەبەست لەنێوان بەرهەمە نەریتی و نوێیەکاندا هەڵمان بژاردوون، تاوەکو ئەوە ڕوونبێتەوە کەوا سنعەتە جوانکارییەکان

وانییە تەنیا لەچوارچێوەی ئەدەبی فارسی دێریندا بێت و لەکاتی لێکۆڵینەوەی زانستیی ئەدەبیاتدا، ناکرێت بەشێك لەیەك سیستەم بەقازانجی بەشێکی دیکە وەلاوە بندرێت. هەندێ لەو نموونانەی لەم نامەیەدا خراونەتەڕوو بۆ ئاماژەکردن بەچەند بابەتی جیاواز بەکاربراون. دووبارەکردنەوەی نموونەکان لەشوێنی جیاجیای ئەم کورتە باسەدا نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە، کە هەر دەقێکی ئەدەبی، هاتوو لەسنووری یەك دێریش دابێت، بۆی هەیە چەندین سنعەتی هۆنراوەیی تیادا بەدیبێت.

# سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە

### أ- سەرچاوە لاتینییەکان:


- Abercrombie, D. *Studies in Phonetics and Linguistics,* Oxford,1971.
- Amante, D. J. ''Ironic Language: A Structuralist Approach'', *Language and Style,* No. 13, 1980.
- Austerlitz, R. ''Parrallelismus'', *Poetics,* Warsaw and The Hague, 1961.
- Banfield, A. *Unspeakable Sentences: Narration and Representation in the Language of Fiction*, Routledge & Kegan Paul, London, 1982.
- Brumfit, C. and Carter، R. A. (eds.) *Literature and Language Teaching,* Oxford Univ. Press, Oxford, 1986.
- Burton, D. *Dialogue and Discourse: A Sociolinguistic Approach to Modern Drama, Dialogue and Naturally Occurring Conversation,* Routledge & Kegan Paul, London, 1980.
- ________ ''Through glass darkly: through dark glasses'' in R. A. Carter (ed.) *Language and Literature,* Allen & Unvin, London, 1982.
- Carter, R. A. (ed.) *Language and Literature: An Introductory Reader in Discourse Stylistics,* Unvin Hyman, London, 1989.
- ________ ''Language and Literature'', in Collinge, N. E. (ed.) *An Encyclopaedia of Language, Routledge*, London, 1990.
- Chilton, P. “Autonomy and paradox in literary theory'', *Journal of Literary Semantics,* No. 12, 1983.
- Cluysenaar, A. *Introduction to Literary Stylistics,* Batsford, London, 1976.
- Cohen, J. *Structure du Language Poétique,* Flammarion, Paris, 1986.

- Crane, R. S. *The Language of Criticism and the Structure of Poetry,* Univ. of Toronto Press, Toronto, 1953.
- Crombie, W. ''Raymond Chondler: Burlesque, Parody, Paradox, '' *Language and Style,* No. 16, 1983.
- Crystal, D. and Davy, D. *Investigating English Style,* Longman, London, 1969.
- Culler, J. *Structuralist Poetics,* Routledge, London, 1975.
- _____ The *Pursuit of Signs,* Routledge & Keran Paul, London, 1981.
- Cummins, M. and Simmons, R. *The Language of Literature,* Pergamon press, London, 1983.
- Dillan, G. *Constructing Texts: Elements of a Theory of Composition and Style,* Indiana Univ. Press, Bloomington, 1981.
- Esau, H. ''Literary style and the Linguistic approach'', *Journal of Literary Semantics,* No. 8, 1979.
- Fowler, R. ''Linguistic and versus Poctics'', *Journal of Literary Semantics,* No. 8, 1979.
- Halliday, M. A. K. et al. *The Linguistic Science and Language Teaching,* London, 1964.
- _______ ''Linguistic function and literary style'', in Chatman, S. (ed.) *Literary Style: A Symposium,* Oxford Univ. press, London, 1971.
- Harvanek، B.''The functional differentiation of standard language'', in Garvin, P. (ed.) *Prague School Reader in Esthetics, Literary Structure and Style,* Georgetown, Georgetown Univ. Press, 1932.
- Hill, A. A. ''Some further thoughts on grammatically and poetic Language'', *Style,* No. 1, 2, 1967.
- Jakobson, R. ''Linguistics and Poetics'', in Sebeok, T.(ed.) *Style in Language,* MIT. Cambridge, Mass. 1960.
- Kintgen, E. *The Perception of Poetry,* Indiana Univ. Press, Bloomington, 1984.

- Knight, R. ''Literature and the Language of Linguistics'', *The Use of English,* No. 33, 1982.
- Leavis, F.R. *The Great Tradition,* Penguin, Harmondsworth, 1948
- _____. *The Common Pursuit,* Penguin, Harmondsworth, 1952.

Lcech, G. N. *A Linguistic Guide to English Poetry,* Longman, London, 1969.

- _______ and Short, M. H. *Style in fiction,* Longman, London, 1981.
- Levin, S. *Linguistic Structures in Poetry,* Mouton, The Hague, 1962.
- ______ ''Deviation-statistical and determinate-in poetic language'' *Lingua*. No. 12, 1963.
- ______ ''Internal and external deviation in poetry'', *Word,* No. 21, 1965.
- ______''The analysis of compression in poetry'', *Foundations of Language,* No. 7, 1971.
- Lodge, D. *The Modes of Modern Writing: Metaphor, Metonymy and the Typology of Modern Literature,* Edward Arnold, London, 1977.
- Mchale, B. ''Unspeakable sentence, unnatural acts: Linguistics and poetics revisited'', *Poetics Today,* No. 4, 1983.
- Messing, G. M. ''The impact of transformational grammar upon stylistics and literary analysis'', *Linguistics*, No. 66, 1971.
- Mukarovsky, J. ''Standard language and poetic language'', in Garvin, P. (ed.) *Prague School Reader in Esthetics, Literary Structure and Style.* Univ. of Georgetown press, Georgetown, 1932.
- Nash, W. *Designs in Prose,* Longman, London, 1980.

Nowottny, W. *The language Poets Use,* Athlone Press, London, 1962, Norris, C. *Deconstruction: Theory and Practice,* Methuen, London, 1982.

- Ohmann، R. ''Generative grammars and the concept of literary style'', *Word*, No. 20, 1964.
- ______''Literature as Sentences'', College English, No. 27, 1966.
- Pratt, M. L. *Toward a Speech Act theory of Literary Discourse.* Indiana Univ. Press, Bloomington, 1977.
- Pulman, S. G. ''Are metaphors Creative''?, *Journal of Literary Semantics,* No. 2, 1982.
- Reeves, C. E. ''Literary competence and the Linguistic model'', *Journal of Literary Semantics,* No. 2, 1983.
- Samareh, Y. *The Arrangement of Segmental Phonemes in Farsi,* Tehran Univ. Press Tehran, 1977.
- Saussure, F. de. *Cours de Linguistique Général,* Payot, Paris, 1967.
- Sebeok, T. A. (ed.) *Style in Language,* MIT, Cambridge, Mass., 1960.
- Short, M. H. ''Prelude ''I'' to a literary linguistic-stylistics'', Style, No. 6, 1973.
- Taylor, T. J. *Linguistic Theory and Structural Stylistics,* Pergamon Press, Oxford, 1980.
- Thorne, J. P. ''Generative grammar and stylistic analysis'', in Lyons, J. (ed.) *New Horizons in Linguistics,* Penguin, Harmondsworth, 1970.
- Widdowson, H. G. *Stylistics and the Teaching of Literature,* Longman, London, 1975.

### ب-سەرچاوە فارسییەکان :


- آتشی، منوچهر.((نماهای نوشتاری شعر امروز فارسی))، تماشا، ش۳٤۹، س۸، بهمن۱۳۵٦.
- آهنی، غلا محسین. معانی بیان، انتشارات مدرسه عالی ادبیات و زبان های خارجی، ۱۳۵۷.
- آهی، حسین. برسی جامعی در بحور شعر فارسی، تهران، خرز، ۱۳۵۷.
- ______.((فصول شعر و اصول شاعری))، سروش، ش۱۸۳-۲۰۱س٤-۵، ۱۳٦۱-۱۳٦۲.
- ابن نديم، الفهرست، تصحيم رضا تجديد، تهران، ۱۳۵۰.
- احمدی، بابك، ساختار و تأويل متن، تهران، نشر مركز، ۱۳۷۰.
- اديب طوسی، محمد امين.((يك پيشنهاد تازه در فن عروض))، مجله دانشگاه ادبيات و علوم انسانی، دانشگا تبريز، ش۳-٤، ص۱۲، ۱۳۳۹.
- ______.((وزن شعر فارسی و رابطهء آن با اوزان قديم ايران))، گوهر، ش۲، ۱۳۵۳.
- ارسطو. فن شعر، ترجمه عبدالحسين زرين كوب، بنگاه ترجمه و نشر كتاب، ۱۳۵۳.
- اخوان ثالث، مهدی ((أيات موزون افتاده قرآن كريم))، يادنامه علامه امنی، ج۱، ۱۳۵۲.
- ______.((نوعی وزن در شعر امروز فارسی))، پيام نوين، حج۵-٦، ۱۳٤۲.
- ______.بدعت ها و بدايع نيمايوشيج، تهران، توكا، ۱۳۵۷.
- اسميت، نيل و ديردری ويلسن. زبان شناسی نوين، نتايج انقلاب چامسكی، ترجمه علی اشرف صادقی و ديگران، تهران، أنگاه، ۱۳٦۷.
- باطنی، محمد رضا. توصيف ساختمان دستوری زبان فارسی، تهران، امير كبير، ۱۳۵۷.
- ______.پيرامون زبان و زبان شناسی، تهران فرهنگ معاصر، ۱۳۷۱.

- ثمره، يدالله. ((تحليل سبكی يك شعر منسوب به حافظ))، مجله دانشكده ادبيات علوم انسانی، دانشگاه تهران، ص۲۲، ش۳-٤.
- ______.((تحليلی بر ردهشناسی زبان: وژگی های ردهشناختی زبان فارسی))،مجله زبان شناسی، ش۱،س۷، بهار و تابستان ۱۳٦۹.
- ______.آواشناسی زبان فارسی، تهران مركز نشر دانشگاهی، ۱۳٦۲.
- حق شناس، علی محمد. مقالات ادبی، زبان شناختی، تهران، نیلوفر، ۱۳۷۰.
- ______.((شعر، نظم، نثر، سه گونه ادبی))، دومین كنفرانس زبان شناسی نظری و كاربردی، دانشگاه علامه طباطبایی، ۱۳۷۱.
- خانلری، پرویز ناتل. تحقیق انتقادی در عروض فارسی چگونگی تحول اوزان غزل، دانشگا تهران، ۱۳۲۷.
- ______. وزن شعر فارسی، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران، ۱۳۲۵.
- ______. شعر و هنر، انتشارات مجله سخن، ۱۳۲۵.
- ______.درباره وزن شعر، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران، ۱۳٥٦.
- ______. تاریخ زبان شناسی، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران، ۱۳٥٦.
- خزائلی، محمد و حسن سادات ناصری. بدیع و قافیه، انتشارات مدرسه عالی ترجمه، بی تا.
- دهخدا، علی اكبر، لغت نامه فارسی، انتشارات لغت نامه، دانشگاه تهران، ۱۳۳۰.
- ذوالفنون، جلال. أموزش سه تار، تهران. أهنگ، ۱۳٦۹.
- روبینز.أر.اچ. تاریخ مختصر زبان شناسی، ترجمه علی محمد حق شناس، تهران، نشر مركز، ۱۳۷۰.
- زرین كوب، حمید.((تكامل بلاغت و بدیع در قرن چهارم و پنجم هجری))، مجله دانشكده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه فردوسی ، ش۲، ص۱۱.
- زرین كوب، عبد الحسین. نقد ادبی، تهران، امیر كبیر، ۱۳٥٤.

- شفیعی کدکنی، محمد رضا، موسیقی شعر، تهران، اگاه، ۱۳٦۸.
- شمیسا، سیرویس. فرهنگ عروضی، تهران، خانه ترجمه، ۱۳٥٤.
- ______.((منشأ عروض فارسی)، آینده، اردیبهشت۱۳٦۲.
- ______آشنایی با عروض و قافیة، فردوس، ۱۳٦۷.
- ______نگاهی تازه به بدیع، فردوس، ۱۳٦۸.
- ______عروض، دانشگا پیام نور، ۱۳٦۸.
- ______بیان، فردوس، ۱۳۷۰.
- صدری، جمال، آهنگ شناسی و سنجش آن با عروض سنتی، اصفهان، فیروز، ۱۳٦٦.
- صفوی، کورش. آزادی و بند در واژگان غیر بسیط زبان فارسی، رساله کارشناسی ارشد، دانشگاه تهران، ۱۳٥۸.
- عسکری، ابوهلال، الفروق فی اللغه، ترجمه محمد علوی مقدم و ابراهیم الدسوقی شتا، مؤسسه چاپ و انتشارات آستان قدس رضوی، ۱۳٦۳.
- علوی مقدم، محمد.((علم بلاغت در قرن سوم هجری))، مجموعه سخنرانی های دومین کنگره تحقیقات ایرانی، دانشگاه مشهد، ۱۳٥۱.
- فالر، راجر دیگران. زبان شناسی و نقد ادبی، ترجمه مریم خوزان و حسین پاینده، تهران نشر نی، ۱۳٦۹.
- فرزاد، مسعود، مبنای ریاضی عروض، تهران، چاپخانه بانک ملی ایران، ۱۳٤٥.
- ______.((عروض مولوی)، خرد و کوشش، اردیبهیشت۱۳۲۹.
- ______.((عروض رودکی))، خرد و کوشش، أبان ۱۳۲۹.
- ______.((مجموعه اوزان شعر فارسی))، خرد و کوشش، بهمن ۱۳۲۹.
- ______.((عروض حافظ))، مجاله دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه تهران، ش۱، س۱۸، ۱۳٥۰.
- فرشیدورد، خسرو، ((پژوهشی دستوری دربارهء وزن کلمه در فارسی))،

مجله دانشکده ادبیات و علوم انسانی، ش۲-۳، ص۲۱.
- ______. درباره ادبیات و نقد ادبی، تهران، امیر کبیر، ۱۳٦٤.
- قزوینی، جلالدین محمد بن عبدالرحمن. التلخیص فی علوم البلاغه، بی نا، بی تا.
- قدیمی، مهوش.((زبان شناسی و کاربرد آن در ادبیات، پیدایش نقد ساختاری))، مجله زبان شناسی، مرکز نشر دانشگاهی، ش۱، س۵، ۱۳٦۷.
- ______.((زبان ادبی زبان گوفتاری))مجلهء زبان شناسی، مرکز نشر دانشگاهی، ش٤، س۲، ۱۳٦٤.
- کاشفی سبزواری، میرزا حسین، بدایع الافکار فی صنایع الاشعار، ویراستهء میر جلال الدین کزازی، تهران، نشر مرکز، ۱۳٦۹.
- محمدی، محمد. فرهنگ ایرانی پیش از اسلام و آثار آندر تمدن اسلامی و ادبیات عربی، دانشگاه تهران، ۱۳٥٤.
- مسگرنژاد، جلیل. مختصری در شناخت علوم عروض و قافیه، دانشگاه علامه طباطبایی، ۱۳۷۰.
- مصاحب، غلا محسین و دیگران. دائرة المعارف فارسی، فرانکلین، ۱۳٥٦.
- معین، محمد. فرهنگ فارسی، تهران، امیر کبیر، ۱۳٥٦.
- ملاح، حسین علی.پیوند موسیقی و شعر، تهران، نشر فضا، ۱۳٦۷.
- میلانیان، هرمز. ((کوتاه ترین جمله و ساختمان آن در زبان فارسی))، پژوهشنامه فرهنگستان زبان ایران، ش۱، ۱۳٤٥.
- نجفی. ابوالحسن. ((اختیارات شاعری))، جنگ اصفهان، ش۱۰، ۱۳٥۲.
- ______.((درباره طبقه بندی وزن های شعر فارسی))، آشنایی بادانش، ش۷، ۱۳٥۹.
- ______.مبانی زبان شناسی و کاربرد آن در زبان فارسی، دانشگاه آزاد ایران، ۱۳٥۸.
- وامقی، ایرج.((وزن شعر و موسیقی))، موزیك ایران، ج۷، ش۱.

- ______.((تا رهایی))، کلك، ش۳۲-۳۳،آبان و آذر۱۳۷۱.
- ______.((وزن شعر فارسی مأخوذ از وزن شعر عرب نیست))، مجموعه سخنرانی های هشتمین کنگره تحقیقات ایران، ۱۳۵٦.
- ______.((بررسی اوزان نوحه‌ها))، مجله دانشگاه انقلاب، ش۳۲، ۱۳٦۲.
- ______.((عروض فارسی در یك مقاله))، مجله دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه فردوسی، ش۱، س۱٦، ۱۳٦۲.
- ______.وزن قافیه شعر فارسی، تهران، مرکز نشر دانشگاهی، ۱۳٦۷.
- ______.بررسی منشأ وزن شعر فارسی، موسسه چاپ و انتشارات آستان قدس رضوی، ۱۳۷۰.
- همایی، جلالدین. فنوون بلاغت و صناعات ادبی، تهران، نشر هما، ۱۳٦۸.
- یارشاطر، احسان. ((آرایشی بی نام))، ایران نامه، س٦، ش۱، ۱۳٦٦.
- یغمایی، حبیب.((اصول فن عروض))(به نظم)، یغما، ج۱٦.

## سەرچاوەی نموونەکان:


- آشتی، منوچهری. أهنگ دیگران، نیل، تهران، ۱۳۲۹.
- _____.بر انتهای اغاز، دنیای کتاب، تهران، ۱۳۵۰.
- ابتهاج، هوشنگ(ه.ا.سایه)، سراب، صفی علیشا، تهران، ۱۳۳۰.
- _____. سیاه مشق، امیر کبیر، تهران، ۱۳۳۲.
- _____. زمین، نیل، تهران، ۱۳۳٤.
- احمدی، احمد رضا، روزنامهء شیشه ای، طرفه، تهران، ۱۳٤۳.
- _____.من فقط سئیدی اسب را گریستم، دفترهای زمانه، ۱۳۵۰.
- اخوان ثالث، مهدی، ارغنون، مروارید، تهران، ۱۳٤۸.
- _____. زمستان، مروارید، تهران، ۱۳٤۸.
- _____. آخر شاهنامه، مروارید، تهران، ۱۳٤۸.
- _____.از این اوستا، مروارید، تهران، ۱۳٤۹.
- _____.برگزیده شعرها، بامداد، تهران، ۱۳٤۹.
- امینی، یدالله. کولاك، شمس، تبریز، ۱۳٤٦.
- توللی، فریدون. رها، کانون تربیت، شیراز، ۱۳٤٦.
- حافظ، خواجه شمس الدین محمد، غزلیات، به تصحیح پرویز ناتل خانلری خورزمی، تهران، ۱۳۵۹.
- حقوقی، محمد. شعر نو از آغاز تا امروز، جیبی، تهران، ۱۳۵۷.
- خویی، اسماعیل، بربام گردباد، رز، تهران، ۱۳۲۹.
- _____. فراتر از شب اکنونیان، رز، تهران، ۱۳۵۲.
- رویایی، یدالله. دلتنگی ها، روزن، تهران، ۱۳۵۲.
- سپانلو، محمد علی. خاك. طرفه، تهران، ۱۳٤٤.
- _____.رگبارها، طرفه، تهران، ۱۳٤٦.
- سپهری، سهراب، حجم سبز، روزن، تهران، ۱۳٤٦.
- _____. هشت کتاب، طهوری، تهران، ۱۳۵٦.

- سعدی، شیخ مصلح الدین. کلیات، به کوشش بهاءالدین خرمشاهی. امیر کبیر، تهران، ۱۳۵٦.
- شاملو، احمد، هوای تازه، نیل، تهران، ۱۳۵۲.
- _____. باغ آینه، مروارید، تهران، ۱۳۵۲.
- _____. آیدا در آینه. نیل، تهران، ۱۳۵۰.
- _____.ابراهیم در آتش. زمان، تهران، ۱۳۵۲.
- فرخزاد، فروغ، اسیر، امیر کبیر، تهران، ۱۳۵۲.
- _____.دیوار، امیر کبیر، تهران، ۱۳۵۲.
- _____. عصیان، امیر کبیر، تهران، ۱۳۵۲.
- _____.تولید دیگر، مروارید، تهران، ۱۳۵۳.
- فردوسی، حکیم ابوالقاسم، شاهنامه، مسکو، ۱۹٦۳-۱۹۷۱.
- کسرایی، سیاوش. آوا، نیل، تهران، ۱۳۳۷.
- _____.آرش کمانگیر، اندیشه، تهران، ۱۳۳۸.
- مشیری، فریدون. بهارا را باور کن، نیل، تهران، ۱۳۲۷.
- مولوی، جلالدین محمد. دیوان کبیر، تصحیح بدیع الزمان فروزانفر، دانشگاه تهران، ۱۳۳٦-۱۳٤٤.
- نادرپور، نادر، شعر انگور، مروارید، تهران، ۱۳٤۸.
- _____. سرمه ء خورشید، مروارید، تهران، ۱۳٤۸.
- نیما یوشیج. افسانه، تهران، ۱۳۲۹.
- _____.شعر من، امیرکبیر، تهران، ۱۳۵۳.
- _____. آب در خوابگه مورچگان، امیر کبیر، تهران، ۱۳۵۲.
- جدا از اثار فوق، همهء نمونه های به دست داده شده از منابع زیر نیز در پیکره ء زبانی مورد بررسی قرار گرفته است:
- شفیعی کدکنی، محمد رضا. موسیقی شعر، آگاه، تهران، ۱۳٦۸.
- شمیسا، سیروس، آشنایی با عروض و قافیه، فردوس، تهران، ۱۳٦۷.
- _____. نگاهی تازه به بدیع، فردوسی، تهران، ۱۳٦۸.
- وحیدیان کامیار، تقی، وزن قافیه شعر فارسی، مرکز نشر دانشگاهی، تهران، ۱۳٦۷.
- همایی، جلالدین. فنون بلاغت وصناعات ادبی، نشر هما، تهران، ۱۳٦۸.

# فەرهەنگۆك

| ئینگلیزی | فارسی | کوردی |
|---|---|---|
| | ئـ | |
| Addressor | گوینده | ئاخێوەر |
| Arbitrary | اختیاری | ئارەزوومەندانە |
| Icon | شمایل | ئایكۆن |
| Function | نقش | ئەرك (ڕۆڵ) |
| Metalinguistic | فرازبانی | ئەوپەڕ زمانیی |
| | ب | |
| Foregrounding | برجستەسازی | بەرجەستەسازیی |
| Prototype | پیش نمونە | بەشە نموونە (نموونەبەش) |
| Contrast | تقابل | بەرانبەریی |
| Constraint | بند | بەند (سنووردارێی) |
| Syllable | هجا | بڕگە |
| Vowel | واکە | بزوێن |
| Structure | ساخت | بنیات |
| Structuralism | ساختگرایی | بنیاتگەریی |
| | پ | |
| Repetition | تکرار | پاتەبوونەوە |
| Enditic | پی واژ | پاشگر |
| Message | پیام | پەیام |

| | | |
|---|---|---|
| Comunicative | ارتباطی | پەیوەندی |
| Definition | تعریف | پێناسە |
| Analogy | قیاس | پێوەر |
| | ج | |
| Rhetoric | بدیع | جوانکاریی |
| Aesthetics | زیبایی شناسی | جوانیناسیی |
| Reduplication | دوگانەسازی | جووتکردن |
| Realization | تحقق صوری | جێبەجێکردن |
| Substitution | جایگزینی | جێگرتنەوە |
| Paradigmatic | جانشینی | جێنشینی |
| | چ | |
| Similarity | مشابهت | چوواندن |
| | خ | |
| Metaphor | مجاز | خوازە |
| Metaphor | استعارە | خواستن |
| Euphony | خوشنوایی | خۆشنەوایی |
| | د | |
| Derivation | اشتقاق | دارِژتن |
| Invento | معنی افرینی | داهێنانی واتا |
| Diachronic | درزمانی | دەرزەمانیی (مێژوویی) |
| Phonic | اوایی | دەنگیی |
| Phonetic | اواشناسی | دەنگسازیی |

| | | |
|---|---|---|
| Pragmatic | کاربردشناسی | دەورووبەرناسیی |
| Opposition | تضاد | دژیەگ |
| Addressee | مخاطب | دوێنەر (وەرگر — پەیامگر) |
| Repetition | تکرار | دووبارەبوونەوە |
| Verbal repetition | تکرار کلامی | دووبارەبوونەوەی ئاخاوتن |
| Anadiplosis | تکرار تأکیدی | دووبارەبوونەوەی جەختاو |
| Ananadais | تکرار مغایر | دووبارەبوونەوەی گۆڕاو |
| ڕ | | |
| Verbal behavior | رفتار زبانی | ڕەفتاری زمانیی |
| Pun | جناس | ڕەگەزدۆزیی |
| Code | رمز | ڕەمز |
| Syntactic | نحوی | ڕێزمانی |
| ز | | |
| Poetics licence | ضرورت شعری | زەرووڕەتی شیعریی |
| Linguistic | زبان شناختی | زمانەوانی |
| Structural linguistic | زبـان شـناختی ساخت گرا | زمانەوانی بنیاتگەری |
| Speech chain | زنجیرەء گفتار | زنجیرەی ئاخاوتن |
| Extra regularity | قاعدە افزایی | زیادکردنی ڕێسا |
| س | | |
| Rhyme | قافیە | سەروا |
| Emotive | عاطفی | سۆزداری |
| Symbol | نماد | سیمبۆل |

| | | |
|---|---|---|
| | ش | |
| Poetics | شعرشناسی | شیعرناسی (هونەری شیعر) |
| Style | سبك | شێواز |
| Stylistics | سبك شناسی | شێوازناسی |
| | ع | |
| Prosody | عروض | عەرووز |
| | ف | |
| Polyphony | چند اوایی | فرە دەنگی |
| Polysemy | چند معنایی | فرە واتایی |
| Form | صورت | فۆرم |
| Formalism | صورت گرایی | فۆرمالیزم |
| Disposition | سخن پیوەندی | قسە هۆنینەوە |
| | ك | |
| Communication channel | مجرای ارتباطی | کەناڵی پەیوەندی |
| Action | رفتاری | کرداری |
| Metre | وزن | کێش |
| Metrical | وزنی | کێشدار |
| Archaism | باستان گرایی | کۆنگەرایی |
| | گ | |
| Referential | ارجاعی | گەڕانەوەیی |

| | | |
|---|---|---|
| Inflection | تصريف | گەردانكردن |
| Speech | گفتار | گوفتار |
| Discursive | مقال | گوتار |
| Casual conversation | گفتار غیر رسمی | گفتوگۆی نافەرمی |
| | ل | |
| Deviation | هنجار گریزی | لادان لە پێوەر |
| Intuitive | شمّی | لەخۆوە |
| | م | |
| Associative | متداعی | موتەداعی (بانگهێشتی) |
| Musicality | موسیقائیت | مۆسیقایی |
| Methodology | روش شناختی | میتۆدناسی |
| Referent | مصداق | میسداق |
| | ن | |
| Content | محتوا | ناوەرۆك (ناواخن) |
| Consonant | همخوان | نەبزوێن |
| Linguistic model | الگوی زمانی | نموونەی زمانیی |
| Sign | نشانه | نیشانە |
| Semiotics | نشانه شناسی | نیشانەناسی |
| | و | |
| Sense | معنی | واتا |
| Descriptive | توصیفی | وەسفی |
| Statics | ایستا | وەستاو |

| | | |
|---|---|---|
| Morphology | سازەشناسی | وشەسازی |
| Idea | انگار | وێنا |
| | هـ | |
| Conative | ترغیبی | هاندەری |
| Homophony | هم اوایی | هاودەنگی (هاوبێژی) |
| Phatic | همدلی | هاودڵی |
| Synchronic | همزمانی | هاوزەمانی (هاوکاتی) |
| Contiguity | مجاورت | هاوسێتی |
| Assonance | توازن | هاوسەنگی |
| Syntagmatic | همنشینی | هاونشینی |
| Parallelism | توازی | هاوتەریبی |
| Verse | نظم | هۆنراو |
| Synonymy | هم معنایی | هاوواتایی |
| Schemes | صنایع لفظی | هونەرەکانی وتە |
| Tropes | صنایع معنایی | هونەرەکانی واتا |
| | ی | |
| Memoria | یادسپاری | یادگاری |

کورش صفوی

# از زبانشناسی به ادبیات

## جلد اول نظم

ترجمه به زبان کردی
**عثمان دشتی**

ویرایش
**پ. د. یوسف شریف سعید**

۲۰۱۸م – ۲۷۱۸ک – ۱۳۸۷ش



View publication stats